محمد في أعينهم

زنجیرەی هزری هاوچەرخی ئیسلامی 57

يامن الجحة

محمد صلى الله عليه وسلم

لە دیدی بیانیەکان دا

وەرگێڕانی

موزەفەر عەولا قەسیرێ

التفسير



238 posts
19.2k followers
7 following

📚 PDF کتێبی 📚 پەڕەی فەرمی
Public Figure

لێرە
باشترین و بەسودترین و پڕ خوێنەرترین کتێبەکان
بە خۆڕایی و بە شێوەی PDF داگرە

.

Ganjyna

.

لینکی کتێبەکان 👇 ئەم لینکە بکەرەوە بۆ داگرتنی کتێبەکان
drive.google.com/folderview?id=1gk8e3nSJGJLu36xeLUjwdbjgTSVslbo_

Ktebi_PDF
ناوی کتێب : با لێبوردە بیت
جۆری کتێب : ڕۆمان
ناوی کتێب : سەحەر
جۆری کتێب : چیرۆک
ناوی نوسەر : ڕۆبەرت کیۆساکی
ناوی کتێب : ژیانی پێغەمبەران
جۆری کتێب : ئاینی
ناوی کتێب : بۆ کوڕان و کچان 50 هۆم بۆ ڕوونکردنەوەی ڕێگاکان
ناوی نوسەر : د. عبدالكريم بكار
ناوی کتێب : گوزەرگەیەک بۆ یادکردنەوەی ڕابردوو
ناوی نوسەر : نیکۆلاس سپارکس
جۆری کتێب : ڕۆمان

بسم الله الرحمن الرحيم

محمد صلى الله عليه وسلم

لە دیدی بیانیەکاندا

مەبەست لە زنجیرەی هزری هاوچەرخی ئیسلامی

- دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردییە بە گرنگترین و کاریگەرترین دەقی ئەو کتێبانەی کە مەشخەڵی سەرڕێنی هزری هاوچەرخی ئیسلامین.
- ئاشناکردنی خوێنەرولاوی موسڵمانی کوردە بە دەقی ئەو کتێبانەی کە سەرچاوەن بۆ ڕۆشنبیری ئیسلامی و سازێنەری ڕابوونی ئیسلامین.
- شارەزاکردنی ڕاستەوخۆی لاوی کورد بەم سەرچاوانە، ئازادکردنیان لەگشت کوت و بەند و بۆچوونێکی حزبایەتی و تاکڕەوی و ڕەوتگەرایی.
- بناغەیەک بێ بۆ بنیادنانی کەسایەتییەکی ئیسلامی بەهێز بۆ هەرتاکێکی موسڵمانی کورد، تا توانای ئەنجامدانی ئەو گۆڕانکاریانەی هەبێ، کە خوای پەروەردگار پێی سپاردووە.

دەگەڵ ڕێز و تەقدیرمان بۆ بیروڕای نووسەرانی ئەم زنجیرەیە، مەرجیش نییە ئێمە پابەندی هەموو بیر و بۆچوونەکانیان بین.

با دەستوریشمان لە وەرگرتن فەرمایشتەکەی خوای پەروەردگار بێت:

ٱلَّذِينَ يَسۡتَمِعُونَ ٱلۡقَوۡلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحۡسَنَهُۥٓۚ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ
هَدَىٰهُمُ ٱللَّهُۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمۡ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ ١٨ سُورَةُ الزُّمَر

التفسير

محمد صلى الله عليه وسلم

لە دیدی بیانیەکاندا

نوسینی: یامن الحجه

وەرگێڕانی: مزەفەر عەولا قەسرێی

التفسير

محمد ﷺ
له دیدی بیانیەکاندا

نووسینی	یامن الحجه
وەرگێڕانی	مزەفەر عەوملا قەسرێی
بلآوکردنەوەی	نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن
نەخشەسازی ناوەوە	مصعب ملا یوسف
خەت	نەوزاد کۆیی
بەرگ	أمین مخلص
نۆرە و ساڵی چاپ	یەکەم١٤٣٥ك - ٢٠١٤
تیراژ	١٥٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی
سپاردنی (٢٦) ساڵی ٢٠١٤ پێدراوە

©
مافی لە چاپدانەوەی پاریزراوە

نوسینگەی تەفسیر
بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن
هەولێر - شەقامی دادگا - ژێر تونێلی شیرین پالاس
Mob: +964 750 460 51 22
Tel: +964 750 818 08 66
www.tafseer-pub.com
tafseeroffice@yahoo.com

پێشەکی

الحمد لله، أحمده وأستعينه وأستهديه وأستغفره..

وأعوذ بالله من شرور نفسي و سيئات أعمالي..

من يهده الله فهو المهتد..

ومن يضلل فلن تجد له وليّا مرشدا.

وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له، وأشهد أن محمدا عبده ورسوله، أرسله رحمة للعالمين، وخاتما للنبيين، وإماما للمتقين، بأوضح دليل، وأفصح تنزيل، وأفسح سبيل، وأيسر تبيان وأبدع برهان.

پاشان:

ڕێسای (لادانی خراپە لەپێش هێنانی چاکەدایە) لەو کتێبەدا بە ڕونی ڕەنگی داوەتەوە.. چونکە دین و دنیا هەندێ سود و بەرژەوەندییان هەن، کە ئەگەر زیانیان لێبکەوێت ئەوا سەرەنجامی هەردوکیان بەرەو هەڵدێر دەچێت و، هەندێ زیان و هەڕەشەشیان لەسەرن کە ئەگەر بێنەدی ئەوا هەردو دنیامان لەدەستدەچن..

هەرچی زیان و هەڕەشەکەیە ئەوا نەزانینی ڕاستی (محمد)ی پێغەمبەرمانە (ﷺ)،

کە زۆر جار ڕق و کینەو گاڵتەپێکردن بە کەسایەتییە گەورەو بەڕێزەکەی لێبەرهەم دێت و ترس و دورکەوتنەوەو دژایەتی کردنی ڕێبازەکەی لێ پەیدادەبێت، کە لەڕێی وەحی خودابییەوە بۆی هاتووە.

من وایدەبینم کە لادانی ئەو خراپەیە بە ناساندنی کەسایەتییەکەی دەبێت، بەڵام ئەو ناساندنەم لەڕێی قسەی مسوڵمانان و کتێبەکانیان نەکردووە، بەڵکو لەسەر زمان و پێنوسی بیرمەند و زانا و پزیشك و سیاسەتمەدار و فەیلەسوف و توێژەر و مێژونوس و پیاوانی ئایینی و ڕۆژهەڵاتناس و هەندێ کەسی دی لە نامسوڵمانەکان کەسایەتی ئەو زاتەم ناساندووە.

هەرچی چاکەکەیە ئەوا بانگەوازکردنە بۆ شوێنکەوتنی ئەو پێغەمبەرە گەورەو ڕێزدارە و باوەڕهێنانە بە قورئانە پیرۆزەکەی، ئەمەش وەدی نایەت تا ئەو خراپەیەی باسمان کرد لای نەدەین..

ئەم کتێبە دەربارەی ئەم بابەتانەی خوارەوە دەدوێ:

یەکەم: خستنەڕوی چەند شایەتییەك لەسەر کەسایەتی پێغەمبەر(ﷺ) کە تێیدا گەورەیی و هێمنی و خۆبەکەمزانی و زانست و خواپەرستی و زوهد و تەقوا و سۆز و بەزەیی و تەواوی هزر و بیرتیژی و جوانبێژی و ڕەوشت بەرزی و زمان پاراوی و مەجلیس خۆشی و گوفتار شیرینی.. ئەو زاتە باس دەکەین.

دووەم: خستنەڕوی چەند شایەتییەك لەسەر وەلانانی ئەو گومانەی کە گوایە پێغەمبەر قسەی بەدەم خواوە هەڵبەستبێت و بانگەشەی پێغەمبەرایەتی کردبێت، ئەو شایەتییانە ڕاستی پێغەمبەرێتی و پەیامەکەی دەسەلمێنن و هیچ گومانێك ناهێڵنەوە، لەو بەشەدا پشتم بە خستنەڕوی پەرجووەکانی پێغەمبەر نەبەستووە، وەکو ئیسڕاو میعراج و دولەتبونی مانگ، هەروەك بوخاری و موسلیم لە سەحیحەکەیاندا هێناویانە: (أَنَّ

أَهْلَ مَكَّةَ سَأَلُوا رَسُولَ اللَّهِ ﷺ أَنْ يُرِيَهُمْ آيَةً فَأَرَاهُمْ الْقَمَرَ شِقَّتَيْنِ حَتَّى رَأَوْا حِرَاءً بَيْنَهُمَا).واتە: خەڵکی مەککە داوایان لە پێغەمبەری خوا کرد بەڵگەیەکیان لەسەر پێغەمبەرێتییەکەی نیشان بدات، ئەویش ئاماژەی بۆ مانگ کرد و دولەت بو بەجۆرێك کە(حیڕا) یان لە نێواندا دیاربو.

هەروەها باسی موعجیزەی کانیاوی ژێر پەنجەکانی پێغەمبەرم نەکردووە، هەروەك لە سەحیحی بوخاریدا هاتووە: کاتی نوێژی عەسر بو هەموان بۆ دەستنوێژ گرتن بەدوای ئاودا دەگەڕان ، بەڵام ئاویان دەستنەکەوت، پاشان دەفرێکیان هێنایە لای، ئەویش دەستی خستە ناو دەفرەکە و فەرمانی پێکردن کە بێن دەستنوێژ بگرن، بینیم ئاو لەژێر پەنجە موبارەکەکانی هەڵدەقوڵا و هەمویان بەو ئاوە دەستنوێژیان گرت.

هەروەها موعجیزەی هەواڵدانی بە شتە غەیبییەکانی ئاییندەمان نەخستۆتەڕو هەروەکو لە هەردو سەحیحەکەدا هاتووە: جارێکیان پێغەمبەری خوا هەمو شتێکی تا کاتی هەڵسانی قیامەت بۆ باس کردین، جا هەرکەسێ لە ئێمە لەبەری کردبن ئەوا دەیانزانێت و هەرکەسێکیش لەدەستی چوبن ئەوا نایانزانێت، جا هەرکاتێ شتێك یان ڕوداوێکم دەدی، کە هەواڵی ئەو ڕوداوەم لەبیر کردبێت ئەوا وەك چۆن کەسێك کەسێك بناسێت و بۆ ماوەیەك نەیبینێت پاشان بیبینێتەوە چۆن دەیناسێتەوە ئاواش من ئەو ڕوداوانەم دەناسینەوە.

لەم کتێبەدا پشتم بە خستنەڕوی ئەو موعجیزانە نەبەستووە، چونکە موعجیزەکان بە تەنیا بەڵگەنین لەسەر ڕاستی و دروستی بیروباوەڕ، بەڵکو موعجیزەی گەورە گۆڕینی بارودۆخی گەل و نەتەوەکانە بەبێ موعجیزە، گۆڕینی عەرەب لەوپەڕی نزمی و خراپی بارودۆخ و بەرزکردنەوەیان بۆ ئەوپەڕی بەرزی و شەرەفمەندی لەلایەن ئیسلامەوە و-لە ماوەیەکی کەمدا- کردنیان بە مەزنترین و بەبەزەییترین و دادگەرترین ژیار و شارستانییەت کە مێژو بەخۆیەوە دیێ لە گەورەترین

موعجیزه‌کانه..

سێیه‌م: خستنه‌ڕوی چه‌ند شایه‌تییه‌ك، که‌ تۆمه‌تی چه‌ند ژنی–به‌ ئاره‌زوی- پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) ده‌ڕه‌وێننه‌وه‌و له‌ڕێی چه‌ند شایه‌تییه‌ك له‌ سیره‌ و به‌ڵگه‌ی عه‌قڵی وه‌ڵامی ئه‌و تۆمه‌تانه‌ ده‌داته‌وه‌، پاشان چه‌ند ده‌قێکی ته‌وراتمان هێناوه‌ که‌ چه‌ند ژنی پێغه‌مبه‌رانی به‌نی ئیسرائیل ده‌سه‌لمێنن، که‌ پێمان ده‌ڵێ ژماره‌ی هاوسه‌ره‌کانی یه‌کێك له‌ پێغه‌مبه‌ران گه‌یشتوه‌ته‌ هه‌زار ژن، به‌ڵام سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ش نابینی که‌سێك تانه‌و ته‌شه‌ریان لێبدات یان تۆمه‌تی ئاره‌زوبازییان بداته‌پاڵ!

چواره‌م: خستنه‌ڕوی چه‌ند فه‌رموده‌یه‌کی پیرۆز که‌ وه‌سفی پێغه‌مبه‌ری خوایان تێدا هاتووه‌و هه‌ندێ له‌و فه‌رمان و ئامۆژگاری و ڕێنمونی و ئه‌و شتانه‌ی فێرمان ده‌کات ده‌خاته‌ڕو.

پێنجه‌م: وه‌ڵامدانه‌وه‌ی هه‌ندێ له‌و گومانانه‌ی ده‌رباره‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا(ﷺ) وروژێنراون، گومانه‌کان زۆرن و زانایانیشمان له‌ زۆر له‌ کتێبه‌کانیان وه‌ڵامیان داونه‌ته‌وه‌و ته‌وژمه‌کانیان ڕه‌واندونه‌ته‌وه‌.

شه‌شه‌م: خستنه‌ڕوی چه‌ند شایه‌تییه‌ك له‌سه‌ر ئیسلام، که‌ باسی ئه‌و شتانه‌ ده‌که‌ن که‌ له‌ ئیسلامدا هه‌ن و له‌گه‌ڵ سروشتی ئێمه‌ی مرۆڤدا دێنه‌وه‌ و سۆز و به‌زه‌یی و دادگه‌ری و ته‌واوی و بێ که‌موکوڕی ئیسلام ده‌خه‌نه‌ڕو و ده‌یسه‌لمێنن که‌ له‌هیچ لایه‌ك و به‌هیچ جۆرێك گۆڕانی به‌سه‌ردا نه‌هاتووه‌.

حه‌وته‌م: خستنه‌ڕوی چه‌ند شایه‌تییه‌ك که‌ گومانی(بلاَّوبونه‌وه‌ی ئیسلام به‌ زه‌بری شمشێر) ده‌ڕه‌وێنێته‌وه‌و دواتر ئه‌وه‌ ده‌سه‌لمێنێت که‌ ئیسلام به‌ به‌زه‌یی و دادگه‌ری و زانست و ئاشتی بلاَّوبوه‌ته‌وه‌، پاشان له‌ڕێی مێژووه‌وه‌ چه‌ند شایه‌تییه‌کمان بۆده‌خاته‌ڕو که‌ ڕێبازه‌کانی دی غه‌یری ئیسلام چۆن بلاَّوبونه‌ته‌وه‌ و چۆن جه‌نگه‌کانیان پڕبوون له‌ خوێن ڕشتن و ئه‌تککردنی ناموس و سوکایه‌تیکردن به‌ به‌ها پیرۆزه‌کان و بردنی

خێروبێری وڵاتان..

هەشتەم: هەڵوەستەیەك دەكەین لەسەر سەرانە(الجزیة)، كە-بە پێچەوانەی بانگەشەی دوژمنان- دەیسەلمێنێت كە ئیسلام بۆ ماندوكردن و ناچاركردنی پەیمانبەستووەكان داینەناوە تا بێنە ناو ئیسلام، بەڵكو ئەو سەرانەیە لە بەرانبەر زەكاتی مسوڵمانانە، كە دەكرێ چەند ئەوەندەی ئەندازەی ئەو سەرانەیەبێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی كە سەرانە لەسەر ژنەكانیان و منداڵەكانیان و هەژار و نەدارەكانیان و ڕاهیب و خواپەرستە لە خەڵوەتدابووەكانیان.. پێویست نەكراوە.

نۆیەم: خستنەڕوی چەند شایەتییەك، كە پێگەی ئافرەت لە ئازادی و یەكسانی و مافی خاوەندارێتی و..تاد لە ئیسلامدا نیشاندەدات، هەروەها دەریدەخات كە چۆن چەندین ئافرەتی بەتوانا و زیرەك و زانایانی فەلسەفە ومێژو و وێژە و هۆزانڤانی و هەمو بوارەكانی ژیانیان تێدا هەڵكەوتوون..

دەیەم: خستنەڕوی چەند شایەتییەك، كە پێگەی زانست لە ئیسلامدا دەردەخات و دەیسەلمێنێت كە ئیسلام تاكە ئایینە كە هەمو دۆزینەوە زانستییەكان لەگەڵیدا كۆك و هاوتەریبن، سەرەڕای ئەوەی كە شوێنكەوتووەكانی-سەردەمی سەرەتایی- زانستەكانیان لە هەمو بوارەكانی ژیاندا بە ئەوروپاو شوێنەكانی تر ناساند..

پاشان چەند ئایەتێكی پیرۆزمان هێناون، كە بانگەواز بۆ: زانستە سروشتییەكان و زانستی زیندەزانی و مێژو و كۆمەڵایەتی و زانستی گەردوناسی و..زانستەكانی تر دەكەن، پاشان چەند ئایەتێكی پیرۆزمان هێناون كە لەڕاستیدا ڕاستی زانستین و ڕاستییەكەیان سەلمێنراوە.. لەوانە: كشانی گەردون و خولانەوە و جوڵەی زەوی و چینەكانی بەرگە هەوای زەوی و..تاد.

لە كۆتاییدا: بەشێكم بەناوی: (ئەوانە خوا هەڵیبژاردون) داناوە، كە تێیدا بە

کورتی دەربارەی ژیاننامەو چیرۆکی مسولمان بونیان دواوم، ئەوانیش: پیاوانی ئایین، زانایان و پزیشکان، سیاسەتمەداران، وەرزشوانان، چەندین کەسی تریش، کە ئیسلامیان کردوتە ئایینی خۆیان.

کتێبەکەم بۆ شەش بەش دابەش کردووە:

یەکەم: محمد (ﷺ) له دیدی ئەواندا.

- بەدڵنیاییەوە ئەو پێغەمبەری خوایە.
- چەند ژنی پێغەمبەر (ﷺ).
- چەند دەقێك كە چەند ژنی پێغەمبەرانی ئەهلی كیتاب دەسەلمێنن.
- بەڵێ..ئەو بەوشێوەیە بو.
- چۆن دەتوانم خۆشم نەوێت؟!

دووەم: وەڵامدانەوەی هەندێ گومان لەسەر دوا پێغەمبەر.

- گومانی ئەوەی كە كتێبە ئاسمانییەكانی پێشو مژدەی هاتنی ئەویان نەداوە.
- گومانی ئەوەی كە پێغەمبەر (ﷺ) بە عەرەبی قسەی كردووە ئەدی چۆن پەیامەكەی جیهانییە.
- گومانی هاوسەرگیری كردنی لەگەڵ كوڕی بەكوڕكراوی خۆی زەیدی كوڕی حاریثە.
- گومانی حەرام كردنی ئەوەی خوا حەڵاڵی كردووە.
- گومانی جەنگانی لە مانگە حەرامەكاندا.
- گومانی ئەوەی كە پێغەمبەر (ﷺ) گوناهبارە هەروەكو لە قورئاندا هاتووە.

- گومانی ئەوەی کە شەیتان قسەی خزاندوۆتە نێو وەحییەوە.

سێیەم: ئیسلام لە دیدی ئەواندا.

- ئایا ئیسلام بە زەبری شمشێر بڵاوبوەتەوە؟!
- ئیسلام بە بەزەیی و..دادگەری و..زانست و..ئاشتی بڵاوبوۆتەوە.
- هەڵوەستەیەك لەسەر سەرانە.
- تۆ.. ئەقڵت لەکوێیە؟!

چوارەم: ئافرەت لە دیدی ئیسلامدا.

- حیکمەتی چەند ژنی.
- هەڵوەستەیەك لەسەر چەند ژنی.

پێنجەم: زانست لە دیدی ئیسلامدا.

- بانگەوازی قورئانی پیرۆز بۆ زانست و زانیاری.
- چەند ڕاستییەکی زانستی لە ئایەتەکانی قورئاندا.
- چەند ڕویەکی ئیعجازی قورئانی.

شەشەم: ئەوانە.. خوا هەڵیبژاردون.

- پیاوانی ئایین.
- زانایان و پزیشکان.
- بیرمەندان.
- سیاسەتمەداران.
- وەرزشوانان.

- هەندێ کەسایەتی دی.

لە خوای پەروەردگار دەخوازم کە کردارەکانم بە دڵسۆزی وەربگرێت و لە کەموکورتییەکانم ببورێت، هەر ئەوە تەنیا کەسم و هەر ئەویشە پشت و پەنام و سەرکەوتن و متمانەشم هەر بەدەست ئەوە.

یامن الحجه

دیمەشق: ٧ی جەمادی یەکەمی ١٤٣١

کۆچی ٢٠ی نیسانی ٢٠١٠زایینی.

﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا كَآفَّةٗ لِّلنَّاسِ بَشِيرٗا وَنَذِيرٗا وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ﴾ سبأ: ٢٨

واته: ئێمه ته‌نها بۆ هه‌مو خه‌ڵکی نه‌بێت، تۆمان ڕه‌وانه نه‌کردووه، له کاتێکدا که تۆ مژده‌ده‌رو ترسێنه‌ری بۆیان، به‌ڵام زۆربه‌ی خه‌ڵکی به‌م ڕاستییه نازانن...

❋ ❋ ❋

((ده‌بێ مرۆڤایه‌تی شانازی به‌وه‌وه بکات که که‌سێکی وه‌کو محمدی تێدا هه‌ڵکه‌وتووه)).

شیریل

ڕاگری کۆلێژی ماف له ڤییه‌ننا

محمد(صلى الله عليه وسلم) لە دیدی بیانیەکاندا...

* ((گۆستاف لوبۆن))Gustave le bun پزیشك و مێژونوسی فەڕەنسی، لە کتێبی ((حضارة العرب)) دا دەڵێت: ((ئەگەر پیاوان بە کارە گەورەکانیان بپێورێن ئەوا((محمد)) گەورەترین پیاوە کە مێژو بەخۆیەوە بینیبێ)).لا ١١٥ .

هەروەها دەڵێ: ((محمد توانی ببێتە پێشەوایەکی بەرزی گەلانی عەرەبی، کە لەپێشدا کەسی وایان تێدا هەڵنەکەوتبو، ئا لەم داهێنانەدا گەورەیی محمد بەدیاردەکەوێ)) لا ١١٦ .

پاشان لوبۆن دەڵێ: ((ئایینەکەی محمد لە هەمو ئایینێکی دی کاریگەری لەسەر دەرونەکان زیاترە، ئەو گەلە جیاوازانەی قورئانیان کردوەتە دەستور و پێشەوا تا ئێستاش کار بە حوکمەکانی دەکەن، وەك چۆن بەر لە سێزدە سەدە کاریان پێدەکرد))لا ٤١٧ .

هەروەها لە کتێبی ((دین الاسلام))دا دەڵێت: ((محمد بەر لە وەفاتی عەرەبی کۆکردوەو کردنی بە یەك گەل و ملکەچی یەك ئایین و گوێڕایەڵی یەك پێشەوا، بێگومان ئەمەش بەڵگەیەکی ڕونە بۆ گەورەیی ئەو)) لا ١٦ .

* ((ویل دیورانت)) Will Durant فەیلەسوف و مێژونوس و نوسەری ئەمریکی، لە کتێبی ((قصة الحضارة)) دا دەڵێت: ((محمد لە گەورەترین کەڵەپیاوانی مێژو بو، توانی ئاستی ڕۆحی و ڕەوشتی گەلێك بەرز بکاتەوە، کە کەش و هەوای گەرم و وشکی بیابان خستبویە تاریکایی نەفامی و دڕندەییەوە...))٤٧/١٣ .

پاشان دەڵێ: ((..لە وەدیهێنانی ئەو ئامانجەشیدا سەرکەوتوبو، بە جۆرێك کە لە

مێژودا هیچ چاکسازێك نەیتوانی پێشی بکەوێتەوە، کەم وایە مروڤێك ببینین ئەوەی خەونی پێوەدیێ هێنابێتیەدی))٤٧/١٣.

هەروەها لە کتێبەکەیدا((قصة الحضارة))دا هاتووە، کە ((جۆرج برنارد شۆ))George Bernard shaw – کە نوسەرێکی شانۆگەری ئێرلەندییە و لە ساڵی ١٩٢٥ز خەلاّتی نۆبلّی لە وێژە(ئەدەب)دا وەرگرتووە، گوتویەتی: ((ئەگەر بەوە بڕیار لەسەر گەورەپیاو بدەین کە چەندە کاریگەری لەسەر خەڵك هەیە، ئەوا دەڵێین: محمدی پێغەمبەری مسوڵمانان گەورەترین گەورەپیاوی مێژووە، چونکە دەمارگیری و خوڕافییاتی لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵکێشا و لە سەروی ئایینی جولەکەو گاور و ئایینی کۆنی گەلەکەی، ئاینێکی بەهێز و ڕونی دامەزراند..))٤٧/١٣.

* مارسێل پۆزارM.Poizarبیرمەند و یاساناسی فەرەنسی، لە کتێبی ((انسانية الاسلام))دا دەڵێت: ((لەڕوی مێژوییەوە محمد تەنیا بانگخوازی ئاینێك نەبو، بەڵکو لە هەمان کاتدا دامەزرێنەری سیاسەتێك بو کە ئاراستەی مێژوی گۆڕی و کاری کردەسەر چالاك بون و فراوان بونی بازنەی ئیسلام))لا ٤٢.

لە بارەی باس کردنی مێژو بۆ پێغەمبەری خوا(ﷺ) دا دەڵێت: ((مێژو محمد وەك سەرکردەیەکی مەزن دەردەخات، کە دڵی پڕ لە بەزەیی بێت، هەروەها وەکو پیاوی دەوڵەتی بەرز و بەهێز وێنای دەکا و، وەك خاوەن سیاسەتێکی دروست دەیخاتەڕو، کە لەگەڵ هەمواندا بە دادگەرانە مامەڵە دەکات و مافی هەمو خاوەن مافان وەك یەك دەدات))لا ٤٦.

پاشان دەڵێت: ((..محمد، ئەو پیاوەی زانی چۆن ڕەزامەندی زۆرترین خەڵك بەدەست بێنێت، پێویستە مروڤێك بێت لەسەروی ئاستی مروڤایەتی، هەروەها ئەوە وادەخوازێ یەکێك بێت لە پێغەمبەرە ڕاستەقینەکانی خوا)) لا٤٦.

*فرانز ڕۆزێنسال Franz Rosenthal: توێژەری پێوەندی نێوان جولەکەو

مسوڵمانان و ڕێبازی زانایانی مسوڵمان لە توێژینەوەی زانستیدا، لە کتێبەکەی ((علم التأريخ عند المسلمين)) دەڵێت: ((کەسایەتی محمد هەردەم هێڵی ناوبڕی ڕونی ئاراستەی مێژو بووە)) لا ٤٠.

*لۆسرۆب ستۆدارد Lothrob Stoddard: نوسەرێکی ئەمریکییە کە بە زانیاری زۆری لەسەر پێشهاتەکانی جیهانی ئیسلامی هاوچەرخ بەناوبانگە، لە کتێبەکەیدا ((حاضر العالم الاسلام)) یدا دەڵێت: ((سروشتە ئایینییەکەی محمد بەهۆی ئەو دڵسۆزییە کەم وێنەیەی هەیبووە هەمو توێژەرێکی وردبینی هەقبێژ سەرسام دەکات)) ١/٣٢.

پاشان هەندێ سیفاتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەخاتەڕو، دەڵێت: ((" محمد " خاوەنی ڕەوشتێکی بەرزو، مەجلیس خۆش و، گوفتار شیرین و، بڕیار دروست و، ڕاستگۆ بو، بەتایبەتی سیفەتی حوکمی بەجێی تێدابو، ڕاشکاوانە دەدوا و، باوەڕی تەواوی بەهەمو ئەو کردار و گوفتارانە هەبو کە ئەنجامی دەدان)) ١/٣٢.

*جۆرج سارتۆن George Sarton: ڕۆژهەڵاتناسێکی بەلجیکییە، کە دکتۆرای لە زانستە سروشتییەکان و بیرکاریدا هەیە، لە کتێبەکەیدا "الثقافة العربية في رعاية الشرق الأوسط" دەڵێت: "محمد" تەنیا پێغەمبەری ئیسلام نەبو، بەڵکو پێغەمبەری زمانی عەرەبی و ڕۆشنبیری عەرەبی بو، بە چاوپۆشین لە ڕەگەز و ئایینی قسەکەرانی زمانەکە" لا ٤٣.

پاشان دەربارەی گشتگیری بانگەوازەکەی دەڵێت: پێغەمبەر "محمد" لە بانگەوازەکەیدا لە هەمو پێغەمبەرانی دی قوڵتر و گشتگیرتر بو" لا ١٤٠.

هەر دەربارەی ئەوەوە دەڵێت: "ئەو زاهید و، شەرع زان و، یاسا دانەر بو و، پیاوێکی تەواو کرداری بو" لا ٣١.

*هێنری سیرۆیاH. Serouya: ڕۆژهەڵاتناسێکی فەڕەنسییە، لە کتێبەکەیدا "فلسفة الفكر الإسلامي"یدا دەڵێت: "محمد" تەنیا بنەمای یەکتاپەرستی لە دەرونی عەرەبدا نەچەسپاند، بەڵکو شارستانییەت و وێژە(ئەدەب)یشی فێرکردن" ل٨٧.

*ئیتین دینییێتET. Dinet ڕۆژهەڵاتناسێکی فەڕەنسییە، مسوڵمان بو و ناوی خۆی گۆڕی بۆ(ناسرەددین)، لە کتێبەکەیدا"أشعة خاصة بنور الإسلام" دەڵێت: "ئەو کەسایەتییەی محمد لەژێر عەباکەیدا هەڵی گرتبو ئاسایی نەبو و کاریگەرییەکی گەورەی هەبو" ل١٥.

هەروەها دەڵێ: "پێغەمبەری ئیسلام تاکە پێغەمبەرە لەنێو هەمو پێغەمبەراندا، کە بۆ تەواوکردنی پەیامەکەی پشتی بە پەڕجو(معجزە) نەبەستوە و کوڵەگەو چەکی ئەو تەنیا ڕەوانبێژی قورئانی پیرۆزبو" ل١٦.

*ڕۆم لاندۆR. Landau پەیکەرساز و ڕەخنەگری هونەری ئینگلیزی و مامۆستای زانستە ئیسلامییەکانە لە سان فرانسیسکۆ، لە کتێبەکەی"الاسلام والعرب"دا دەڵێت:"محمد هەر لە فیترەتدا پارێزکاربو، هەروەها بەبێ هیچ گومانێك ئامادەبو بۆ هەڵگرتنی پەیامی ئیسلام" ل٣٣.

پاشان دەڵێت:"..هەروەها محمد باوەڕێکی هەبو کە لەگەڵ یەکتاپەرستیدا تێکنەدەگیرا...هەروەها نیازی ئەوەی هەبو، کە هەمو شوێنەوارێکی بتپەرستی، کە لەنێو بتپەرستانی عەرەبدا بڵاوبو لەڕەگ و ڕیشەوە هەڵکێشێت" ل٣٣.

*هێربێرت جۆرج وێلزH. G. Wells نوسەر و ئەدیبی بەریتانی، لە کتێبەکەی"معالم تأريخ الانسانية"یدا دەڵێت: "محمد ساڵێك بەر لە وەفاتی حەجی ماڵئاوایی لە مەککەوە بۆ مەدینە ئەنجامدا، لەوکاتەدا ئامۆژگارییەکی گەورەی پێشکەشی گەلەکەی کرد..بڕگەی یەکەمی هەمو ڕاوڕوتی و یاخی بون و خوێن ڕشتنی بەردەم مسوڵمانەکانی ڕادەماڵێ... بڕگەی کۆتاییشی کەسی قولەڕەشی دەکردە

هاوتای خەلیفە.." لا٣١/٦٤٠.

*لویس سیدیۆ Louis Amelie Sedillot ڕۆژهەڵاتناسێکی فەرەنسییە، مۆڵەتی مافناسی هەیە، لە کتێبەکەی"تأریخ العرب العام"دا دەڵێت: "ئیتر کاتی ئەوە هاتووە سەرنجی مێژوی ئەو گەلە بدەین، کە لە گۆشەیەکی ئاسیادا ون بو و بۆ بەرزترین پایە بەرزبووەوە و ناوی لەگەڵ ئاسۆکانی دنیادا بەرزبۆوە... سەرچاوەی ئەو موعجیزەیەش تەنیا پیاوێك بو، ئەویش: **محمد** بو"لا١٥.

هەروەها لەبارەی وەسفکردنی پێغەمبەر"ﷺ"دەڵێت: "..هێمن و ئارامگربو، هەژار و نەدارانی دەهێنایە ماڵەوە تا خواردنەکەیان لەگەڵدا بەشبکات، بە هێمنی و ڕوخۆشییەوە پێشوازی لەهەمو ئەو کەسانە دەکرد، کە دەیانویست پرسیاری لێبکەن، هەمو ئەو کەسانەی قسەیان لەگەڵ دەکرد، بەهۆی ڕووە نورانی و خەندە جوانەکەی توشی سەرسامی دەبون، هەرگیز لە گفتوگۆی دورودرێژ بێزارنەدەبو، کەم قسەی دەکرد، قسەکانی هەرگیز خۆ بەزلزانییان پێوەدیارنەبو.."لا١٠٢.

*هێنری ماسێ H. Masse ڕۆژهەڵاتناسێکی فەرەنسییە، ڕێکخراوی یونسکۆ بۆ لیژنەی ڕۆژهەڵاتناسان هەڵیبژارد، لە کتێبی"ئیسلام"دا دەڵێت: " بەهۆی چاکسازییە ئایینی و سیاسییەکانی محمد، کە لە بنچینەدا بۆ یەکخستنەوەبو، عەرەبەکان هۆشیان هاتەوەبەر و خۆیان دۆزیەوە و لە تاریکی نەفامی و گێرەشێوێنی ڕزگاریان بو.." لا٥٥.

پاشان دەڵێ: " محمد یاسا دانەری سروش بۆهاتوبو و دامەزرێنەری یەکێتی ئایینەکانی نێوان گەلان بو.. سادەبو، بەڵام لەهەمان کاتدا وردبین و دوربین بو"لا ٥٩.

*ولیام مۆنتگۆمری وات W. Montgomery Watt ڕۆژهەڵاتناسێکی هاوچەرخی بەریتانییە و ڕاگری بەشی توێژینەوەی عەرەبییە لە زانکۆی "ئەدنبرا"، لە کتێبەکەی"محمد فی مکّە" دەڵێت: " ئامادەباشی ئەو پیاوە لەوەدابو، کە لەپێناو بیروباوەڕەکەی بەرگەی هەمو چەوساندنەوەیەکی دەگرت، سروشتی ڕەوشت بەرزی

وای لە شوێنکەوتوانی کرد باوەڕی پێبێنن و بیکەنە پێشەوا و سەرکردەی خۆیان، سەرەڕای دەستکەوتە ڕەها و مەزنەکانی، هەمو ئەوانە بەڵگەن بۆ دادگەری و پاکی ڕەسەن لە کەسایەتییەکەیدا" لا ٩٤.

هەروەها دەڵێ: "هەرکە بیر لە مێژوی محمد و مێژوی سەرەتای هاتنی ئیسلام دەکەینەوە، توشی سەرسوڕمان دەبین لە بەرانبەر ئەو کارە گەورەیەدا، ئەگەر پێغەمبەر نەبوایە، ئەگەر پیاوی شیاوی دەوڵەت و بەڕێوەبردن نەبوایە، ئەگەر متمانەی بە خوا نەبوایەو باوەڕی تەواوی نەبوایە کە خودا ڕەوانەی کردووە، هەرگیز نەیدەتوانی بەشێکی گرنگی مێژوی مرۆڤایەتی بنوسێتەوە!" لا ٥١٢.

پاشان دەڵێ: "..من هیواو متمانەم بەوە هەیە، کە ئەو لێکۆڵینەوەیە بتوانێ یارمەتیدەربێ بۆ دوبارە گرنگیدان بە پیاوێك، کە گەورەترین پیاوی نەوەی ئادەمە" لا٥١٢.

*جاك ریسلەرJ. S. Restler توێژەرێکی فەرەنسی هاوچەرخە، لە کتێبی"حضارة العرب"دا دەڵێت:" لەسەر محمد پێویست بو بەزوترین کات سەرکەوتنی گەلی عەرەبی بخاتەڕو، دوای ئەوەی خوا نیعمەتی بەسەردا باراند و ئایینێکی بەرز و سادەو ڕونی بۆ نارد، ڕێبازێك کە یەکلاییکەرەوەبو لە ڕوبەڕوبونەوەی دڵەڕاوکێی بەردەوامی بیروباوەڕە ئایینییەکان" لا٣٧.

پاشان دەڵێت: "..دوای ئەوەی زانیمان کە ئەو کارە گەورەیە بەئەنجام گەیەنرا و لە کەمترین کاتدا گەورەترین هیوای بۆ مرۆڤایەتی بەدەستهێنا، ئەوا ئەوکاتە پێویستە دان بەوەدا بنێین، کە محمد یەکێکە لەو گەورەپیاوانەی مێژوی گەل و ئایینەکان شانازی پێوە دەکەن" لا٣٧.

*لامارتینAlphonse de Lamartine مێژونوس و سیاسەتمەدار و هۆزانڤانێکی فەرەنسییە، لە کتێبەکەی"السفر الى الشرق"دا دەڵێت: "گەورەترین

ڕوداوی ژیانم ئەوەیە، کە بە هۆشیاری لەژیانی محمدم کۆڵیوەتەوە و توانیومە درك بەو گەورەیی و نەمرییە بکەم کە لەژیانیدا هەبووە" لا٢٧٧.

پاشان دەڵێت: " ڕەفتاری ئەو لەکاتی سەرکەوتن و ئارەزوی گەیاندنی پەیامەکەی و نوێژە درێژەکانی و گفتوگۆ ئاسمانییەکەی، هەمو ئەوانە نیشانەن بۆ باوەڕێکی پتەو، کە یارمەتی دەربو بۆ جێگیرکردنی پایەکانی باوەڕ" لا٢٧٧.

پاشان وەسفی پێغەمبەر (ﷺ) دەکات، دەڵێت: "..پێغەمبەر وتاربێژ و یاسا دانەر و ڕزگارکەر و چاکسازی بیرو باوەڕەکانی دی بو، پەرستشێکی هێنا، کە لەسەر گەورە ڕاگرتنی وێنەو پەیکەر دانەمەزراوە، ئەویش: (محمد) ە" لا٢٧٧.

پاشان لامارتین دەپرسێ: "کێ دەتوانێ پیاوێك لە مێژودا بە محمد بچوێنێ؟! بەپێی هەمو پێوەرەکانی پێوانی گەورەیی مرۆڤ، کێ لە محمد گەورەترە؟!"لا ٢٧٧.

*ئەو پرسیارەی لامارتین لەساڵی ١٨٥٤ز لە پاریس کردویەتی، دکتۆری ئەمریکی (مایکل هارت)Michel hart وەڵامی دەداتەوە، کە ئەندامی کۆمەڵەی فەلەکناسی زانستی هەسارەناسییە و یەکێکە لە زانا متمانەپێکراوەکانی فیزیای کردەکی، لە کتێبەکەیدا(١٠٠ کاریگەرترین کەسی مێژو) The 100:a ranking of the most influential persons in history کە تێیدا پێغەمبەری خوا محمد(ﷺ)ی لە سەروی لیستی گەورەترین پیاوی مێژوی مرۆڤایەتی داناوە، دەڵێت:

"هەڵبژاردنی محمد لەسەروی لیستی کاریگەرترین پیاوی مرۆڤایەتی، لەوانەیە هەندێ خوێنەر توشی سەرسوڕمان بکات و لەوانەیە هەندێکیان پێی ڕازی نەبن، بەڵام بە ڕاشکاوی دەڵێم ئەو تاکە پیاوی مێژووە، کە سەرکەوتنێکی بەرچاوی لە هەردو ئاستی دینی و دنیایی بەدەستهێنابێت" لا ١٩.

پاشان د.هارت دەڵێت: "محمد گەورەترین ئایینی جیهانی هێنا و بڵاوکردەوە و

بووە یەکێک لە پێشەوا سیاسییە جیهانییە گەورەکان، ئا لەو ڕۆژگارەداو دوای تێپەڕبونی نزیکەی سێزدە سەدە بەسەر وەفاتیدا، کەچی هێشتا کاریگەرییەکی بەهێز و گەورەی هەیە"لا ١٩.

*ئیڤلین گۆبۆڵد Lady. Gobold ئافرەتێکی خانەدانی ئینگلیزییە، کە بوەتە مسوڵمان، لە کتێبەکەی "البحث عن الله"دەڵێت: "بەرلە هاتنی **محمد** عەرەب گەلێکی بێرێز و کەم بایەخ بو، هۆز و کۆمەڵەکانی هیچ بەهایەکیان نەبو، بەڵام کاتێک محمد هات سەرلەنوێ ئەو گەلەی زیندو کردەوە، بەجۆرێک کە دەکرێ بڵێین ئەو کارەی لە موعجیزە نزیک بو" لا ٥١.

پاشان دەڵێت:" پێغەمبەر ئەوکاتە توانی موعجیزەو کاری سەرسوڕهێنەر ئەنجامبدات، ئەوکاتەی توانی ئەو گەلە سەرڕەق و پێداگرە والێبکات دەستبەرداری بتەکانیان بن و یەکتاپەرستی قەبوڵ بکەن...بەمەش لە تاریکی و نەفامی دەریهێنان و بەرەو ڕوناکی و فامکردن ڕێنوێنی کردن" لا٦٦-٦٧.

یەکێک لەو بڕگە خۆشانەی تێیدا وەسفی پێغەمبەری خوا **محمد**(ﷺ) دەکات دەڵێت: "ئەو بیری لە نازناو نەدەکردەوە و هەوڵی نەدەدا بە نازناوەکەی ماڵ و سامان وەدەستبێنێت، بەڵکو تەنیا بەوە وەستا کە پێغەمبەری خوایە و خزمەتکاری مسوڵمانانە! خۆی ماڵی خۆی پاک دەکردەوە، خۆی پێڵاوەکەی دەدورییەوە، بەبەزەیی و بەخشندەبو، وەکو شنەبا وابو، هیچ هەژار و دەستکورتێک داوایان لێنەدەکرد، کە لەوەی هەیەتی پێی نەبەخشێت، ئەوەی هەشی بو زۆرکات بەشی خۆیشی نەدەکرد" لا ٦٧.

*نەسری سەلهەبN. Salhab مەسیحییەکی لوبنانییە، کە بە دیدی بابەتییانەی و گەڕان بەدوای ڕاستیدا ناسراوە..لەکتێبەکەیدا"في خطا محمد"دا دەڵێت:"مەلوتکەیەک چاوی بەدنیا هەڵێنا، کە لەکاتی لەدایکبونیدا هەرگیز بەبیری

دایکیدا نەدەهات، کە دەبێتە گەورەترین پیاوی جیهان، بەڵکو گەورەترینی مێژو، نا گەورەترین پیاو بە هەمو پێوەرەکان" لا ٤٢.

هەروەها ئاماژە بۆ دەستکەوتەکانی پێغەمبەرمان دەکات و دەڵێت:"هەرکەسێ بە وردی سەرنجی ژیاننامەی ئەوپیاوە بدات، لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە ددان بەوەدا بنێت، کە ئەو دەستکەوتانەی وەدەستی هێناون، لە دنیایەکی تری جیاواز لەو دنیایە بووە، کە مرۆڤ دەیناسێ" لا ١٩٥.

پاشان دەربارەی ئەو موعجیزەیەی محمد خولقاندی، بەوەی بە ماوەیەکی کەم عەرەبی لە پەراوێزی مێژو بۆ بونیادنەرانی مێژو بەرزکردەوە، دەڵێت:"گەورەیی محمد لێرەدایە، بەو ماوە کەمە توانی شەریعەتێکی پڕ ڕەوشتی گیانی و کۆمەڵایەتی، کە لەمێژودا هیچ کەس نەیتوانیوە بەو خێراییە سەرسوڕهێنەرە ئەو کارە گەورەیە بەئەنجام بگەیەنێت"لا ١٩٦.

پاشان دەڵێت:" محمد تەنیا پێغەمبەر نەبو، کە خەڵك بەرەو باوەڕ ڕێنمونی بکات، بەڵکو پێشەواو سەرکردەی گەلێك بو و، هەوڵیدا لەو گەلە باشترین و بەرزترین گەلی دنیا دروستبکات و لەکۆتاییشدا توانی ئەوە وەدی بێنێت" لا ٤٠٩.

*تۆماس کارلیلThomas Carlyle نوسەر و مێژونوس و فەیلەسوفێکی ئینگلیزییە، لە کتێبی"الأبطال وعبادة الأبطال"دا دەڵێت:" بەدرێژایی ژیانی خاوەن باوەڕێکی جێگیربو، هیممەتێکی بەرزی هەبو، خەمخۆر بو، بەخشندە و چاکەکار بو، بەبەزەیی و خواپەرست بو، خاوەن پیاوەتی و ئازاد بو، کۆڵنەدەر و دڵسۆز بو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەجلیس خۆش بو، خوڕەوشتێکی نەرم و نیانی هەبو، ڕوخۆش و شادمان بو، خۆش ڕەفتار و گوفتار شیرین بو، دەتوانین بڵێین گاڵتەشی دەکرد، بەگشتی خەندەیەکی درەوشاوە لەڕویدا بەدیدەکرا، کە لە دڵ و دەرونێکی ڕاستگۆوە سەرچاوەی گرتبو.. بیرتیژ و هۆشیاربو.. هەر لە فیترەتدا گەورەپیاو بو، لە قوتابخانەدا

ڕۆشنبیری وەرنەگرتبو، لەسەر دەستی هیچ مامۆستایەك وانەی پێنەدرابو، ئەو هیچ پێویستی بەوە نەبو.."لا ٥٠-٥١.

هەروەها دەربارەی خۆشەویستی بۆ پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەڵێت: "من محمدم خۆشدەوێ، چونکە سروشتی ئەو دوربو لە خۆ دەرخستن و خۆنواندن.. تەنیا پشتی بەخۆی دەبەست، هەرگیز بانگەشەی شتێکی نەدەکرد لەخۆیدا نەبێت، لوتبەرز نەبو، بەڵام لەبەرانبەریشدا نزم و کەساس نەبو.. ئازادانە لەگەڵ قەیسەری ڕۆم و شای عەجەمدا دەدوا، پێی ڕاگەیاندن، کە لەسەریان پێویستە چی بکەن بۆ ژیانی دنیا و دوارۆژیان، بەڕاستی ئەو پێگەی خۆی دەزانی" لا٦٤.

*د.نەزمی لوٚقا Dr. N. Luka مەسیحییەکی میسرییە، کە بە دیدی بابەتیانەو دڵسۆزی بۆ ڕاستی بەناوبانگە، لەکتێبی "محمد الرسالة والرسول"دا دەڵێت: "..محمد وەکو هیچ تاکێکی خەڵك نەبو لەڕوی ڕەوشت و لێهاتوییدا، خەسڵەتی پێغەمبەران و هیممەتی پاڵەوانانی تێدا کۆبوبووەوە، بۆیە لەسەر مرۆڤی حەقدۆست پێویستە دان بە پێشەوایی ئەودابنێت و بە گەورەپیاوی ببینێت" لا٢٨.

پاشان دەربارەی گەورەیی و خۆبەکەمگری و ڕەوشتی بەرزی دەڵێت: "..تاکە پیاوبو، زوبانی ئاسمان بو، تەنیا خوای لەسەرو بو و گشت بەندە باوەڕدارەکانی مسوڵمانانیشی لەژێر دەستدابون، بەڵام ئەوپیاوە ڕەتی کردەوە توشی خۆ بەزلزانی ببێت، بەڵکو لەبەرانبەردا بەبەزەیی و بەخشندەبو.."لا ١٧٩.

پاشان دەڵێ: "...خۆ ئەگەر ئەو پێغەمبەرە بەهۆی زۆری ئەوانەی —خودا— لەسەردەستی هیدایەتی دان و بەهۆی وەدیهاتنی ئەو گەورەیی و دەسەڵاتەو، جێگیربونی دەسەڵات، ئەگەر بەهەمو ئەوانە ستەمی کردبا یان فیزی لێدابا، ئەوا هیچ تاوانێکی لەسەر نەبو، چونکە ئەوکات بەهۆی بەهایەکەوە ستەمی دەکرد و بەهۆی ڕەوشتێکی بەرز و بەڕێزیش لافی لێدەدا"لا١٧٩.

لەسەر باسی خۆبەکەمگری پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەردەوام دەبێت و دەڵێت: "هاوەڵانی پێیاندا هەڵدەگوت، کەچی پێی دەفەرموون: ئەوەندە بەسەرمدا هەڵمەڵێن و بەوئەندازەیە گەورەم مەکەن، هەروەك چۆن گاورەکان عیسای کوڕی مەریەمیان گەورەکرد، بەڵکو بڵێن:بەندەی خوا و پێغەمبەری خوا)، یان ئەوکاتەی دەچێتە نێو کۆمەڵێك لە هاوەڵانی و ئەوانیش لەبەری هەڵدەستن، ئەویش لۆمەیان دەکات لەسەر ئەو کارەو پێیان دەفەرموێت: (وەکو عەجەمەکان مەکەن، یەکتری بەبەرز ڕامەگرن و لەبەر یەکتر هەڵمەستن)" لا ١٨٠.

هەروەها لوقا لە کتێبی "محمد في حياته الخاصة"دەڵێت: "باوکی قاسم-واتە محمد(ﷺ) -ئەو پیاوەی، کە بە ملیۆنان خەڵکی لە بتپەرستی دەرهێنان و بەرەو پەرستنی خوای جیهانیانی بردن، هەروەها لە لەدەستچوون و لاوازی بەرەو بەرزی و باوەڕی بردن"لا ١٢.

*د.نەسیم سوسە Dr. A. N. Sousa ئەندامی کۆمەڵەی زانستیی عێراقی، کە بوتە مسوڵمان، لە کتێبی"في طريقي الى الإسلام"دا دەڵێت: " پێغەمبەری ئیسلام کەسایەتییەکی مێژوویی مەزن بو، ژیانی ئەو پێغەمبەرە تەنیا زنجیرە ڕوداوێکی ڕاستی مێژوویی گەورە و ئامانجدارن، کە تێیاندا پێگەی گەورەی مرۆڤایەتی ئەو پێغەمبەرەی تێدا دەردەکەوێت" ١/١٧٤.

پاشان دەڵێت:"محمد بە مێژو و ژیاننامەکەی و ڕاستی باوەڕی و چەسپاوی باوەڕی، پێشەوای مرۆڤایەتی و نمونەیەکی بەرزی دەستپاکی و دڵسۆزی و بەردەوامی بو و، ئەو قوربانییانەی لەپێناو گەیاندنی پەیامەکەیدا پێشکەشی کردن دیارترین و باشترین نمونەن بۆ بەرزی خود و کەسایەتی ئەو و گەورەیی ئامانجەکەی و پیرۆزی پەیامبەرێتییەکەی" ١/١٧٤-١٧٥.

پاشان دەربارەی ئەو قوربانییانەی لەپێناو پەیامەکەیدا پێشکەشی کردون دەڵێت:"

مێژو پێمان دەڵێت، کە محمد هەمو شتێکی کردوتە قوربانی پەیامەکەی، بەجۆرێك زۆرجار هەلی هەڵبژاردنی دو کاری بۆ هەڵکەوتون:

یەکەمیان: ژیانی ئاسودەیی و خۆشگوزەرانی و دەوڵەمەندی-بەرانبەر وازهێنانی لە بانگەوازەکەی.

دووەمیان: ژیانێکی ئەستەم و پڕ دەردەسەری بەهۆی بڵاوکردنەوە و گەیاندنی پەیامەکەی.

بەڵام ئەو دووەمیانی هەڵبژارد، چونکە باوەڕێکی پتەوی بە پەیامەکەی هەبو، هەروەها سروشی خودایی بۆ هاتبو، کە پەروەردگار ئەوی هەڵبژاردووە بۆئەوەی ئەو پەیامە بگەیەنێتە هەمو مرۆڤایەتی، ئەوەش ڕویدا، کە خودا بۆی دیاریکردبو و بۆی ویستبو"٢/١٣٠.

*د.فیلیپ حیتی Philippe Hitti بەڕەچەڵەك لوبنانییەو، بەڕەگەزنامە ئەمریکییە، لە کتێبی"الاسلام منهج حیاة"دەڵێت: "..محمد، کەڵەپیاو و مامۆستاو وتاربێژ و پیاوی دەوڵەت و تێکۆشەر(مجاهد)، زۆر بەڕونی دەتوانین یەکێك لە گەورەترین و پایەدارترین پیاوی مێژو ببینین..ئایینێکی بڵاوکردەوە کە ئیسلامە، دەوڵەتێکیشی دامەزراند کە خیلافەتە، بەردی بناغەی ژیار و شارستانییەتێکیشی دانا کە ژیاری عەرەبی و ئیسلامییە، ئوممەتێکیشی دروستکرد کە ئوممەتی عەرەبییە، ئەو تا ئەمڕۆش هێزێکی زیندو و کارای نێو ژیان و ژیاری ملیۆتان خەڵکی جیهانە.."ل٥٦.

*عەبدوڵڵا کویلیمKwelem بیرمەندێکی ئینگلیزییە، کە بۆتە مسوڵمان، لە کتێبی"العقیدة الاسلامیة"دا دەڵێت:" محمد لەوپەڕی بەرزی و گەورەییدابو، لەڕوی سروشتی جوان و ڕەوشتی بەرز و لوتکەی شەرم و حەیا و هەستیاری لەڕادەبەدەری..ئەو هێزێکی درك پێکردنی سەرسوڕهێنەری هەبو، زیرەکییەکی بێ وێنەی هەبو، هەست و سۆزێکی جوان و ناسکی هەبو، بەڕاستی ڕەوشتی بەرز و جوان

بو، له‌هه‌ستیدا خه‌سڵه‌ت و سیفاتی ناوازه‌ت به‌دی ده‌کردن"لا ٩٦-٩٧.

هه‌روه‌ها له کتێبی"أحسن الأجوبة"دا ده‌ڵێت: "ئه‌و-واته پێغه‌مبه‌رمان محمد (ﷺ)- به‌رێگایه‌کی دروست هه‌مو پێداویستییه‌کانی مرۆڤایه‌تی ته‌واوکردن و زۆر به‌خێرایی بونه‌وه‌ری گه‌یانده لوتکه‌ی خۆشبه‌ختی و خۆشگوزه‌رانی"لا ٢١-٢٢.

پاشان ده‌ڵێت: " گه‌یشتنی شوێنکه‌وتوانی به به‌رزترین ئاستی ژیار و شارستانییه‌ت ئاقڵ و بیرمه‌ندانی توشی سه‌رسوڕمان کرد، هۆکاره‌که‌یشی ته‌نیا ئه‌وه‌بو، که فه‌رمان و قه‌ده‌غه‌کردنه‌کانی له‌گه‌ڵ عه‌قڵدا ده‌هاتنه‌وه و له‌گه‌ڵ داناییدا تێکنه‌ده‌گیران". لا ٢٢-٢٣.

*ئیبڕاهیم خه‌لیل ئه‌حمه‌دIbrahim Khalil Ahmad که پێشتر قه‌شه‌بو و بڕوانامه‌ی به‌رزی له بواری ئایینناسی(لاهوت)ی کۆلێژی ئایینناسی میسری هه‌یه‌و پێشتر مامۆستای کۆلێژی لاهوت بو له ئه‌سیوت، بوه‌ته مسوڵمان، له کتێبی"محمد في التوراة"ده‌ڵێت: "ئه‌وه ڕاستییه‌که مێژو ده‌یسه‌لمێنێت: کاتێك جیهانی ڕۆژهه‌ڵات و ڕۆژئاوا به فه‌لسه‌فه نه‌زۆکه‌کانیانه‌وه له تاریکی هزری و په‌رستنی بێ بنه‌مادا ده‌ژیان، له مه‌ککه‌وه و له خودی که‌سایه‌تی محمده‌وه ڕوناکییه‌ك په‌یدابو، که هه‌مو جیهانی ته‌نی و به‌ره‌و ئیسلام ڕێنمونی کرد"لا ٤٧.

*لۆرا ڤیسیا فاگلێریL. Veccia Vagliery توێژه‌رێکی ئیتاڵییه، له کتێبی "دفاع عن الاسلام"دا ده‌ڵێت: "محمد، ئه‌و پیاوه‌ی به‌رده‌وام ده‌ستی به بنه‌ما خواییه‌کان گرتبو، هه‌رده‌م لێبورده و به‌خشنده‌بو، به‌تایبه‌ت له به‌رانبه‌ر ئایینه یه‌کخواپه‌رسته‌کاندا"لا ٧٣.

پاشان ده‌ڵێت: "پێغه‌مبه‌ری عه‌ره‌بی به ده‌نگێکی پڕ له په‌یوه‌ستی به په‌روه‌ردگارییه‌وه بانگه‌وازی کرد، بتپه‌رستان و شوێنکه‌وتووانی هه‌ردو ئایینی

شێوێنراوی مەسیحی و جولەکەی بەرەو پاکترین بیروباوەڕی یەکتاپەرستی بانگەوازکرد، هەروەها بەوەش ڕازی بو، کە هەندێ ململانێی ئاشکرا لەگەڵ ئەو کۆمەڵ و دەستانەدا بکات، کە مرۆڤ بۆ ئەوە پەلکێش دەکەن، کە هاوبەش بۆ خوای تاك و تەنها بڕیاربدات"لا ٤٣.

*کلۆد کاهنClaude Cahenڕۆژهەڵاتناسێکی فەرەنسییە، سەرۆکی کۆمەڵەی ئاسیاییە، لە کتێبی"تأريخ العرب والشعوب الاسلامية"ـیدا دەڵێت: " کەسایەتی محمد خەسڵەتی مێژویی وای تێدابون، کە لەوانەیە لە دامەزرێنەرانی ئایینە گەورەکانی تر نەبێت" ١٤/١.

پاشان دەڵێت: " پێویستە بە گەورەیی و ڕێزەوە لە محمد بڕوانین، بەهۆی بەرزی ئیلهامی و توانای بەسەر پەڕاندنی کۆسپ و تەگەرە مرۆڤایەتییەکان بە گشتی و سەرکەوتن بەسەر نەهامەتییەکانی کەسایەتیدا بەتایبەتی"١/١٨.

*ئیمیل دێرمێنگهەمE. Dermenghemڕۆژهەڵاتناسێکی فەرەنسییە، لە کتێبی "حياة محمد"دا دەڵێت: "دەسەڵات و سەروەت و سامان و سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بەڵام بەهیچ کام لەوانە مەغرور نەبو و، مسوڵمان بونی کەسێکی پێ لەهەمو دەستکەوتێك چاکتر و گەورەتر بو"لا ٣٦٠.

*پاشان دێرمێنگهەم قسەی ڕۆژهەڵاتناس و مێژونوسی ئەمریکی (واشنتۆن ئەرفەنج) دێنێت، کە ئەمە دەقەکەیەتی: "محمد کۆتا پێغەمبەربو و گەورەترین پێغەمبەربو، کە خوا بۆ بانگەوازی خەڵك بەرەو یەکخوا پەرستی ڕەوانەی کردوە" لا ٧٢.

ئەرفەنج وەسفی پێغەمبەر (ﷺ) دەکات کاتێك مەککەی ڕزگارکرد، دەڵێت: "ڕەفتارەکانی محمد لە مەککەدا ئەوەیان نیشاندەدا کە پێغەمبەری خوایە، نەك سەرکردەیەکی سەرکەوتو، چونکە سۆز و بەزەیی بەرانبەر هاونیشتیمانییەکانی

نیشاندا، سەرەڕای ئەوەی کە گەیشتبووە پێگەیەکی بەهێز، بەڵام ئەو تاجی سۆز و بەزەیی لەسەری سەرکەوتنەکەی نا"لا ٧٢.

پاشان دەڵێت: "سەرەڕای سەرکەوتنە سەربازییەکانی (**محمد**)، ئەو سەرکەوتنانە بەهیچ جۆرێك توشی خۆبەزلزانی و مەغروورییان نەکرد، چونکە ئەو لەپێناو ئیسلامدا دەجەنگا، نەوەك لەپێناو سودێکی تایبەتی، تەنانەت لە لوتکەی سەرکەوتنیشیدا پێغەمبەر پارێزگاری لە سادەیی و خۆبەکەمزانییەکەی خۆی کرد و ئەو خەسڵەتەی لەدەستنەدا"لا ٣٠٢.

یهتدي به من استهدى به سبل   الرشد و یعمى عنه من تعامى

واتە:

هەرکەسێ ئەو بە پێشەوای   خۆی بزانێ هیدایەت دەدرێ
هەرکەسێکیش خۆی لەئاستی   کوێربکات ڕێگای لێ ون دەبێ!

* * *

گومان لەوەدا نییە، کە ئەو پێغەمبەری خوایە!

﴿وَلَوۡ تَقَوَّلَ عَلَيۡنَا بَعۡضَ ٱلۡأَقَاوِيلِ ۞ لَأَخَذۡنَا مِنۡهُ بِٱلۡيَمِينِ ۞ ثُمَّ لَقَطَعۡنَا مِنۡهُ ٱلۡوَتِينَ﴾

[الحاقة: ٤٤ – ٤٦]

* * *

وكـيف يدرك في الدنـا حقيقته قوم نيام تسلّوا عنه بالحلم؟

چۆن لەدنیادا قەدری دەزانێ و درك بەڕاستی دەکات

گەلێك کە تەنیا بەخەون ئەویان وەبیردێتەوە؟!

* * *

من دەنگم هەڵدەبڕم و تکادەکەم بۆ ئەو ڕۆژەی مەسیحییەکان تێیدا ڕێز لە"مەسیح" دەگرن، ئەویش بەوەی ڕێز لە محمد بگرن، گومانیش لەوەدا نییە، کە مەسیحی ڕاست ئەوکەسەیە، کە ددان بە ڕاستی محمددا دەنێ و پەیامەکەی بەڕاست دەزانێ".

توێژەری ئینگلیزی لایتنەر

* مارسێل پۆزار M.Poizar بیرمەند و یاساناسی فەرەنسی، لە کتێبی ((إنسانية الاسلام)) دا دەڵێت: ((..محمد، ئەو پیاوەی زانی چۆن ڕەزامەندی زۆرترین خەڵك

بەدەست بێنێت، پێویستە مرۆڤێك بێت لەسەروی ئاستی مرۆڤایەتی، هەروەها ئەوە وادەخوازێ یەکێك بێت لە پێغەمبەرە ڕاستەقینەکانی خوا)) لا ٤٦٢.

هەروەها دەڵێت: "محمد پێغەمبەرێك بو، نەوەك چاکسازێکی کۆمەڵایەتی، پەیامەکەیشی گۆڕانکاری بنچینەیی لە کۆمەڵگای عەرەبی ئەوسا ئەنجامدان، کە لەئێستادا کاریگەرییەکەی لە کۆمەڵگای ئیسلامی هاوچەرخدا دەبینرێن"لا ٦١.

*مۆریس بۆکای Maurice Bucaille پزیشکێکی گەورەی فەرەنسییە، بۆتە مسوڵمان، لە کتێبی"قورئانی پیرۆز و تەوڕات و ئینجیل و زانست"دا دەڵێت: "چۆن مرۆڤێکی نەخوێندەوار دەتوانی پەی بەو ڕاستییە زانستییانە ببات، لەکاتێکدا هیچ مرۆڤێکی ئەو سەردەمە توانای ئەو کارەی نەبووە، بەبێ ئەوەی لەو ڕوانگەیەوە قسەکانی هیچ هەڵەیەکیان تێدابێت؟"لا ١٥٠.

*ڕۆجێ گاراودی Roger Garaudy بیرمەندێکی بەناوبانگی فەرەنسییە، هەروەها یەکێکە لە گەورە پێشەوایانی پێشوی حیزبی شیوعی فەرەنسی، بوەتە مسوڵمان و لە کتێبی"عهود الاسلام"دا دەڵێت: "بەهۆی دو بنچینە سەرەکییەکانی ئیسلام: بنچینەی دەسەڵات تەنیا بۆ خودایە، ئەو بنچینەیەی بەهۆیەوە هەمو دەسەڵاتێکی کۆمەڵایەتی ڕێژەییە، هەروەها بنچینەی ڕاوێژ(شورا)، کە هەمو هۆکارێکی نێوانی گەل و خودا ڕادەماڵێ و هەر سەرکێشییەکی ڕەها کە پیرۆزی دەداتە دەسەڵات و وا لە سەرکردە دەکات ببێتە خودایەك لەسەر زەوی، ئەوا لە یەك کاتدا هەردوکیان لەناو دەبات" لا ٣٦٦.

*جۆرج سارتۆن George Sarton: ڕۆژهەڵاتناسێکی بەلجیکییە، کە دکتۆرای لە زانستە سروشتییەکان و بیرکاریدا هەیە، لە کتێبەکەیدا"الثقافة الغربية في رعاية الشرق الاوسط"دەڵێت: "پێغەمبەر لە دەوروبەری ساڵی ٦١٠ز، کە ئەوسا تەمەنی چل ساڵ بو بانگەوازی ئاشکرای دەستپێکرد، وەکو برا پێغەمبەرانی دی، بەڵام زۆر

لەوان باشتربو.. ئەو خواپەرست و زانا و یاسا دانەر بو، پیاوێکی تەواو کرداری بو"لا ٢٩-٣١.

پاشان دەڵێت: "محمد" تەنیا پێغەمبەری ئیسلام نەبو، بەڵکو پێغەمبەری زمانی عەرەبی و ڕۆشنبیری عەرەبی بو، بە چاوپۆشین لە ڕەگەز و ئایینی قسەکەرانی"لا ٤٣.

* ((گۆستاف لۆبۆن))Gustave le bun پزیشك و مێژونوسی فەڕەنسی، لە کتێبی ((حضارة العرب)) دا دەڵێت: "خەریکە زانایانی ڕۆژئاوایی ڕاشکاوانە دەربارەی محمد دەدوێن، هەرچەندە دەمارگیری ئایینی چاوی زۆر مێژونوسی کوێرکردووە، کە ددان بە گەورەییدا بنێن" لا ١١٥.

*ئیمیل دێرمێنگهەمE. Dermenghem ڕۆژهەڵاتناسێکی فەرەنسییە، لە کتێبی "حیاة محمد"دا دەڵێت: "..محمد لە مارییەی قیبتی ئیبراهیمی بو، بەڵام هەر لە منداڵیدا وەفاتی کرد، ئەویش زۆر بۆی دڵتەنگ بو، بە چاوی پڕ فرمێسکەوە خستییە ژێر گڵ، لەو کاتەشدا خۆرگیران ڕویدا، مسوڵمانان گوتیان: خۆر لەبەر مردنی ئیبراهیم گیراوە، بەڵام محمد بە دەرونە بەرز و باڵاکەیەوە وەڵامی دایەوە گوتی: (خۆر و مانگ دو وەدیهێنراو و نیشانەی دەسەڵاتی پەروەردگارن، هەرگیز بۆ مردنی هیچ کەس ناگیرێن..)، بێگومان قسەیەکی ئاوا لە دەمی کەسێکی درۆزن دەرناچێت.." لا ٣١٨.

*د.نەزمی لوقا Dr. N. Lukaمەسیحییەکی میسرییە، کە بە دیدی بابەتیانەو دڵسۆزی بۆ حەق و ڕاستی بەناوبانگە، لەکتێبی "محمد الرسالة والرسول"دا دەڵێت: "چی ماوەتەوە بۆ کەسێ، کە بانگەشەی ناڕاستی محمد دەکات؟ باوەڕێك بەرلەوەی سەرکەوێ، بە چەندان بەڵا و دەردەسەری تاقی کرایەوە، سەرکەوتنیش بۆ بانگخوازێکی یەکتاپەرستی لە پایتەختی بت و بتپەرستاندا شتێکی چاوەڕواننەکراوبو.. پاکی ئەو زاڵ بو بەسەر هەمو سودەکاندا، بەرزییەکەی پاکتربو لە هەمو باق و بریقی دنیا، لێبوردەییەك بەهیچ جۆرێك لوتبەرزی و خۆ بە دەسەڵات فشکردنەوەی تێنەدەکەوت"لا ١٨٣-

.١٨٤

پاشان دکتۆر لۆقا هەندێ لەو کارانە دەخاتەڕو، کە کەسێکی خەڵەتێنەر و درۆزن، کە بانگەشەی پێغەمبەرایەتی بکات ناتوانێت ئەنجامیان بدات، چونکە ئەوکەسەی تەنیا بە زوبان بانگەشەی ئەوانە دەکات هەوڵ بۆ دەسەڵات دەدات و هەوڵدەدات ماڵ و سامان و دەسەڵاتێکی زۆر بۆ نەوەکانی جێبێڵێت، بەڵام پێغەمبەری ئیسلام بۆ هیچ کام لەمانە هەوڵی نەداوە، هەروەها لۆقا دەڵێت:"..هیچ خۆشی و دەسەڵاتێکی دنیای بۆ نەوە و خێزان و هۆزەکەی جێنەهێشت، زۆر شتی لەخۆی حەرام کرد، کە بۆ شوێنکەوتووانی حەڵاڵ کردبو، هەروەها هیچ کام لەو سەروەرییانەی نەهێشت، کە هۆزەکەی لە سەردەمی نەفامیدا بەسەر هۆزەکانی تردا هەیبو، بەجۆرێك کۆیلەو بەندەکانی هێنانە ئاستی گەورە پیاوانی قورەیش، هەروەها بەهۆی نەفامییەوە خزم و کەسانی دەسەڵاتێکی نارەوایان دەستکەوتبو، بەڵام هەمو ئەوانەی لەگەڵ زەوی تەختکردن، چ دەسەڵاتێك دەتوانێ بەسەر ئەو سەرفرازییە بەرزە و ڕاستگۆییە حاشا هەڵنەگرەدا زاڵ بێت؟!..

ئەو پێغەمبەرە لە خۆیەوە نەدواوە.. هەرگیز نەرێی ڕاستی لێ ون بووە نە بیر و باوەڕی پڕوپوچی هەڵگرتووە.. ئەگەر ئەو پێغەمبەرە ڕاستگۆی دەستپاك نەبێت ئەوا هیچ کەسێ ڕاستی نەگوتووە و دەستپاك نەبووە" لا ١٨٥-١٨٦.

*لایتنەر Lightner توێژەرێکی ئینگلیزییە، دکتۆرای لە شەریعە و فەلسەفە و ئایینزانی هەیە، لە کتێبی(ئایینی ئیسلام)ی جۆزێف شاختدا دەڵێت:" بەهۆی ئەو زانیارییەی لەسەر هەردو ئایینی جولەکەو دیانەکان هەمە دەڵێم: ئەوەی محمد فێری بووە و گوتویەتی وەرگیراو نییە، بەڵکو سروشی بۆ هاتووە" لا ٤.

لایتنەر بەڵگەی لۆمەی سروش دەهێنێتەوە، کە لەسەر پیاوێکی کوێر لۆمەی کراوە، هەروەك لە سورەتی"عبس"دا هاتووە:"..جارێکیان سروشێکی پڕ لۆمە و

گلەیی کردن بۆ پێغەمبەر هات، چونکە ڕوی لە پیاوێکی کوێری هەژار وەرگێڕاوە و ڕوی لە کەسێکی دەوڵەمەندی خانەدان کردووە، ئەو سروشەش بڵاوبوەتەوە و لە قورئاندا هەیە، ئەگەر وەك هەندێ کاڵفامی دیان دەڵێن ئەو درۆزن بوایە ئەوا هەرگیز ئەو سروشە بونی نەدەبو"لا ١٣٢-١٣٣.

*هێنری دی کاستری H. De. Castries ئەفسەرێکی لەشکری فەرەنسییە، لە کتێبی(الإسلام: خواطر و سوانح)دا دەڵێت: "بەبەڵگە سەلمێنراوە، کە محمد هیچ کتێبێکی پیرۆزی نەخوێندوتەوە و لە ئایینەکەیدا پشتی بەهیچ ڕێبازێکی پێشین نەبەستووە"لا ١٦.

پاشان دەڵێت: "..پیاو عەقڵی بەوە سەرسام دەبێت، کە چۆن ئەو ئایات و بەڵگانە لە پیاوێکی نەخوێندەوار دەردەچن، لەکاتێکدا خۆرهەڵات بە گشتی دانیان بەوەداناوە، کە ئایاتی پەڕجو(موعجیزە)ن، کە عەقڵی مرۆڤ هەرگیز ناتوانێ وەك ئەوان دابنێت، چ لەڕوی وشەکارییەوە یان لەڕوی واتاسازییەوە..ئەو ئایاتانەی کاتێ "عوتبەی کوڕی ڕەبیعە" گوێی لێیان بو لە بەر جوانی و کاریگەرییان ڕاچڵەکی..ئەو ئایاتانەی چاوەکانی نەجاشی فەرمانڕەوای حەبەشەیان پڕ کرد لە فرمێسك، کاتێ جەعفەری کوڕی ئەبوتالیب ئەو ئایەتانەی لەسورەتی (مریم)دا دەربارەی لەدایکبونی مەسیح هاتون بەسەریدا خوێندنەوە"لا١٨-٢٠.

لەشوێنێکی تردا دەڵێت: " لە سەردەمی یەکەمدا-سەردەمی مەککە- ناتوانین نکوڵی لە تەواوی باوەڕ و دڵسۆزی و ڕاستگۆیی محمد بکەین، بەڵام هەرچی لە سەردەمی دووەمیدا-سەردەمی مەدینە-دا باوەڕەکەی هیچ کەم و زیادی تێنەکەوتن، سەرەڕای ئەو سەرکەوتنانەی تۆماری کردن، کە دەبوایە لەسەر باوەڕ گەرم و گوڕتری بکەن و باوەڕی بەهێزتر بکەن، بەڵام باوەڕەکەی گەیشتبووە ئاستێك، کە جێی زیاد و کەمی تێدا نەدەبووەوە و هیچ کەموکوڕی تێدا نەبون، ئەوەی دەدرێتەپاڵی

هیچ کاریگەری لەسەر ژیانی پاك و بێخەوشی ئەو نییە"لا ٢٤.

پاشان دی کاستری چەند لایەنێکی گەورەیی لە کەسایەتی پێغەمبەر (ﷺ) دەخاتەڕو، دەڵێت: "..محمد مەیلی لە باق و بریقی دنیا نەبو، کەسێکی چاوتەنگ و ڕژدیش نەبو، خوی بۆخوی مێگەلەکەی دەدۆشی، لەسەر خۆڵ دادەنیشت، خوی جلوبەرگ و پێڵاوەکانی چاك دەکردنەوەو دەدورینەوە و بە پینەوە دەبەری دەکردن، کەسێکی بە قەناعەت بو، ئەو دنیایەی بەجێهێشت تەنانەت بۆ جارێکیش لە نانی جۆ تێرنەبو، هەرگیز تەماعکار نەبو، توانی بگاتە بەرزترین پێگەی وڵاتانی عەرەب، بەڵام هەرگیز پەنای نەبردە بەر ستەمکاری، خوی دورەپەرێز نەگرتبو، وەزیر و دارودەستەی بۆخوی بڕیارنەدابون.. گەیشتە لوتکەی دەسەڵات بەڵام هیچ نیشانەی فەرمانڕەوایی و میرنشینی نەبون، جگە لە ئەنگوستیلەیەکی زیو، کە لەسەری نوسرابو: محمد رسول الله"لا ٢٤.

*لۆریا ڤیشیا فاگلێری L. Veccia Vaglieri توێژەرێکی ئافرەتی ئیتاڵییە، لە کتێبی (دفاع عن الاسلام)دا دەڵێت: " زۆر لە دوژمنانی ئیسلام، کە ڕق و کینە کوێری کردبون، هەوڵیاندا هەندێ تۆمەتی درۆینەو هەڵبەستراو بدەنەپاڵ محمد!.. ئەوەیان بیرچوبو، کە محمد بەرلەوەی پەیامی ئاسمانی بۆبێت بەهۆی دەستپاکی و داوێنپاکییەوە لەلای هاونیشتیمانیانی جێگای ڕێز بووە و بەگەورەیی سەیرکراوە"لا ٣٧.

پاشان هەندێ پرسیار دەوروژێنێ، کە واپێویست دەکات لەسەر ئەو عەقڵەی پێیوایە محمد(ﷺ) لەلای خوداوە نەهاتووە بەخوێدابچێتەوە، دەڵێت: "..ئەوەی لەلام سەیرە ئەوەیە، کە ئەوانە ئەو ئەرکەش ناکێشن، کە لەخۆیان بپرسن: ئەگەر محمد پێشتر پیاوێکی درۆزن بوبێت چۆن ئەو ئازایەتییەی بەخوی داوە، کە بەڵێنی ئاگری تاهەتایی بداتە ئەو کەسانەی کە پەیامەکەی بەدرۆ دەزانن یان تەنیا بەڕوبینی باوەڕ دەهێنن؟ ئایا ئەو بەو سروشتە سادەیەوە و سەرەڕای بیرێزیکردنی

هاونیشتیمانیانی چۆن توانی مژدەی خۆشگوزەرانی(بەهەشت) بداتە یار و یاوەرانی، ئەگەر هێزێك نەبێت لەپشت ئەو بەڵێنانەیەوە؟

چۆن توانی ململانێیەکی-شێوە بێهیوا- دروستبکات؟..ئەگەر باوەڕێکی پتەوی بە پەیامەکەی نەبوبێت چۆن توانی لە مەککەدا بۆ ماوەی دە ساڵ لەو ململانێیە بەردەوام بێت، لەکاتێکدا کە سەرکەوتنێکی کەمی بەخۆیەوە دیبو، سەرەڕای دەرد و مەینەتی بێ شومار؟

چۆن ئەو ژمارە زۆرەی مسوڵمانان، لە پیاوانی خانەدان و ژیر و بیرمەند باوەڕی پێبهێنن و پشتگیری بکەن و خۆیان بکەنە تاکی کۆمەڵگایەك، کە زۆرینەی کۆیلە و بەندەی ئازادکراو و هەژار و نەدار بون، ئەگەر لە وشەکانیدا ڕاستگۆییان بەدی نەکردبێت؟..

پێویست بەوەناکات چیتر درێژە بەو قسانە بدەین، خەریکە ڕۆژئاواییەکان کۆدەنگییەك لەسەر ئەوە دەکەن کە ڕاستی محمد و پەیامەکەی بێگومانە" لا ٣٧-٣٨.

*تۆماس کارلیلThomas Carlyle نوسەر و مێژونوس و فەیلەسوفی ئینگلیزی، لە کتێبی"الابطال و عبادة الابطال"دا دەڵێت:"..محمد هەرگیز وانەی لای هیچ مامۆستایەك نەخوێندووە، هەروەها ئەوسا نوسین لەنێو گەلی عەرەبیدا تازە داهاتبو، ئەوەی لای من ڕۆشنە ئەوەیە، کە محمد خوێندنەوە و نوسینی نەزانیوە و جگە لە ژیان و بارودۆخی بیابان هیچی دی فێرنەبووە، هەرچییەکیش کە توانیبێتی بیزانێت لەڕێی دیدگایەوەبووە و لەڕێی دەرونییەوە لەو گەردونە شت وەربگرێ و تێبفکرێ، بەڵێ، ئەو هیچی لە جیهانی پان و بەرین و زانستەکانی نەزانیوە، تەنیا ئەوەی بە دڵ و دەرونی بینیویەتی، یان لە تاریکی بیابانی عەرەبەوە بەگوێدا چرپابێت"لا ٥.

پاشان دەڵێت:"ئەو درۆ و دەلەسانەی بەهۆی خوێن گەرمییەوە و بە نیاز پاکییەوە دەربارەی ئەو پیاوەوە دەیانڵێین، تەنیا بەخراپە بەسەر خۆماندا دەشکێتەوە"لا٤١.

تۆماس كارلیل وای دەبینێ، كە ئەو درۆ و دەلەسانەی بۆ پێغەمبەری ئێمە(ﷺ) هەڵی دەبەستن، جا چ بەنیاز پاكی بێت وەك خۆی دەڵێت، یان بە درۆ و نەزانی بێت وەك(فریدریك نیچە) دەڵێت كاتێك وەسفی پیاوانی كڵێسا دەكات، لە كتێبی(عدوّ المسیح)، دەڵێت: "ئەوان لەهەر ڕستەیەك كە دەیڵێن هەڵە ناكەن، بەڵكو درۆ دەكەن، ئەوان ئیتر ئازادنین لەوەی بە نیازپاكی درۆ بكەن یان بە نەزانی"لا ٣٨.

ئەو ددان بەوەدا دەنێت، كە ئەو قسانەی دەیكەن هەڵبەستراو و درۆ و دەلەسەن، كە بۆ پێغەمبەر محمد(ﷺ) هەڵیان بەستون، ئەو پێغەمبەرەی —بە قورئان و دانایيەكەی—پەرستش و ڕەوشت و زانستی پاك و بەرزی وای پێشكەشی مرۆڤایەتی كردن، كە هیچ كەسی دی پێشكەشی نەكردون و تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان زانایان لەسەری دەنوسن و مسوڵمانان و نامسوڵمانان لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای زەوی ڕوناكی لێوەردەگرن و ڕێگایان ڕۆشن دەكاتەوە..

پاشان كارلیل دەڵێت:"نەنگی و شورەییەكی گەورەیە لەسەر هەر كەسێكی دینداری ئەم سەردەمە، كە گوێ بۆ ئەوەڕادێرێ، كە ئیسلام درۆیەو محمد فێڵباز و خەڵەتێنەرە و، لەسەرمان پێویستە دژی ئەو قسە پڕوپوچ و شەرمەزاركەرانە بوەستینەوە"لا ٤٢.

پاشان دەڵێت: "..ئەو پەیامەی ئەو پێغەمبەرە هێناویەتی تا ئێستا و بۆ ماوەی دوازدە سەدەیە چرای ڕوناكی نزیكەی دوسەد ملیۆن مرۆڤی وەكو ئێمەیە، وەدیهێنراوی هەمان ئەو خودایەن كە ئێمەی وەدیهێناوە.. ئایا ئێوە لاتان وایە، كە ئەو پەیامە–كە بە ملیۆنان خەڵك لەسەری ژیاون و مردون–درۆ و دەلەسەیە؟!"لا٤٢.

پاشان دوای تێڕامان وەڵامی خۆی دەداتەوە و دەڵێت:"من هەرگیز ناتوانم بەو جۆرە بیر بكەمەوەو ئەو ڕایەم هەبێت، چونكە ئەگەر درۆ و فێڵ و تەڵەكە ئەوەندە لەلای بونەوەری خودادا ڕەواجیان هەبێت و بەو جۆرە پێشوازی لێبكەن و بەڕاستی

بزانن، ئەوا خەڵك جگە لە گێل و شێت هیچی تر نین و، ژیانیش جگە لە شتێکی بێمانا و بێنرخ هیچی تر نیەو هەر بونی نەبوایە چاکتر و شیاوتر بو"لا ٤٣.

پاشان دەڵێت:"..ئەوەی ڕای ئەو کەسانە پوچ دەکاتەوە، کە دەڵێن پەیامەکەی محمد ڕاست نەبووە..ئەوەیە کەئەو تەمەنی لاوێتی خۆی لە ژیانێکی هێمندا لەگەڵ خەدیجە بەسەربرد، لەو ماوەیەشدا هیچ دەنگۆیەکی نەنایەوە، کە بۆتی ناوبانگ و پایەو دەسەڵاتی لێبێت.. ئەو باسی هیچ شتێکی نەکرد، تا پیری هات، ئەوکاتە ئەو گرکانەی خۆی قەتیس دابو تەقییەوە و، ئەوکاتە بانگەوازی بۆ بابەتێکی گەورە و ڕێبازێکی پیرۆزکرد"لا ٥١.

پاشان دەڵێت:"..لە دڵ و دەرونی ئەو پیاوە بەرز و بەڕێزەی پەروەردەی چوڵەوانی..ئەو پیاوەی نەفس بەرز بو.. دڵ و دەرونی پڕبو لە سۆز و بەزەیی و چاکەکاری و دانایی و بیرۆکەی داماڵراو لە تەماعی دنیایی و، نیازی بەدەر لە هەوڵدان بۆ پێگەو دەسەڵات.. بەڵام کەسانی دی دەبینین، کە بە دەستەواژەی درۆیینە ڕازی دەبن و لەسەر بیرۆکەی ناڕاست دەڕۆن، لەبەرانبەردا دەبینین، کە محمد بەوە ڕازی نەبووە، کە بە درۆ و قسەی ناڕاست وەسف بکرێ، ئەو لە نەفس بەرزیدا تاك بو، لە درك پێکردنی ڕاستی شتەکان و بونەوەریشدا بەهەمان شێوە.. ئەو جۆرە دڵسۆزییە بەدەر نییە لە واتایەکی خودایی پیرۆز.. ئیتر دوای ئەوە هەر قسەیەك، کە دەکرێ قسەی پوچ و بێمانایە!"لا ٥١-٥٢.

*دیبۆرا پۆتەرD. Potterژنە ڕۆژنامەنوسێکی ئەمریکییە، کە بوەتە مسوڵمان، لە کتێبی(رجال ونساء أسلموا) دەڵێ:".. محمد، ئەو پیاوە نەخوێندەوارەی لە ژینگەیەکی نەفامیدا پێگەیشتووە چۆن توانی پەی بەو پەڕجو(معجزة)انە بەرێت، کە قورئان باسی کردون، کە تائێستاش زانستی هاوچەرخ هەوڵی دۆزینەوەیان دەدات؟!.. هیچ چارەیەکمان نییە جگە لەوەی ددان بەوەدا بنێین، کە ئەو قورئانە لەلای

خوداوه‌یه"٨/١٠٩.

*ڕۆم لاندۆR. Landau په‌یکه‌رساز و ڕه‌خنه‌گری هونه‌ری ئینگلیزی و ماموٚستای زانسته ئیسلامییه‌کان له سان فرانسیسکۆ، له کتێبه‌که‌ی"الاسلام والعرب"دا ده‌ڵێت:"موحه‌ممه‌د کارێکی گه‌وره‌ی گرتبووه خۆی، که که‌سێکی بانگه‌شه‌کاری درۆزنی خۆپه‌رست ناتوانێ به هه‌وڵی تاکه‌که‌سی خۆی هیچ ئومێدێکی به سه‌رکه‌وتنی هه‌بێت، ئه‌و دڵسۆزییه‌ی محمد، که له کاتی گه‌یاندنی په‌یامه‌که‌یدا ده‌رکه‌وت و باوه‌ڕی پته‌وی شوێنکه‌وتوانی به‌و په‌یامه‌ی بۆی هاتووه و، بارودۆخ و که‌ین و به‌ینی ڕۆژگار و..هه‌مو ئه‌مانه واده‌که‌ن، که بڵێین شتێکی بێ ماناو نا ژیرانه‌یه ئه‌گه‌ر محمد به‌هیچ جۆره فێڵ و ته‌ڵه‌که‌بازییه‌ك تۆمه‌تباربکرێت.."ل٣٣.

پاشان (لاندۆ) ئاماژه به‌وه ده‌كات، که له‌مێژودا نه‌بووه فێڵبازێك فێڵ له خه‌ڵك بکات و خه‌ڵك بخه‌ڵه‌تێنێت و فێڵ و ته‌ڵه‌که‌ی به‌رده‌وام بوبێت، ده‌ڵێت:"مێژو باسی هیچ که‌سێکی تێدا نه‌هاتووه، که فێڵ و ته‌ڵه‌که‌بازی له خه‌ڵك کردبێت و به‌رده‌وامیش بوبێت، ئیسلامیش وا نه‌بێت که ته‌نیا بۆ ماوه‌ی نزیکه‌ی هه‌زار و سێسه‌د ساڵ به‌رده‌وام بوبێت، به‌ڵکو هێشتاش شوێنکه‌وتوی نوێی په‌یدا ده‌بن و به‌ره‌و فراوانبونه، له‌کاتێکدا لاپه‌ڕه‌کانی مێژو تاکه نمونه‌یه‌کیشمان ناخاته به‌رده‌ست، که فێڵبازێك توانیبێتی په‌یامه‌که‌ی بوبێته هۆکاری بنیاتنانی ئیمپراتۆرییه‌تێك، که یه‌کێك بێت له ئیمپراتۆرییه‌ته گه‌وره‌کانی جیهان، یاخود شارستانییه‌تێکی وای به‌رهه‌مهێنابێت، که له به‌رز و به‌ڕێزترین شارستانییه‌ته‌کانی جیهان بێت)ل٣٤.

هه‌روه‌ها ده‌رباره‌ی ئه‌و گۆڕانکارییه‌ی پێغه‌مبه‌رمان(ﷺ) به‌هۆی بانگه‌وازه‌که‌یه‌وه توانی ئه‌نجامی بدات ده‌ڵێت: (ئه‌رکی محمد بریتی بو له نه‌هێشتنی ئه‌و سیسته‌مه خێڵه‌کییه‌ی هۆکاری سه‌ره‌کی شه‌ڕوشۆڕی نێوان عه‌ره‌به‌کان بو و، قه‌ره‌بو کردنه‌وه‌ی ده‌سه‌ڵاتداری به ملکه‌چ کردن بۆ فه‌رمانه‌کانی خودا، به‌جۆرێك،

کە بەسەر هەمو پێوەندییە خێزانییەکان و ڕق و کینە لاوەکییەکاندا باڵادەست بێت، بۆ ئەمەش واپێویستی دەکرد، کە یاسایەکی وا بداتە بەر دەستی خەڵك، کە عەرەبەکان–بەتایبەتی یاخییەکان–بتوانن قەبوڵی بکەن و ملکەچی بن..

لەسەر پێغەمبەر پێویست بو هەندێ کۆت و مەرج بەسەر ئەو کۆمەڵگایەدا فەرز بکات، کە لەسەر بنچینەی خێڵایەتی و خوێن ڕشتن و جۆرەها ستەمکاری دامەزرابو..

لەسەری پێویست بو لە شوێنی دڕندایەتی مرۆڤایەتی و لەجێگای بێ بەرنامەیی یاسا و دادگەری لەجێگای هێزو ستەمدا بەرپا بکات)لا ٣٤.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم وتەی زانای پایەبەرز(ئیبن خەلدون)ی دامەزرێنەری زانستە کۆمەڵایەتییەکان بخەمەڕو، کە لە بەشی بیست و حەوتەمی (مقدمة)ەکەی دا دەڵێت: دەربارەی ئەوەی، کە عەرەب بە هۆکارێکی ئایینی وەك پێغەمبەرایەتی یان خیلافەت نەبێت دەسەڵاتداری بەکەس نادەن، دەڵێت: (بەهۆی ڕەوشتی دڕندایەتییان لەڕوی گوێڕایەڵی یەکتر لە هەمو گەلان یاخی تر و سەرکێش ترن، ئەمەش بەهۆی ڕق ئەستوری و لوتبەرزی و بێهیممەتی و کێبڕکێکردن لەسەر فەرمانڕەوایەتیدا.. بەڵام ئەگەر باسەکە ئایینی و خەلافەت بێت، ئەوا ڕەوشتی لوتبەرزی و ڕکابەری فڕێ دەدەن، بەمەش کۆکردنەوە و جڵەوگیرییان ئاسان دەبێت.. بۆیە ئەگەر پێغەمبەرێك یان خەلیفەیەکیان لەناودابێت، کە فەرمانی خودایان پێڕابگەیەنێت، ئەوا ڕەوشتە خراپەکان فڕێ دەدەن و، ڕەوشتە چاکەکان وەردەگرن و بۆ سەرخستنی حەق یەك دەنگ دەبن..)١/١٥١.

لێرەدا زانستی کۆمەڵایەتیش شایەتی بۆ پێغەمبەرمان محمد(ﷺ) دەدات، کە پێغەمبەری خودایە، چونکە ئەگەر وانەبووایە نەیدەتوانی عەرەبەکان یەکبخات و یەکدەنگیان بکات و ڕەوشتە خراپەکانیان پاك بکاتەوە و گەورەترین نەتەوەی جیهانییان لێ دروستبکات.

چەند ژنیی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)

﴿ لَّا يَحِلُّ لَكَ ٱلنِّسَآءُ مِنۢ بَعْدُ وَلَآ أَن تَبَدَّلَ بِهِنَّ مِنْ أَزْوَٰجٍ وَلَوْ أَعْجَبَكَ حُسْنُهُنَّ إِلَّا مَا مَلَكَتْ يَمِينُكَ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ رَّقِيبًا ﴾ الأحزاب: ٥٢. واتە: هیچ ژنێکی ترت بۆ حەڵاڵ نییە و بۆیشت نییە بییانگۆڕیت بە ژنی تر، واتە یەکێك یا زیاتریان تەڵاق بدەی و لەباتیی ئەو ژنی تر بهێنی هەر چەند جوانیشیانت زۆر بە دڵ بێ، مەگەر ئەو کەنیزەکانەی بن بە موڵکی خۆت، خوا ئاگای لە هەموو شتێکەو هیچی لێ ون نابێ، کەواتە لەو سنوورە لامەدە، کە ئەو بۆی دیاری کردووی.

* * *

مێژو و کتێبەکانی ژیاننامەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێیان ڕاگەیاندوین، کە پێغەمبەر(ﷺ) لە نێو گەلەکەیدا ـ پێش بونی بە پێغەمبەر ـ بەدەستپاکی و داوێنپاکی ناسرا بو، لە کاتێکدا دورگەی عەرەبی کەوتبونە نێو ئارەزوبازی و داوێنپیسییەوە!

هەرچی دەربارەی فرەژنی پێغەمبەرە(ﷺ)، ئەوا هۆکار و ژینگە و مەبەستی کۆمەڵایەتی و سیاسی و یاسایی خۆی هەن.

بەڵام بە هیچ جۆرێك بە مەبەستی ئارەزوبازی نەبوو، وەك هەندێ دوژمن و ڕق ئەستور وای دەبینن...

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو گومانە، توێژەری ئینگلیزی (لایتنەر) لە کتێبی (دین

الاسلام)دا ده‌ڵێت: ((کاتێك ته‌مه‌نی گه‌یشته بیست و پێنج ساڵ هاوسه‌رگیری له‌گه‌ڵ ئافره‌تێکی ته‌مه‌ن چل ساڵدا کرد، وه‌ك ئافره‌تێکی په‌نجا ساڵی له ئه‌وروپادا، ئه‌و ئافره‌ته‌ش یه‌که‌م که‌س بو، که باوه‌ڕی به په‌یامه‌که‌ی هێنا... بۆ ماوه‌ی بیست ساڵ خه‌دیجه‌ی له گه‌ڵدا مایه‌وه‌و تا مرد ژنی به‌سه‌ر نه‌هێنا، جا کاتێك ته‌مه‌نی گه‌یشته په‌نجاو پێنج ساڵ یه‌ك له‌دوای یه‌ك هاوسه‌ره‌کانی تری هێنا... به‌ڵام بابه‌تییانه و راستگۆیانه نییه، که شتێك بده‌ینه پاڵ که‌سێکی گه‌وره، که هه‌مو ژیانی به داوێن پاکی به‌ڕێکردووه، گومان له‌وه‌دا نییه، که هاوسه‌رگیری کردنی له‌و ته‌مه‌نه‌دا هۆکاری راسته‌قینه‌ی خۆی هه‌ن، جیاواز له‌و هۆکارانه‌ی نوسه‌رانی مه‌سیحی له‌و باره‌یه‌وه باسیان کردون)) ل۱۲-۱۳.

رۆژهه‌ڵاتناسی فه‌ره‌نسی ((کلود کاهن claude cahen)) له کتێبی ((مێژوی عه‌ره‌بی و گه‌لانی موسڵمان))دا ده‌ڵێت:((... له‌سه‌رمان پێویسته به چاوی گه‌وره‌یی و رێزه‌وه سه‌یری محمد بکه‌ین، به هۆی ئه‌و هه‌سته به‌رزه‌ی هه‌یبووه‌و، به‌هۆی ئه‌و توانایه‌ی به‌رانبه‌ر بڕینی کۆسپه مرۆییه‌کان و زاڵ بوون به‌سه‌ر نه‌هامه‌تییه تایبه‌تییه‌کانی خۆی هه‌یبووه... له‌وانه‌یه به‌دیدی سه‌رده‌میانه‌ی ئێمه هه‌ندێ لایه‌نی ژیانی هه‌ندێ دودڵیمان لا دروست بکات، زۆر قسه‌ی درۆینه‌و نابه‌جێ له‌سه‌ر ئاره‌زووه‌کانی پێغه‌مبه‌ر کراون و زۆر له‌سه‌ر نۆ هاوسه‌ره‌کانی دواون، ئه‌وانه‌ی دوای خه‌دیجه کردوینه‌ته هاوسه‌ری خۆی، به‌ڵام له راستیدا هه‌ر یه‌کێك له‌و پێوه‌ندییه خێزانییانه مه‌به‌ستی سیاسییان له پشته‌وه بون، و به‌مه‌به‌ستی به ده‌ستهێنانی پشت و په‌نای چه‌ند سه‌رۆك و سه‌رداریك ئه‌نجامدرابون، کلتوری عه‌ره‌بیش، ئه‌گه‌ر وه‌ك خۆی به‌کار بێت، مرۆڤ به‌و شێوه‌یه‌ی خوا دروستی کردووه په‌روه‌رده ده‌کات)) ۱/۱۸.

ژنه توێژه‌ری ئیتاڵی (لۆرا فیشیا فاگلێری) له کتێبی (دفاع عن الاسلام)دا ده‌ڵێت: (محمد، به درێژایی ته‌مه‌نی لاوی، که تێیدا غه‌ریزه‌ی جنسی له لوتکه‌دایه، سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌یش، که له کۆمه‌ڵگه‌یه‌کی وه‌کو کۆمه‌ڵگه‌ی عه‌ره‌بیشدا ده‌ژی .... که فره ژنی

تێیدا کلتور بوو تەلاقیش زۆر ئاسان بو" کەچی ئەو لە ئافرەتێك زیاتری نەهێنا، ئەویش (خەدیجە) بو، کە تەمەنی زۆر لە خۆی گەورەتر بو، بەلاٌم بە درێژایی بیست و پێنج ساڵ هاوسەری دڵسۆز و خۆشەویستی بو، هیچ ئافرەتی تریشی مارە نەکردن، تەنیا دوای مردنی خەدیجە نەبێت، تەنیا دوای ئەوەش نەبێت، کە تەمەنی گەیشتە پەنجا ساڵ)) لا ٩٩.

پاشان دەڵێت: (لە پێش هەر هاوسەرگیرییەکی هۆکارێکی کۆمەلاٌیەتی یان سیاسی هەبون، بەوەی، کە بەهۆی هاوسەرگیری کردنی لەگەڵ ئەو ئافرەتانەدا مەبەستی ئەوەبو کە ئافرەتە داوێن پاك و بەرێزەکان جیاکاتەوەو رێزیان بگرێت، یاخود بە مەبەستی بنیاتنانی چەند پێوەندییەك لەگەڵ چەند هۆزو عەشیرەتێك بۆ والاٌکردن و کردنەوەی رێگای نوێ بۆ بلاٌوبونەوەی ئیسلام..) لا ١٠٠.

پاشان دەپرسێت: (محمد هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتانێکدا کرد، کە نە کچ بون، نە گەنج بون، نە جوان بون، ئایا ئەوە ئارەزوبازییە؟!..

ئەو تەنیا لەسەر رێبازی پێغەمبەرانی پێش خۆی وەکو (موسا) و ئەوانەی دی رۆیشتووە ئەوانەی تا ئێستا هیچ کەس باسی چەند ژنییان ناکات، ئایا ئەوە لەبەر ئەوەیە، کە وەکو محمد لە ژیانیان ئاگادار نین، لە کاتێکدا هەمو شتێك دەربارەی ژیانی خێزانیی محمد دەزانین؟) لا ١٠٠.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ((تەورات)) چەند دەقێکی تێدا دەبینین، پێمان دەڵێن، کە کۆمەڵێك پێغەمبەری ئەهلی کیتاب چەند هاوسەرێکیان هەبووە، تەنانەت ژمارەی هاوسەرەکانی یەکێکیان گەیشتۆتە –هەزار– ئەوە بە پێی ئەو کتێبە پیرۆزەی باوەڕیان پێی هەیە، هەروەك دەشزانین هیچ کەسێك ئەوانەی باس نەکردووە، یاخود بە ئارەزوبازیان دابنێت، بەلاٌم ئەوە لەسەر پێغەمبەری ئێمە(ﷺ) بە زۆر هەژمار دەکەن، لە کاتێکدا لە نێو هەمو پێغەمبەران، تاکە پێغەمبەرە، کە خوای پەروەردگار

ژمارەی هاوسەرەکانی بۆ دیاری کرد بێت، فەرموویەتی: ﴿لَّا يَحِلُّ لَكَ ٱلنِّسَآءُ مِنۢ بَعۡدُ وَلَآ أَن تَبَدَّلَ بِهِنَّ مِنۡ أَزۡوَٰجٖ وَلَوۡ أَعۡجَبَكَ حُسۡنُهُنَّ إِلَّا مَا مَلَكَتۡ يَمِينُكَۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ رَّقِيبٗا﴾ الأحزاب: ٥٢. واتە: لەمڕۆ بەدواوەو پاش ئەمانەی باسمان کردن هیچ ژنێکی ترت بۆ حەڵاڵ نییە و بۆیشت نییە بیانگۆڕیت بە ژنی تر، واتە یەکێك یا زیاتریان تەڵاق بدەی و لەباتیی ئەو ژنی تر بهێنی هەر چەند جوانییشیانت زۆر بە دڵ بێ، مەگەر ئەو کەنیزەکانەی ببن بە موڵکی خۆت، خوا ئاگای لە هەموو شتێکەو هیچی لێ ون نابێ، کەواتە لەو سنوورە لامەدە کە ئەو بۆی دیاری کردووی.

لە کاتێکدا، کە لەلای پێغەمبەرانی دی بە رەهایی بووە، وەك لەو دەقانەی دواتردا دێینە سەریان.

* * *

هەندێ دەق، کە چەند ژنی پێغەمبەرانی ئەهلی کیتاب دەردەخەن.

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ قُلْ مَا كُنتُ بِدْعًا مِّنَ ٱلرُّسُلِ ﴾ الأحقاف: ٩. واتە: تۆ ئەی محمد، پێیان بڵێ: من شتێکی تازە بابەت نیم لەناو پێغەمبەراندا بۆ شتێکتان بانگ بکەم کە پێغەمبەرانی پێش خۆم خەڵکیان بۆ ئەو شتە بانگ نەکردبێ.

* * *

لە (سیفری تەکوین) بەم شێوەیە باسی یەعقوب پێغەمبەر (عليه السلام) هاتووە: (فقام یعقوب وحمل بنیه وزوجاته علی الجمال). واتە: (یەعقوب منداڵ و (هاوسەرەکانی سواری وشتر کردو...) سفر التكوین ٣١ : ١٧.

ئایا رۆژێ لە رۆژان بیستومانە کەسێك باسی هاوسەرەکانی یەعقوبی پێغەمبەر بکات، یان باسی پاڵنەرەکانی چەند ژنی ئەو بکات؟!.

هەروەها لە (سەمەوئەلی دووەم)، هاتووە، کە داوود(عليه السلام) چەند هاوسەرو کەنیزەکێکی هەبووەو چەند کچ و کوڕێکی زۆری لێ وەپاش کەوتون: (وبعد مجیئه- أي داود-من حبرون اتخذ له جواري وزوجات..وولد له بنون وبنات). واتە:(دوای هاتنی - واتە داوود(عليه السلام) -. لە حەبرونەوە، چەند کەنیزەك و هاوسەرێکی بۆ خۆی بڕیاردان.. و چەند کچ و کوڕێکی لێ بوون) سەمەوئەلی

دووەم ٥ : ١٣ .

سەرەڕای ئەوەش وەك ئەوەی ئەو كارە هەر ڕوی نەدابێت، نابینین هیچ كەس ئەو كارەی داوود (علیه السلام) بە نەشیاو بزانێت و هیچ كەس بە ئارەزوبازی تۆمەتباری نەكردووە!..

هەرچی لە (ملوكی دووەم)ە، هاتووە، كە ژمارەی هاوسەرانی سولەیمان (علیه السلام) بە پێی تەورات گەیشتۆتە هەزار هاوسەر : (ئەو ـ سولەیمان ـ حەوسەد ئافرەت و سێ سەد كەنیزەكی هەبون و دڵیان داگیر كرد بو) الملوك الأوّل ١١ : ٣ .

سەرەڕای ئەو هاوسەرە زۆرانەی سولەیمانی پێغەمبەر (علیه السلام) هەرگیز نەماندیوەو نایشیبینین، كە بگوترێت سولەیمان بە هۆی ئارەزوبازییەوە هاوسەرگیری لە گەڵیاندا كردووە (حاشا سولەیمانی پێغەمبەر (علیه السلام) ئارەزوباز بوبێ.

بەڵام كاتێك باسەكە لەسەر پێغەمبەری خوا ـ محمد ـ (ﷺ) بێت، ئەوا تانە و تەشەری زۆری لێدەدرێت و پەنجەی ڕق و تومەتباری بۆ درێژ دەكرێ.

ئەوەی باسمان كرد بە كورتی لەو چەند دێرەدا دەخەینە ڕو، جا با ئەو كەسەی ڕاستی و سەلامەتی هەردو دنیای دەوێ بە دڵ و عەقڵی دادگەرانە بڕیار بدات:

١- ئەو (ﷺ) بە هیچ جۆرێك بەو شێوەیە نەبووە وەك باسی دەكەن، بەڵكو ئەو قسانە درۆو دەلەسەن و بێ بنەمان، بەڵگەشمان بۆ قسەكانمان ئەو بەڵگانەن:

أ: لە تەمەنی لاویدا، لە مەككەدا بە پاكی و داوێنپاكی ناسرا بو، سەرەڕای ئەوەی هەمو هۆكارێكی ئارەزوبازی لەبەردەستدا بوو، بە ئاسانی دەیتوانی ئارەزوبازی بكات و بكەوێتە نێو خراپەكارییەوە.

ب: هاوسەرگیری لەگەڵ خەدیجەدا ـ ڕەزای خوای لەسەر بێت ـ كە تەمەنی زۆر لە خۆی زیاتر بو.

ج: تا خەدیجە لە ژیاندا مابو هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ ئافرەتێکی تردا نەکرد.

د: ئەو (ﷺ) دوای تەمەنی پەنجا ساڵی هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێکی دیدا کردووە، نابێ ئەو ئەرکە زۆرانەیش لەبیر کەین، کە لەو تەمەنەدا دەکەونە سەر مرۆڤ بەتایبەتی سەر ئەوی پێغەمبەر.

٢- ئەو (ﷺ) ژمارەی خێزانەکانی بۆ دیاریکرا بو، هەروەکو خوای پەروەردگار فەرمویەتی: ﴿لَّا يَحِلُّ لَكَ ٱلنِّسَآءُ مِنۢ بَعۡدُ وَلَآ أَن تَبَدَّلَ بِهِنَّ مِنۡ أَزۡوَٰجٖ وَلَوۡ أَعۡجَبَكَ حُسۡنُهُنَّ إِلَّا مَا مَلَكَتۡ يَمِينُكَۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ رَّقِيبٗا﴾ الأحزاب: ٥٢.

واتە: لەمڕۆ بەدواوەو پاش ئەمانەی باسمان کردن هیچ ژنێکی ترت بۆ حەڵاڵ نییە و بۆیشت نییە بیانگۆڕیت بە ژنی تر، واتە یەکێك یا زیاتریان تەڵاق بدەی و لەباتیی ئەو ژنی تر بهێنی هەر چەند جوانییشیانت زۆر بە دڵ بێ، مەگەر ئەو کەنیزەکانەی ببن بە موڵکی خۆت، خوا ئاگای لە هەموو شتێکەو هیچی لێ ون نابێ، کەواتە لەو سنوورە لامەدە کە ئەو بۆی دیاری کردووی.

لەکاتێکدا کە ژمارەی پێغەمبەرانی دی و شوێنکەوتووانیان، وەك لە تەوراتدا هاتووە دیاریکراو نەبووە.

٣- هۆکاری تەشریعی و کۆمەڵایەتی و سیاسی هۆکاری سەرەکی چەند ژنی پێغەمبەر (ﷺ) بون، بەڵام بۆ پێغەمبەرانی دی، کە چەند ژنێکیان هەبووە، هیچ کام لەو هۆکارانە بونیان نەبووە، هەروەکو - کتێبی پیرۆز - پێمان دەڵێت.

٤- ڕێبازی زانستییانە پێمان دەڵێت، کە باسی چەند ژنی پێغەمبەر (ﷺ) - لە ژینگەیەکدا. کە چەند ژنی تێدا کارێکی ئاسایی و بڵاوبووە - ناتوانرێ بە پێوەری سەردەمییانە بپێورێن، بەو پێوەرانەی لە ژینگەیەکی زۆر جیاواز لە ژینگەی ئەو (ﷺ) هاتونەتە کایەوە.

پێویسته ئاگاداری شتێکی تریش بین، ئەویش:

ئەگەر چەند ژنی پێغەمبەر(ﷺ) کارێکی نەشیاو و نەخوازراو بایەو، تەنیا ئارەزوبازان کردبێتیان، ئەوا بێباوەڕانی قورەیش یەکەم کەس دەبون، کە هێرشیان دەکرد سەرو تانەو تەشەریان لـە راستی پەیامەکەی دەدا، بۆچی نا، کە ئەوان هیچ رێگایەك نەمابو بۆ ئازاردانی و رێگری کردن لـە پەیامەکەی نەیگرنەبەر.

* * *

بەڵێ ... ئەو بەو شێوەیە بو...

أكـرِم بخلق نبي زانه خلقٌ   بالحسن مشتمل بالبشر متسم
كالزهر في ترف والبدر في شرف   والبحر في كرم والدهر في هِمَمِ

کە وەقتێ ئال و یارانی له خدمەتیا دەبن وەك ڕۆح(١)
حەیاتە نووری چاوە، ئونسی جانە، مەحزی ئیحسانە
لە ڕوخساری لەتیفی: گوڵ لە جەعدی عەنبەرینی دڵ
دەجۆشێت و دەبارێ، ئەو گوڵستان، ئەم دڵستانە(٢)

* * *

ئەو...

لەهەمو کەس .. ڕەوشت بەرزتر بو.

لە هەمو کەس .. شێوە جوانتر بو.

لە هەمو کەس .. لەگەڵ خەڵکدا ڕەفتار جوانتر بو.

لە هەمو کەس .. سەخی ترو نەرم و نیان ترو ئازاتر بو.

لە هەمو کەس .. زیاتر لە دنیا بێ باك ترو بۆ دوارۆژ بەکردار تر بو.

---

(١) لەبەر ئەوەی بە وەرگێڕانی هۆنراوە جوانی و ڕەوانی هۆنراوەکە نامێنێ، لە جیاتی وەرگێڕان لە دیوانی شاعیری بەناوبانگی کورد(مەحوی)چەند هۆنراوەیەکی جوانم لەجێ داناون. (وەرگێڕ).

(٢) دیوانی مەحوی، قەسیدەی بەحری نور. لا٤٧٣ .

لە گەڵ خەڵکدا بە بەزەیی بو، لە ئاراستەکردنیاندا کار بەجێ بو.

لە هەمو کەس بەڕەحم تر بو، لە هەمو کەس ڕاستگۆ تر بو، لە هەمو کەس خۆش مەجلیس تر بو.. دادگەر بو، تەنانەت لەسەر نزیکترین کەسیشیدا شەرعی خوای جێبەجێ دەکرد.

بە پیر ئەو کەسەوە دەچو، کە دەهاتە لای و تامەزرۆیانە گوێی بۆ دەگرت، تاوای هەست دەکرد، کە لە هەمو کەس خۆشتری دەوێ.

کاروباری خەڵکی ڕایی دەکرد و لای ئاسایی بو لەگەڵ بێوەژن و هەژارو نەدارو کۆیلەکاندا بڕوات و کارەکانیان جێبەجێ بکات.

بانگهێشتی ئازاد و کۆیلە و دەوڵەمەند و هەژاری ڕەت نەدەکردەوەو، سەردانی نەخۆشی دەکرد، ئەگەر لەو پەڕی شاریش بوایە پۆزشی کەسیشی ڕەت نەدەکردەوە.

لە هەمو کەس سوکتر نوێژی بۆ خەڵك دەکردو، لە هەمو کەسیش درێژتر بەتەنیا نوێژی دەکرد، تا ئەندازەیەك، کە پێکانی هەڵدەئاوسان.

لە نێو گەلەکەیدا بە ئەمین ناسرا بو، ئەمین لە: گوفتارو کردارو ڕەوشت و ئاکاردا، لەمەشیاندا دوژمن بەر لە دۆست ئەو شایەتییەیان بۆ داوە.

لە گەڵ هەژاراندا دادەنیشت.

هەر کەسێکی دیبا سڵاوی لێدەکرد.

لە کۆتایی مەجلیسدا دادەنیشت، نەك لەسەروی مەجلیس!

لە نەزانی دەبوری و لەسەر ئازارداندا ئارامگر بو.

حەزی نە دەکرد کەس لەبەری هەستێت، هەروەك چۆن نەیدەویست کەس زۆر ستایشی بکات.

ئەگەر منداڵەکەی گریابا، نوێژی کورت دەکردەوە نەوەك دایکی بەخەبەر بێنێت.

بیری هاوەڵانی دەکرد و پرسیاری دەربارە دەکردن و دڵی دەدانەوەو ئامۆژگاری

دەکردن.

لە ناخۆشی و ئازارو مەینەتدا هاوبەشی دەکردن هەروەك چۆن لە خۆشی و یاری و گاڵتەشدا بەشداری دەکردن، بەڵام ڕاستی نەبوایە نەیدەگوت.

زۆر خۆ بەکەمگر بو و لە هەمو کەس لە خۆبەلزانی دور تربو.

لەگەڵ خێزانەکانیدا گاڵتەی دەکرد و یاری و پێشبڕکێی لەگەڵدا دەکردن.

ئەگەر شتێکی لا نەخوازراو بوایە لە ڕوی پیرۆزی دیار دەبو.

بەناوی خوا قسەکانی دەستپێدەکرد و کۆتایی پێدەهێنا.

کاتێ دڵخۆش دەبو روی دەدرەوشایەوە و وەك مانگ بریسکەی دەدا.

لەسەر حەسیر پاڵدەکەوت و، بەکەم رازی دەبو.

هەر کاتێ هەواڵێکی خۆشی پێگەیشتبا سوژدەی شوکرانە بژێری بۆ پەروەردگار دەبرد.

هەر شتێك پێوەندی بەوەوە نەبوایە قسەی لەسەر نەدەکرد و تەنیا دەربارەی ئەو شتانە دەدوا، کە چاوەڕێی پاداشتیان لێدەکرا.

زۆر بەسۆز و بەزەیی بو، خراپەی بەخراپە وەڵام نەدەداوە، بەڵکو بەخشندەو لێبوردە بو.

خۆی جلەکانی خۆی دەدورییەوەو پێڵاوەکانی پینە دەکردو، ئاژەڵەکەی دەدۆشی و خزمەتی خۆی دەکرد.

هەردەم دنیای بەکەم سەیر دەکرد، لە کاتێکدا لەو پەڕی دورگەی عەرەبی تا شامی لەبەر دەستدا بو.

خێرا بو لە ڕۆیشتندا، ڕۆیشتنەکەیشی لە هەمو کەس جوانتر و ڕێکتربو و بە پێڵاو و پێخواسیش دەڕۆیشت.

زۆربەی پێکەنینەکەی خەندە بو، ئەو پەڕی پێکەنینەکەی ئەوە بو، کە ددانەکانی دەردەکەوتن.

لە کاتێکدا، کە پێشنوێژی بۆ خەڵکی دەکرد، کچی کچەکەی لە باوەش گرتبو، هەرکاتێ بەپێوە با هەڵی دەگرت و کاتێ دەچووە سوجدە دایدەنا.

چەندان شەو بە برسییەتی سەری دەنایەوە، خاو وخێزانی هیچیان دەستنەدەکەوت بیخۆن، زۆربەی کاتیش خواردنەکەیان نانی جۆ بو.

دەمێ لەسەر رایەخ دەخەوت، دەمێ لەسەر کەوڵ و هەندێ جار لەسەر حەسیر و هەندێ کاتیش لەسەر زەوی .

مافی خەڵکی پێش مافی خۆی دەخست، دەیبەخشی، کەچی مانگێك دو مانگ تێدەپەڕین هێشتا ئاگر لە ئاگردانەکەیاندا بۆ چێشت لێنان نەدەکرایەوە .

رەوانبێژترین بونەوەری خودا بوو، لە هەمویان قسە خۆشترو چالاکترو رەفتار جوانتر بو، بە ئەندازەیەك، کە قسەکانی دڵی مرۆڤیان داگیر دەکرد.

ئەگەر قسەیەکی لە کەسێك پێگەیشتبا و بەدڵی نەبا، نەیدەفەرمو: فلان کەس چییەتی، کە ئاواو ئاوا دەڵێت، بەڵکو دەیفەرمو: ئەوە هەندێ کەس چییانە، کە ئاواو ئاوا دەڵێن؟..

کاتێ دەدوا، بە رەوانی دەدوا، بە جۆرێك دەتوانرا وشەکانی بژمێردرێن، نە ئەوەندە خێرا کە لەبەرنەکرێن، نە بچڕ بچڕ، کە گوێگر تێیان نەگات، بەڵکو بە جوانترین شێوە دەدوا.

ئەگەر چوبایە ماڵێك ڕاستەوخۆ لەڕوی دەرگا ڕانەدەوەستا، بەڵکو لەلای چەپی، یان ڕاستی.

بە رۆژو با یان نا سیواکی دەکرد، یاخود کاتێ لەخەو هەڵدەستا، یان لە کاتی دەستنوێژو نوێژکردندا، تەنانەت لەکاتی چونەوە ماڵیشدا.

هەرکاتێ یەکێك لە هاوەڵانی بۆ کارێك رادەسپارد، پێی دەفەرمون: (بشّروا ولا تنفّروا، يسّروا ولا تعسّروا) رواه أبو داود وصححه الحاكم واتە: مژدەی خۆشی بدەن و خەڵك مەتۆقێنن، کارئاسانی بکەن و کارگرانی مەکەن.

کاتێ لە ناشتنی مردو تەواو دەبو، لەسەری ڕادەوەستاو، دەیفەرمو: (استغفروا لأخيكم، وسلوا له التثبيت، فإنّه الآن يسأل). رواه أبو داود وصححه الحاكم واتە: داوای لێخۆشبون بۆ براکەتان بکەن و داوای جێگیری بۆ بکەن، چونکە ئێستا لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت.

کاتێ لە لای کەسێك رۆژوی شکاند با، دەیفەرمو: (أفطر عندكم الصائمون، وأكل طعامكم الأبرار، وصلّت عليكم الملائكة) مسند أحمد. واتە: رۆژووانان لە لای ئێوە رۆژووەکەیان شکاند، مرۆڤی چاك و پاك خواردنەکەتانیان خوارد و فریشتەکانیش دوعاتان بۆ دەکەن.

ئەگەر شتێکی خۆشی دیبا دەیفەرمو: (الحمد لله الّذي بنعمته تتم الصالحات) واتە: سوپاس و ستایش بۆ ئەو خودایەی تەنیا بەهۆی ئەوە خۆشییەکان تەواو دەبن و جێبەجێ دەبن.

ئەگەر شتێکی ناخۆشیشی دیبا دەیفەرمو (الحمد لله على كلّ حال) سنن ابن ماجه. واتە: لە هەمو باردۆخێکدا هەر سوپاس و ستایشی پەروەردگار دەکەین.

کاتێ شەوان دەچووە سەر جێگای خەوتنی دەستی راستی دەخستە ژێر رومەتی و دەیفەرمو: (باسمك اللّهم أحيا وأموت). واتە: خودایا، بەناوی تۆ دەژیم و دەمرم.

کاتێك لە خەویش هەڵدەستا دەیفەرمو: (الحمد لله الّذي أحيانا بعدما أماتنا وإليه

النشور) صحيح البخاري. واتە: سوپاس و ستایش بۆ ئەو خودایەی دوای مردنمان زیندوی کردینەوە. کاتێ خواردنێکیان بۆ دێنا، دەیپرسی: دیارییە یان سەدەقە؟ گەربیانگوتایە: سەدەقە بە هاوەڵانی دەفەرمو بیخۆن و خۆی لێینە دەخوارد، گەر بشیانگوتایە: دیارییە، خۆی خواردنەکەی وەردەگرت و، قۆڵی لێهەڵدەماڵی و لەگەڵیان دەیخوارد (سەحیحی بوخاری).

دەیفەرمو: گوتنی: (سبحان الله، والحمدلله، ولا إله إلاّ الله، والله أكبر) لام لە هەموو شتێك خۆشەویسترە، کە خۆری بەسەردا هەڵاتبێ. (سەحیحی موسلیم).

ئومەتەکەی خۆشدەویست، بۆی دەپاڕایەوە: (اللهم من ولي من أمر أمّتي شيئاً فشقّ عليهم فاشقق عليه، ومن ولي من أمر أمّتي شيئاً فرفق بهم، فارفق به) صحيح مسلم. واتە: خودایا، هەر کەسێ کارێکی ئومەتی منی گرتە دەست و لەسەری قورس کردن و ستەمی لێکردن خودایا ئاستەنگ بخە بەردەم کارەکانی، وە هەر کەسێك کارێکی ئومەتی منی گرتە دەست و ڕەحمی پێکردن، خودایا تۆش ڕەحمی پێبکە.

لە هەمو خەڵك زیاتر دوعای دەکرد و زۆرترین دوعاشی ئەوە بو، کە دەیفەرمو: (اللهم ربّنا آتنا في الدنيا حسنة وفي الآخرة حسنة وقنا عذاب النّار) صحيح البخاري. واتە: خودایا، ئەی پەروەردگارمان لە دونیاو دوا ڕۆژدا چاکەمان بێنە ڕێ و لە سزای دۆزەخ بمانپارێزە.

(چۆن دەتوانم خۆشم نەوێت؟)

وفاتح فتح الله القلوب به   والأعين والآذان مِن صَمَم
لەبی رۆحی رەوان و، نێوچەوانی رۆژی لیٚ دەتکیٚ
زوبانی تا شەکەرڕێزە، دەهانی گەوهەر ئەفشانە[1]

* * *

چۆن دەتوانم خۆشم نەوێت، لەکاتێکدا ئامۆژگاری کردوم، بەوەی:

١– لە خوا بترسم ... (أوصكم بتقوى الله) سنن الترمذي. واتە: ئامۆژگاریتان دەکەم لە خوا بترسن.

٢– راستگۆ بم... (اصدقوا إذا حدّثتم) مسند أحمد. واتە: کە قسەتان کرد راستگۆ بن.

٣– پەیمان ببەمەسەر... (أوفوا إذا وعدتم) مسند أحمد. واتە: کە پەیمانێکتاندا بیبەنەسەر.

٤– ئەمانەت بپارێزم... (أدّوا إذا اؤتمنتم) مسند أحمد. واتە: ئەگەر ئەمانەتێکتان پێسپێررا بیپارێزن و بیگەیەنن.

---

(١) دیوانی مەحوی، قەسیدەی بەحری نوور لا ٤٧٤.

٥- ناپاکی نەکەم ... (كبرت خيانة أن تحدّث أخاك حديثاً هو لك مصدق وأنت به كاذب) سنن أبي داود. واتە: بەڕاستی خیانەتێکی گەورەیە، تۆ قسەیەك بۆ براکەت بکەی، ئەو باوەڕت پێبکات و خۆشت بزانی درۆیە!

٦- چاودێری هەتیوان بکەم ... (أنا وكافل اليتيم في الجنّة هكذا) وقال بإصبعه السبابة والوسطى) صحيح البخاري. واتە: من و بەخێوکەری هەتیو لە بەهەشتدا ئاواین.. ئاماژەی بۆ هەردو پەنجەی شایەتمان و ناوەڕاست کرد.

٧- لەگەڵ دراوسێ چاك بم... (أحسن جوار من جاورك تكن مسلماً) سنن ابن ماجه. واتە: لە گەڵ دراوسێت باشبی موسڵمانی.

٨- رق و کینەم بخۆمەوە .. (مامن جرعة أعظم أجراً عندالله من جرعة غيظ كظمها عبد ابتغاء وجه الله) سنن ابن ماجه. واتە: کپ کردنەوەو خواردنەوەی هیچ شتێك لای پەروەردگار لەو رق و کینەیە گەورەتر نییە، کە بەندە لە پێناو خوادا دەیخواتەوەو کپی دەکاتەوە.

٩- دوارۆژم خۆشبێ ... (أسعد الناس بشفاعتي يوم القيامة من قال لا إله إلاّ الله خالصاً من قلبه أو نفسه) صحيح البخاري. واتە: بەختەوەرترین کەس بە تکا و شەفاعەتی من لە قیامەتدا، ئەو کەسەیە، کە لە دڵییەوە یاخود لە دەرونییەوە بە دڵسۆزییەوە گوتبێتی (لا إله إلاّ الله).

١٠- سڵاو بکەم... (تقرأ السلام على من عرفت ومن لم تعرف) صحيح البخاري. واتە: سڵاو لەهەمو کەس بکە، بیناسی یا نەیناسی.

١١- قسەم نەرم بێت ... (.. فلين الكلام، وبذل الطعام، وسماحُ، وحسن

الخلق) مسند أحمد. واتە: .. قسە نەرمی و، خۆراك بەخشین و، بەخشندەیی و، ڕەوشت بەرزی)

١٢- کاری باش بکەم ... (کلّ عمل بن آدم یضاعف الحسنة عشر أمثالها ألى سبع مائة ضعف..) صحیح مسلم. واتە: (بەنی ئادەم هەر چاکەیەك بکات بە دە ئەوەندە تا حەوسەد ئەوەندە بۆی زیاد دەکرێت).

١٣- زۆر هیوا درێژ نەبم ... (هذا ابنو آدم، وهذا أجله، وذاك أمله ...) مسند أحمد. واتە: (ئەوە بەنی ئادەمە، ئەمەش ئەجەلەکەیەتی، ئەوەش هیواکەیەتی.

١٤- لە لێپرسینەوە بترسم ... (من نوقش الحساب عُذِّبَ) صحیح البخاري. واتە: هەر کەسێ لەسەر تاوانەکانی لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێ سزا دەدرێ.

چۆن دەتوانم خۆشم نەوێت لە کاتێکدا ئامۆژگاری کردوم بەوەی:

١٥- .. لە لای هەمو دارو بەردێ یادی خوا بکەم.

١٦- لەسەر هەمو تاوانێك تەوبە بکەم .

١٧- لە ڕواڵەت و پەنهانیدا دڵسۆز بم.

١٨- لە ڕەزامەندی و توڕەییدا دادگەر بم.

١٩- بەو کەسە ببەخشم، کە پێی نەبەخشیوم.

٢١- سەردانی ئەو کەسە بکەم، کە سەردانم ناکات.

٢٢- بێدەنگیم بیرکردنەوە بێ، قسە کردنم زیکرکردن بێت، ڕوانینیشم پەند وەرگرتن بێت.

٢٣- تەنانەت ئەگەر بکوژرێم یان بسوتێنرێم هاوەڵ بۆ خودا بڕیار نەدەم.

٢٤- چاوم لە ئاست ژنی بێگانەدا دانەوێنم.

٢٥- بێئەمری دایك و باوكم نەكەم.

٢٦- مەی نەخۆمەوە، چونكە سەری هەموو خراپەیەكە.

٢٧- بێئەمری خودا نەكەم.

چۆن دەتوانم خۆشم نەوێت، لە كاتێكدا ئامۆژگاری كردوم، كە پێنج شتان بەر لە پێنجان بپارێزم:

٢٨- گەنجی بەر لەپیری.

٢٩- لەش ساغی بەر لەنەخۆشی.

٣٠- دەوڵەمەندی بەر لە هەژاری.

٣١- دەست بەتاڵی بەر لەسەر قاڵی.

٣٢- ژیان بەر لەمردن.

* چۆن دەتوانم خۆشم نەوێت، لە كاتێكدا فەرمانی پێكردوم بە:

٣٣- خۆشەویستی هەژار و نەداران و نزیك بونەوە لێیان.

٣٤- لە كاروباری دنیاییدا سەیری لە خۆم نزمتر بكەم، نەوەك لەخۆم بەرزتر.

٣٥- بەهەر جۆرێك بێت صیلەی ڕەحم بە ئەنجام بگەیەنم.

٣٦- فەرمانی پێكردوم، كە داوای هیچ شتێك لە كەس نەكەم.

٣٧- فەرمانی پێكردوم، كە راستی بڵێم، هەر چەندە تاڵیش بێت.

٣٨- فەرمانی پێكردوم، كە لە پێناو خوادا لە قسەی هیچ كەس نەترسم.

٣٩- فەرمانی پێكردوم، كە زۆر بڵێم: لا حول ولا قوّة إلاّ بالله.

* چۆن دەتوانم خۆشم نەوێت، لە كاتێكدا فەرمانی پێكردوم خۆم بپارێزم لە:

٤٠- هاوەڵ دانان بۆ خودا.

٤١- جادوگەری.

٤٢- کوشتنی بە ناهەق.

٤٣- سو (ریبا) خواردن.

٤٤- خواردنی ماڵی هەتیوان بە ناهەق.

٤٥- پشتهەڵکردن لە خودا و باوەڕداران لە کاتی پێویستدا.

٤٦- بوختان کردن بە ئافرەتە باوەڕدارە داوێن پاکەکان.

* چۆن دەتوانم خۆشم نەوێت، لە کاتێکدا لێمی قەدەغەکردووە کە:

٤٧- جنێو بدەم.

٤٨- بە درۆزن باوەڕ بکەم.

٤٩- ڕاستگۆ بە درۆ بخەمەوە.

٥٠- بێئەمری پێشەوای دادگەر بکەم.

٥١- خراپەکاری لە زەویدا بکەم.

* چۆن دەتوانم خۆشم نەوێت، لە کاتێکدا، ئامۆژگاریمان دەکات بەوەی، کە دڵەکانمان پێکەوە پێوەند دەکات و دڵ و دەروونمان پاك دەکاتەوەو بەرزمان دەکاتەوە:

٥٢- حەسودی بە یەکتر مەبەن.

٥٣- فێڵ لە کڕین و فرۆشتنی بە (مەزاد) دا مەکەن.

٥٤- ڕق و کینەتان بەرانبەر یەکتر لە دڵدا نەبێت.

٥٥- پشت لە یەکتر مەکەن.

٥٦- کڕین و فرۆشتن بەسەر کڕین و فرۆشتنی یەکتر مەکەن.

٥٧- هەموتان بەندەی خوداو برای یەکتر بن.

٥٨- مسوڵمان برای مسوڵمانە، ستەمی لێنا کات، لەکاتی ستەمدا پشتی تێناکات و، خۆیشی بەسەریدا گەورەو زاڵ ناکات.

* چۆن دەتوانم خۆشم نەوێت، لە کاتێکدا، کە هەر ئەوە ڕێنمونیمان دەکات بۆ ئەوەی، کە بۆمان چاکە:

٥٩- هەرکەسێ بە ناوی خودا پشتی پێبەستێن پشتی بگرن.

٦٠- هەر کەسێ بە خودا - بەناوی خوا - داوای لێکردن پێی ببەخشن.

٦١- هەر کەسێ بانگهێشتی کردن - دەعوەتی کردن - بە پیریەوە بڕۆن.

٦٢- هەر کەسێ چاکەیەکی لەگەڵدا کردن پاداشتی بکەن.

٦٣- ئەگەر هیچتان شك نەبرد پاداشتی بکەن، ئەوا دوعای بۆ بکەن تا ئەوکاتەی وادەزانن، کە ئیتر پاداشتتان کردووە.

* چۆن خۆشم نەوێت، لە کاتێکدا، فێری کردوم چۆن دەبم بە: ملکەچترین بەندەو، دەوڵەمەندترین کەس و، باوەڕداروموسوڵمان:

٦٤- خۆت لە حەرامەکان بپارێزە دەبیتە ملکەچترین بەندە.

٦٥- بەوەی خودا بۆتی داناوە رازیبە، دەبیتە دەولەمەندترین کەس.

٦٦- لەگەڵ دراوسێت باشبە دەبیتە باوەڕدار.

٦٧- ئەوەی بۆ خۆت پێتخۆشە بۆ خەڵکیشت پێتخۆش بێت دەبیتە مسوڵمان.

چۆن خۆشم نەوێت لە کاتێکدا بەهۆی ئەوەوە بۆ ڕێگای راست ڕێنمونی کرام و شوێن پێی ئەو کەوتوم..

چۆن خۆشم نەوێت لە کاتێکدا، کە خۆشی ویستوم بێئەوەی بمبینێت یان بیبینم..

چۆن خۆشم نەوێت لە کاتێکدا، کە ئەو خۆشەویستی پەوەردگارە - جل جلاله -.

* * *

گومانی ئەوەی کتێبە ئاسمانییەکانی پێشو مژدەی هاتنی ئەویان(ﷺ) نەداوە..

گومان:

گومانەکە دەڵێت: پێغەمبەر محمد(ﷺ) لەلایەن خوداوە نەنێردراوە چونکە: کتێبە ئاسمانییەکانی پێشو-تەورات و ئینجیل-مژدەی هاتنی ئەویان نەداوە!

وەڵامدانەوەی گومانەکە:

مژدە بە دو شێوەیە:

١-مژدە لە تەوراتدا.

٢-مژدە لە ئینجیلدا.

یەکەم مژدەکانی تەورات دەربارەی هاتنی پێغەمبەرمان(ﷺ):

سەرەڕای دەستکاریکردن و گۆڕینی تەورات، کەچی هێشتا مژدەی هاتنی پێغەمبەرمانی (ﷺ) هەر تێداماوە، تەنانەت لەلای هەندێك توێژەر و شارەزا گەیشتوەتە پەنجا مژدە، بەڵام بە خستنەڕوی تەنیا دو دانەیان وازدەهێنین:

١-مژدەی یەکەم کە لە (السفر التثنية) دا هاتووە:

(وهذه هي البركة التي بارك بها موسى رجل الله بني اسرائيل قبل موته، فقال: جاء الربّ من سيناء وأسرق لهم من سعير، وتلألأ من جبل فاران)٣٣: ١-٣.

لەو دەقەی پێشودا ئاماژە بۆ سێ هەواڵ و مژدە کراوە:

یەکەمیان: هەواڵی یەکەم دەربارەی موسایە(عليه السلام) کە لە چیای (سینا) سروشی وەرگرتووە.

دووەمیان: هەواڵی دووەم دەربارەی عیسایە (عليه السلام)، وشەی (سعير) کە لە دەقەکەدا هاتووە گوندێکی نزیك بەیتولمەقدیسە کە عیسا(عليه السلام) پەیامەکەی لەوێدا وەرگرتووە.

سێیەمیان: هەواڵی محمد(صلى الله عليه وسلم)، چونکە چیای (فاران) کە لە دەقەکەدا هاتووە ئەو شوێنەیە کە یەکەم جار وەحی تێدا وەرگرتووە، (فاران) شاری مەککەی پیرۆزە، شوێنی لەدایکبون و گەورەبون و بون بەپێغەمبەری پێغەمبەرمانە(صلى الله عليه وسلم).

*بەڵگە لەسەرئەوەی کە (فاران) مەککەی پیرۆزە:

دانەرانی کتێبی (فەرهەنگی کتێبی پیرۆز) دەڵێن فاران (ئیلات)ە نەوەك مەککەی پیرۆز.

بەڵام ئەوە قسەیەکی بێبنەمایە، چونکە هیچ پێغەمبەرێك لە(ئیلات) نەنێردراوە!

فاران مەککەی پیرۆزە و چیای فاران چیای(نور)ە، کە ئەشکەوتی حیرائی لێیە و پێغەمبەرمان لەوێدا وەحی بۆ هاتووە.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر(کتێبی پیرۆز) دەبینین وشەی(فاران) لە جێگایەکی تریشدا هاتووە، لەباسی چیرۆکی ئیسماعیل و خاتو هاجەرەی دایکی، کاتێ ئیبراهیم(عليه السلام) دوای لەدایك بونی ئیسماعیل ئیسماعیل و دایکی ناردنە زەوی فاران(برية فاران)سفر التكوين: ٢١:٢١.

مەقامی ئیبڕاهیم(عليه السلام) لە مەککەی پیرۆزە، کە ئیبراهیم و ئیسماعیل ماوەیەك تێدا مانەوە و دیواری کەعبەیان بەرزکردەوە، خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿

وَإِذْ جَعَلْنَا ٱلْبَيْتَ مَثَابَةً لِّلنَّاسِ وَأَمْنًا وَٱتَّخِذُوا۟ مِن مَّقَامِ إِبْرَٰهِـۧمَ مُصَلًّى ۖ وَعَهِدْنَآ إِلَىٰٓ إِبْرَٰهِـۧمَ

وَإِسۡمَٰعِيلَ أَن طَهِّرَا بَيۡتِيَ لِلطَّآئِفِينَ وَٱلۡعَٰكِفِينَ وَٱلرُّكَّعِ ٱلسُّجُودِ﴾ البقرة: ١٢٥. واتە (یادی ئەوە بکەنەوە کە خانووی کەعبەی پیرۆزمان کردە مەڵبەندو جێ حەسانەوەی زیارەتکەران بۆ هەرکەس ڕووی تێ بکات، هەروەها کردمانە شوێنێکی پیرۆزی وەها کە زیارەتکردنی هۆی پاداشت بێ وکردمانە شوێنی ئەمن و ئاسایش و هەرکەسێ لەوێ بێ ئەمینە لەوەی دەستدرێژی بکرێتەسەرو، ئەوبەردەی شوێن پێی ئیبراهیمی لەسەرە یا ئەو شوێنەی کە بەردەکەی تێدایەو ئیبراهیم لەسەری ڕاوەستاوەو بانگی خەڵکی کردووە بۆحەج، یاهەموو حەرەم بکەنە شوێن نوێژی خۆتان و خودا پەرستی تێدابکەن .یادی ئەو وەختە بکەنەوە کە بەئیبراهیم وئیسماعیلمان وت: خانووی من کەعبەی پیرۆزە، پاکی بکەنەوە بۆ ئەوانەی بە دەوریدا ئەسوڕێنەوەو بۆئەوانەی لەوێ ئەمێنەوە بۆخودا پەرستی و بۆ ئەوانەی لە ڕکوع و سجوددان بۆخودا گەورە).

﴿وَإِذۡ يَرۡفَعُ إِبۡرَٰهِـۧمُ ٱلۡقَوَاعِدَ مِنَ ٱلۡبَيۡتِ وَإِسۡمَٰعِيلُ رَبَّنَا تَقَبَّلۡ مِنَّآۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ﴾ البقرة: ١٢٧.واتە(یادی ئەو کاتە بکەنەوە کە وەختی خۆی ئیبراهیم وئیسماعیل بناخەی کەعبەیان بەرز ئەکردەوە، ئیبراهیم بینای ئەکردو ئیسماعل بەردو شتومەکی ئەدایە دەست ولەگەڵ بەرزکردنەوەی بیناکەیدا لە خودا ئەپاڕانەوە ئەیانوت: خودایا بەنەوازشی خۆت ئەم کارەمان لێ قبوڵ بفەرموو .بێگومان هەر تەنها تۆی هەموو دەنگێ ئەبیستی و هەر تۆی بەهەموو شت ئەزانی).

٢-مژدەی دووەم: ئەویش لە (سفر التثنية)دایە:

(أُقِيمُ لَهُمْ نَبِيّاً مِنْ وَسَطِ إِخْوَتِهِمْ مِثْلكَ وَأَجْعَلُ كَلامِي فِي فَمِهِ فَيُكَلِّمُهُمْ بِكُلِّ مَا أُوصِيهِ بِهِ.١٩ وَيَكُونُ أَنَّ الإِنْسَانَ الذِي لا يَسْمَعُ لِكَلامِي الذِي يَتَكَلمُ بِهِ بِاسْمِي أَنَا أُطَالِبُهُ)١٨:١٨.

زانایانی مەسیحی دەڵێن مەبەست لەو مژدەیە عیسایە(عليه السلام)، بەڵام لەڕاستیدا ئەوەی باسکراوە بەهیچ جۆرێك لە جۆرەکان بەسەر پێغەمبەر محمد(ﷺ)دا نەبێت جێبەجێ نابێت، لەبەر چەند هۆیەك، لەوانە:

١-دەستەواژەی (أُقِيمُ لَهُمْ-أي: لبني إسرائيل- نَبِيّاً مِنْ وَسَطِ إِخْوَتِهِمْ) واتە:لەنێو براکانیاندا-نەوەکانی ئیسرائیل -یەعقوب- پێغەمبەرێکیان بۆ هەڵدەبژێرم.واتە لە وەچەکانی ئیسماعیل- عليه السلام-..ئەوەی لە (سفر التثنية)دا هاتووە ئەو قسەیە پشتڕاست دەکاتەوە، کە دەڵێت:١٠:٣٤ (ولم يقم بعدُ نبيٌّ في بني إسرائيل مثلُ موسى الذي عرفه الرب وجهاً لوجه).واتە: هێشتا پێغەمبەرێکی وەکو موسا لە نەوەکانی ئیسرائیل نەهاتووە کە خودا ڕوبەڕو قسەی لەگەڵدا کردبێت.

بەمەش بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەو پێغەمبەرەی باسکراوە لە نەوەی ئیسرائیل-یەعقوب-نییە بەڵکو لە نەوەکانی ئیسماعیلە، کە خۆی و دایکی لەزەوی عەرەبدا-مەککەی پیرۆز-نیشتەجێبو، ئەویش ئیسماعیلی باپیرەگەورەی -محمدە(ﷺ)، وەك زانراویشە عیسا پێغەمبەر لە نەوەکانی ئیسرائیل-یەعقوب-ە کەواتە مەبەست پێغەمبەر عیسا نییە.

٢-پێغەمبەرمان محمد(ﷺ)وەکو پێغەمبەر موسایە- عليه السلام-هەروەکو لە سیفری تەکویندا هاتووە (من وسط إخوتهم (مثلك)). واتە: لەبراکانیان (وەك تۆ)ئەی موسا.

لە چەند خاڵێکدا ئەوە دەخەینەڕو، کە پێغەمبەرمان و موسا لەیەکدەچن:

*هەردوکیان دایك و باوکیان هەبووە و هەردوکیشیان بە سروشتی لەدایك بوون، بە پێچەوانەی عیسا -عليه السلام- کە بە موعجیزە لە دایکێکی بێ باوك لەدایك بووە.

*هەردوکیان هاوسەرگیریان کردووە و منداڵیان هەبووە، هەرچی عیسایە-

عليه السلام- بەدرێژایی ژیانی سەڵت بو.

*هەردوکیان شەریعەت و ئەحکامی نوێیان هێناوە، هەرچی عیسایە- عليه السلام- شەریعەتێکی نوێی نەهێناوە، بەڵکو بۆ ئەوە هاتووە تا شەریعەتی موسا- عليه السلام- تەواوبکات، هەروەکو لە ئینجیلی مەتا هاتووە: (لا تظنوا أني جئت لأنقض الناموس أو الأنبياء..ما جئت لأنقض بل لأكمل)متى١٧ :٥.واتە: واگومان مەبەن کە من هاتوم سروش و پێغەمبەران ڕەتبکەمەوە..من بۆ ڕەتکردنەوە نەهاتوم، بەڵکو بۆ تەواوکردن هاتوم.

*هەردوکیان-محمد و موسا-دەسەڵاتی گەلەکەیان لەدەست دابو، بەڵام عیسا دەسەڵاتی گەلەکەی لەدەستدانەبو.

*هەردوکیان بەشێوەیەکی سروشتی وەفاتیان کردووە، بەپێچەوانەی عیسا کە بەپێی بیروباوەڕی مسوڵمانان خودا بوڵای خۆی بەرزی کردوتەوە، لەبیروباوەڕی مەسیحیشدا لەخاچ دراوە.

٣- (وَأَجْعَلُ كَلامِي فِي فَمِهِ فَيُكَلِّمُهُمْ بِكُلِّ مَا أُوصِيهِ بِهِ).واتە: فەرمودەکانی خۆمم دەخەمە دەمییەوە و هەرچی پێی ڕادەگەیەنم بەخەڵکی ڕادەگەیەنێت.

ئەمەش بەسەر قورئانی پیرۆزدا نەبێت جێبەجێنابێت، چونکە قورئان فەرمودەی خودایەو لەڕێی وەحییەوە جبریل خستوتیە دەمی موبارەکی پێغەمبەرەوە.

لە قورئانیشدا هاوشێوەی ئەوە هاتووە:

﴿ قُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَىٰٓ إِلَىَّ أَنَّمَآ إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ ۖ فَمَن كَانَ يَرْجُوا۟ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَٰلِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدًۢا ﴾ الكهف: ١١٠.واتە (تۆ ئەی پێغەمبەر بڵێ من تەنیا بنیادەمێکم وەك ئێوە و گەزافی ئەوە لێنادەم کە هەموو کەلیمەکانی خودا ئەزانم تەنیا بەوە لەئێوە جیائەبمەوە کە وەحیم بۆئەکرێ و ئەوترێ: کەبەڕاستی خودای ئێوە

خوداییکی تاق و ته‌نیاو بێ هاوبه‌شه، ده‌ی هه‌رکه‌س به‌هیوای ئه‌وه‌یه به‌سه‌ربه‌رزی و شادمانی بگاته حوزووری خودا، باکرده‌وه‌ی چاك وبه‌سوود بکات بۆخۆی وبۆخه‌ڵك و، هیچ یه‌کێ نه‌کاته هاوبه‌شی خودای خۆی).

خوای په‌روه‌ردگار فه‌رموده‌کانی خستوته ده‌می پێغه‌مبه‌ره‌وه تا به خه‌ڵکی ڕابگه‌یه‌نێت، له‌وباره‌یه‌شه‌وه ئاماژه‌یه‌کی ڕون و ئاشکرا له قورئانی پیرۆزدا هاتووه: ﴿ وَمَا يَنطِقُ عَنِ ٱلْهَوَىٰٓ ۞ إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْىٌ يُوحَىٰ ۞ عَلَّمَهُۥ شَدِيدُ ٱلْقُوَىٰ ﴾ النجم: ٣ – ٥. واته (٣)له ئاره‌زوی نه‌فسی خۆیشیه‌وه قسه‌ناکات. (٤)ئه‌وه‌ی که ئه‌و ئه‌یخوێنێته‌وه به‌سه‌رتاندا له وه‌حی به‌ولاوه نییه که‌له خواوه وه‌حی بۆئه‌کرێ. (٥)فریشته‌یه‌کی فره به‌هێز که جیبره‌ئیلی فریشته‌ی وه‌حیه ئه‌م وه‌حیه‌ی فێرکردوه که له‌خواوه بۆی ئه‌هێنێ

.

که‌واته پێغه‌به‌ری خوا له خۆڕا قسه‌ی نه‌کردووه، به‌ڵکو فه‌رموده‌کانی په‌روه‌ردگاری ڕاگه‌یاندووه، که خستویه‌تیه ده‌می موباره‌یه‌کییه‌وه.

دووه‌م: مژده له ئینجیلدا:

له ئینجیلی یوحه‌ننادا هاتووه: مه‌سیح به قوتابییه‌کانی فه‌رمو:

(لكني أقول لكم الحق إنه خيرٌ لكم أن انطلق، لأنه إن انطلق لا يأتيكم المعزيّ، ولكن إن ذهبت أرسله لكم، ومتى جاء ذاك يبكّت العالم على خطية وعلى برٍ وعلى دينونة) ٧:١٦–٨.

واته: به‌ڵام باپێتان بڵێم: (واباشتره من به‌ڕێبکه‌وم. چونکه ئه‌گه‌ر من نه‌ڕۆم(موعه‌ززی) تان بۆ نایه‌ت، به‌ڵام ئه‌گه‌ر من بڕۆم بۆتانی ده‌نێرم، جا که هات هه‌مو جیهان به‌گوێڕایه‌ڵی و ملکه‌چییه‌وه شوێنی ده‌که‌ون.

هەروەها هاتووە: (وأما متى جاء ذاك: روح الحق، فهو يرشدكم إلى جميع الحق لأنه لا يتكلم من نفسه بل كل ما يسمع يتكلم به، ويخبركم بأمور آتية)١٣:١٦.

واتە: كاتێك ئەو ڕۆحە هات، بەرەو حەق ڕێنمونیتان دەكات، چونكە ئەو لەخۆیەوە قسە ناكات، بەڵكو هەرچی دەبیستێت هەرئەوە دەڵێتەو و دەربارەی ڕوداوەكانی ئاینده هەواڵتان دەداتێ.

پاشان دەبینین مەسیح ئەو (المعزى)یە یان ئەو (روح الحق)ە بەچەند سیفەتێك وەسف دەكات:

*سیفەتی ئەوەی كە هەموشتێك فێری خەڵك دەكات، ئەمەش گشتگیری پەیامەكەی دەگەیەنێت، كە بۆ چاكسازی دین و دنیا هاتووە و ئەمەش لە ئیسلامدا نەبێت بەدی ناكرێت.

*هەمو جیهان گوێڕایەڵی دەبن و شوێنی دەكەون، لێرەدا وشەی (العالَم) جێگای سەرنجدانە، كە گشتگیری ئیسلام دەگەیەنێت، بەوەی كە بۆ هەمو گەل و هۆزەكانە بە عەرەب و عەجەمەوەو بۆ هەمو كاتێكیشە، هیچ ئایینێكیش جگە لە ئیسلام بەو دو خەسڵەتە وەسف نەكراوە.

*هەواڵی ڕوداوەكانی ئاینده دەدات و باسی ڕابوردو دەكات، ئەوانەش لە پەیامەكەی محمددا (ﷺ) هاتونەتەدی، هەواڵی ئاییندەی پێداوین كە لەپێش ئەو هیچ كەس باسیان نەكردووە، یاخود دەكرێ باسیش كرابن، بەڵام بەو وردی و ڕێكوپێكی و دڵنیاییە نەبووە، كە پێغەمبەر (ﷺ) باسی كردووە، ئەگەر سەرنجی قورئانی پیرۆز بدەین دەبینین باسی هەندێ شتی كردووە بەرلەوەی ڕوبدەن، كەچی بەو شێوەی باسی كردون هاتونەتەدی، وەك باسكردنی نیشانەكانی قیامەت و ئەوەی لە دوارۆژدا

ڕودەدات وەكو زیندوبونەوە و حەشر و حیساب و باسی بەهەشت و دۆزەخ و...تاد.

هەروەك چۆن باسی ڕوداوەكانی ڕابوردو و باس و خواسی گەلانی پێشوی كردووە، هەروەها باسی ژیار و شارستانییەتەكانی كۆن و لەناوچونیان و بارودۆخ و هەواڵی پێغەمبەران و ئەوەی بە گەلەكانیان ڕاگەیاندووە، هەروەها شایەتی ڕاستگۆیی و دەستپاكی و دڵسۆزی و وەفایان بۆ دەكات و باسی ئەو ململانێیەشمان بۆ دەكات كە لەنێوان حەق خوازان و نەیارانی ڕویداوە و سەرەنجامی درۆزنان و نەیارانی ڕاستیشمان بۆ دەخاتەڕو و...تاد.

پاشان پەیامەكەی هەمو ژیانی گرتەخۆ و كۆڵەگەكانی بیروباوەڕی ڕاست و دروستی چەسپاندن و ڕێگاكانی پەرستشی پڕ سود و پاداشتی دانان و بنچینەكانی یاسادانان و تەشریعی بۆ ئەو پرسانە دانان، كە دور و نزیك پێوەندییان بە ژیانەوە هەیە، هەروەها ڕێگای دروستی پێوەندی نێوان وەدیهێنراو(مرۆڤ) و وەدیهێنەرەكەی(خودا) و نێوان مرۆڤەكان خۆیان بەتێروتەسەلی ڕونكردونەتەوە، هەروەها ئەقڵ و دیدی مرۆڤی ئازادكرد و دڵەكانی پاك كردنەوەو ڕێگای ڕاستی بەهەمو كەسێك و دەستەیەك و هەمو گەلێك نیشاندا، بەڕاستی پەیامێكە كە دەربارەی هەموشتێك ڕێنمونی داوە و هەمو شتێكی فێری مرۆڤ كردووە.

كەواتە ئەو (المعزى)یە یاخود(روح الحق)ەی مەسیح -عليه السلام- مژدەی هاتنی داوە كێیە؟

بەڵێ بەبێ هیچ گومان و دودڵییەك پێغەمبەری خوا محمدە(ﷺ).

پاشان یوحەننا لەسەر زاری مەسیح -عليه السلام- مژدەكەمان بۆتەواودەكات و دەڵێت:

(ومتى جاء المعزَّى الذي سأرسله " أنا " إليكم من الأب روح الحق من عند الأب

ینبثق فهو یشهد لي.. وتشهدون أنتم أیضاً لأنکم معي من الابتداء)٢٦:١٥-٢٧.

واتە: جا کاتێك موعەززی هات کە من لەلای باوکەوە بۆتانی دەنێرم، ئەو گیانە پاکەی لەلای باوکەوە دێت، ئەو شایەتی بۆ من دەدات، ئێوەش شایەتیم بۆ دەدەن، چونکە ئێوە هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ مندا بون.

هەروەك ئاشکرایە قورئانی پیرۆز لە سەر زمانی محمد (ﷺ) شایەتی بۆ مەسیح -عليه السلام-داوە، کە پێغەمبەرێکی بەڕێزی خودایە و پەیامەکەی گەیاندووە و نەوەکانی ئیسرائیلی ئاگادارکردوتەوەو پێی ڕاگەیاندون، کە ئەو بەندەو پێغەمبەری خودایە.. خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ قَالَ إِنِّي عَبْدُ ٱللَّهِ ءَاتَىٰنِيَ ٱلْكِتَٰبَ وَجَعَلَنِي نَبِيًّا ۞ وَجَعَلَنِي مُبَارَكًا أَيْنَ مَا كُنتُ وَأَوْصَٰنِي بِٱلصَّلَوٰةِ وَٱلزَّكَوٰةِ مَا دُمْتُ حَيًّا ۞ وَبَرًّۢا بِوَٰلِدَتِي وَلَمْ يَجْعَلْنِي جَبَّارًا شَقِيًّا ۞ وَٱلسَّلَٰمُ عَلَيَّ يَوْمَ وُلِدتُّ وَيَوْمَ أَمُوتُ وَيَوْمَ أُبْعَثُ حَيًّا ۞ ذَٰلِكَ عِيسَى ٱبْنُ مَرْيَمَ قَوْلَ ٱلْحَقِّ ٱلَّذِي فِيهِ يَمْتَرُونَ ﴾ مریم: ٣٠ - ٣٤. واتە : منداڵەکە هاتە جواب، فەرموی :من بەندەی خودام، خودا کتێبی داومێ و کردومی بە پێغەمبەر . پیرۆزیشی کردوم لە هەر کوێیەك بم و، ئامۆژگاریی کردوم تا بەسەر زیندوبم و لەدنیادا بژیم نوێژبکەم و زەکاتی ماڵ دەرکەم . کردوشمی بەئینسانێکی چاکەکار لەگەڵ دایکم ونەی کردوم بەستەمکارێکی خراپەکەر . سەلامی خوایشم لێبێ لەو ڕۆژەدا لە دایك بوم، لەو ڕۆژەیشدا کە زیندو ئەکرێمەوە . ئەو منداڵەی بەو جۆرە لە مەریەمی عەزرا لەدایك بو، ئەوە عیسای کوڕی مەریەم بو .قسەی ڕاست وەربگرە، ئەوقسەیەی ئەوان، واتە کافرەکان، گومانیان خراپە تێیدا و هەر لایێ بەجۆرێ قسەی لێ ئەکەن).

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەو(موعەززی)یان(روح الحق)ەی لە ئینجیلدا باسکراوە مژدەی هاتنی(محمد)ە چونکە ئەو هەمو خەسڵەتەکانی تێداهەن، کە باسمان کردن.

هەرچی مژدەیە بەناوی (فارقلیت) ئەوا لە نوسخە عەرەبییە نوێیەکانی کتێبی پیرۆز-جگە لە هەندێ نوسخە کۆنەکان کە لە سالّانی ١٨٢١-١٨٣١-١٨٤٤ چاپکراون وشەکە گۆڕاوە بۆ (موعەززی).

فارقلیت: وشەیەکی یۆنانییە بە یەکێك لەو واتایانەدێت: حامد-محمود، احمد، کە هەمویان داتاشراوی چاوگی سوپاسگوزارین.

هەریەکێك لەو واتایانەش دەکرێ بۆ پێغەمبەری ئیسلام بگەڕێتەوە، چونکە ئەو (حامد و محمود و أحمد و محمد) ە.

* * *

گومانی ئەوەی، کە پێغەمبەر (ﷺ) بە زمانی عەرەبی قسەی کردووە، ئەدی چۆن پەیامەکەی جیهانییە؟!

ـ گومان:

دەڵێن ئەگەر محمد(ﷺ) رەچەڵەك و زمانی عەرەبی بێت، چۆن دەکرێ خودا بۆ گەلانێك بینێرێت، کە عەرەب نین و بە عەرەبی قسان ناکەن؟! یاخود چۆن خودا ئەرکی وەرگرتن و جێبەجێکردنی پەیامێك دەخاتە ئەستۆی خەڵکانێك، کە نە زمانی پەیامەکە دەزانن، نە دەشتوانن قسەی پێبکەن؟! ئەگەر واشبێت، ئەدی چۆن دەتوانن لە قورئان تێبگەن، چۆن دەتوانن درك بە ئاراستەکردنەکانی پێغەمبەری ئیسلام بکەن، لە کاتێکدا، کە قورئان بە عەرەبییە و پێغەمبەریش بە عەرەبی دەدوێ؟!

* وەڵامدانەوەی گومانەکە:

یەکەمیان: پێغەمبەری خوا (ﷺ)، پەیامێکی بۆ سەرۆك و پاشاکانی هەمو گەل و هۆزەکان نارد داوای مسوڵمان بونی لێکردن، ئەو رێگایەش دوای پەیماننامەی (حودەیبییە) هاتە کایەوە، هەروەها هەمو ئەوانەی وەك نامەبەر بۆ ئەو سەرۆك و پاشایانە نێردرا بون زمانی ئەو گەلانەیان دەزانی، کە نامەیان بۆ بردبون.

هەروەها ئەو(ﷺ) دوو وەرگێڕی هەبوون، کە هەر پەیامێکی لە زمانێکی ترەوە بۆ هاتبا بۆیان وەردەگێڕا بۆ سەر زمانی عەرەبی.

دووەم: پاشا و سەرکردەی گەلەکانی تریش وەرگێڕیان هەبون، کە هەرچی لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) بۆیان هاتبا بۆیان وەردەگێڕان.

سێیەم: زۆربەی جولەکە و گاورانیش زمانی عەرەبییان دەزانی، هەروەك چۆن هەندێ لە گاورەکان عەرەب بون، وەکو (مەسیحییەکانی نەجران)، گەلانی تری غەیرە عەرەبیش وەکو فارس و گەلانی دی بە هەمان شێوە.

چوارەم: سەردەمی ئازادکردنی وڵاتان، کاتێك سەربازە مسوڵمانەکان دەچونە هەر وڵاتێك وەك چۆن ئایینی ئیسلامیان بڵاودەکردەوە ئاواش زمانی عەرەبییان فێری خەڵکی ئەو وڵاتە دەکرد، هیچ وڵاتێکیش نییە ئیسلامی تێدا بڵاوبو بێتەوە زمانی عەرەبیشی تێدا بڵاو نەبوبێتەوە، تەنانەت لە زۆر شوێن جێگای زمانی فەرمی زۆر لە گەلانی ئەو وڵاتەشی گرتۆتەوە، بۆ نمونە: زمانی قیبتی لە میسر، و زمانی فارسی لە عێراق و، ئەوپەڕی باکوری ڕۆژئاوای ئەفریقیا (زمانی سریانی و چەندین زمانی تر).

پێنجەم: مسوڵمانە عەرەبەکان هەستان بە وەرگێڕانی ئەو بابەتانەی پێویستیان پێیان هەبو لە کلتوری گەلانی دی، بەمەش دەروازەی هزری و ڕۆشنبیری و زانیارییان بەڕوی ئەو مسوڵمانانەدا واڵا کرد، کە تەنیا زمانی عەرەبییان دەزانی، هەروەك چۆن هەستان بە وەرگێڕانی هەر بەشێك لە کلتوری عەرەبی ئیسلامی، کە بە پێویستیان دەزانی، بەمەش وەك وەفایەك و مافێکی بانگەواز و ڕاگەیاندن ئەو باسانەیان لە عەرەبییەوە وەرگێڕایە سەر زمانی گەلانی تر.

شەشەم: گەلانی غەیرە عەرەبی، کە بونە مسوڵمان بەدەم زمانی عەرەبییەوە هاتن و وازیان لە زمانی خۆیان هێنا و لەڕوی زمانەوە بونە عەرەبی، لەوانەش زانای پایەبەرز هەڵکەوتن، کە کاریگەری زۆریان لەسەر گەشەسەندنی هزری ئیسلامی هەبو، لەوانە زانایانی زمان و زانایانی ڕێزمان و ڕەوانبێژی و شەرعزان و بنچینە ناسان و زانایانی تەفسیر و فەرمودە و زنایانی فەلسەفە و مەنتیق و بیرکاری و پزیشکی و گەردوناسی و شاعیر و ئەدیب و زانای گەڕۆك و جوگرافیا و، چەندانی دی...

گومانی هاوسەرگیری کردنی (ﷺ) لە گەڵ هاوسەری کوڕی بەکوڕکراوی زەیدی کوڕی حاریثە (خوا لێی ڕازی بێت)

گومان:

دەڵێن محمد (ﷺ) هاوسەرگیری لەگەڵ هاوسەری کوڕە لەخۆگیراوەکەی (زەیدی کوڕی حاریثە (خوا لێی ڕازی بێت)دا کردووە، دوای ئەوەی پێی تەڵاقداوە چونکە حەزی لێی بووە و بە دڵی بووە.

وەڵامدانەوەی گومانەکە:

هاوسەرگیری کردنی محمد (ﷺ) لەگەڵ هاوسەری کوڕە لەخۆگیراوەکەی خۆی، بە پێی حیکمەتێکی تەشریعییەوە بو، کە ئیسلام داوای دەکرد، بۆ ئەوەی ئەو عادەتە باوە ـ عادەتی لەخۆگرتن ـ کە لە کۆمەڵگەی نەفامیدا رەگی داکوتا بو نەمێنێت و پوچەڵ بکرێتەوە، خوای پەروەردگار (جلّ جلاله) پێغەمبەری دواپەیامی ئاسمانی هەڵبژارد تا لەسەر دەستی ئەو و لەماڵی ئەودا بە کردار ئەو کلتورە بگۆڕێت و نەمێنێت..

خوای پەروەردگار دەفەرموێت : ﴿ مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَآ أَحَدٍ مِّن رِّجَالِكُمْ وَلَٰكِن رَّسُولَ ٱللَّهِ وَخَاتَمَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمًا ﴾ الأحزاب: ٤٠. واتە: موحەممەد باوکی هیچ یەکێ لە پیاوانی ئێوە نەبووە نە زەیدو نە غەیری زەید، بەڵام پێغەمبەری خواو دوا پێغەمبەری خوایە و خوا بە هەموو شتێکی زانیوەو ئەزانێ.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿ ٱدْعُوهُمْ لِءَابَآئِهِمْ هُوَ أَقْسَطُ عِندَ ٱللَّهِ ۚ فَإِن لَّمْ تَعْلَمُوٓا۟

ءَابَآءَهُمۡ فَإِخۡوَٰنُكُمۡ فِي ٱلدِّينِ وَمَوَٰلِيكُمۡۚ ﴾ الأحزاب: ٥. واتە: ئەو کوڕانە بە ناوی باوکی خۆیانەوە بانگ بکەن، ئەوە ڕاستترو عەدالەتترە لای خوا. خۆ ئەگەر نازانن کوڕی کێن و باوکیان کێیە، ئەوا برای دینیتانن و دۆست و برادەرتانن.

هەرچی ئەو ئایەتەیە، کە باسی ئەو بڕیارە خودابیە دەکات، کە بریتییە لە هاوسەرگیری پێغەمبەر (ﷺ) لە گەڵ هاوسەری کوڕی لەخۆگرتوی (زەید)، کە ناوی (زەینەب) بو (خوا لێی ڕازی بێت)، ئەم ئایەتەیە: ﴿ وَإِذۡ تَقُولُ لِلَّذِيٓ أَنۡعَمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَأَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِ أَمۡسِكۡ عَلَيۡكَ زَوۡجَكَ وَٱتَّقِ ٱللَّهَ وَتُخۡفِي فِي نَفۡسِكَ مَا ٱللَّهُ مُبۡدِيهِ وَتَخۡشَى ٱلنَّاسَ وَٱللَّهُ أَحَقُّ أَن تَخۡشَىٰهُۖ فَلَمَّا قَضَىٰ زَيۡدٞ مِّنۡهَا وَطَرٗا زَوَّجۡنَٰكَهَا لِكَيۡ لَا يَكُونَ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ حَرَجٞ فِيٓ أَزۡوَٰجِ أَدۡعِيَآئِهِمۡ إِذَا قَضَوۡاْ مِنۡهُنَّ وَطَرٗاۚ وَكَانَ أَمۡرُ ٱللَّهِ مَفۡعُولٗا ﴾ الأحزاب: ٣٧. واتە: یادی ئەوە بکەرەوە، کە ئەتوت بەو کەسەی خوا نیعمەتی ئیسلامەتیی پێ بەخشیبوو و تۆیش نیعمەتی ئازادیت دابوویەو لە بەندەییت ئازاد کرد بوو و، پێش سەردەمی ئیسلامەتی کردبووت بە کوڕی خۆت، پێت ئەوت: ژنەکەت بهێڵەوە بۆ خۆت و تەڵاقی مەدەو لە خوا بترسەو خەیاڵێکیشت لە دڵی خۆتا ئەشاردەوە کە خوا دەریخست و، لە خەڵك ئەترسای و شەرمت ئەکرد خەیاڵەکەی دڵت دەرخەی، کە ئەوە بوو ئەگەر ئەو پیاوە ژنەکەی تەڵاق دا تۆ مارەی ئەکەیت بۆ خۆت و، خوا لە هەرکەس شایانترە بەوە کە لێی بترسی. جا کاتێ کە ئەو کەسە، کە زەیدی کوڕی حاریثە بوو، پێویستیی خۆی لە ژنەکەی بەجێهێناو لێی بێزار بوو و کاری پێ نەماو تەڵاقی داو عیددەی بەسەر چوو، ئێمە مارەمان بڕی لێت بۆ ئەوەی هیچ تاوانێ روو نەکاتە مسوڵمانان لە مارەکردنی ژنی کوڕی بەخۆیە کوڕ کردوویاندا بۆ خۆیان پاش ئەوەی مێردەکانیان کاریان پێیان نەماو تەڵاقیان دان، کەواتە لە ڕاستیدا کوڕیان نین و هەر بەدەم کردوویانن بە کوڕی خۆیان. فەرمانی خوا هەر چۆنێ بوو

بی و هەر چۆن بێ، بێگومان جێبەجێ کراوو هاتوتەدی و کەس ناتوانێ بەری لێ بگرێ.

ڕونکردنەوە:

زەیدی کوڕی حاریثە (خوا لێی ڕازی بێت) دەهاتە لای پێغەمبەر (ﷺ) لە ئاکاری وا دەردەکەوت و قسەکانی ئەوەیان لێدەفامرایەوە، کە دەیەویست زەینەب تەڵاق بدات» چونکە لەگەڵیدا بەختەوەر نەبو و ژیانی بە گوێرەی پێویست خۆشەویستی تێدا نەبو، نەك لەبەر ئەوە تەڵاقی دابێت - وەك ناحەزان دەڵێن - کە پێغەمبەر (ﷺ) حەزی لێیبو بێت و زەیدیش لەبەر ئەو تەڵاقی دابێت.

پاشان، زەینەب دەیزانی، کە سەرەڕای پێگەی بەرزی خانەوادەیی خۆی، بووەتە خێزانی کەسێك کە کۆیلەی هۆزەکەیانە، هەروەها کاتێك شوی بە زەید کرد ئەو کوڕی خوازراوی پێغەمبەر (ﷺ) بو، دوای ئەوەی لە کۆیلایەتی ئازادی کرد بو، کەواتە ئەو - ئەگەر چی کوڕی خوازراوی محمد (ﷺ) - بو لە کلتوری کۆمەڵگای مەککی پێیان دەگوت - زەیدی کوڕی محمد - بەڵام هاوسەرگیری کردنی لەگەڵ کچێکی خانەداندا - هەروەك دوێنێ - زەید هەر هەمان کەسە، کە لە کۆت و بەندداپە و لە ئاست پێگە و جوانی و خەونەکانی ئەودا نەبو، ئەمەش سەیر نییە، بەڵکو ئەمە سروشتی مرۆڤەکانە.

پاشان، هەرگیز زەینەب بەو هاوسەرگیرییە دڵخۆش نەبو، تەنانەت کاریگەری لەسەر زەیدیش دانابو و ئەویش خۆشبەخت نەبوو ئامادە بو لێی جیا ببێتەوە، تەنانەت زەید چووە لای پێغەمبەر (ﷺ) و سکاڵای زەینەبی لەلا دەکرد، هەروەك لە سەحیحی بوخاریدا لە - کتاب التوحید - لە فەرمودەی ئەنەسی کوڕی مالیکەوە (خوا لێی ڕازی بێت) هاتووە: زەید هاتە لای پێغەمبەر (ﷺ) و سکاڵای زەینەبی

لەلا دەکرد، ئەویش (ﷺ) پێی دەفەرمو: دەست بە هاوسەرەکەتەوە بگرە و لەخودا بترسە (أمسك عليك زوجك واتّقِ الله).

ئەنەس (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێت، ئەگەر پێغەمبەر (ﷺ) هیچ شتێکی شاردبایەوە، ئەو فەرمودەیەی دەشاردەوە.

پاشان، زەینەبی کچی جەحش (خوا لێی ڕازی بێت) کچی مامی پێغەمبەر (ﷺ) بو و ئەو خۆی لە زەیدی مارەکرد بو، ئەگەر پێغەمبەر ئەوی ویستبا ئەوا هەر لەسەرەتاوە لەخۆی مارە دەکرد، دواتر ئەو (ﷺ) بەر لەوەی حیجاب فەرز بکرێت زۆر زەینەبی بینیبو، لەسەردەمی نەفامیدا ژنان سەرپۆشیان لەسەر نە دەکرد، ئیتر چ شتێك ڕێگری ئەوە بو، کە بیخوازێت ؟! بەڵام ئەو ئەمەی نەکرد.

کەواتە کارەکە لە دەستی هیچ کامیاندا نەبو، نە لەدەستی زەینەب، نە لەدەستی زەید، نە لەدەستی ئەو (ﷺ)، بەڵکو فەرمانێك بو، کە ویستی خودا ویستبوی و، مەبەستی سەرەکی ڕاگەیاندنی حوکم و دەستورێکی نوێ بو لەسەر نەهێشتنی کلتوری بەکوڕکردن، کە لە کۆمەڵگەی ئەوسا باو بو، کۆمەڵە ئایەتی سوڕەتی (الأحزاب) ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن و بە تێرو تەسەلی ئەو کلتورەیان خستۆتەڕو .

هەرچی ئەو بەشەی ئایەتەکەی سورەتی (الأحزاب)ە، کە دەفەرموێت: ﴿وَتُخْفِي فِي نَفْسِكَ مَا ٱللَّهُ مُبْدِيهِ وَتَخْشَى ٱلنَّاسَ وَٱللَّهُ أَحَقُّ أَن تَخْشَىٰهُ﴾ . ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) شاردبویەوە، ئەوە بو، کە خوای پەروەردگار پێی ڕاگەیاندبو، کە ـ ڕۆژێ لە ڕۆژان ـ لە گەڵ زەینەبدا هاوسەرگیری دەکات، بەڵام ئەو ئەمەی نەدرکاندبو، لە ترسی ئەوەی خەڵك بڵێت لەگەڵ هاوسەری کوڕە لە خۆگرتووەکەیدا هاوسەرگیری کردووە، هەر لەبەر ئەوەشە پەروەردگار لە ئایەتەکەدا پێی دەفەرموێت، لە لۆمەی خەڵکی دەترسی، کەچی خودا شایەنترە، کە لێی بترسی.

خاتو زەینەبی کچی جەحش (خوا لێی ڕازی بێت)، دەرکی بەم ڕاستییە دەکرد و لافی ئەوەی بەسەر هاوسەرەکانی دیکەی پێغەمبەردا (ﷺ) لێدەداو، پێی دەگوتن: (خزم و کەستان ئێوەی لە محمد (ﷺ) مارە کردووە، بەڵام من .. خوای پەروەردگار لەسەروی حەوت تەبەقەی ئاسمانەوە منی لیّ مارەکردووە) بوخاری ڕیوایەتی کردووە.

* * *

گومانی جەنگانی (ﷺ) لە مانگە حەڕامەکاندا

گومان:

دەڵێن محمد (ﷺ) لە مانگە حەڕامەکاندا جەنگاوەو، دەڵێن ئەوە پێچەوانەی ئەو ئایەتەی سوڕەتی (البقرة)یە، کە دەفەرموێت: ﴿ يَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلشَّهۡرِ ٱلۡحَرَامِ قِتَالٖ فِيهِۖ قُلۡ قِتَالٞ فِيهِ كَبِيرٞۚ وَصَدٌّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَكُفۡرُۢ بِهِۦ وَٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ وَإِخۡرَاجُ أَهۡلِهِۦ مِنۡهُ أَكۡبَرُ عِندَ ٱللَّهِۚ وَٱلۡفِتۡنَةُ أَكۡبَرُ مِنَ ٱلۡقَتۡلِۗ وَلَا يَزَالُونَ يُقَٰتِلُونَكُمۡ حَتَّىٰ يَرُدُّوكُمۡ عَن دِينِكُمۡ إِنِ ٱسۡتَطَٰعُواْۚ ﴾ البقرة: ٢١٧. واتە: پرسیارت لێ ئەکەن لە حوکمی جەنگ کردن لە مانگە حەڕامەکاندا کە (ذو العقدة) و (ذو الحجه) و (محرم) و (رجب)ن. تۆ لە وەڵامدا پێیان بڵێ: جەنگکردن لە مانگە حەڕامەکاندا تاوانێکی گەورەیە. بەڵام ڕێگەی دینی خودا گرتن لە خەڵك و ئینکاری خوداو نکوڵی ڕێزی (مسجد الحرام) و زیادەڕۆییکردنە سەری و دەرکردنی خەڵکەکەی، کە مسوڵمانەکانن، لای خودا ستەمێکی گەورەترە. خەڵك کردن لە دین مەنع کردن بە ئازاردان و دەرکردن و شێوەکانی تر لە کوشتنی نەفس گەورەترە. ئەم کافرانە واز ناهێنن و بەردەوام جەنگتان لەگەڵ ئەکەن بە هیوای ئەوەی، ئەگەر بتوانن، لە دینی ئیسلام هەڵتانبگەڕێننەوە.

وەڵامدانەوەی گومانەکە:

مسوڵمانان هەمویان ـ لەسەروی هەموشیانەوە پێغەمبەری خوا محمد (ﷺ) لەهەمو کەس زیاتر ڕێزی مانگە حەڕامەکانی گرتووە و هەوڵی داوە تێیاندا

نەجەنگێت، بەو پێیەی شەڕکردن لەو مانگانەدا کارێکی گەورەیە، یاخود وەك بڵێی تاوانێکی گەورەیە، بەڵام مسوڵمانان دەبێ چی بکەن لە کاتێکدا، کە دوژمنانیان دەستدرێژی بکەنە سەر گیان و ماڵ و ناموسیان؟..

مسوڵمانان چی بکەن لە بەرانبەر کەسانێکدا، کە دەیانەوێت لە مەککەی پیرۆز وەدەریان نێن، لە کاتێکدا، ئەوان هاووڵاتی ئەوێن و لە هەمو کەس لە مەککە لە پێشترن؟..

ڕێسای (بەرگری شارستانی)، کە قورئانی پیرۆز دایناوە، بۆ پاراستنی گەردون لە خراپەکاری ستەمکاران و پاراستنی شوێنەکانی خوداپەرستی مسوڵمانان و گاورو جولەکەکان بووە، دەفەرموێت: ﴿ ٱلَّذِينَ أُخۡرِجُواْ مِن دِيَٰرِهِم بِغَيۡرِ حَقٍّ إِلَّآ أَن يَقُولُواْ رَبُّنَا ٱللَّهُۗ وَلَوۡلَا دَفۡعُ ٱللَّهِ ٱلنَّاسَ بَعۡضَهُم بِبَعۡضٖ لَّهُدِّمَتۡ صَوَٰمِعُ وَبِيَعٞ وَصَلَوَٰتٞ وَمَسَٰجِدُ يُذۡكَرُ فِيهَا ٱسۡمُ ٱللَّهِ كَثِيرٗاۗ وَلَيَنصُرَنَّ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ ﴾ الحج: ٤٠. واتە: ئەوانەی بە ناحەق لەسەر ماڵ و حاڵی خۆیان دەرکراون تەنها لەبەر ئەوەی ئەڵێن پەروەردگاری تاك و تەنیای ئێمە زاتی خوایە. ئەگەر خوا هەندێ کەسی بە هەندێ کەسی تر لەناو نەبردایە، چەندین پەرستگاری ڕەبەنەکان و چەندین کڵێسەی گاوران و چەند کەنشتی جوولەکە و چەند مزگەوتی مسوڵمانان کاول ئەبوون کە هەموو ناوی خوایان تێدا ئەهێنرێ. بە ڕاستی خوا یارمەتی هەر کەسێ ئەدا کە ئەویش یارمەتیی ئاینیی خوا بدات. خوا بەهێزە، ئەتوانێ یارمەتیی ئەو کەسانە بدات و هیچ شتێ ڕێی لێ ناگرێ.

ئەو ڕێسا قورئانییەیە، کە خەڵك و زەوی لە خراپەکاری ستەمکار و خراپەکاران دەپارێزێت، جا لەبەر ئەوەی مافی بەندەکانی خودا لە زەوی خودا و پاراستنی خەڵکی بێهێز لە ستەمکاری خراپەکاری، لەلای پەروەردگار ڕێزی لە مانگە حەرامەکان کەمتر نییە، بۆیە لەو مانگانەشدا شەڕ دروستە بۆ ئەوانەی ستەمیان لێکراوەو ڕێگری

مەڕاسیمی ئایینییان لێکراو بەشەڕو ستەم بە ناحەقی لە ولاّتەکەیان وەدەرنران.

ئەو ئایەتەی خوارەوەش ئەوە دەسەلمێنێت: ﴿ يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلشَّهْرِ ٱلْحَرَامِ قِتَالٍ فِيهِۖ قُلْ قِتَالٌ فِيهِ كَبِيرٌۖ وَصَدٌّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَكُفْرٌۢ بِهِۦ وَٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ وَإِخْرَاجُ أَهْلِهِۦ مِنْهُ أَكْبَرُ عِندَ ٱللَّهِۚ وَٱلْفِتْنَةُ أَكْبَرُ مِنَ ٱلْقَتْلِۗ وَلَا يَزَالُونَ يُقَٰتِلُونَكُمْ حَتَّىٰ يَرُدُّوكُمْ عَن دِينِكُمْ إِنِ ٱسْتَطَٰعُواْۚ ﴾ البقرة: ٢١٧. واتە: پرسیارت لێ ئەکەن لە حوکمی جەنگ کردن لە مانگە حەڕامەکاندا کە (ذو العقدة) و (ذو الحجه) و (محرم) و (رجب)ن. تۆ لە وەلاّمدا پێیان بڵێ: جەنگکردن لە مانگە حەڕامەکاندا تاوانێکی گەورەیە. بەلاّم ڕێگەی دینی خودا گرتن لە خەڵك و ئینکاری خوداو نکوڵی ڕێزی (مسجد الحرام) و زیادەڕۆییکردنە سەری و دەرکردنی خەڵکەکەی، کە مسوڵمانەکانن، لای خودا ستەمێکی گەورەترە. خەڵك کردن لە دین مەنع کردن بە ئازاردان و دەرکردن و شێوەکانی تر لە کوشتنی نەفس گەورەترە. ئەم کافرانە واز ناهێنن و بەردەوام جەنگتان لەگەڵ ئەکەن بە هیوای ئەوەی، ئەگەر بتوانن، لە دینی ئیسلام هەڵتانبگەڕێننەوە.

* * *

گومانی حەرامكردنی ئەوەی خوا حەڵاڵی كردووە..

گومان:

دەڵێن محمد(ﷺ)هەندێك شتی حەرام كردووە كە خودا حەڵاڵی كردون، بەڵگەشیان ئەو ئایەتەی سورەتی(التحريم)ە كە دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَآ أَحَلَّ ٱللَّهُ لَكَۖ تَبۡتَغِي مَرۡضَاتَ أَزۡوَٰجِكَۚ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ﴾ التحريم: ١. واتە: ئەی پێغەمبەر! بۆ ئەو شتەی خودا بە تۆی ڕەوادیوە–بۆ دڵداری ژنەكانت– لە خۆتی ناڕەوا دەكەی؟ خودا دەبورێ و دلۆڤانە.

وەڵامدانەوەی گومانەكە:

ئەو ئایەتەو ئایەتەكانی دواتری، باسی ڕوداوێك دەكەن كە لە ماڵی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ڕویداوە، كاتێك هاوسەرەكانی گلەیی و گازاندەیان لێكرد، بەهۆی پەرۆشییان و نارەزاییان بەوەی كە لە ماڵی یەكێك لە هاوسەرەكانی خواردنێكی خواردبو كە لە ماڵی ئەواندا نەبو، ئەو بە نهێنی لەلای یەكێك لە هاوسەرەكانی باسی كردبو و ئەویش لەلای ئەوانی تر باسی كردبو، بۆیە ئەوانیش گلەییان لێكرد و ئەویش لەبەرخاتری ڕازیبونیان ئەو خواردنەی لەخۆی حەرام كرد، بەڵێ ڕوداوەكە ڕاستە، بەڵام تۆمەتباركردنی پێغەمبەر(ﷺ) بەوەی كە ئەوەی خودا حەڵاڵی كردووە ئەو حەرامی كردووە ئەوا لێكدانەوەیەكی نا دروستە بۆ واتای ئایەتەكە، چونكە سەرەتای ئایەتەكە دەفەرموێت ئەی پێغەمبەر بۆچی...ئەو ئایەتە لەبەر ئەو كارەی كە لە پێناو ڕازیكردنی هاوسەرەكانی كردی هاتووەو ئەو بانگكردنەی قورئان و ڕوكردنە پێغەمبەر(ﷺ) تۆمەتباركردنی نییە بەوەی كە حەڵاڵێكی خوای حەرامكردووە بەڵكو تەنیا گلەییەكی

پەروەردگارە لە پێغەمبەرەکەی، چونکە گومان لەوەدا نییە کە مەحاڵە پێغەمبەر شتێك یان بابەتێك یان کردارێك حەرام بکات کە خوا حەڵاڵی کردووە، ئەو کردارەیش گرتنی جڵەوی نەفسی خۆی بو لە پێناو ڕازیکردنی هاوسەرەکانی، ئەوەش بەڵگەی تەواوی ڕەوشت و ڕەحم و بەزەییەتی.

پەروەردگار خۆی شایەتی گەیاندنی تەواوی پەیامەکەی بۆ پێغەمبەر (ﷺ)داوە، فەرمویەتی: ﴿وَلَوۡ تَقَوَّلَ عَلَيۡنَا بَعۡضَ ٱلۡأَقَاوِيلِ ۞ لَأَخَذۡنَا مِنۡهُ بِٱلۡيَمِينِ ۞ ثُمَّ لَقَطَعۡنَا مِنۡهُ ٱلۡوَتِينَ ۞ فَمَا مِنكُم مِّنۡ أَحَدٍ عَنۡهُ حَٰجِزِينَ﴾ الحاقة: ٤٤ - ٤٧. واتە: ئەگەر ئەم پێغەمبەرە هەندێ قسەی بە دەمی ئێمەوە هەڵبەستایە، ئەوا قۆڵی ڕاستیمان دەگرت ئەنجا ڕەگی دڵیشمان دەبڕی بە لێدانی گەردنی، هیچ کامێکیش لە ئێوە ڕێی ئەو کارەمان لێ ناگرێت.

لەبەرئەوە تۆمەتبارکردنی پێغەمبەر (ﷺ)بەوەی حەڵاڵی خوای حەرام کردووە مەحاڵەو لە پێگەی پێغەمبەرایەتی ناوەشێتەوە کە خوا خۆی پاك و بێگەردی پاراستووەو خۆی هەمو ئەو گومانانەی لەسەر لاداون و فەرمویەتی: ﴿وَمَا يَنطِقُ عَنِ ٱلۡهَوَىٰٓ ۞ إِنۡ هُوَ إِلَّا وَحۡيٞ يُوحَىٰ ۞ عَلَّمَهُۥ شَدِيدُ ٱلۡقُوَىٰ﴾ النجم: ٣ - ٥. واتە: لە ئارەزوی نەفسی خۆیشییەوە قسە ناکات، ئەوەی دەیخوێنێتەوە بەسەرتاندا جگە لەوەحی خودایی هیچی تر نییە، فریشتەیەکی فرە بەهێز کە جوبرەئیلە ئەو وەحییەی فێرکردووە، کە لە خواوە بۆی هێناوە.

بۆیە ئەو گومانەی کە دەڵێت پێغەمبەر حەڵاڵی خوای حەرامکردووە جگە لە بەهەڵە تێگەیشتن لە ئایەتەکە هیچی تر نییە و، تەنیا وەك بەڵێنێك بو بۆ هەندێ لە هاوسەرەکانی و وەك سوێند کەفارەتی خۆی هەیەو هیچ پێوەندی بە حەرامکردنی حەڵاڵی خواوە نییە.

گومانی ئەوەی، کە پێغەمبەر(ﷺ) گوناهبارە، هەروەك لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە.

گومان:

دەڵێن ئەو (ﷺ) گوناهبارە، بەڵگەشیان بۆ قسەکەیان ئەو ئایەتەی سورەتی(الفتح)ە، کە دەفەرموێت: ﴿ لِيَغْفِرَ لَكَ ٱللَّهُ مَا تَقَدَّمَ مِن ذَنۢبِكَ وَمَا تَأَخَّرَ وَيُتِمَّ نِعْمَتَهُۥ عَلَيْكَ وَيَهْدِيَكَ صِرَٰطًا مُّسْتَقِيمًا ﴾ الفتح:٢ . واتە: بۆ ئەوەی، بەهۆی ئەو تێکۆشانەتەوە لە پێناو بڵاوکردنەوەی ئاینی ئیسلامدا، خوا لە گوناهی لەمەوپێش و لەمەوپاشت خۆش بێ. مەبەست لە گوناهی پێغەمبەران هەر کردەوەیەکە، بەش بەحاڵی ئەوان، بۆ ئەوە بشێ سەرزەنشتیان بکرێ لەسەری.

وەڵامدانەوەی گومانەکە:

ژیاننامەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کتێبێکی گەورەی کراوەیە، کە نوسەرانی ژیاننامەکەی هیچ نەماوە باسیان نەکردبێت، لە بێداری و خەوی، لە جەنگ و ئاشتی، لە مامەڵەکردنی لەگەڵ خەڵکدا، تەنانەت ژیانی تایبەتی لە گەڵ خاو وخێزانیدا.

نەك تەنها هەر ئەوە، تەنانەت هاوەڵانی، کاتێك فەرمودەیەك لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) دەگێڕنەوە، یان باسی کردارێکی دەکەن، بەو پەڕی وردی و تێرو تەسەلییەوە هەمو شتێك وێنا دەکەن، یەکێکیان دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) ئاواو ئاوای فەرموو، پاڵ کەوتبو پاشان هەڵسایەوە و دانیشت، یاخود ئاوای فەرموو نیشانەی خۆشبەختی بەسەر ڕویەوە دیار بو، دەتوانین بە زمانی سەردەم بڵێین: بریتییە لە تۆمارکردنێکی وردی ژیانی (ﷺ) بەدەنگ و ڕەنگ.

پاشان دەبینین قورئانی پیرۆز هەمو ڕەوشتەکانی لە ڕستەیەکدا کۆکردۆتەوە، کە دەفەرمویت: ﴿ وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ ﴾ القلم:٤ . واتە: بەڕاستی تۆ (ئەی محمد) خاوەنی ڕەوشتێکی جوان و گەورەی.

لەسەروی هەمو ئەمانەش: دەبینین قورئانی پیرۆز ئەوشتانەش ئاشکرا دەکات، کە پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ خۆیدا باسی دەکات، ئەوەی، کە خەڵك پێی نازانن و ئاگاداری نین، سەرەڕای ئەوە نابینین هیچ گوناهێکی گوفتاری یان کرداری کرد بێت، نە لەژیاننامەی پیرۆزیدا، نە لەقورئانی پیرۆزدا، خۆ ئەگەر پێغەمبەر (ﷺ) گوناهبار بوایە و یاخی بووایە ئەوا هەرگیز خودای پەروەردگار بە نوری خۆی پشتی نەدەگرت و نیعمەتەکانی خۆی بەسەردا نەدەڕشتن.

هەرچی وشەی گوناهبار (مذنب)ی ئایاتە پیرۆزەکەیە ﴿ لِيَغْفِرَ لَكَ اللَّهُ مَا تَقَدَّمَ مِن ذَنبِكَ وَمَا تَأَخَّرَ ﴾ الفتح: ٢ واتە: بۆ ئەوەی، بەهۆی ئەو تێکۆشانەتەوە لە پێناو بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلامدا، خوا لە گوناهی لەمەوپێش و لەمەوپاشت خۆش بێ.

مەبەست لە گوناهی پێغەمبەران ئەو جۆرەی هەڵەو تاوان نییە، کە لە نێو خەڵکیدا باو و زانراوە، چونکە سوننەتی خودا لەوەدا بریتییە لە پاراستنی پێغەمبەرانی لە گوناه و تاوان، بەڵگەشمان بۆ ئەوە بریتییە لە:

یەکەمیان: خوای پەروەردگار لە گوناهی بەهۆی لەبیرچونەوە لە ئومەتی ئیسلام خۆشبووە، هەروەکو لە فەرمودەیەکی پیرۆزدا هاتووە:

(إن الله تجاوز عن أمّتي الخطأ، والنسيان، وما استكرهوا عليه) ابن ماجة. واتە: خوای پەروەردگار هەڵەو لەبیرچونەوەو ئەوەی بەزۆرەملێ پێیان دەکرێ لەسەر ئومەتی منی هەڵگرتووە و لێیان خۆشبووە.

لەکاتێکدا، کە پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەومافەی پێدراوە، هەروەك چۆن

ئادەمیش (عليه السلام) پێی نەدراوە، خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ وَلَقَدْ عَهِدْنَآ إِلَىٰٓ ءَادَمَ مِن قَبْلُ فَنَسِیَ وَلَمْ نَجِدْ لَهُۥ عَزْمًا ﴾ طه: ١١٥. واتە: بەراستی لەمەوپێش ئامۆژگاری ئادەمان کرد توخنی درەختی گەنم نەکەوێ، کەچی ئامۆژگارییەکەمانی لەبیر چوو ئەومان بەخاوەن عەزم و توانا نەدی ئەو ئامۆژگارییەمانی پێ رابگیرێ. بەڵام لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت یاخیبو (عصی): ﴿ وَعَصَىٰٓ ءَادَمُ رَبَّهُۥ فَغَوَىٰ ﴾ طه: ١٢١. واتە: ئادەم لە فەرمانی خوای خۆی دەرچو و گومڕابوو.

کەواتە، لەبیرچون بۆ پێغەمبەران بەتاوان دادەندرێ و، وەکو ئێمە نین، ئیتر لەو ڕووەوە دەڵێین لێخۆشبونی خودای پەروەردگار بۆ پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم) لەو ڕووەوە بووە، ئەویش مرۆڤێکەو بەهەڵە دادەچێت و لەبیری دەچێتەوە، بەڵام ئەمە لەکاری بانگەوازی خوداییدا نابێت و هەرگیز لەو بارەیەوە هیچی بیرنەچۆتەوە.

دووەمیان: پێغەمبەران ـ لەکاتێکدا کە پارێزراوبون لە تاوان ـ بەڵام سەرەڕای ئەوەش داوای لێخۆشبونیان لە پەروەردگاریان کردووە، ئەوەتا نوح پێغەمبەر (عليه السلام) فەرمویەتی : ﴿ قَالَ رَبِّ إِنِّیٓ أَعُوذُ بِكَ أَنْ أَسْـَٔلَكَ مَا لَیْسَ لِی بِهِۦ عِلْمٌ ۖ وَإِلَّا تَغْفِرْ لِی وَتَرْحَمْنِیٓ أَكُن مِّنَ ٱلْخَـٰسِرِینَ ﴾ هود: ٤٧. واتە: نووح وتی: خودایا پەنا ئەگرم بە تۆ لەوەی داوای شتێ وەهات لێ بکەم، کە نایزانم و لە نهێنیەکەی تێ نەگەیشتووم، ئەگەر تۆ گوناهم نەپۆشی و ڕەحمم پێ نەکەی لە دەستەی دۆڕاوان ئەبم.

هەرچی ئیبراهیمە (عليه السلام) فەرموویەتی: ﴿ وَٱلَّذِیٓ أَطْمَعُ أَن یَغْفِرَ لِی خَطِیٓـَٔتِی یَوْمَ ٱلدِّینِ ﴾ الشعراء: ٨٢. واتە: ئەو خودایەیشە، کەهیوام وایە لە ڕۆژی قیامەتدا تاوانم ببەخشێ و لێم خۆش بێ.

ئەوەتا موساش (عليه السلام) دەفەرموێت: ﴿ قَالَ رَبِّ ٱغْفِرْ لِی وَلِأَخِی وَأَدْخِلْنَا فِی

رَحۡمَتِكَۖ وَأَنتَ أَرۡحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ ﴾ الأعراف: ١٥١. واتە: جا مووسا وتی: خودایا! لە گوناهی من و هارِوونی برام ببوورەو چاوپۆشیمان لیٚ بکەو، بمانخەرە ناو رِەحمەت و بەزەیی خۆتەوە" تۆ لـە هەموو میهرەبانیٚ میهرەبانتری.

هەرچی سولـەیمانە (عليه السلام) فەرمویەتی : ﴿ قَالَ رَبِّ ٱغۡفِرۡ لِي وَهَبۡ لِي مُلۡكٗا لَّا يَنۢبَغِي لِأَحَدٖ مِّنۢ بَعۡدِيٓۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡوَهَّابُ ﴾ ص: ٣٥. واتە: وتی: خوایە! لیٚم ببوورەو فەرمانرِەواییەکی وام پیٚ ببەخشە پاش خۆم شایانی کەسی تر نەبیٚ، هەر تۆ بەخشندەی.

سێیەمیان: لیٚخۆشبونی پەروەدگار لـە پیٚغەمبەران و داواکردنی لیٚخۆشبون، نیشانەیەکە بۆ دەسەلأتی پەروەدگار لـە گەردوندا، چونکە هەلٚبژاردنی ئەوان لـە لایەن خوداوە نەبوەتە هۆی ئەوەی ئەوان لـە ئاگاداربون و داواکردنی لیٚخۆشبون بووەستن، ئا ئەوەتا پیٚغەمبەری خوا (ﷺ) لـە کاتیٚکدا خودا لـە تاوانی پیٚشو و دوایی خۆشبووە، کەچی فەرموویەتی : (والله إنّي لأستغفر الله في اليوم وأتوب إليه سبعين مرّة) صحيح البخاري. واتە: سویٚند بەخوا رۆژانە حەفتا جار داوای لیٚخۆشبون لـە پەروەردگارم دەکەم.

چوارەم: زاتی خوای پەروەدگار شایەنی ئەوەیە زیٚتر لـەوەی پیٚویستی کردووە بپەرستریٚت، ئەگەر تەنیا ئەوەی پیٚویستی کردووە ئەنجامی بدەین، ئەوا وەك ئەوەیە بەتەواوی سوپاسگوزاری ئەومان بە ئەنجام نەگەیاند بیٚت، ئەگەر ئیٚمە وابین ئەدی دەبیٚ پیٚغەمبەری هەلـبژیٚردراو (ﷺ) چۆن بیٚت، بەتایبەت لـە کاتیٚکدا، کە خوای پەروەردگار بەسەر هەمو بوونەوەرانیدا هەلٚبژاردووە، ئیتر نابیٚ ئەو زیاتر سوپاسگوزار بیٚت و زۆرتر داوای لیٚخۆشبون بکات؟!..

پیٚنجەم: هیچ کەسیٚك نییە پیٚویستی بە تەوبەکردن نەبیٚت هەمو مسولٚمانان، تەنانەت پیٚغەمبەریش (ﷺ) پیٚویستی بە تەوبەکردن هەیە.

﴿وَتُوبُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ﴾ النور: ٣١. واتە: ئەی خاوەن باوەڕەکان هەمووتان بگەڕێنەوە بۆ لای خوداو تۆبە بکەن و پەشیمان ببنەوە لەو گوناهانەی کردووتانن، بەڵکو ئەمە خوایە تەوبەبکەن و پەشیمان ببنەوە لەو گوناهانەی کردووتانن بەڵکو ئەمە خوایە ڕزگارتان بێ لە سزای ڕۆژی دوایی.

هەمو کەسێ، کە پێگەیەکی هەبێت، دەکرێ کەم و کورتییەکی هەبێت، ئەمەش بە تەوبەکردن پڕ دەکرێتەوە، ئەگەر بۆ کەسانی ئاسایی ئاوا بێت، ئەدی دەبێ بۆ پێگەی پێغەمبەر و نێردراوانی خودا چۆن بێت؟!..

شەشەم: پێغەمبەری خودا (ﷺ) هەندێ جار کارە لە پێشترەکەی ئەنجام نەداوە، بۆیە خودای پەروەردگار لە شوێنێکی قورئانی پیرۆزدا پێی دەفەرموێت: ﴿عَفَا ٱللَّهُ عَنكَ لِمَ أَذِنتَ لَهُمۡ﴾ التوبة: ٤٣. واتە: خودا عەفوت کا! بۆچی ئیزنت دان لە شوێنی خۆیاندا بمێننەوە!، بەمەش نەکردنی باشترو لە پێشتر بۆ پێغەمبەران وەکو گوناهێکی لێهاتووە.

حەوتەم: خودای پەروەدگار دەفەرموێت : ﴿إِذَا جَآءَ نَصۡرُ ٱللَّهِ وَٱلۡفَتۡحُ * وَرَأَيۡتَ ٱلنَّاسَ يَدۡخُلُونَ فِي دِينِ ٱللَّهِ أَفۡوَاجٗا * فَسَبِّحۡ بِحَمۡدِ رَبِّكَ وَٱسۡتَغۡفِرۡهُۚ إِنَّهُۥ كَانَ تَوَّابَۢا﴾ النصر: ١ – ٣. واتە: کاتێ کە یارمەتیی خوایی هات و مەککە ڕزگارکراو، خەڵکی جزیرەی عەرەبت دی پۆل پۆل دێنە ڕیزی ئایینی خواوە، سوبحانەڵڵا بکە بۆ خوای خۆت و لە گەردی هەموو ناتەواییەکی بە خاوێن رابگرەو سەناو ستایشی بکەو داوای لێخۆشبوونی لێ بکە. بەڕاستی ئەو تۆبە وەرگرە لە هەرکەسێ داوای لێخۆشبوونی لێ بکات.

هەمومان دەزانین، کە هاتنی سەرکەوتن و ڕزگاری لەلای پەروەردگارەوەو، هاتنی پۆل پۆلی خەڵك بۆ نێو دینی خودا تاوان نییە تا پێویستی بە داوای لێخۆشبون بکات،

له‌مه‌شدا بۆمان ده‌رده‌كه‌وێت، كه داوای لێخۆشبون هه‌ندێ جار به هۆی ئه‌نجام نه‌دانی باشترین ده‌بێت.

هه‌شته‌م: مه‌به‌ستی ئایه‌ته‌كه ئاڕاسته‌كردنه بۆ كاری باش و خۆپاراستن له كاری خراپ، له‌مه‌شدا داوای لێخۆشبون بۆ لێخۆشبونه‌و، لێخۆشبونیش داپۆشینی كارێكی ناڕه‌وایه، جا هه‌ر كه‌سێ له تاوان پارێزرا، ئه‌وا ئاره‌زووه خراپه‌كانی فڕێ ده‌درێن، ئیتر هه‌رگیز گوناهێك ئه‌نجام نادات...

نۆیه‌م: (چاكه‌ی مرۆڤه پاكه‌كان، تاوانی مرۆڤه هه‌ڵبژێرداوه‌كانی خودایه)، ئه‌وه‌یه به‌نده‌ی ئاسایی ـ كه ته‌نیا فه‌رزه‌كان ئه‌نجام ده‌دات ـ ئه‌وه‌نده‌ی به‌سه تا ببێته به‌نده‌یه‌كی پاك، به‌ڵام به به‌راورد له‌گه‌ڵ مرۆڤه نزیك و هه‌ڵبژێردراوه‌كانی خودا ـ كه فه‌رز و سوننه‌ته‌كان ئه‌نجام ده‌ده‌ن ـ ئه‌وا وه‌ك ئه‌وه‌یه تاوانبار بێت.

نابێ ئه‌وه‌ش له یاد بكه‌ین، كه ژیاننامه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) پێش بونی به پێغه‌مبه‌ر، جێگای ڕێزو ستایشی گه‌له‌كه‌ی بو، به‌وه‌ی له هه‌مو هاوته‌مه‌نانی له‌گه‌نجان پاكترو جیاواز تر بو، تاوای لێهاتبو له نێویاندا به ڕاستگۆی ده‌ستپاك ناوی ده‌ركردبو.

گومانی ئەوەی شەیتان قسەی خزاندۆتە نێو سروش(الوحي)ەوە..

گومان:

دەڵێن شەیتان قسەی خزاندوّتە نێو وەحییەوە و (محمد)یش درکی بەوە نەکردووەو دەریبڕیوە، بۆ ئەو گومانەشیان ڕیوایەتێکیان کردوّتە بەڵگە کە لە هەندێ کتێبی تەفسیردا هاتووە، کە دەڵێت: پێغەمبەری خوا(ﷺ)لە نوێژدا سورەتی (النجم)ی دەخوێند و کاتێ گەیشتە ئەو ئایەتەی دەفەرموێت: ﴿ أَفَرَءَيْتُمُ ٱللَّٰتَ وَٱلْعُزَّىٰ * وَمَنَوٰةَ ٱلثَّالِثَةَ ٱلْأُخْرَىٰٓ ﴾النجم: ١٩ – ٢٠.واتە: پێم بڵێن ئایا ئێوە لات و عوززاتان بینیوە؟مەناتە سێهەمەکەی تریشتان دیوە؟!

پاشان شەیتان قسەی خزاندبێتە ناو وەحییەوەو پێغەمبەریش دەریبڕیبێت و فەرمویێتی: (تلك الغرانيق العلى، وإنّ شفاعتهنّ لترتجى).واتە: (ئا ئەو بتە بەرز و پیرۆزانە، کە تکای ئەوان پێویستە و جێگای خۆی دەگرێت).

پاشان وەك لە ڕیوایەتەکەدا هاتووە پێغەمبەر هەر بەردەوام بووە لە قورئان خوێندن پاشان کڕنوشی بردووە و هەرچی مسوڵمانی لەدوا بووە هەمویان کڕنوشیان بردووە، تەنانەت وەك ڕیوایەتەکە دەڵێت هەرچی بێباوەڕیشی لەدوا بووە هەمویان کڕنوشیان بردووە!..

وەڵامدانەوەی گومانەکە:

ئەو چیرۆکەی بە چیرۆکی(غەرانیق) ناودەبرێت، چیرۆکێکی بڵاوەو ئەوکەسەی بڵاوی کردوّتەوە گوتویەتی (محمد) بەسەر خواکانی ئیمەیدا هەڵگوت و لە هەڵوێستی

پێشوی، که تانەوتەشەری لێدەدان پەشیمان بوّتەوە. هەروەها دەڵێن که پێیان گوتووە: (تا ئەمڕۆ هەرگیز بەچاکه باسی خوداکانی ئێمەت نەکردبو!).

بەوشێوەیە ئەو چیرۆکە بلاّوبوّتەوەو تا کار گەیشتوّتە ئەوەی وەك باسمان کرد، که هەندێ لە موفەسسیرانیش باسی بکەن، بەلاّم دەبێ بزانین، که ئەو ڕیوایەتە نەگەیشتوّتە ئاستی (تەواتر)، بوّیە ئەو ڕیوایەتە تەنیا هەواڵی تاکەکەسییەو بەهیچ جوّرێك لەگەڵ بەڵگە عەقلّی و نەقلّییەکانی فەرمودەی موتەواتر یەکناگرێتەوە، بەمەش ئەو ڕیوایەتە باتڵەو هیچ بنچینەیەکی دروست نییە.

پێشەوا ڕازی دەڵێت: (ئەوە ڕای موفەسسیرانی ڕوکاری قورئانە، بەلاّم ئەوانەی پسپۆڕی بواری فەرمودەن دەڵێن: (ئەو ڕیوایەتە هەڵبەستراوە)، ئەو ڕایەش ڕای کوّمەڵێك پێشەواو حافیزانی فەرمودەیە، لەوانە: (أبوبكر بن العربي)لە (أحكام القران)دا و، قاضي عياض لە (الشفا) و(فخرالدين الرازي)لە (مفاتح الغيب)٦/ ١٩٣ و (القرطبي) لە تەفسیرەکەیدا (١٢/ ٨٠) و(العيني)لە (عمدة القاري)٩/ ٤٧ و (الشوكاني) لە (فتح القدير)٣/ ٢٤٧ و(الآلوسي)لە (روح المعاني)١٧/ ١٦٠ و چەندانی تر لە پێشەوا زاناکان ڕەحمەتی خوا لە هەمویان بێت.

ڕایەکانی خوّیشیان بەبەڵگەی قورئانی و فەرمودە و بەڵگەی عەقلّی سەلماندووە:

-هەرچی بەلگەی قورئانییە، لەچەند ڕویەکەوەیە، لەوانە:

خوای پەروەردگار فەرمویەتی: ﴿وَلَوۡ تَقَوَّلَ عَلَيۡنَا بَعۡضَ ٱلۡأَقَاوِيلِ * لَأَخَذۡنَا مِنۡهُ بِٱلۡيَمِينِ * ثُمَّ لَقَطَعۡنَا مِنۡهُ ٱلۡوَتِينَ﴾ الحاقة: ٤٤ – ٤٦. واتە: ئەگەر ئەم پێغەمبەرە هەندێ قسەی بە دەمی ئێمەوە هەڵبەستایە، ئەوا قوڵی ڕاستیمان دەگرت ئینجا ڕەگی دڵیشمان دەبڕی بە لێدانی گەردنی، هیچ کامێکیش لە ئێوە ڕێی ئەو کارەمان لێ ناگرێت.

هەروەها فەرمویەتی: ﴿وَإِذَا تُتۡلَىٰ عَلَيۡهِمۡ ءَايَاتُنَا بَيِّنَٰتٖ قَالَ ٱلَّذِينَ لَا يَرۡجُونَ لِقَآءَنَا ٱئۡتِ بِقُرۡءَانٍ غَيۡرِ هَٰذَآ أَوۡ بَدِّلۡهُۚ قُلۡ مَا يَكُونُ لِيٓ أَنۡ أُبَدِّلَهُۥ مِن تِلۡقَآيِٕ نَفۡسِيٓۖ إِنۡ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰٓ إِلَيَّۖ إِنِّيٓ أَخَافُ إِنۡ عَصَيۡتُ رَبِّي عَذَابَ يَوۡمٍ عَظِيمٖ﴾ یونس: ١٥. واته: کاتێ کە ئایەتە واتا ئاشکراکانی ئێمەیان بەسەردا دەخوێندرێنەوە، ئەوانەی باوەڕیان بە زیندوبونەوەو گەیشتن بە ئێمە نییە دەڵێن: قورئانێکی تری غەیری ئەو قورئانەمان بۆبێنە، کە بە دڵی ئێمە بێت، یان ئایەتەکانی بگۆڕە بە ئایەتی تر. تۆیش ئەی پێغەمبەر بڵێ: بۆ من ڕەوا نییە لەخۆمەوە بیگۆڕم" من دوای ئەوە دەکەوم کە بە وەحی بۆم دێت، بەڕاستی ئەگەر من بەگوێی خوای خۆم نەکەم و بیگۆڕم لە سزای ڕۆژێکی سامناکی گەورە ئەترسم.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَمَا يَنطِقُ عَنِ ٱلۡهَوَىٰٓ * إِنۡ هُوَ إِلَّا وَحۡيٞ يُوحَىٰ * عَلَّمَهُۥ شَدِيدُ ٱلۡقُوَىٰ﴾ النجم: ٣ - ٥. واته: لە ئارەزوی نەفسی خۆیشییەوە قسە ناکات، ئەوەی دەیخوێنێتەوە بەسەرتاندا جگە لەوەحی خودایی هیچی تر نییە، فریشتەیەکی فرە بەهێز کە جوبرەئیلە ئەو وەحییەی فێرکردووە کە لە خواوە بۆی هێناوە.

هەرچی بەڵگەی فەرمودەیە: پێشەوا ئەبوبەکر ئەحمەدی کوڕی حوسەینیی بەیهەقی فەرمویەتی: (ئەو چیرۆکە لەڕوی نەقڵەوە سەلامەت و سەلمێنراو نییە)، واته: دروست نییە.

پاشان دەڵێت: ڕاویانی ئەم فەرمودەیە تانەیان لێدراوە و ئیمامی بوخاری لە سەحیحەکەیدا هێناویەتی کە: پێغەمبەری خوا(ﷺ)لە نوێژدا سورەتی (النجم)ی خوێندووەو مسوڵمانان و بتپەرستان و مرۆڤ و جنۆکە هەمویان کڕنوشیان بردووەو چیرۆکی (غەرانیق)ی تێدا نەبووە و، ئەو فەرمودەیەش لە سەحیحی بوخاریدا بەزۆر

ڕێگاو شێواز هاتووەو لە هیچیاندا چیرۆکی (غەرانیق)ی تێدا نییە.

-هەرچی ڕێگای ئەقلییە، لەچەند ڕوێکەوەیە:

یەکەمیان:

مەحاڵە پێغەمبەر(ﷺ) بتەکان بە گەورە وەسف بکات، لەکاتێکدا هەمو هەوڵی بۆ نەهێشتنی بتپەرستی و بەگەورە سەیرکردنیان بووە.

دووەم:

پێغەمبەر(ﷺ)لەسەرەتادا لە ترسی بتپەرستان نەیدەتوانی لەلای کەعبە نوێژ بکات و قورئان بخوێنێت، بەڵکو تەنیا شەوان و لەکاتی چۆڵیدا دەچووە ئەوێ.

سێیەم:

خوای مەزن فەرمویەتی: ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٖ وَلَا نَبِيٍّ إِلَّآ إِذَا تَمَنَّىٰٓ أَلۡقَى ٱلشَّيۡطَٰنُ فِيٓ أُمۡنِيَّتِهِۦ فَيَنسَخُ ٱللَّهُ مَا يُلۡقِي ٱلشَّيۡطَٰنُ ثُمَّ يُحۡكِمُ ٱللَّهُ ءَايَٰتِهِۦۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴾ الحج: ٥٢. واتە: ئێمە بەر لە تۆ هیچ پێغەمبەرێکمان نەناردووە ئیللا وابووە، کە ئارەزوی شتێکی کردبێت کە بە دڵیدا هاتبێت شەیتان بە وەسوەسە هەندێ شتی نامۆناسیی خستوتە دڵیەوە، جا خودا ئەو شتانەی لە دڵدا شۆردووە پاشان خوا ئایاتەکانی خۆی لە دڵی ئەو پێغەمیەرەدا چەسپاندووە، خوا زانا و خاوەن حیکمەتە.

ئەمەش لەبەرئەوەی چەسپاندنی ئایەتەکان بەلادانی ئەوەی شەیتان دەیخاتە ناو دڵی پێغەمبەرەوە(ﷺ) لەپێشترە لەوەی کە خودا ئەوەی شەیتان خستویەتییە نێو وەحییەوە بیگۆڕێت، بۆیە ئەگەر خوا بیەوێت ئایەتەکانی بچەسپێنێت تا ئەوەی قورئان نییە بە قورئان دانەنرێت، ئەوا هەر لەسەرەتاوە ڕێگرتن لەوەی شەیتان ئەو کارە بکات زۆر لەپێشترە.

چوارەم:

ئەگەر ئەو چیرۆکە ڕاست بێت ئەوا بەزیادکردن لە وەحی خودایی دادەنرێ، ئەمەش پێچەوانەی بەڵگە عەقڵی و نەقڵییەکانە، چونکە لەڕوی عەقڵییەوە: هیچ جیاوازییەك لەنێوان کەمکردن لە وەحی و زیادکردن لە وەحی نییە(١).

* * *

---

(١) سەرچاوە: (حقائق الإسلام فی مواجهه شبهات المشککین). أ.د. محمود حمدی زقزوق.

ئیسلام لە دیدی ئەواندا..

﴿ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗاۚ﴾ المائدة: ٣

* * *

(ئیسلام ئەو ئایینەیە، کە زو یان درەنگ، ڕۆژێ لە ڕۆژان هەر دەبێ هەمومان دانی پێدا بنێین)

گۆتە لە کتێبی (گۆتەو جیهانی عەرەبی ٢٢٦)

ئیسلام لە دیدی ئەواندا..

*ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد، قەشەبوو، چەندین بڕوانامەی بەرزی لەزانستی ئایینیدا لەبەشی ئایینناسی میسری پێبەخشراوەو، پێشتر مامۆستابو لەزانکۆی ئایینناسی ئەسیوت، دواتر بووە مسوڵمان، لەکتێبی (محمد في التوراة) دەڵێت: (پێویستە مرۆڤی مسوڵمان شانازی بەئایینەکەیەوە بکات، چونکە ئایینەکەی وەکو خۆر وایە، کەلەسەرمسوڵمان ونامسوڵماندا هەڵدێت، پێویستە مرۆڤی مسوڵمان شانازی بەئایینەکەیەوە بکات، چونکە ئایینەکەی وەکو هەوای پاك وایە، کەهیچ کەس ناتوانێ بەبێ بونی بژی و ژیان بەرێ بکات) ل٣٢.

پاشان دەڵێت: (...ئیسلام ئایینی عەقڵ و مەنتیقە، هیچ پەردەو ئامرازێکی لەنێوان خوداو مرۆڤ نەهێشتوتەوەو، چارەنوسی خەڵکی نەخستوتە ژێر سۆزو بەزەیی تاکەمرۆڤێك، کەبڕیارەکانی کڵێسایان بەسەردا بسەپێنێت) ل١٧٣.

*ڕۆم لاندۆR. Landau پەیکەرساز و ڕەخنەگری هونەری ئینگلیزی و مامۆستای زانستە ئیسلامییەکان لە سان فرانسیسکۆ، لە کتێبەکەی"الاسلام والعرب"دا دەڵێت: (کاتێك محمد(صلى الله عليه وسلم) وەفاتی کرد..بیروباوەڕی یەکتاپەرستی نوێ، لەڕێگادابو، کە شۆڕشێك لەڕوی ڕوحی وماددی ڕزگاری بەرپابکات، کەهیچ ڕزگارکردنێکی مێژوی مرۆڤایەتی ناتوانێت لەبەرزیدا پێی بگات) ل٣٥.

*د.گۆستاف لۆبۆن، کە بەرەچەڵەك نەمساوییە وسەرۆکی بەشی دیراساتی

ڕۆژهەڵاتە لە زانکۆی کالیفۆرنیا، لەکتێبی (**الوحدة والتنوع فی الحضارة الاسلامیة**) دا دەڵێت: (...ئەو گۆڕانکارییەی ئیسلام توانی لە کلتوری بەمیراتگیراوی پێشینانی عەرەبی ئەنجامی بدات، دەتوانین لەچوار گۆڕانکاری سەرەکیدا کۆیان بکەینەوە :

١_ فراوانکردنی هەست و نەستی مرۆڤایەتی و پاککردنەوەی .

٢_ فراوانکردنی بازنەی هزری و ئەو ئامرازانەی یارمەتی مرۆڤ دەدەن تا بەسەر ئەو بازنەهزرییەدا باڵادەست بێت.

٣_ هێنانەکایەی سیستەمێکی سیاسی، کە هاوشێوەی نەبو و لەڕوی ڕەوشتی لەلوتکەدابو و لە هەمان کاتدا کاراو چالاکیش بو.

٤_ وێناکردنی شێوازێکی نوێ بۆ ژیان.) ل٣٧.

*جاك ریسلەر توێژەرێکی هاوچەرخی فەرەنسییە، لەکتێبی (**الحضارة العربیة**) دا دەڵێت: (ئیسلام لەماوەی پێنج سەد ساڵدا لە (٧٠٠-١٢٠٠ز) دا توانی بەهۆی هێزوزانست وسەرکەوتویی و گەورەیی ژیارو شارستانییەتەکەی دەست بەسەر جیهاندا بگرێت) ل٨٢.

پاشان دەربارەی گەورەیی وسەرکەوتنی شارستانییەتی ئیسلامی بەسەر شارستانییەتی ئەوروپادا دەڵێت: (کاتێ شارستانییەتی ئیسلامی گەورە هەندێ لەپیاوانی ئایینی و عەلمانییەکانی ئەوروپای مەسیحی توشی شۆك کرد، ئیتر کێبڕکێیان دەکرد بۆ هاتن بۆلای ئەوشارستانییەتەی قورتبەو تولەیتلەو ئیشبیلیەی پێ بەناوبانگ بو، تا ئامادەی وانەکانی زانکۆو فێرگە ئیسلامییەکانی ئەوێ بن) ل١٥٤.

* جۆرج سارتۆن George Sarton: ڕۆژهەڵاتناسێکی بەلجیکییە، کە دکتۆرای لە زانستە سروشتییەکان و بیرکاریدا هەیە، لە کتێبەکەیدا "**الثقافة الغربیة في رعایة**

الشرق الاوسط"دەڵێت: (تاکە بەرهەمێك، لە بەسود و کەڵکترین بەرهەمە پڕ ئامانجەکانی مرۆڤایەتییە، ئەویش دەرکەوتنی ئیسلامە) لا٢٨٧.

پاشان دەربارەی حیکمەتی قەدەغەکردنی مەی خواردنەوە دەڵێت: (ئیسلام هەر لە سەرەتای بانگەوازەکەیدا مەی قەدەغەکرد، تا ئەوەتا ئێمە، دوای ئەوەی ڕێژەی خواردنەوەی مەی و ماددە کحولییەکان زیادی کردووە، تا ئێستا خەریکە حیکمەت و دووربینی ئیسلاممان بۆ دەردەکەوێت) لا١٤٠.

*ج.ك. بێرگ: مامۆستای زانکۆ لە زانکۆی لیدن، لە کتێبی (وجهة الاسلام) دا دەڵێت: (پێویست ناکات لە خستنەڕوی خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی ئیسلام زیادەڕەوی بکەین.. ئیسلام، ئایینی دیموکراسییە، کە هەموکاتێك هێز و وزەی لە خۆشەویستی پڕ لە خوێن گەرمی جەماوەر وەرگرتووە.. ئیسلام دەزانێت چۆن لە دڵی خەڵکدا شوێنی خۆی دەکاتەوە و، تاکەکانیشی شانازی پێوە دەکەن..).(بە سەرپەرشتی هامڵتۆن جۆب) لا١٦٠.

پاشان دەڵێت: (..ئەو هەست و نەستەی بەرگی ئایین بەبەر هەمو شتێکدا دەکات و، ئەوەی ئیسلام هەر لە سەرەتاوە پێیەوە ناسرا، وای کرد ببێتە ئایینێکی چەسپاو لەنێو ئیمپراتۆرییەتەکاندا و ڕەگەزپەرستی تێدا لەناو بردن و خۆی(ئیسلام) بووە گەورەترین هێز، کە هەموانی لەسەر یەك خوان کۆکردنەوە..)لا١٩٩.

پاشان دەڵێت: (..ئیسلام توانی گەورەییەکی وا دەستەبەربکات، کە هەرگیز هیچ کەس ناتوانێت نکوڵی لێبکات، بەوەی کاری لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی لەیەك تێگەیشتنی گەلان کرد، ئەمەش گەورەییەکە، هیچ کەس نکوڵی لێناکات، تەنانەت ئەو کەسەش، کە مسوڵمان نییەو لەسەر ئایینێکی تریشەو ڕێبازێکی تریش لە ژیانیدا پەیڕەو دەکات)لا٢٠٠.

*((ویل دیورانت)) Will Durant فەیلەسوف و مێژونوس و نوسەری

ئەمریکی، لە کتێبی(قصة الحضارة)دا دەڵێت: (بنچینە ڕەوشتییەکانی مسوڵمانان و شەریعەت و حکومەتەکەیان، هەموویان لەسەر بنچینەی باوەڕ دامەزرابون، ئیسلامیش سادەترین و ڕۆشنترین ئایینە و بناغەکەی بریتییە لە شایەتمانی(لا اله الا الله، محمد رسول الله).

*جیفری لانگ: پرۆفیسۆرێکی بواری بیرکاری ئەمریکییە، لە کتێبی (حتى الملائكة تسأل) دا دەڵێت : (پێش ئیسلام خۆشەویستی لەلای من مانایەکی نەبو، بەڵام کاتێك قورئانم خوێندەوە، هەستم کرد سۆزوبەزەییەکی بێسنور دڵی داگرتم، ئیتر ئەو کاتە هەستم بەوەکرد، کەخەریکە خۆشەویستی دڵم دادەگرێت، ئەوەی منی پێشڕەوی کرد بۆ ئیسلام خۆشەویستی بێ سنوری خودا بو، کە ناتوانی لە بەرانبەریدا بەرگەبگری) لا٢١١ .

پاشان دەڵێت : (ئیسلام بریتیە لە تەسلیم بون بۆ ویستی خودا، ئەمەش بەرزبونەوەیەکی بێسنورە بۆپلەیەکی بێئەندازەی ئاشتی و ئارامی .. بەڕاستی هەر (ئیسلام) ە بزوێنەری هەمو مرۆڤایەتی و، پێوەندی بونێکی ئارەزومەندانەی لاشە و عەقڵ و دڵ و گیانە) لا ٧٥.

*لویس یونگ : توێژەرێکی هاوچەرخی ئینگلیزییە، لە کتێبی (العرب و أوروپا) دا دەڵێت: (سەرەڕای مێژوی ئەورووپی پڕ لە دەمارگیری و توندڕەوی هزری و دور لە لێبوردەیی ئایینی پێچەوانەی مسوڵمانان، بەڵام تائێستاش ئەورووپا ڕەتیدەکاتەوە دان بەوەدا بنێت، کە عەرەبەکان دەستێکی باڵایان بەسەر شارستانییەتەکەدا هەیەو، ڕۆڵی شارستانییانەی ئەوان پشتگوێ دەخات و لەبەهای کەمدەکاتەوە) لا ٩.

پاشان دەربارەی پێویستی ڕۆژئاوا بۆ ئیسلام دەڵێت: (زۆر شت ماون، کە پێویستە ڕۆژئاوا لە شارستانییەتی ئیسلام وەری بگرێت، لەوانە دیدی پڕ لێبوردەیی و جیاوازی

نەکردن بەهۆی ئایین و ڕەچەڵەك و ڕەنگەوە) لا ١٠ .

*گۆستاڤ لۆبۆن: پزیشك ومێژونوسی فەڕەنسی، لە کتێبی (حضارة الغرب) دا دەڵێت: (.. ئیسلام لە زۆر بنچینە دا لە مەسیحییەت جیاوازە، بەتایبەت لە یەکتاپەرستی ڕەهادا، کە بنچینەی سەرەکییە، بەوەی خودای تاقانە، کە ئیسلام بانگەوازی بۆ دەکات بەسەر هەموشتێکدا بالاّ دەستە وفریشتەو بونەوەرە پیرۆزەکان و هەمو ئەوانەی پیرۆز ڕاگرتنیان پێویستکراوە دەوریان نەداوە) لا ١٢٥ .

پاشان دەربارەی بیروباوەڕی ئیسلامی دەڵێت: (.. ئیسلام بۆی هەیە لافی ئەوەلێبدات، کە یەکەمین ئایینە یەکتاپەرستی بە جیهان ناساندووە، سادەیی و نەرمونیانی ئیسلام لە بیروباوەڕەکەیەوە سەرچاوەدەگرێت، نهێنی بەهێزی ئیسلامیش لەو نەرمونیانییەدایە..).لا١٢٥ .

پاشان دەڵێت:(..ئیسلام خۆی و بون بە مسوڵمان ئاسانە، هیچ شتێکی ناڕۆشن و گوماناوی و هەڤدژی تێدانین وەك لە ئایینەکانی تردا دەیبینین و، هیچ شتێك ئەوەندەی بیروباوەڕی ئیسلامی ڕۆشن و کەم گومان نییە، کە تەنیا یەك خودا بڕیاردەدات و یەکسانی لەنێوان هەمو خەڵکدا بەرپادەکات..)لا١٢٥ .

پاشان دەڵێت: (..ئەگەر هەر تاکێکی مسوڵمان ببینی، لەهەر ئاستێکدابێت، دەیبینی زۆر چاك دەزانێ، کە پێویستە باوەڕی بە چی هەبێت و پایەکانی ئیسلامت بە چەند وشەیەکی سادە بۆ دەخاتەڕو و بەمەش پێچەوانەی تاکی مەسیحییە، کە ناتوانێت باسی سێ خودایی و پایەکانی تری ناڕۆشنی مەسیحییەتت بۆ بکات، مەگەر یەکێك بێت لە زانایانی ئایینی مەسیحی)لا١٢٥ .

پاشان باس لە کاریگەری ئیسلام دەکات و دەڵێت: (ئیسلام لە هەمو ئایینەکانی تر کاریگەری لەسەر خەڵك زیاترە.. سەرەڕای ئەوەش، چاك درکی بەوە کردووە، کە چۆن دەتوانێت باوەڕێکی پتەو لە دەرونەکاندا بچەسپێنێت، کە گومانەکان نەتوانن

بیلەرزێنن)لا١٢٥-١٢٦.

پاشان دەڵێت: (كاریگەری ئایینەكەی(محمد)لەسەر دەرون لە هەمو ئایینەكانی تر زیاترە، تائێستایش ئەو گەل و چین و توێژانەی قورئانیان كردوتە دەستوری خۆیان، كار بە حوكمەكانی دەكەن، هەروەك چۆن بەر لە سێزدە سەدە كاریان پێدەكردن)لا٤١٧.

*ئیتین دینێت: ڕۆژهەڵاتناسێكی فەرەنسییە، لە كتێبی (أشعة خاصة بنور الاسلام)دا دەڵێت: (ئیسلام ململانێی ئەو سروشتە ناكات، كە نابەزێت، بەڵكو خۆی لەگەڵ ڕێساكانی دەگونجێنێت و لەگەڵی دەڕوات، بە پێچەوانەی كڵێسا، كە لە زۆر كاروباری ژیاندا لە گەڵیدا تێكدەگیرێت، بۆ نمونە ئەو مەبەستەی ڕەهبانییەت فەرز دەكات، كە هاوسەرگیری ناكەن و بەتەنیا و نامۆیانە دەژین)لا٣١.

*ئەو شایەتییەی دینێت، لە شایەتی مامۆستای مێژوی ئیسلامی زانكۆی ڕۆما نزیكە كە ناوی (دیڤددی سانتیلانا)یە، كە گوتویەتی: (ئاستی بەرزی ڕەوشت، كە بەشێكی زۆری شەریعەتی ئیسلامی دەگرێتەوە، كاری كردوتە سەر دیدی هاوچەرخی ئێمەوە و بەرزی كردوتەوە، ئالێرەدا گەورەیی ئەو شەریعەتە نەمرە دەردەكەوێت، چونكە شەریعەتی ئیسلامی هەمو ئەو كۆت و بەند و شتە قەدەغەكراو و جۆراوجۆرانەی لادا، كە ئایینی جولەكە بەسەر شوێنكەوتووانیدا سەپاندبوی، هەروەها ئەو ڕەهبانییەتەیشی پوچەڵكردەوە، كەئایینی مەسیحییەت دایهێنابوو، نیشانیدا، كە لەگەڵ سروشتی مرۆڤایەتی دەگونجێت و بەدەنگ هەمو پێویستییەكانی ژیانی مرۆڤەوە هات، ئەو خاسییەتانەبون، كە شەریعەتی ئیسلامیان ئاوا سروشتیانەو نەمرانە هێشتەوە .. دەتوانین لەبەرزترین شوێن دایبنێین و گەورە یاساناسان پێیدا هەڵبلێین و لە واقیعدا جێبەجێی بكەن..) تراث الإسلام. (بەسەرپەرشتی سێرتۆماس ئارنوڵد).

*ولفرێد کانتوێڵ سمیس : مامۆستای بابەتە ئیسلامییەکانی زانکۆی مۆنتریاڵ لەکتێبی (الاسلام فی التاریخ الحدیث) دا دەڵێت: (.. هیچ ئایینێك نییە توانیبێتی وەکوئیسلام وا لەشوێنکەوتووانی بکات هەست بەو شانازیکردن و گەورەییە بکەن، وەك ئەوەی کە مسوڵمان بەبێ زۆر لێکردن و زۆر لەخۆکردن هەستی پێدەکات، لەوانەشە هەندێك کات هەست بە عەرەبێتی کردنی لەگەڵدا تێکەڵ بێت..

بەڵام شانازی کردن بەئایینەکەیان لەهەمو مسوڵمانێکدا ڕەنگی داوەتەوە بە چاو پۆشین لەجیاوازی گەل و نەتەوە و زمان، مسوڵمانێتی هۆکارێکی سوپاسگوزاری هەمو تاکێکی مسوڵمانەو هەمویان سوپاسگوزارن، کەمسوڵمانن) عن العقاد: مایقال عن الاسلام لا٧٨.

پاشان دەڵێت: (.. ڕۆژئاوایی ناتوانێت تەواو لەئیسلام حاڵی ببێت، تەنیا ئەو کاتەی درك بەوە دەکات، کە ئیسلام هەمو ژیانی ڕوکار و ناوەڕۆکی تاکی مسوڵمانی گرتوتەوە، نەك چەند بیرۆکەوبیروباوەڕێك بن، کە بەهزری تاوتوێیان بکات، یاخود بەبێ تاوتوێ کردن وەریان بگێڕێت، لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا بیرکردنەوە ئەگەر ژیان و شێوازی ژیان خۆشنەکات و، لەواقیعدا ڕەنگ نەداتەوە و ڕوکارو ناوەڕۆك نەگرێتەوە ئەوا هیچ بەهایەکی نییە) هەمان سەرچاوەی پێشو لا٧٩.

*ئیفیلین گۆبۆڵد : کچە خانەدانێکی ئینگلیزییە بوەتە مسوڵمان، لە کتێبی (البحث عن الله) دا دەڵێت: (ئەگەر ئیسلام هیچی تێدانەبێت، تەنیا ئەو برایەتییەی، کە ناکۆکییەکانی لەناو لادان و هەمو مرۆڤایەتی کردە یەك ئاست، کە کەسیان گەورەیی بەسەر ئەوی تردانییە تەنیا بە تەقوا و کاری چاکە نەبێت، تەنیا ئەمە بەسە بۆئەوەی ددان بەوەدا بنێن، کە ئیسلام باشترین ئایینەو لە هەمویان لە خودا نزیکترە لە هەموشیان پلەو پایەی بەرزترە) لا١٣.

پاشان دەڵێت: (.. ئیسلام ئایینێکی هەمیشە زیندووە، زیندووە لە دڵی

شوێنکەوتووانیداو، ئایینێکە هەرچەندکاتی بەسەرداتێپەڕێت چالاکترو زیندوتر و بەهێزترو دەسەلاتی فراوانتردەبێت و بانگەوازەکەی بەربلاوتر دەبێت، ئەگەر ئەمە نەبوایە نەیدەتوانی بژی و پارێزگاری لە هێزو کاریگەری و خۆشەویستی شوێنکەوتووانی بکات ..)ل لا١٣٧.

پاشان دەڵێت (.. وەك زانراوە لەئیسلامدا کاهینایەتی نییەو هیچ نێوەندێك لەنێوان مسوڵمان و پەروەردگاریدا نییە) لا١٣٧.

هەروەها دەربارەی ڕۆحانییەتی ئیسلام دەڵێت: (.. ڕۆحانییەتی ئیسلام زۆر بەهێزە، بەردەوام مسوڵمانان بۆلای یەکتر ڕادەکێشێت و دەیانکاتە هێزیکی مرۆڤایەتی، کە فەرمان بە چاکە دەکات و قەدەغەی خراپە دەکات، بەجۆرێك کەلە جیهانی ئێستادا وێنەی نییە)لا١٣٧.

*لایتنەر: توێژەرێکی ئینگلیزییە، دکتۆرای لەشەریعەت و فەلسەفەو ئایینناسیدا هەیە، لە کتێبی (دین الاسلام) دا دەڵێت: (دەبینین نەفامانی مەسیحی ئایینی ئیسلام بەوە تۆمەتباردەکەن، وەك بلێی ئایینی ئیسلام کۆیلایەتی داهێنابێت، لە کاتێکدا (محمد) هەمیشە هانی ئازادکردنی کۆیلەکانی داوە، ئەمەش لە ڕاستیدا چاکترین ئامڕاز و هۆکاری نەهێشتنی ئەو دیاردەیە بو)لا٧.

دەربارەی حیکمەتی قەدەغەکردنی گۆشتی بەراز و مادده هۆشبەرەکانیش دەڵێت: (لە ڕاستیدا قەدەغەکردنی گۆشتی بەراز و خواردنەوەی هۆشبەرەکان و خواردنی ئەو گۆشتەی بە چاکی سەرنەبڕاوە و، لادانی هەمو شتێکی زیانبەخش و چەندین شتی تر لەوانەی ئیسلام قەدەغەی کردون، زۆر سود بەو کەسانە دەگەیەنێت، کە پەیڕەوی دەکەن، ئەگەرچی شوێنکەوتوشی نەبن)لا٨.

*عەبدوڵا کوێلیم: بیرمەندێکی ئینگلیزییە، بوەتە مسوڵمان، لە کتێبی (العقیدة و الشریعة في الاسلام)دا دەڵێت: (..لەنێوان ئایینەکاندا هیچیان لە ئیسلام لە

تێگەیشتن نزیکتر نین بۆ ئەو کەسانەی لێی تێدەگەن، هەروەك چۆن هیچ کام لە ئایینەکان لە ئیسلام جێگیرتر و نەرم و نیان تر نین.. بۆیە ئەو گونجانەی، کە هەمو هەوڵێکمان بۆ خستوتەگەڕ-وەك مەسیحییەکان-بۆ ئەوەی عەقڵ و بیروباوەڕ لەسەری ڕێکبکەون و، لەمێژە لە ئیسلامدا بونی هەیە، من کە ئێستا ئەو قسانە دەکەم لەسەر ئایینی مەسیحیم، بەڵام ئاماژە بۆ ئەو شتە زیادانە دەکەم، کە خراونەتە نێو مەسیحییەتی ئینجیلەوە، کە لە ڕاستیدا وەکو ئیسلامی قورئانە)لەلایەن(لوازۆن)لە وتارەکەی، کە پێشتر ئاماژەمان پێداوە لا٦٢.

پاشان دەڵێت: (..حوکمەکانی شەریعەتی محمد، هەمو خەڵك دەگرێتەوە، لە گەورەترین پاشا تا بچوکترین کۆیلە، لە ڕاستیدا شەریعەتێکە بە ڕێکوپێکترین و زاناترین شێوازی شەرعی داڕێژراوە، کە لە جیهاندا وێنەی نییە) لە (سکالای هاستنگ)ی (لادمانبۆرگ) وەرگیراوە لا١٢٣.

*ئێدوارد گیبۆن:ئینگلیزە، توانی کورسییەکی ئەنجومەنی بەریتانی بەدەستبێنێت، لە کتێبی(اضمحلال الامبراطورية الرومانية وسقوطها)دا دەڵێت: (.. ئەوەی ئێمە توشی سەرسوڕمان دەکات خۆڕاگری ئیسلام و نەوەستانیەتی لە بڵاوبونەوە، ئەو سروشتە پاك و تەواوەی ئیسلام لە مەککەو مەدینەدا هەیبو، ئێستاش هەمان جۆش و خرۆش دەداتە مسوڵمانانی هیند و ئەفریقا و تورکیا و..) لە محمد عەبدوڵا عەنان وەرگیراوە، لە (مواقف حاسمة في تأريخ الاسلام).لا١١.

هەروەها دەڵێت: (.. زیرەکی پێغەمبەری عەرەبی و بە یارمەتی ئومەتەکەی و بە ڕوحی ئایینەکەیانەوە، هۆکاری بێهێزبونی دەوڵەتی ڕۆمانی ڕۆژهەڵات و ڕوخانی بون ..) لا١٢.

پاشان دەڵێت: (..بەڕاستی بەسەرسوڕمانەوە چاوەکانمان بە ئاراستەی گەورەترین شۆڕش ئاڕاستە دەکەین کە هەمو گەلانی زەمینی بە سروشتێکی نەمر بەهرەمەند

کردووە) لا ۱۲۷.

*فرانز ڕۆزێنسال، توێژینەوەکەی لەسەر پێوەندییە کلتورییەکانی ئایینی جولەکەو ئیسلام و ڕێبازەکانی زانایانی مسوڵمانی لە توێژینەوەیەکی زانستیدا خستوتەڕو و لە کتێبی(علم التأريخ عند المسلمين) دا دەڵێت: (کاتێك محمد هات ئایینی جولەکەو مەسیحی لە دورگەی عەرەبیدا بڵاوبون، کە هەردو ئایینەکە ڕای هاوشێوەیان بۆ لێکدانەوەی مێژویی و ژیانی مرۆڤایەتی هەیە، بەڵام ئایینی ئیسلام، کە محمد بە مژدە بۆ مرۆڤایەتی هێنا، بەوە جیادەکرێتەوە، کە ڕون و ئاشکرایەو توانای تەواوی بێ قورسایی لەسەر تێگەیشتن و ڕونکردنەوەی بنەماکانی ئەو بونە هەیە، هەروەها چەمکەکانی ئیسلام (لەڕوی بیروباوەڕەوە)زیندوتر و ڕونترن لە چەمکەکانی ئایینەکانی جولەکەو مەسیحییەت)لا ۳۹۷.

*بریشا بەنکمارت، یەکێکە لە شارەزایانی بواری پەروەردەو فێرکردنی میرنشینی تایلاند، کە لە خێزانێکی بوزی لەدایك بووە، لە کتێبی(رجال ونساء أسلموا)دا دەڵێت: (ئیسلام ئایینی ئاشتی و یەکسانی و ئازادی و برایەتی و ڕێز و خۆشەویستییە، هەمو ئەوانەش زۆر بەڕۆشنی لە حوکم و بنچینەو ئاداب و ئاکارەکانی ڕەنگیان داوەتەوە)۳/۱۱٤.

پاشان دەڵێت: (هیچ ئایینێکم نەدیوە وەکو ئیسلام ڕێبازێکی تێروتەسەلی بۆ زەکات دانابێت..هەر کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی، کە بە تەواوی زەکات دەدەن هەژاری و نەداری و ڕاووڕوتی تێدا نییە..من وای دەبینم، کە ئەگەر هەمو جیهان بێنە سەر ئایینی ئیسلام ئەوا برسی و هەژار و نەدار لەسەر زەوی نامێنن..هەروەها کۆمەڵگەی مسوڵمان، کە حوکم و ئادابەکانی ئیسلام پەیڕەو دەکات کۆمەڵگەیەکی پاك و خۆشگوزەرانە و خاڵییە لە هەمو جۆرەکانی تاوان..)۳/۱۱٥.

*فاتیمە زیڤسکن، ئافرەتێکی چیکوسلوڤاکییە، پسپۆڕی بواری وێنەی ئەندازەییە،

بوەتە مسوڵمان، لە کتێبی(رجال ونساء أسلموا)دا دەڵێت: (..گرنگترین شت لە سیستەمی کۆمەڵایەتی ئیسلام، کە سەرنجی منی ڕاکێشا، بریتی بو لە:

١- یەکسانی هەمو ڕەگەزەکان .

٢-لێبوردەیی بێسنور .

٣-ئازادی تەواو لە هەموبوارە دنیایی و ڕۆحییەکان.

٤-داننان بە ژیانی دنیا، بەبێ زیادەڕۆیی تێداکردن .

٥-هەوڵ و تێکۆشان بۆ داواکردنی زانست، کەلەسەرهەموپیاو و ئافرەتێکی مسوڵمان پێویستکراوە .

٦-دواهەمینیشیان بە پێوەندی ڕاستەوخۆی نێوان بەندەوپەروەردگارەکەی زۆر سەرسام بوم . ٢\٩٨-٩٩

پاشان دەڵێت : (.. بۆم دەرکەوت- لە کاتێکدا کەخەریکم کتێبی خوا(قورئان)- دەخوێنمەوە، کە تەنیا ئیسلام ئەو ڕێگایەیە، کە خوا هەر لە سەرەتای دروستکردنی بونەوەردا بۆی دیاریکردووە و هەر ئیسلامیش ئایینی ڕاستە)٢/٩٩.

*دیبۆرا پۆتەر، ژنە ڕۆژنامەنوسێکی ئەمریکییە، بوەتە مسوڵمان، لە کتێبی(رجال ونساء أسلموا) دا دەڵێت: (..کاتێ قورئانی پیرۆزم تەواوکرد، لە دڵمدا وام هەست کرد، کە ئا ئەوەیە ئەو حەقەی وەڵامی تێروتەسەلی بۆ باسی دروستبونی بونەوەر پێیەو ڕوداوەکانمان بە شێوازێکی مەنتیقی بۆ دەخاتەڕو، لەکاتێکدا لە کتێبە ئایینییەکانی تردا ڕاکان دژیەکن و تێکدەگیرێن، هەرچی قورئانە بەشێوازێکی ناوازەو یەکلاییکەرەوە باسی لێوە دەکات، کە هیچ بوارێك بۆ گومان جێناهێڵێت و بەتەواوی باوەڕت بەوەدەبێت، کە ئەوە ڕاستییەکەیەو بەبێ هیچ گومانێك لەلای خوداوە هاتووە)٨/١٠٠.

پاشان دەپرسێت: (..محمد"ئەو پیاوە نەخوێندەوارەی لە ژینگەیەکی نەخوێندەواردا پێگەیشتبو، چۆن توانی پەی بە موعجیزەکانی گەردون ببات، کە لە قورئاندا هاتون و تائێستاش زانستی سەردەم هەوڵی لێکۆڵینەوەو دۆزینەوەیان دەدات؟!.. پێویستە ددان بەوەدا بنێین، کە قورئان فەرمودەی خوای پەروەردگارە)٨/١٠٩.

پاشان دەڵێت: (ناوەڕۆکی خودایی قورئانی پیرۆز بەرپرسە لە ڕاستکردنەوەی مرۆڤ و ڕێنمونی کردنی و ئاشناکردنی بە بونەوەر، ئەو ئاشنایەتییەی بەسەر هەمو سەردەمێکدا جێبەجێدەبێت)٨/١١٣.

*دۆگلاس ئارشەر، مامۆستای زانستە دەرونییەکانە لە ئەمریکا، لە کتێبی (رجال ونساء أسلموا)دا دەڵێت: (دروشمەکانی ئیسلام دروشمی کردارین و نمونەی باڵا بۆ بنیاتنانی گەلان دەخەنەڕو، هەروەك چۆن ئیسلام هەستی هیواو ئومێد بە گومڕایان دەبەخشێت و وا لە تاکی مسوڵمان دەکات ئەرکەکانی خۆی بەرانبەر خودا و بەرانبەر مرۆڤەکان بزانێت)٥/٥٦.

*لۆسرۆب ستۆردارد، نوسەرێکی ئەمریکییە، کە بەدیدی فراوانی لەسەر بەرهەمەکانی جیهانی ئیسلامی هاوچەرخ بەناوبانگە، لە کتێبی(حاضر العالم الإسلامي)دا دەڵێت: (..بەردەوام ئیسلام ئایینی ڕێنمونی بووە بۆ خەڵکی و لە تاریکی هاوبەشی پەیداکردن بەرەو ڕوناکی یەکتاپەرستی بردوون، ئەوەتا مێژوش شایەتی حەق بۆ بانگخوازە ئیسلامییەکانی سەرەتای ئیسلام دەدات و کردارەکانی ئەوانمان بۆ دەخاتەڕو، کە هیچ کاتێك و هیچ کامێك لە مژدەدەرانی ئایینەکانی تر کاری وا گەورەیان ئەنجام نەداون)١/٣٠٠-٣٠١.

هەروەها گوتویەتی: (بەرەچاوکردنی ئەو بڵاوبونەوە بەرچاوەی ئیسلام، دەبێ

ددانَ به‌وه‌دا بنێین، که‌ هه‌ر تاکێکی مسوڵمان هه‌ر له‌ فیتره‌تدا بانگخواز و مژده‌ده‌ری ئایینه‌که‌یه‌تی.. ئه‌و کارانه‌ی بانگخوازانی مسوڵمان له‌ ڕۆژئاوای ئه‌فریقیاو ناوه‌ڕاستیدا، له‌ ماوه‌ی سه‌ده‌ی نۆزده‌ تا ئه‌مڕۆ یه‌کێکه‌ له‌ سه‌رسوڕهێنه‌ره‌ گه‌وره‌کان، زۆر له‌ ڕۆژئاواییه‌کان ددانیان به‌وه‌دا ناوه‌، ئه‌وه‌تا ئینگلیزێك به‌ر له‌ بیست ساڵ له‌و باره‌یه‌وه‌ گوتویه‌تی: (ئیسلام له‌ ناوه‌ڕاسته‌کانی ئه‌فریقیادا ده‌توانێت سه‌رکه‌وتنێکی گه‌وره‌ به‌ده‌ستبێنێت، به‌جۆرێك بتپه‌رستی نامێنێت وه‌ك چۆن تاریکی له‌گه‌ڵ هاتنی به‌ره‌به‌یاندا ون ده‌بێت، هه‌روه‌ها وا هه‌ست ده‌که‌م، که‌ بانگه‌وازی مه‌سیحی وه‌کو ئه‌فسانه‌ی لێهاتووه‌).

-مژده‌ده‌رێکی پڕۆتستانتی فه‌ڕه‌نسی ده‌ڵێت: (ئیسلام هه‌رله‌سه‌ره‌تاوه‌ تائه‌مڕۆش هه‌ر پێش ده‌که‌وێت و شتێکی وای له‌به‌رده‌مدا نه‌ماوه‌ و تائێستاش هه‌ر به‌کون وکه‌له‌به‌ره‌کانی زه‌ویدا بلاَوده‌بێته‌وه‌، تاتوانی به‌سه‌ر هه‌موبه‌ربه‌سته‌کاندا زاڵ بێت و گه‌یشته‌ ناوه‌ڕاستی ئه‌فریقیا، به‌ڵێ، به‌ڕاستی هیچ شتێك ڕێ له‌ ئیسلام ناگرێت و هه‌رگیز به‌ چاوی ڕق وکینه‌ ناڕوانێت، هه‌ر له‌به‌ر ئه‌وه‌یشه‌، که‌ سه‌رکه‌وتنێکی به‌رچاوی به‌ده‌ستهێناوه‌، له‌کاتێکدا، که‌ مه‌سیحییه‌کان خه‌ونیان به‌ ڕزگارکردنی ئه‌فریقیاوه‌ ده‌بینی مسوڵمانان هه‌مو پارچه‌کانی قاڕه‌که‌یان ڕزگارکرد) ١/٣٠١-٣٠٢.

*تۆماس کارلیل، نوسه‌ر و مێژونوس و فه‌یله‌سوفێکی ئینگلیزییه‌، له‌ کتێبی (أبطال وعبادة الأبطال)دا ده‌ڵێت: (..(لا إله إلا الله وحده لا شريك له)بیروباوه‌ڕی ڕاسته‌قینه‌یه‌و جگه‌ له‌و هه‌مو شتێکی تر باتڵه‌). ل٥٣٦.

پاشان وه‌سفی ئیسلام ده‌کات و ده‌ڵێت: ئیسلام واته‌:

١-هه‌مو کاروبارێك به‌ خودا بسپێرین.

٢-ملکه‌چی فه‌رمانه‌کانی بین.

٣-له‌ژێر سایه‌یدا هه‌ست به‌ ئارامی بکه‌ین.

٤-پشتی پێببەستین.

٥-بەهێزی لەوەدایە، کە لە بەرانبەر دانایی خوادا خۆڕاگربین.

٦-لە دنیاو قیامەتدا بەبەشی خۆمان ڕازیبین، جا هەرچۆنێك بێت.

٧-هەرچییەکمان توش بێت-ئەگەر مردنی لەناکاویش بێت-بەڕویەکی خۆش و دەرونێکی ڕونی پڕ ڕەزامەندی وەری بگرین و بزانین، کە خێری تێدایەو هەر ئەوەمان بۆ چاکە. لا٥٣.

پاشان کارلیل شایەتییەکی زۆر جوانی شاعیری ئەڵمانی(گۆتە)دەخاتەڕو، کە گوتویەتی: (ئەگەر ئەوە(مەبەست لە ڕەوشتە بەرزەکانە)ئیسلام بێت، کەواتە هەمومان مسوڵمانین).

پاشان کارلیل وەڵامی دەداتەوەو دەڵێت: (بەڵێ، هەرکەسێك مرۆڤێکی گەورەو ڕەوشت بەرزبێت، ئەوا بەڕەوشت مسوڵمانە، ئەگەر بە ئایینیش مسوڵمان نەبێت)لا٥٣.

پاشان دەڵێت: (..بەڕاستی کاڵفامییە مرۆڤ مێشکی بچوکی خۆی بکاتە تەرازویەك بۆ جیهان و بارودۆخی، بەڵکو پێویستە باوەڕی وابێت، کە گەردون یاسایەکی دادگەری هەیە، ئەگەر ئەویش درکی پێنەکات. بنچینەی گەردون بریتییە لە چاکەو چاکسازیش گیانی بون و بونەوەرە..پێویستە مرۆڤ ئەوە بزانێت و بە تەقواو ئارامییەوە باوەڕی پێبکات)لا٥٤.

هەروەها دەربارەی یەکسانی لە ئیسلامدا دەڵێت: (لە ئیسلامدا خاسیەتێك هەیە، کە لە جوانترین و بەرزترین خاسیەتەکانە، ئەویش: یەکسانییە لەنێوان خەڵکدا.

ئەمەش ئاماژەیە بۆ ڕاستگۆترین دید و ڕاسترین ڕا، چونکە دەرونی مرۆڤی باوەڕدار لە هەمو وڵاتاندا هاوسەنگەو خەڵك لە ئیسلامدا یەکسانن و، ئیسلام تەنیا بەوە ناوەستێت، کە زەکات و سەدەقە وەکو سونەتێکی خوازراو دابنێت، بەڵکو

دەیکاتە فەرز لەسەر هەمو مسوڵمانێك و یاسایەکە لە یاساکانی ئیسلام و بەپێی ئەندازەی سامانی کەسەکە دیاری دەکرێ..سوێند بەخوا ئەو کردارە زۆر جوانە، ئەوە جگە لە دەنگی هەمو مروڤایەتی هیچی تر نییە، دەنگی سۆز و بەزەیی و برایەتی و یەکسانی و..هتد)لا٦٥.

هەروەها دەربارەی بەرزی ڕۆحی ئیسلام دەڵێت: (ئەو ئایینە بۆ خاوەن بیر و دیدە ڕۆشنەکان جوانترین و بەرزترین مانای ڕۆحانییەتی تێدایە، بۆیە ڕێزی بگرن و مافی خۆی بدەنێ)لا٦٥.

پاشان کارلیل باسی ئەوە دەکات، کە چۆن ئیسلام عەرەبی لە زەمینی ئارەزوبازی نزم و تاریکەوە بەرەو ئاسمانی حەقی بەرز و ڕۆشن بەرز کردەوە، دەڵێت:

(خوا بە ئیسلام عەرەبی لە تاریکی بەرەو ڕوناکی برد و گەلی مردوی عەرەبی بە ئیسلام زیندوکردەوە.. عەرەب جگە لە گەلێکی گەڕیدە هیچی تر نەبو، کە هەر لە سەرەتاوە لە زەمینێکی وشك و بێخێردا دەژیا، کە نە دەنگێکی تێدا دەبیسترا نە جموجوڵێکی تێدا بەدیدەکرا، بەڵام خوای پەروەردگار لەنێو خۆیاندا پێغەمبەرێکی بۆناردن، ئیتر خاوی و مردویی بووە ناوبانگ و زیندویی و ناڕونی بووە ڕۆشنی و نزمی بووە بەرزی و بێهێزی بووە هێز و کڵپە بووە ئاگر و ڕوناکییەکەی هەمو جیهانی داگرت.. تیشکەکانی باکوری بە باشور گەیاند و ڕۆژهەڵاتی بە ڕۆژئاواوە بەستەوە..دوای تەنها یەك سەدەش گەلی عەرەب دەسەڵاتی هیند و ئەندەلوسیان کەوتە دەست و ئیتر دەوڵەتی ئیسلامی بۆماوەیەکی زۆر بەڕوناکی گەورەیی و خانەدانی و هێزەوە ڕوناك بووەوە..و تروسکەی حەق و هیدایەتیش نیوەی زەمینی داگرت و تائێستاش ئەو ئومەتە هەر لە پلەبەرزەکانی گەورەییدایە..چونکە ڕێبازەکەی یەقین و بەرنامەکەی ئیمانە)لا٦٦-٦٧.

*ڕاهیب(مسیۆن) لە کتێبەکەی(رحلة دینية الى الشرق)دا دەڵێت: (بەڕاستی جێ

داخه، که گه‌لانی مه‌سیحی گیانی لێبورده‌یی، که به‌ڵگه‌ی چاکی و ئاشتی نێوان گه‌لان و ڕێزگرتنه له بیروباوه‌ڕی که‌سانی دی و نه‌سه‌پاندنی ده‌سه‌ڵاته به‌سه‌ریاندا، به‌ڕاستی جێی داخه که ئه‌و ئاکاره جوانه له مسوڵمانان وه‌رناگرن (لا ١٦٢ .

* * *

ئایا ئیسلام بە زەبری شمشێر بڵاوبوەتەوە؟

﴿ لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِۖ قَد تَّبَيَّنَ ٱلرُّشۡدُ مِنَ ٱلۡغَيِّۚ ﴾ البقرة: ٢٥٦. واتە: زۆر کردن لە وەرگرتنی ئاییندا نییە، چونکە ڕێگای چاك و خراپ ڕونکراونەتەوە.

* * *

*ویل دیورانت، فەیلەسوف و مێژونوس و نوسەرێکی ئەمریکییە، لە کتێبی (قصة الحضارة)دا دەڵێت: (پەیمانبەستووەکان-أهل الذمة-مەسیحی و زەردەشتی و جولەکەو سابیئە بون و لەسەردەمی خیلافەتی ئەمەویدا ئەوەندە بە ئاسودەیی و لێبوردەیی دەژیان، کە لە مەسیحییەتی ئەم ڕۆژگارەماندا هاوشێوەی نییە، چونکە ئازادانە دروشمەکانی ئایینەکەیان بەئەنجام دەگەیاند و کڵێسا و پەرستگاکانیشیان بە سەلامەتی مابونەوەو.. حوکمی تایبەتی خۆیان هەبو سەرکردەو دادوەر و یاسای تایبەتی خۆیان هەبو و کاریان پێدەکردن)١٣/١٣٠-١٣١.

پاشان (دیورانت) باسی هۆکاری مسوڵمان بونی زۆر خەڵك دەکات و دەڵێت: (سەرەتای ئەو پلانە پڕ لێبوردەییەی، کە مسوڵمانانی پێشو پەیڕەویان دەکرد- یان بە حوکمی ئەو پلانەوە-زۆربەی مەسیحییەکان بونە مسوڵمان و زەردەشتی و بتپەرستەکانیش تەنیا کەمێکیان نەبن هەمویان بونە مسوڵمان و زۆرێك لە جولەکەکانیش ئایینی نوێیان هەڵبژارد)١٣/١٣٣.

هەرووەها دەڵێت: (ئایینی ئیسلام دڵی سەدان گەلی-لە چین تا ئەندەلوس- داگیرکرد و دەستی بەسەر ڕەوشتیان داگرت و خەیاڵیانی داگیرکرد و ژیانی گۆڕین

و هیوایه‌کی وای پێبه‌خشین، که ئاسته‌نگه‌کانی ژیانیان له‌سه‌ر هه‌ڵگرێت و هێز و گه‌وره‌یی به‌به‌ردا کردن)١٣/١٣٣.

*ئیدوین کالڤرلی، بڕوانامه‌ی له‌سه‌ر زمانه ڕۆژهه‌ڵاتییه‌کان له زانکۆی(برنستۆن) به‌ده‌ستهێناوه، له کتێبی (الشرق الأدنی)دا ده‌ڵێت: (مسوڵمانان له هیچ جه‌نگێکدا مه‌سیحی و جوله‌که‌کانیان ناچار نه‌کردووه ببنه مسوڵمان، ئیسلام به مه‌رجی دانی سه‌رانه ئازادی ته‌واوی به‌جێگه‌یاندنی دروشمه‌کانی ئایینی بۆ فه‌راهه‌م کردون، جگه له ئاشتی و قه‌بوڵکردنی ئیسلام وه‌ك پێشه‌وای شارستانییه‌ت و سیاسه‌تی ده‌وڵه‌تی ئیسلامی هیچی تری لێ داوانه‌کردبون)کۆیله‌ر یۆنگ، لا١٦٣-١٦٤.

هه‌روه‌ها ده‌ڵێت: (له قورئاندا ئایه‌تێکی پیرۆز هه‌یه، که ڕاستگۆیی و دانایی لێده‌چۆڕێت، هه‌مو مسوڵمانان ده‌یزانن، پێویسته نامسوڵمانانیش بیزانن، ئه‌ویش ئه‌و ئایه‌ته‌یه که ده‌فه‌رموێت: ﴿ لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِۖ قَد تَّبَيَّنَ ٱلرُّشۡدُ مِنَ ٱلۡغَيِّۚ ﴾ البقرة: ٢٥٦.واته: زۆرکردن له وه‌رگرتنی ئاییندا نییه، چونکه ڕێگای چاك و خراپ ڕونکراونه‌ته‌وه.

*گۆستاڤ لۆبۆن، پزیشك و مێژونوسی فه‌ره‌نسی، له کتێبی(حضارة العرب)دا، ده‌ڵێت:(له ڕاستیدا گه‌لان هیچ سوپاو ڕزگارکه‌ری لێبورده و به‌به‌زه‌یی وه‌ك عه‌ره‌به‌کانیان و نه ئاینێکی لێبورده‌ی وه‌ك ئایینه‌که‌یان نه‌ناسیوه) لا١١٥.

هه‌روه‌ها ده‌ڵێت:(ڕونی ئیسلام و فه‌رمانکردنی به دادگه‌ری و چاکه‌کاری به ته‌واوی هاریکاری ئه‌و ئایینه‌ی کرد، که به جیهاندا بڵاو بێته‌وه، بۆیه مسوڵمان بونی زۆر له گه‌لانی مه‌سیحی بۆ ئه‌و هۆکاره ده‌گێڕینه‌وه، وه‌ك میسریه‌کان، که له سه‌رده‌می قه‌یسه‌رانی قوسته‌نتینییه مه‌سیحی بون، به‌ڵام کاتێك بنچینه‌کانی ئیسلامیان زانی مسوڵمان بون، هه‌ر له‌به‌ر ئه‌و هۆکاره‌ش نابینین هیچ گه‌لێك دوای مسوڵمان بونی بوبێته‌وه به مه‌سیحی، جا ئه‌و گه‌له به ده‌سه‌ڵات بوبێت یان بێده‌سه‌ڵات)لا

١٢٥.

پاشان(لۆبۆن) دەربارەی دادگەری ئیسلام دەڵێت:(..هەرگیز زەبر و زەنگ لە پشت بڵاوبونەوەی قورئاندا نەبوە، عەرەبەکان- مسوڵمانان- هەمو گەلانی لە ئاییندا سەربەست و ئازاد کردووە، ئەگەر هەندێ لە گەلانی مەسیحیش دوای مسوڵمان بونیان زمانی عەرەبیان کردۆتە زمانی خۆیان، ئەوە بەهۆی سەرسامبونی ئەو گەلانە بوە بە دادگەری عەرەبە مسوڵمانەکان، کە لە پێشەواکانی خۆیاندا هاوشێوەیان نەدیبو..)ل١٢٧.

پاشان دەڵێت:(ئیسلام قورئانی بە زەبری شمشێر بڵاو نەکردۆتەوە، بەڵکو تەنها بە بانگەواز وای لە گەلان کردوە مسوڵمان بن و ئیسلام بە ڕێباز بزانن) ل١٢٨.

هەروەها دەڵێت:(ئەگەر(موسای کوڕی نەسیر) سەرکەوتو بوایە، ئەوا هەمو ئەوڕوپای دەکردە مسوڵمان و، یەکێتی ئاینی بۆ گەلە شارستانییەکان وەدیدەهێنا و ئەوروپای ڕزگار دەکرد) ل٢٦٧.

*فریدریك نیچە، فەیلەسوف و دەروونناسێکی ئەڵمانییە، لە کتێبی(عدو المسیح) دا دەڵێت: (خاچپەرستان دژایەتی شتێکیان کرد، کە پێویست بو لە بەردەمیدا کڕنوش بەرن، لە بەردەم شارستانیەتێکدا، کە سەدەی نۆزدەی ئێمە بە بەراورد لەگەڵیدا زۆر هەژارو دواکەوتووە). ل ٦٠.

*جاك ریزلەر، توێژەرێکی هاوچەرخی فەڕەنسییە، لە کتێبی(الحضارة العربية) دا دەڵێت: (سەرکەوتنەکانی عەرەبە مسوڵمانەکان لە چەند هۆکارێکی جۆراوجۆری ئایینە نوێیەکەیاندا وەریان گرتبو)ل ٣٩.

*ڕۆجێر گارودی، بیرمەندێکی ناسراوی فەڕەنسییەو یەکێکە لە گەورە بەرپرسانی پێشوی حیزبی شیوعی فەڕەنسی، بوەتە مسوڵمان و لە کتێبی(حوار الحضارات) دا

دەڵێت: (ئەوەی ناوی(هێرش کردنە سەر ئیسپانیا)ی لێدەنێن، هێرشێکی سەربازی نەبو، ژمارەی دانیشتوانی ئیسپانیا ئەو کات دە ملیۆن کەس دەبو، بەڵام ژمارەی سەربازو سوارچاکانی مسوڵمان هەرگیز لە حەفتا هەزار تێنەپەڕیوە، بەڵام ژیارو شارستانیەکەیان هۆکاری سەرکەوتنیان بو) لا ٩٧.

*هێر بێرت جۆرج ویلز، نوسەرو ئەدیبێکی بەریتانییە، لە کتێبی(تأریخ الإنسانیة) دا دەڵێت:(ئیسلام بەوە بوە پێشەوا، کە باشترین سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسییە، کە ڕۆژگار بە خۆیەوە دیبێت، هۆکاری بڵاوبونەوەشی لەوەدا بو، کە لەهەمو شوێنێکدا گەلانی سیاسەت سست و ستەمدیدەو ترساو و نەزان و بێبەرنامە بونیان هەبو، هەروەها بونی حکومەتی خۆپەرستی بێبەرهەم، کە بە هیچ جۆرێك لەنێوان حکومەت و گەلدا پێوەندییەك بونی نەبو)..لا ٦٤٩.

*پاشان دەڵێت:(..ئیسلام فراوانترین بیری سیاسی بو، کە خاسیەتی چالاکی کردەکی و پاکترین و نوێترین ڕێبازی لە جیهاندا تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان پیادە کردوەو، سیستەمێکی باشتر لە هەمو سیستەمەکانی بە مرۆڤ بەخشیوە) لا٦٤٩.

*ئی دریۆت، مێژونوسێکی فەڕەنسییە، لە کتێبی(المسألة الشرقية)دا دەڵێت:(لە سەردەمانێکدا، کە ئیتالیا لەناو شەڕو شۆڕدا بو، بە تایبەتی لەو سەردەمەی لەگەڵ بەربەرەکانی ناوچەی پیرۆزدا شەڕی دەکرد، فەتحی عەرەبی لە هەردو لای دەریای ناوەڕاستدا گەورەترو بەرهەمدارتربو لە فەتحی ڕۆمانی و، دەسەڵاتەکەشی چەند سەدەیەك خۆی گرت و بەرهەمەکانیشی لە بەرهەمی ڕۆمەکان گەورەترو کاریگەرتر بون، ناتوانین جگە لە ناوونیشانی کلتورێکی زۆر گەورەو بەرز هیچ ناوونیشانێکی تری بۆ دابنێین، شوێنەواریشیان تا کۆتایی سەدەی پازدە لە ئیسپانیادا هەرمابو)(عن محمد كرد علي:(الإسلام و الحضارة العربية)١\٢٠.

*ئیتین دینیه، ڕۆژهەڵاتناسێکی فەڕەنسییه، لـه کتێبی(أشعة خاصة بنور الإسلام) دا دەڵێت:(قەشه(میسۆن) زۆر بابەتیانەو ڕاستەقینانه لـه کتێبی (رحلة الدينية في الشرق) دەربارەی مسوڵمانان دەڵێت:(بەڕاستی جێی داخه مەسیحییەکان لـه مسوڵمانان گیانی لێبوردەیی و ڕەفتاری جوان وەربگرن، لـه کاتێکدا خۆیان وا هەستدەکەن، که پیرۆزترین بنچینەی بەزەیی و چاکەکارین لـه نێوان گەلاندا)لا١٩.

*زیگرید هۆنگه، خانمه ڕۆژهەڵاتناسێکی ئەڵمانییه، لـه کتێبی(شمس العرب تسطع على الغرب) دا دەڵێت:(گرنگترین هۆکاری سەرکەوتنی عەرەبەکان ئەو لێبوردەییه بو، که گەلانی توشی سەرسامی کرد، ئەوەی هەندێ کەس باسی دەکات لـه دڕندەیی و دەمارگیری تەنیا ئەفسانەو خەیاڵەو هەزاران بەڵگه ئەوە به درۆ دەخاتەوە و، لێبوردەیی و مرۆڤایەتی مسوڵمان لـەگەڵ گەلانی ژێر دەستەو بێدەستەڵاتدا دەسەلمێنێت)لا٣٥٧.

پاشان دەڵێت:(مەسیحی و زەردەشتی و جولـەکەکان بەر لـه هاتنی ئیسلام بەخراپترین شێوه دوچاری دەمارگیری ئاینی دەبونەوە، بەڵام مسوڵمانان– بەبێ هیچ بەربەستێك–ڕێگەیان دەدان دروشمەکانی ئاینەکەیان به جێبگەیەنن و مسوڵمانان پەرستگاو دێرو قەشەو کاهینەکانیان بۆ پاراستن و به هیچ جۆرێك ئازاریان پێنەگەیاندن..)لا٣٦٤.

دکتۆره(هۆنگه) دەپرسێت:(ئایا ئەوه لوتکەی لێبوردەیی نییه؟

مێژو کەی و لـه کوێ ئەو کارانەی تۆمار کردون و بۆمانی گواستۆتەوە؟)لا٣٦٤.

پاشان جار دوای جار دەپرسێت و دەڵێت:(کڵێساکانی مەسیحییەکان لـه سوریا، که خەریك بو لـەسەردەمی مەسیحیدا هەر به یەکجاری بسڕێنەوەو تێکبدرێن، لـه سەردەمی ئیسلامیدا گەیشتۆته لوتکەی ڕێزو گەورەیی، ئایا ئەوه سەیر نییه؟!لا٣٦٨.

(.. ئایا سەیر نییە بپرسین: بۆچی بە ئارەزوی خۆمان لێکدانەوە بۆ شتەکان دەکەین؟ لە کاتێکدا عەرەبە مسوڵمانەکان بە ڕاستی بەشێکی ئەوروپایان ڕزگار کرد، کە(ئەندەلوس) بو، بەڵام مەسیحیەتیان لەناو نەبرد، کە دەڵێن(چارل مارتن) پاراستویەتی، هەروەها شارستانیەتی ڕۆژئاوایان لەناو نەبرد، کە لە ڕاستیدا شارستانیەتێك بونی نەبو!)لا٥٤٠-٥٤١.

*ئیلیس لیختنستادتەر، خانمێکی ئەڵمانییە، زانستی عەرەبی و ئیسلامی لە زانکۆی فرانکفۆرد خوێندووە، لە کتێبی(الإسلام و العصر الحدیث) دا دەڵێت:(وڵاتە ڕۆمی و فارسییەکان سەرپشك نەکرابون لەنێوان هەڵبژاردنی ئیسلام و شمشێر، بەڵکو لەنێوان ئیسلام و سەرانەدا سەرپشك کرابون، کە پلانێك بو شایەنی ستایش کردنەو لە سەردەمی شاژنی شانشین(ئەلیسابات) لە وڵاتە ئینگلیزییەکاندا پەیڕەو دەکرا).ما یقال عن الإسلام، لا٢٢.

*هێنری دی کاستری: ئەفسەرێکی سوپای فەڕەنسایە بە پلەی(موقەدەم)، لە کتێبی(الإسلام: خواطر و سوانح) دا دەڵێت:(مێژوم خوێندوە، دوای ئەوە ئەوەم بۆ دەرکەوت، کە ڕەفتاری مسوڵمانان بۆ مەسیحییەکان بەڵگەیە لەسەر بەرزی و گەورەیی و پێکەوە ژیان و بەختەوەری و نەرمونیانی مسوڵمانان و ئەوسا جگە لە مسوڵمانان هیچ کەس ئەو هەستەیان نەبو)لا٤٤.

پاشان هێنری دەڵێت:(.. ئەگەر ئاینی(محمد) بەزەبری شمشێر بڵاوبوایەتەوە ئەوا دوای فتوحاتی مسوڵمانان ڕەوڕەوەی ئەو ئایینە پەکی دەکەوت، بەڵام ئەوەتا تا ئێستاش قورئان باڵی بەسەر هەمو لایەکی ئاوەدانیدا کێشاوە)لا٥٠.

هەروەها دەربارەی سۆزو بەزەیی ئیسلام و نەرمونیانی مسوڵمانان دەڵێت:(.. ئاینی ئیسلام بەزەبری شمشێرو زەبرو زەنگ بڵاو نەبۆتەوە، بەڵکو چاکترە بگوترێ: ئاشتی و سەلامەتی مسوڵمانان و نەرمونییانیان هۆکاری ڕوخانی میرنشینی عەرەبی بو،

لەوانەیە ئەگەر مسوڵمانان لەگەڵ ئەندەلوسییەکاندا هەمان کاری مەسیحییەکانیان بەرانبەر گەلە سەکسۆنییەکان بکردایە، ئەوا دەهاتنە پاڵ ئیسلام و پێشوازیان لێدەکردن، چونکە سەرەڕای ئازادی مەسیحیەتیش تێیدا زۆر پارچە پارچەو فرە لایەن بون..)ل٨٦٧.

پاشان شایەتییەکی زۆر جوان و دادگەرانە دەدات و دەڵێت:(ئێمە چیمان داوایە لەو گومان و گریمانانە؟لە کاتێکدا، کە شتێکمان لەبەردەمدایەو پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکەین، ئەویش ئەوەیە، ئاینی قورئان توانی هەمو گەلانی جولەکەو مەسیحی و بتپەرست لە ئەفریقای باکور و بەشێکی گەورەی ئاسیا داگیربکات، تەنانەت لە ئەندەلوسدا هەندێ لە مژدەدەران و پیاوانی ئاینی مەسیحی بەهۆی خۆشەویستیان بۆ ئیسلام وازیان لە ئاینەکەیان هێناو، بەبێ هیچ زۆر لێکردنێك، ئەمەش پێمان دەڵێت، کە ئیسلام هێزی ڕاکێشان و بڵاوبونەوەی هەیەو، هەر لەبەر ئەوەشە تائێستاش ڕو لە زیادبون و بڵاوبونەوەی بەردەوامە)ل٨٦٧.

*ئیمیل دێرمینگهەم، ڕۆژهەڵاتناسێکی فەرەنسییە، لە کتێبی(حیاة محمد)دا دەڵێت:(جیهاد بۆ هیدایەتدانی خەڵکی و مسوڵمان کردنیان نەهاتووە، ئەوەتا قورئان دەفەرموێت:(لا إكراه في الدين قد تبين الرشد من الغي)البقره٢٥٦.واتە: زۆر لێکردن لە ئایندا نییە، ڕێگای چاکەو خراپە بەتەواوی ڕونکراوەتەوە. هەروەها قورئان فەرمان بە مسوڵمانان دەکات دادگەر بن و توندوتیژ نەبن.

هەروەها دەڵێت:(لەبەر ئەوە سەرکەوتن بۆ عەرەبەکان نوسرابو چونکە شایەنی ئەوە بون، هەروەها لەبەر ئەوە بردنەوە بۆ ئیسلام نوسرابو، چونکە ئیسلام ناوونیشانی پەیامێك بو، کە ڕۆژهەڵات زۆر پێویستی پێ هەبو.مسوڵمانان بەر لە کۆچ کردن بۆ مەدینە زۆر ئێش و ئازاریان دی و نەیانتوانی بەرەنگاری ببنەوە، بەڵام کاتێك کۆچیان کردو دوای ئەو بەرگریکردن و سەرکەوتنە.. لێبوردنی فراوانیان کردە

دەستور..)لا٣٩٦ .

پاشان دەڵێت: (بەڵێ، بت پەرستان هیچ جێگەیەکیان لەماڵی ئیسلامدا نەما، بەڵام خاوەن کتێبەکان جولەکەو مەسیحییەکان مافی پاراستن و ئازادی پەرستشیان پێبەخشرا.. پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: (من آذى ذميًا فأنا خصمه)، واتە: هەر کەسێ پەیمان بەستویەك ئازاربدات ئەوا من دژیم. لە قورئان و فەرمودەشدا زۆر فەرمان بە لێبوردەیی کراوە! ڕزگارکەران و ڕزگارکەرانی ئیسلامیش کاریان بەو بنچینەیە کردووە! هەرگیز مێژو ڕوداوێکی ڕاستی تۆمار نەکردوە، کە مسوڵمانان گەلێکیان لەناو بردبێت، هاتنی پۆل پۆلی خەڵکیش بۆ ناو ئیسلام تەنها ئارەزو بووە، لێرەدا باسی عومەری کوڕی خەتاب دەکەین کاتێك، کە قودسی ڕزگار کرد، فەرمانی کرد کە بە خراپە نزیکی مەسیحییەکان نەکەونەوەو کڵێساکانیان بپارێزن و پیاوانی ئاینی پاراستن و ڕەتیکردەوە کە نوێژ لە کڵێسادا بکات، نەوەك مسوڵمانان ئەوە بکەنە بیانویەك تا بیکەنە مزگەوت..)لا٣٦٩-٣٧٠ .

پاشان دێرمینگهەم جیاوازی نێوان فتوحاتی مسوڵمانان و جەنگی خاچپەرستان دەخاتە ڕوو دەڵێت: (بەڕاستی جیاوازییەکی زۆر بەدیدەکەین لەنێوان هاتنی مسوڵمانان بۆ قودس وەکو ڕزگارکەرو هاتنی خاچپەرستان، کە دەستییان کرد بە کوشت و بڕی مسوڵمانان! تا ئاستێك کە ئەسپەکانیان تا چۆکان کەوتنە نێو گۆمی خوێن و بڕیاریاندا کە هەمو ئەو مسوڵمانانەش بکوژن، کە لە کوشتارگەی یەکەم نەجاتیان بوبو)لا ٣٧٠ .

پاشان دەربارەی بەزەیی مسوڵمانان، کە لە پێغەمبەری ئیسلام و شوێنکەوتوانیدا بەدیدەکرا، دەڵێت: (محمد دەریخست، کە بە تەواوی گەیشتۆتە بەرزی دەرونی، کە ئەستەمە لە مێژودا هاوشێوەی بدۆزیتەوە، فەرمانی بە سەربازەکانی کرد، کە لە پیرو پەککەوتەکان خۆشبن و نزیکی ژن و منداڵ نەکەونەوە و ئاگاداری کردنەوە کە

نه‌كه‌ن ماڵی خه‌ڵك تێكده‌ن و به‌ زۆره‌ملێ شت له‌ بازرگانان وه‌رنه‌گرن و دره‌خته‌ به‌به‌ره‌كان نه‌برِن و فه‌رمانپێكردن له‌كاتی زۆر پێویستدا نه‌بێ شمشێره‌كانیان ده‌رنه‌هێنن، هه‌روه‌ها سه‌رزه‌نشتی زۆر له‌ سه‌ركرده‌كانی ده‌كرد كه‌ توشی هه‌ڵه‌ بوبان و بۆی ڕاست ده‌كردنه‌وه‌)لا ٣٧١.

*ڕۆم لاندۆ، په‌یكه‌رتاش و ڕه‌خنه‌ گرێكی هونه‌ری ئینگلیزییه‌و مامۆستای بابه‌ته‌ ئیسلامیه‌كانه‌ له‌ زانكۆی سان فرانسیسكۆ، له‌ كتێبی(الإسلام و العرب)دا ده‌ڵێت:(له‌ سه‌رده‌مانێكدا، كه‌ تاڵانكاری یاسایه‌ك بو، كه‌ هه‌مو له‌شكرێك، به‌ سه‌ركه‌وتنه‌وه‌ چوبایه‌ ناو شارێك په‌یڕه‌وی ده‌كرد، له‌و سه‌رده‌مه‌دا(خالیدی كوڕی وه‌لید) به‌رانبه‌ر خه‌ڵكی دیمه‌شق، كارێكی كرد، كه‌ ده‌رده‌كه‌وێت كه‌ له‌شكری مسوڵمانان خۆی وه‌ك ڕزگاركه‌ری گه‌له‌ چه‌وساوه‌كان و له‌هه‌مان كاتدا هه‌ڵگری په‌یامی ئیسلام هه‌ژمار ده‌كرد..)لا ٦٠.

پاشان(لاندۆ) شێوازی مامه‌ڵه‌ كردنی مسوڵمانان له‌گه‌ڵ په‌یمانبه‌ستووه‌كان- جوله‌كه‌و مه‌سیحییه‌كان- له‌ژێر سایه‌ی ده‌وڵه‌تی ئیسلامیدا ده‌خاته‌ڕو و ده‌ڵێت:(به‌ پێچه‌وانه‌ی ئیمپڕاتۆریه‌تی مه‌سیحی، كه‌ هه‌وڵی ده‌دا به‌ زۆره‌ملێ مه‌سیحییه‌ت به‌سه‌ر ژێرده‌سته‌كانیدا فه‌رز بكات، عه‌ره‌به‌ مسوڵمانه‌كان ددانیان به‌ كه‌مینه‌ی ئایینیدانا جوله‌كه‌و مه‌سیحییه‌كان له‌لای ئه‌وان به‌-په‌یمانبه‌ستو- یاخود گه‌له‌ پارێزراوه‌كان ناسرابون)لا ١١٩.

*هامڵتۆن ئه‌لیكسانده‌ر ڕۆكسین جیب، پێشه‌وای ڕۆژهه‌ڵاتناسه‌ ئینگلیزه‌كانه‌، له‌ كتێبی(دراسات في حضارة الإسلام) دا ده‌ڵێت:(فتوحاته‌كانی ئیسلام به‌ جۆرێك ئه‌نجامدران، كه‌ به‌ هیچ جۆرێك ئابوری وڵاته‌ فه‌تحكراوه‌كانی توشی شپرزه‌یی نه‌كردو له‌سه‌ر ئه‌و بناغه‌یه‌ش ده‌سته‌ڵاتێكی ناوه‌ندی توندو تۆلیان دامه‌زراند)لا ٨.

*د. لویس یۆنگ، توێژه‌رێكی ئینگلیزی هاوچه‌رخه‌، له‌ كتێبی(العرب و اوروبة)

دا دەڵێت:(ئەو گیانە لێبوردەییەی ئیسلام لە سەدەکانی ناوەڕاستدا پەیڕەوی کرد زۆر لەو لێبوردەییە زیاتر بو، کە مەسیحییەکان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا پەیڕەویان دەکرد، چونکە لە سەردەمی مەسیحییەکاندا ئەستەمە هیچ ئاسانکاری و ڕەفتارێکی باش بەرانبەر جولەکەکان یان مسوڵمانان بەدی بکەی.لا٥١.

*د.نەسیم سوسە، ئەندامی کۆمەڵی زانستی عێراقییە، بوەتە مسوڵمان و لە کتێبی(في طريقي إلى الإسلام) دا دەڵێت:(وا چاکە شوێنکەوتوانی(موسا)و(عیسا) چاوێك بە مێژوی ئیسلامدا بخشێنن، تا هەڵوێستەیەك لەسەر ئەو فەرمانانە بکەن کە ئیسلام دەریدەکات دەربارەی بەزەیی هاتنەوە بە منداڵ و ژن و پیرو پەککەوتە و ئەوانەی لە دژیان ناجەنگن، مێژو ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت، کە مسوڵمانان بە پێی شەریعەتەکەیان ڕۆیشتون و بە هیچ جۆرێك بەخراپە نزیکی منداڵ و ژن و پیر و پەککەوتەکان نەکەوتونەتوە و زۆر بەباشی مامەڵەیان لەگەڵدا کردون، تەنانەت لەو کاتانەشدا کە دوژمن لە منداڵ و ژن و پیر و پەککەوتەو ئەو کەسانەشی دەکوشت کە جەنگاوەر نەبون)١\٩٤.

هەروەها دەڵێت:(ئیسلام شەریعەتی دادگەری و مرۆڤایەتییە.. ڕێبازی نەرمو نیانی لە بانگەواز بۆ ڕاستی یەکتاپەرستی دڵەکان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت و عەقڵی مرۆڤەکان سەرسام دەکات و بەبێ شەڕو شمشێر خەڵك پەلکێش دەکات)٢\٣٨.

*ئیڤلین گۆبۆڵد، خانمێکی خانەدانی ئینگلیزییە، بوەتە مسوڵمان لە کتێبەکەی(البحث عن الله) دا دەڵێت:(ئیسلام بە خراپە نزیکی خاوەن ئایینانی تر ناکەوێتەوە، تەنانەت ئەوەشیان لەسەر فەرز ناکات کە هەر دەبێ ئایینەکەی قەبوڵ بکەن و بێنە ژێر سایەی.. هەروەها هەرگیز دژایەتی ئەوانەی نەکردووە کە نەبونەتە مسوڵمان و کاری بۆ کوشتن و سوتاندن و سزادانیان نەکردووە وەك چۆن ڕێبازەکانی تر کردویانەو ئەو ئایەتەی قورئانی پیرۆزیش بەڵگەیەکی ڕونە، کە دەفەرموێت:(لا

إكراه في الدين)البقرة. واتە: زۆر لێکردن لە ئاییندا نییە.لا٩٣.

پاشان(گۆبۆلد) ئەو چیرۆکەی عومەری کوڕی خەتتابی هێناوە، کاتێك لە کڵێسای(قیامە) دابو کە کاتی نوێژ هات، بەڵام ئەو هاتە دەرەوەو نوێژی تێدا نەکرد، تا نەبێتە هۆکارێك بۆ کردنی بە مزگەوت، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو ڕێزەی ئیسلام لەسەر شوێنکەوتوانی پێویست کردووە لەبەرانبەر ئایینەکانی تردا و دەڵێت:(ئەوەتا عومەری کوڕی خەتتاب وەك ڕزگارکەرو سەرکەوتو هاتە ناو قودس.. کاتێك لەناو کڵێسای قیامەدابو کاتی نوێژ هات، بەڵام ئەو هاتە دەرەوەو لەوێ نوێژی کرد، کاتێك یەکێ لە پیاوە ئایینییەکانی مەسیحی دەربارەی هۆکاری ئەوە پرسیاری لێ کرد، پێی گوت: دەترسم دوای من مسوڵمانان ئەو نوێژەی من لەنێو کڵێسادا بکەن بە بیانویەك بۆ گۆڕینی بۆ مزگەوت و بەمەش پەیمانەکەمان هەڵوەشێنێتەوە.. بەڵێ بەو جۆرە(فاروق) کڵێسای یەکەمی بۆ مەسیحییەکان پاراست)لا٩٤.

هەروەها بەزەیی ئیسلام دەخاتە ڕو، کە سەرکردە(سەڵاحەددین) نیشانیدا کاتێك دەستی بەسەر قودسدا گرت، دەڵێت:(کاتێك سەرکردە(سەڵاحەددین) دوای چەند شەڕێك قودسی گرتەوە دەست و خاچپەرستانی لەو ناوچەیە وەدەرنا، لە جەنگەکانیدا هەمو جۆرێکی نەرمونیانی و بەزەیی و سۆزو لێبوردەیی نیشاندا، زۆر لە نوسەرانی ڕۆژئاواش ئەو سیفەتەیان باس کردووە، ددانیان بەوەداناوە، کە بەرزو بەڕێزترین دوژمن و چاکترین ڕزگارکەر بووە)لا٩٥.

پاشان دەڵێت:(.. ئەوەی شایەنی باسە ئەوەیە، کە کاتێك(سەلاحەددین) قودسی ڕزگارکرد، تا ئەو کات کرداری خوێنڕێژانەی خاچپەرستان بەرانبەر خەڵکی قودس هەر لەبەر چاوی خەڵکدا مابو، بەڵام ئەو ڕەتی کردەوە و هەمان کرداری بەرانبەر بە خەڵکی مەسیحی نەکردەوەو بە نەرمونیانی و ڕەفتاری جوان لەگەڵیاندا جوڵایەوە و ڕەتی کردەوە تۆڵە لەو کەسانە بکاتەوە کە هەستان بە خراپەکاری و سوتاندن و

تێکدان..)لا٩٥\٩٦.

*ئادەم میتز، ڕۆژهەڵاتناسێکی ئەڵمانییە، مامۆستای زمانە سامییەکانە لە زانکۆی بازل لە سویسرا، لە کتێبی(الحضارة الإسلامية في القرن الرابع الهجري) دا دەڵێت:(حکومەتی ئیسلامی بە هیچ جۆرێك دەستی وەرنەدەدا لە دروشمە ئایینییەکانی پەیمانبەستووەکان، تەنانەت کار گەیشتبووە ئەوەی، کە هەندێ لە خەلیفەکان ئامادەی بۆنەو جەژنەکانیان بن..)لا٧٠.

*ویلیام مۆنتۆمێگری وات، ڕاگری بەشی بابەتە عەرەبییەکانە لە زانکۆی(ئەدنبرا) لە کتێبی(تأثير الإسلام في إوروبة في العصور الوسطى) دا دەڵێت:(هەندێ ناوچە لە ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیاو باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا هەبون، کە ئیسلام لە ئەنجامی چالاکی بازرگاناندا بڵاوبوەتەوە، دڵسۆزی و هاوسەنگی و دەستگرتنی ئەو مسوڵمانانە بە ئیسلامی پاك بتپەرستانی توشی سەرسامی کرد، ئەوانەی، کە پێوەندی بازرگانیان لەگەڵ مسوڵماناندا هەبو، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆریان مسوڵمان بن و پێوەندی خزمایەتی لە ڕێگەی هاوسەرگیرییەوە بوە هۆی ئەوەی، کە کۆمەڵگەی بچوکی ئیسلامی لە نێو ناوچە بتپەرستییەکاندا دروست بن و پاشان ئەو کۆمەڵگایانە وردە وردە گەورەبون..)لا٣٠.

*پرۆفیسۆر جی-م. کرامەرز، ڕۆژهەڵاتناسێکی هۆڵەندییە، لە کتێبی(تراث الإسلام) دا دەڵێت:((ئۆرشەلیم) کە بەرزترین ناوەندی ئایینی ئەورووپای مەسیحی بو لەساڵی٦٣٨ز کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئیسلام، بەڵام فەتحی ئیسلامی نەبووە ڕێگر لەبەردەم سەردانیکردنی قەبری پیرۆز و نەبوە بەربەست لە نێوان مەسیحییەکان و بەجێهێنانی ئەو پەرستشە)سێر تۆماس ئارنۆڵد لا١٢٩.

نەسری سەلهەب، مەسیحییەکی لوبنانییە، بەدیدی بابەتییانە و گەڕانی بەدوای

ڕاستیدا بەناوبانگە.. لە کتێبەکەی(لقاء المسيحية و الإسلام) دا دەڵێت:(مەسیحییەت جەنگی خاچپەرستانی دژی ئیسلام بەرپا کردووە، جا مێژونوسان بە ئارەزوی خۆیان دەڵێن بۆ ڕزگارکردنی شوێنە پیرۆزەکان بووە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو جەنگە یەکێك بو لە هەڵە مێژوییە گەورەکان.. چونکە شوێنە گەورە پیرۆزەکان لە مەترسیدا نەبون و هیچ فەمانڕەوایەکی مسوڵمان نەیویستووە، کە ئەو شوێنە پیرۆزانە لەناوبەرێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئەوەتا خەلیفە عومەری کوڕی خەتتاب ڕەتیکردەوە نوێژ لە کڵێسای(قیامە) دا بکات تاوەکو هەر بە سروشتی مەسیحی خۆی بمێنێتەوە، مسوڵمانانی تریش بە درێژایی مێژو هەر وایان کردووە)لا ٥٤.

پاشان لە(العهدة العمرية)دا دەڵێت:(پەیمانی عومەری کوڕی خەتتاب، کە بە خەڵکی بەیتولمەقدیسی دابو، ئایا لە مێژودا هیچ پەیمانێك هەیە لە ڕوی چاکی و دادگەری و لێبوردەیی پێی بگات؟!..

ئەمەش دەقی بەشێکی پەیمانەکەیە: بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان: ئەمانە ئەو مافانەی ئاسایشن، کە بەندەی خوا(عومەر) ی پێشەوای بڕواداران بە خەڵکی بەیتولمەقدیسی داوە، ئاسایشی پاراستنی خۆیان و ماڵ و سامانیان و کڵێساو خاچەکانیان..هیچ کەسێ زۆرییان لێناکات و زیانیان پێناگەیەنێت..)لا ٣٣١.

پاشان(سەهەب) دەڵێت:(چ دۆڕاوێکی جەنگ بە درێژایی مێژو لە لایەن هێزی براوەو سەرکەوتو پەیمانی وای دراوەتێ؟!.. مسوڵمانان بۆ ماوەی هەزارو سێسەد ساڵ لە ڕۆژهەڵاتدا-بەتەواوەتی لە خاکی فەلەستین-دا مانەوە، کەچی نزیکی هیچ شوێنەوارێکی مەسیحییەکان نەکەوتنەوە، بەڵکو کڵێساکان و شوێنە پیرۆزەکان بەتەواوی پارێزرابون)لا ٣٣١.

*دەتوانین مەرجەکانی جەنگ و بەندو بارەکانی لە ئیسلامدا بەو خاڵانەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

١-ڕونی هۆکارو ئامانج.

٢- تەنها جەنگ لەگەڵ جەنگاوەراندا دەکرێت و بەهیچ جۆرێك دژایەتی خەڵکی ئاسایی ناکرێت.

٣-ئەگەر ئاشتیان بەرپاکرد ئەوا تەنیا ستەمکاران سزا وەردەگرن.

٤-پاراستن و ڕەفتاری جوان لەگەڵ دیلەکانداو ڕەفتاری مرۆڤانەیان لەگەڵدا بکرێت.

٥-پاراستنی ئازادی ئایینی و پاراستنی کڵێساو پەرستگاکان.

٦-پاراستنی ژینگە، نەکوشتنی ئاژەڵ- تەنیا بۆ پێویستی نەبێت-و نەسوتاندنی درەخت و خراپ نەکردنی بەروبومی کشتوکاڵی و ئاوو پیس نەکردنی بیری ئاوو تێکنەدانی خانوی خەڵك.

ئیسلام بە بەزەیی و..دادگەری و..
زانست و..ئاشتی بڵاوبوەتەوە

﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَـٰكَ إِلَّا رَحۡمَةً لِّلۡعَـٰلَمِينَ ﴾ الأنبياء: ١٠٧

* * *

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِنَّآ أَرۡسَلۡنَـٰكَ شَـٰهِدًا وَمُبَشِّرًا وَنَـذِيرًا * وَدَاعِيًا إِلَى ٱللَّهِ بِإِذۡنِهِۦ وَسِرَاجًا مُّنِيرًا ﴾ الأحزاب: ٤٥ - ٤٦

* * *

((ئەو پیاوەی وەك ڕەحمەت بۆ جیهان نێردراوە، ئەگەر ئێمە پەیامەکەی وەرنەگرین و ڕێبازەکەی پەیڕەو نەکەین، ئەوا ئەو کارەمان هیچ ناگەیەنێت، تەنیا ئەوە نەبێت، کە ئێمە ڕەحمەتی خودا ڕەتدەکەینەوە))

لیوپۆڵد ڤایس: الاسلام على مفترق الطرق، لا١٠٢-١٠٣.

با مێژو بۆمان بدوێ، دەربارەی:

یەکەم: ئەو وڵاتە مسوڵمانانەی فەتحی ئیسلامییان نەچۆتەناو:

١-ئەندۆنیسیا:

ئەو وڵاتەی ڕێژەی مسوڵمانانی ٪۹۰ەو نەمانبیستووە ڕۆژێ لە ڕۆژان لەشکرێکی مسوڵمانانی چوبێتە ناو تەنانەت یەکێك لە دورگەکانیشی.

٢-مالیزیا:

کە تەنانەت تاکە سەربازێکی مسوڵمانیش نەچۆتە نێو خاکەکەی، کەچی ڕێژەی مسوڵمانان لەو وڵاتەدا لە نیوەی ژمارەی دانیشتوانی زیاترە.

٣-ئەفریقیا:

لە کەناری ڕۆژهەڵاتییەوە تا مۆزەمبیق لە باشور و زۆرینەی دانیشتوانی کەناری ڕۆژئاوای قارەکە مسوڵمانن، لەکاتێکدا مێژو هەواڵێکی وای تۆمارنەکردووە، کە لەشکری مسوڵمانان چوبێتە ناو هیچ کام لەو خاکانەوە.

لەبەرئەوە دەپرسین: کام شمشێرەیە، کە چوّتە نێو ئەو خاکانەوەو بوەتە هۆکاری بڵاوبونەوەی ئیسلام تێیاندا؟!

مێژو پێمان دەڵێت کە ئەوانەی چونەتە نێو ئەو خاکانەوە بازرگانە مسوڵمانەکان بون، کە چەکێکی بەهێزتر لە شمشێریان پێبو، ڕەوشتی پێغەمبەرەکەیان(ﷺ) و فەرمانە پڕ بەزەییەکانی ئیسلامی وەکو ڕاستگۆیی و دادگەری و دەستپاکی و بەڵێن بردنەسەر و دڵسۆزییان پەیڕەو دەکرد.

*دکتۆر و دیبلۆماسکاری ئەڵمانی(مراد هۆفمان) لە کتێبەکەیدا(یومیات مسلم ألماني)دا دەڵێت:

(بڵاوبونەوەی خۆکرد و ئاسانی ئیسلام بەدرێژایی مێژو خاسیەتی ئەو ئایینە بووە، ئەوەش لەبەرئەوەی ئایینی فیتڕەت و سروشتە، کە بۆ محمد(ﷺ)هاتووە).

هەروەها لە کتێبی (الاسلام کبدیل) دا دەڵێت: (ئەوەی لە قورئاندا لە هەموشتێك زیاتر توێژەر و ڕۆژهەڵاتناس سەرسام دەكات، ئەو باسە تێروتەسەلەیە، كە قورئان سەرەڕای كەمینەییان لە ناو كۆمەڵگای ئیسلامیدا باسی لە ماف و پاراستنی خاوەن كتێبەكان كردووە، ئەمەش بەڵگەیەكی ڕونە لەسەر لێبوردەیی و سنگ فراوانی ئەو ئایینە)لا١٢٤.

بەپێی توێژینەوەكانی ناوەندی(رصد العقائد)لەشاری(برن)ی سویسرا، ئیسلام لە هەمو ئایینەكان زیاتر لە جیهاندا و لە مێژودا گەشەدەكات و بڵاودەبێتەوە.

ئەو ڕاستییەش لەلایەن توێژەرانی ئایینەكان پشتڕاست كراوەتەوە، ئەوەتا كچە توێژەری ئایینی ئەمریكی دەڵێت:

*كارۆل ئەنوی، لە كتێبەكەی (سر إسلام الامریكیات)دا دەڵێت: (لە ئەمریكای باكوردا ئیسلام لە هەمو ئایینەكان زیاتر گەشەدەكات و بڵاودەبێتەوە)لا١٨٠.

*هەروەها دكتۆر (هستۆن سمیس) لە كتێبی(دیانات الانسان)دا دەڵێت: (ئیسلام لەم سەردەمەدا–وەك سەردەمانی پێشو–لە هەمو ئایینەكان لە پەیداكردنی شوێنكەوتو و بەڕاست دانەراندا خێراترە)

*هەروەها مژدەدەر (جۆن تكل)دەڵێت: (سەرەڕای ئەو هەوڵە كەمەی لەپێناو بڵاوبونەوەیدا دەدرێت–كە دەكرێ هەوڵەكان بە نەبو هەژمار بكرێن–بەڵام ئیسلام هەر بەرەو گەشەسەندن و بڵاوبونەوەیە)الغارة علی العالم الاسلامي، ل.شاتلیية.

*بیانكا سكارسیا، لە كتێبەكەی(العالم الاسلامي و قضایاه التأریخیة)دا دەربارەی هێزی سەرنجڕاكێشی ئیسلام دەڵێت: (شەریعەتی قورئانی هێزی سەرنجڕاكێشانی هەیەو كار لە ملیۆنان كەس دەكات، ئیسلام بەردەوام خواستی لەسەر زیاتر دەبێت و خەڵك زیاتر دەبنە مسوڵمان.. لێكدانەوەی ئەو دیاردەیەش بەتایبەت لە ئەوروپادا كارێكی قورسە، چونكە خەریكە ئیسلام دەبێتە جێگرەوەی شارستانییەتی ڕۆژئاوا)لا٤٠-٢٠٧.

پاشان (سکارسیا)دەربارەی هێزی سەرنجڕاکێشی ئەو ئایینە پرسیاردەکات و دەڵێت: (ئیسلام بەردەوام گەشەدەکات، ئەو هێزە سەرسوڕهێنەرە چییە، کە لەو ئایینەدا هەیە؟! چ هێزێکی خودکاری باوەڕهێنەری تێدایە؟! بۆچی دەرونەکان بەپەرۆشەوە بانگەوازی ئیسلام قەبوڵ دەکەن و بە وەڵامی ئەریّ لە خزمەتیدان؟!)**شمس الإسلام تشرق من جديد، محمد عثمان، ل١٩٢.**

*جۆن پۆل رۆ لە کتێبەکەی (الإسلام فی الغرب)دا دەڵێت: (گەڕانەوەی ئیسلام بۆ ئەورووپا شەپۆلێکی نوێیە، کە هیچ ئایین و ڕێسایەك ناتوانێت سنورداری بکات یان بیوەستێنێت).

*(لیۆ تۆلستۆی)یش ڕای وایە، کە: (شەریعەتی ئیسلام هەمو بستێکی ئەو سەرزەمینە دەگرێتەوە، ئەوەش بەهۆی گونجانی لەگەڵ عەقڵدا و بونی دانایی و دادگەری تێیدا) **شمس الإسلام تشرق من جديد، محمد عثمان، ل١٩٢.**

*یەکێك لەو ڕاستییانەی نوسەری شانۆگەری ئێرلەندی(جۆرج بێرنارد شۆ) خستویەتییەڕو، ئەوەیە، کە دەڵێت: (هەمو دنیا ئیسلام قەبوڵ دەکەن، ئەگەر بەناوی خۆشییەوە پەیڕەوی نەکەن ئەوا بەناوێکی خوازراو پەیڕەوی دەکەن! ئەو ڕۆژەش دێت کە ڕۆژئاوا دێتە سەر ئایینی ئیسلام) **الإسلام بعد مئة عام.**

دووەم: ئەو وڵاتانەی فەتحی ئیسلامییان گەیشتۆتێ:

لەو باسەدا شایەتی مێژو دەخەینەڕو، هەروەك ڕۆژهەڵاتناسی ئینگلیزی (تۆماس ئارنۆڵد) لە کتێبەکەیدا(**الدعوة الى الإسلام**)دا هێناویەتی:

١-وڵاتی شام:

(ئەو هۆزە مەسیحییانەی بونە مسوڵمان بە ئارەزوی خۆیان و ئازادانە ئەو بڕیارەیان داوە، ئەو عەرەبە مەسیحییانەی ئێستا لەنێو کۆمەڵانی مسوڵماندا دەژین

شایەتی ئەو لێبوردەییەن)لا٧٠.

هەروەها دەڵێت: (خەڵکی مەسیحی حومس لە سوریا هاتنەلای ئەبوعوبەیدەی عامری کوڕی جەرراح، ئەوکاتەی مسوڵمانان بڕیاریان دابو لە باشور بەرەو یەرموك پاشەکشێ بکەن، دەیانگوت:

ئەی مسوڵمانان، ئێوەمان لە ڕۆمەکان خۆشتر دەوێت، ئەگەرچی ئەوان لەسەر ئایینەکەی ئێمەش بن، ئێوە بەوەفاتر و بەبەزەیی ترن..باشتریشن بۆ سەرکردایەتیمان، چونکە ئەوان-ڕۆمەکان-دەمانچەوسێننەوە و ناهێڵن دروشمە ئایینییەکانیشمان بە ئازادی ئەنجام بدەین)لا٧٣.

٢-میسر:

(سەرکەوتنی گەورەی عەرەبەکان-ڕزگارکەرە مسوڵمانەکان-بەر لە هەمو شتێك دەگەڕێتەوە بۆ پێشوازی کردنی مەسیحییەکان، کە لە فەرمانڕەوایی بیزەنتییەکان بێزاربوبون، بەهۆی ئەو زوڵم و ستەمەی دەیانکرد و زانایانی ئایینییان ئازاردەدان)لا١٢٣.

یەکێك لە وێنەکانی ستەمی ڕۆمە بیزەنتییەکان بریتی بو لەوەی، کە: (قیبتییەکانیان ئازار و ئەشکەنجە دەدان، پاشان فڕێیان دەدانە نێو ڕوبار)لا١٢٣.

فەتحی ئیسلامی چی پێشکەشی قیبتییەکانی میسر کرد؟

١-ڕزگاری کردن لە باج و سەرانەی زۆر و تەنیا دەیەکی ئەو باجەی لێوەردەگرتن، کە ڕۆمەکان وەریان دەگرت.

٢-ئازادی ئایینی بۆ دابینکردن-هەروەك تۆماس ئارنۆڵد دەڵێت-ژیانێکی وای بۆ فەراهەم هێنان کە لەسەر ئازادی ئایینی دامەزرابو، لەکاتێکدا پێشتر ئەو ئازادییەیان نەبو.

(هەروەها هیچ بەڵگەیەك نییە ئەوە بسەلمێنێت کە گۆڕینی ئایینی پێشویان و

مسوڵمان بونیان بەهۆی چەوساندنەوە و زۆرلێکردن و نەبونی لێبوردەیی بووە لەلایەن فەرمانڕەوا نوێکانەوە-واتە: مسوڵمانان-تەنانەت هەندێ لە قیبتییەکان بەرلەوەی فەتحی ئیسلامی دەستپێبکات مسوڵمان بوبون)لا١٢٤.

٣-ئیسپانیا:

(لەڕاستیدا سیاسەتی لێبوردەیی-کە ڕزگارکەرە مسوڵمانەکان پەیڕەویان دەکرد، گەورەترین کاریگەری لەسەر ئاسانکردنی دەستگرتن بەسەر ئەو وڵاتانەدا هەبو)لا١٥٧.

(کاریگەری ئیسلام لەسەر دەرونی ئەو مەسیحییە ئیسپانییانەی بوبونە مسوڵمان بە ئەندازەیەك بو، کە بەو شارستانیەتە سەرسوڕهێنەرە سەرسامی کردن و بە شیعر و فەلسەفەو هونەر دەستی بەسەر عەقڵ و خەیاڵیانداگرت)لا١٦٤.

ژیار و شارستانییەتی ئیسلام لەهەمو بوارەکاندا-کە لە مێژودا وێنەی نەبو-هۆکاری بڵاوبونەوەی ئیسلام بون، نەوەك شمشێر هەروەك نەفام و نەیاران دەیدەنەپاڵ ئیسلام.

مێژو و ئێستاش بۆ شایەتی بەسن.

ئایین و ڕێبازەکانی دک بەوشێوەیە بڵاوبونەتەوە

(فَضَرْباً تَضْرِبُ سُكَّانَ تِلْكَ الْمَدِينَةِ بِحَدِّ السَّيْفِ وَتُحَرِّمُهَا بِكُلِّ مَا فِيهَا مَعَ بَهَائِمِهَا بِحَدِّ السَّيْفِ)

واتە: (بە شمشێر لەدانیشتوانی ئەوشارە بدەن و هەرچی تێیدایە بە زەبری شمشێر لەناوی بەرن تەنانەت ئاژەڵەکانیش). تثنية:١٣ :١٥

* * *

(فاضرب جميعَ ذكورها بحدِّ السّيف، وَحَرَّمُوا كُلَّ مَا فِي الْمَدِينَةِ مِنْ رَجُلٍ وَامْرَأَةٍ، مِنْ طِفْلٍ وَشَيْخٍ - حَتَّى الْبَقَرَ وَالْغَنَمَ وَالْحَمِيرَ بِحَدِّ السَّيْفِ)

يشوع:٢١ :٦

واتە: بەشمشێر هەمو پیاوەکان–نێرەکان–لەناوبەرە، هەرچی پیاو و ژن و منداڵ و پیرە لەناوی بەرە، تەنانەت مانگاو مەڕومالّات و گوێدرێژەکانیش بەشمشێر لەناوبەرە.

* * *

(لاَ تَظُنُّوا أَنِّي جِئْتُ لِأُلْقِيَ سَلاَماً عَلَى الأَرْضِ. مَا جِئْتُ لِأُلْقِيَ سَلاَماً بَلْ سَيْفاً) متّى:٣٤ :١٠

واتە: وامەزانن من بۆ ئەوە هاتوم تا ئاشتی لە زەویدا بەرپابکەم، من نەهاتوم ئاشتی بچەسپێنم بەڵکو هاتوم شمشێر بسەپێنم.

هەمدیسان با مێژو بە پێنوسی نامسوڵمانان وەڵاممان بداتەوە...

*تۆماس ئارنۆڵد لەکتێبەکەی(الدعوة الى الإسلام)دا دەڵێت:

لە دانیمارك پاشا(کنوت)بەپارەوپول و زەبروزەنگ مەسیحیەتی سەپاند، پاشان گەلە ستەمدیدەکانی ناچاری یاساکانی مەسیحییەت کرد، دوای ئەوەی لەگەڵ مەمالیکە بەربەرییەکاندا لەچەند جەنگێکی سەختدا ڕوبەڕوبویەوە، هەمو ئەوەشی لەپێناو بلاوکردنەوەی بیروباوەڕەکەیداکرد)لا ٣٠، لە پەراوێزی لاپەڕەکەدا.

(لەڕوسیادا مەسیحییەت لەسەر دەستی تاقمێك بلاوبویەوە، بەناوی: برایانی شمشێرBretheren of the Sword)لا٣١.

(کۆمەڵەیOrdo Fratrum Militiae Christ بەزۆر مەسیحییەتیان بەسەر گەلانی لیڤۆنیادا فەرزکرد)لا٣١.

(لەنەرویج: پاشا (ئۆلاڤ ترایگڤیسۆن) هەمو ئەوکەسانەی سزادا کە ڕەتیان دەکردەوە ببنە مەسیحی، دەست وقاچی هەندێکیانی بڕی و هەندێکیانی دەربەدەرکرد، لە باشوری نەرویجیش لە (ڤیگن) مەسیحییەت بەهەمان شێوە بلاوبووەوە))لا٣٢.

*(گرڤیتان تۆدۆروڤ)لە کتێبی (فتح أمریکا)دا دەڵێت: (ئەوروپا بەناوی مەسیحییەتەوە هەشتا ملیۆن کەسی لە هیندە سورەکان لەناوبرد).

*دکتۆر(فرانز گریس) لەکتێبی (تبدد أوهام قسیس)دا دەڵێت: (مێژوی گەلانی مەسیحی، تەنانەت خودی کڵێساش بەخوێن سورە و، لە هەمو گەلە بتپەرستەکانی جیهانی کۆن دڕندانەتربون)لە(بوێنس ئایرس)، لە چاپخانەی(دار الطباعة) چاپکراوە.

*گۆستاڤ لۆبۆن لەکتێبەکەی(حضارة العرب)دا دەڵێت: (تەنیا لە مزگەوتی عومەری کوڕی خەتتابدا لە قودس دە هەزار مسوڵمان لەسەردەستی خاچپەرستاندا سەربڕاون)لا٢٢٦.

هەروەها دەربارەی ئەو توندوتیژی و ستەمکارییەی خاچپەرستان لە بەرانبەر

مسوڵمانان و خەڵکانی دی کردویانە، دەڵێت: (گەلی خاچپەرستی ینداری ئێمە تەنیا بە زوڵم و ستەم و کاولکاری و ئەشکەنجەدان نەوەستان، بەڵکو لەسەر ئەوە کۆبونەوەیەکیان کرد و بە کۆدەنگی لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە دانیشتوانی قودس بە مسوڵمان و جولەکەوە، کە ژمارەیان شەست هەزار کەس بو لەناوببەن، لەکۆتاییشدا کاری خۆیان کرد و لەماوەی شەست ڕۆژدا هەموویانیان لەناوبردن، هیچ کەسێکیان نەبارد، تەنانەت ئافرەت و منداڵ و پیر و پەککەوتەکانیش، گیلیۆم سۆری دەڵێت: (خاچپەرستان مرۆڤی نەفام و خراپەکار و بێ دین بون، ئەگەر نوسەرێك بیەوێت باسی خراپی و بەدڕەوشتی و دڕندایەتییان بکات، ئەوا دەبێت لە بازنەی مێژونوسی بچێتە دەرەوە و ببێتە مرۆڤێکی جنێودەر و زمان پیس)لا ١٩٤.

*ئیمیل دێرمینگهەم لە کتێبی(حیاة محمد)دا دەربارەی جیاوازی ڕزگارکەرانی مسوڵمان و خاچپەرستان لەچونەنێو قودسدا دەڵێت: (بەڕاستی جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان چونی مسوڵمانان بۆ قودس لەگەڵ خاچپەرستاندا کە مسوڵمانانیان کوشت و بڕ دەکرد! بە ئەندازەیەك کە سوارچاك و سەربازەکانیان بەناو گۆمی خوێندا دەخولانەوە و بڕیاریان دابو هەمو ئەو مسوڵمانانە بکوژن، کە لە کوشتارگەی یەکەم ڕزگاریان بوبو)لا ٣٦٩.

*هەروەها ئیڤلین گۆبوڵد لە کتێبی (البحث عن الله)دا دەڵێت: (کاتێك سەلاحەددین قودسی ڕزگارکرد، کردارە خوێناوی و ستەمکارییەکانی خاچپەرستان پڕی چاو و گوێی خەڵك بو، بەڵام ئەو ڕەتیکردەوە کرداری هاوشێوەیان لەگەڵدا بکات و بەچاکەو نەرمونیانی لەگەڵیاندا جوڵایەوە و ڕەتیکردەوە کە تۆڵە لەوانە بکاتەوە کە کاریان خراپەکاری و سوتاندن و کاولکاری بو)لا ٩٦.

ئەگەر بمانەوێ درێژە بەو باسە بدەین ئەوا زۆر هەڵدەگرێت، قسەش هەرچەند

زۆربێت بێ نرخ دەبێت، لەبەرئەوە بە پرسیارێك کۆتایی بەو باسە دێنین: ئەو زوڵم و ستەمەی لەم بەشەدا باسمان کرد لەکێی ڕەحم و بەزەیی ڕزگارکەرە مسوڵمانەکاندایە؟! یاخود لەکوێدا دەتوانرێ بە ڕەحم و بەزەیی ئیسلام بەراورد بکرێت؟!

هەڵوەستەیەك لەسەر سەرانە (الجزية)

﴿ لَّا يَنْهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ لَمْ يُقَـٰتِلُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَـٰرِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوٓا۟ إِلَيْهِمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُقْسِطِينَ ﴾ الممتحنة: ٨. واتە: خوا ڕێگریتان ناکات دۆستایەتی ئەو کافرانە بکەن کە جەنگیان لەگەڵدا نەکردون بەهۆی ئەوەی کە ئێوە مسوڵمان بوون و ئەوان بتپەرست بوون و لە وڵاتی خۆتانیان دەرنەکردون، خوا ڕێتان لێناگرێت کە چاکەیان لەگەڵدا بکەن و بە داد لەگەڵیاندا بجوڵێنەوە، خوا ئەوانەی خۆشدەوێت کە بە دادگەری لەگەڵ خەڵك ئەجوڵێنەوە.

* * *

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی: (ألا من ظلم معاهَدًا أو انتقصه أو كلّفه فوقَ طاقته أو أخَذ منه شيئا بغير طيبِ نفس فأنا حجيجه يوم القيامة)رواه أبو داود في سننه. واتە: هەرکەسێك ستەم لە پەیمان بەستویەك بکات یان مافی بخوات یان زیاد لە هێزی خۆی کاری پێبکات یاخود بەبێ ئارەزوی خۆی شتێکی لێوەربگرێت، ئەوا من لە ڕۆژی قیامەتدا نەیاری ئەوم.

* * *

هەروەها فەرمویەتی: (من آذى ذِمِّيّاً فأنا خصمه)رواه الخطيب عن ابن مسعود. واتە: هەرکەسێك پەیمان بەستویەك سزا بدات ئەوا من نەیاریم.

* * *

یەکەم: پێناسەی سەرانە:

سەرانە(الجزية): باجێکی کەمە، کە ئیسلام لەسەر نامسوڵمانانی داناوە، لە بنچینەی (ج ز ی) داتاشراوە، عەرەب دەڵێت: جزى، يجزي، کاتێك لەبەرانبەر خزمەتێکدا کەسێك پاداشت دەکەی.

هەرچی (الجزية)یە ئەوا لە سەر وەزنی (فِعلة)یەو لە (مجازاة)ەوە وەرگیراوە، بەواتای: لە پاداشتی هێمنی و ئاسایشدا ئەو برە پارەیە دەبەخشن.

ئەو وشەیە بەسادەیی خۆی بەڵگەیەکی ڕونە لەسەر ئەوەی ئیسلام بەزەبری شمشێر فەرز نەکراوە و هیچ کەسێك ناچار نەکراوە ببێتە مسوڵمان، بەڵکو هەرکەسێك ئازادی تەواوی هەیە لە هەڵبژاردنی بیروباوەڕی خۆی، بۆیە پەرستگاکانی خاوەن ئایینەکانی تر وەکو خۆی مابونەوەو ئازادانە خەریکی ڕێوڕەسم و دروشمە ئایینیەکانی خۆیان بون.

دووەم: ئەندازەی سەرانە:

لەوانەیە زۆرکەس وا گومان ببات کە ئیسلام بۆئەوە سەرانەی لەسەر نامسوڵمانان داناوە تاکو بۆ ڕزگابون لەو سەرانەیە بینە مسوڵمان..

بەڵام ئەوکەسانەی ئەوجۆرە قسانە دەکەن چەند شتێکیان لێ ون بووە-کە پڕن لە دادگەری و بەزەیی-و خوا یاربێت بە کورتی دەیانخەینەڕو:

١- ئەندازەی سەرانە لەسەر کەسی ئازاد تەنیا دینارێکە بۆ هەر ساڵێك.

لە کاتێکدا دەبێ مرۆڤی مسوڵمان هەمو ساڵێك ئەندازەی ۲,٥٪ی زەکاتی ماڵ و سامانی بدات، کە لەوانەیە بکاتە چەند ئەوەندەی ئەندازەی سەرانە.

٢-سەرانە لەسەر ئافرەت پێویست نەکراوە.

لەکاتێکدا ئافرەتی مسوڵمان لەسەری پێویستە زەکات بدات.

٣-سەرانە لەسەر بچوك پێویست نەکراوە(هەرچەندە ماڵ و سامانیشی هەبێت، کە لە میرات یان بەشێوەیەکی دی بۆی مابێتەوە).

لەکاتێکدا زەکات لەسەر منداڵی مسوڵمان پێویست کراوە(جا پارەکەی لە میرات یان بەهەر جۆرێکی دی بۆ مابێتەوە هەر دەبێ زەکات بدات).

٤-ئەوانەی سەرانە دەدەن لە خزمەتی سەربازی دەبوردرێن(تەنانەت ژیانێکی پڕ هێمنی و ئاسایشی ڕەهایان بۆ دابین دەکرێت).

لەکاتێکدا مسوڵمان خزمەتی سەربازی لەکاتی پێویستدا لەسەر فەرز کراوە.

٥-سەرانە تەنیا لەسەر ئەو کەسانە پێویستکراوە کە توانای ماددییان هەیە(بەمەش هەژار و نەداران لەوە بەدەرکراون).

تەنانەت ئەوکەسەی هەژارە نەك هەر لە سەرانەدان دەبوردرێت بەڵکو لە خانەی سامانی مسوڵمانان پارەی پێدەدرێت. المبسوط١٠/ ٨١.

عومەری کوری خەتتاب(خوا لێی ڕازی بێت)بەلای پیرەپیاوێکی پەیمانبەستودا دەڕوات، کە لە بەردەم دەرگای خەڵك خەریکی سواڵکردن بو، ئەویش پێی گوت: بەڕاستی ئەوە دادگەری نییە ئەگەر ئێمە لە گەنجیدا سەرانەمان لێوەرگرتبێ و لە پیریشدا وازت لێبێنین.. پاشان بردیە خانەی سامانی مسوڵمانان و بە ئەندازەی پێویستی پارەی پێدا. کتاب الاموال: للامام أبی عبید القاسم بن سلام، لا١٠٣.

٦-سەرانە لە ڕاهیبەکان-ئەوانەی لە خەڵوەتدان بۆ خواپەرستی- وەرناگیرێت(بەلاّم بۆ ئەوانەی لە خەڵوەتدانین زانایان ڕای جیایان هەیە).

٧-لەسەر پەککەوتەو نەخۆشی درێژخایەن و کوێر و پیر و..تاد پێویست نەکراوە.

٨-سەرانە لەبەرانبەر ئەو خزمەتگوزاریانە وەردەگیرێت کە دەوڵەت پێشکەشی

ده‌كات، وه‌كو (ڕێگاوبان و نه‌خۆشخانه‌و دادگاكان و هێمنی و ئاسایش و..تاد).

*دكتۆره‌(ئیلیس لیختنستادته‌ر) ده‌ڵێت: له‌ وڵاتی ڕۆم و فارس هه‌ڵبژاردن له‌نێوانی ئیسلام و شمشێر نه‌بو، به‌ڵكو هه‌ڵبژاردن له‌نێوان یان ئیسلام یان سه‌رانه بو، ئه‌و پلانه‌ش به‌هۆی جوانی شایه‌نی مه‌حت كردن و پیاهه‌ڵدانه..)الإسلام والعصر الحديث، ل٢٢٧.

* * *

تۆ.. ئەقڵت لەکوێیە؟!

﴿ يُرِيدُونَ لِيُطْفِـُٔواْ نُورَ ٱللَّهِ بِأَفْوَٰهِهِمْ وَٱللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِۦ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴾ الصف: ٨

* * *

(ڕۆژئاوا بە دروستی ئیسلامی دیراسە نەکردووە، تەنانەت لە زانکۆکانیشیدا، بەداخەوە لەوانەیە ئەمەش بە ئەنقەست بوبێت) بیرمەندی فەرەنسی ڕوجێ گارودی.

* * *

ئەو کەسەی بڕوای وایە، کە(ئیسلام بە زەبری شمشێر بڵاوبوەتەوە)، لێی دەپرسین: ئەقڵت لە کوێیە؟!..

ئایا مێژوت خوێندوتەوەو خۆت بەدواداچونت کردووە؟!..

یان هەرچییەکت گوێ لێبێت بەبێ ئەوەی لە ڕاستی و دروستی بکوڵیەوە دەیگێڕیەوە و بەمەش دەبیتە بەشداربوی بوختانەکە؟!..

ئەقڵت لە کوێیە کاتێك پێتوایە–قسەی خەڵکی بێت یان خۆت باوەڕت وابێت– کە ئیسلام بە زەبری شمشێر بڵاوبوەتەوە، لە کاتێکدا دەبینی هیچ کام لەو وڵاتانەی فەتحی ئیسلامییان گەیشتوتێ دوای ئەوەیش، کە مسوڵمانانیش لەو وڵاتە چونە دەرێ هەڵنەگەڕانەوە و وازیان لە ئیسلام نەهێنا؟!..

پێغەمبەری خوا(ﷺ) بۆ ماوەی سێزدە ساڵ بە حیکمەت و ئامۆژگاری خەڵکی بۆ شیسلام بانگەواز دەکرد و، قورەیشییەکانیش بە هەمو جۆرێکی ئازار و ئەشکەنجە ڕوبەڕوی خۆی و هاوەڵان و شوێنکەوتووانی دەبونەوە.. قورئانی پیرۆزیش پێی

دەفەرمو:

﴿فَٱصۡبِرۡ كَمَا صَبَرَ أُوْلُواْ ٱلۡعَزۡمِ مِنَ ٱلرُّسُلِ﴾ الأحقاف: ٣٥ واتە: کەواتە تۆ ئەی موحەممەد! خۆت ڕاگرە لەسەر دەرد و ئازاری ئەو کافرانە وەك چۆن پێغەمبەرە دڵ قایمەکانی تر خۆیان ڕاگرت.

پاشان بەرەو مەدینە کۆچی کرد و ماڵ و سامانی خۆی و مسوڵمانان تەخشان و پەخشان کراو، قورەیشییەکان بە ماڵ و سامان و کەل و پەل و چەك و تفاقی مسوڵمانان لە دژیان چونەدەرەوە و ژمارەیان نزیکەی ٩٥٠ کەس بو، خوای پەروەردگاریش مۆڵەتی بە مسوڵمانان دا، کە-بەرگری لە خۆیان بکەن- و شەڕبکەن و ژمارەیان لە ٣١٣ پیاو تێپەڕی نەدەکرد و تەنیا دو ئەسپ یان سێیان لەگەڵدابون..

خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَٰتَلُونَ بِأَنَّهُمۡ ظُلِمُواْۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ نَصۡرِهِمۡ لَقَدِيرٌ ❋ ٱلَّذِينَ أُخۡرِجُواْ مِن دِيَٰرِهِم بِغَيۡرِ حَقٍّ إِلَّآ أَن يَقُولُواْ رَبُّنَا ٱللَّهُۗ وَلَوۡلَا دَفۡعُ ٱللَّهِ ٱلنَّاسَ بَعۡضَهُم بِبَعۡضٖ لَّهُدِّمَتۡ صَوَٰمِعُ وَبِيَعٞ وَصَلَوَٰتٞ وَمَسَٰجِدُ يُذۡكَرُ فِيهَا ٱسۡمُ ٱللَّهِ كَثِيرٗاۗ وَلَيَنصُرَنَّ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ﴾ الحج: ٣٩ - ٤٠ واتە: خوا ڕوخسەتی داوە بەو مسوڵمانانەی کە کافرەکان جەنگیان لەگەڵ ئەکەن، ڕوخسەتی وەڵامدانەوەو شەڕکردنی لەگەڵیان داوە چونکە ستەمیان لێکراوەو خوا توانای ئەوەی هەیە یارمەتییان بدا و سەریان بخات بەسەر ئەو کافرانەدا. ئەوانەی بە ناحەق لەسەر ماڵ و حاڵی خۆیان دەرکراون تەنها لەبەرئەوەی ئەڵێن پەروەردگاری تاك و تەنیای ئێمە زاتی خوایە. ئەگەر خوا هەندێ کەسی بە هەندێ کەسی تر لەناو نەبردایە، چەندین پەرستگای ڕەبەنەکان و کڵێسەی گاوران و چەند کەنشتی جولەکەو چەند مزگەوتی مسوڵمانان کاول ئەبون کە هەمویان ناوی خوایان تێدا دەهێنرێت، بەڕاستی خوا یارمەتی هەرکەسێك ئەدات کە ئەویش یارمەتی ئایینی

خوا بدات. خوا بەهێزە ئەتوانێ یارمەتی ئەو کەسانە بدات و هیچ شتێك ڕێی لێناگرێت.

﴿ وَقَٰتِلُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ٱلَّذِينَ يُقَٰتِلُونَكُمۡ وَلَا تَعۡتَدُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُعۡتَدِينَ ﴾ البقرة: ١٩٠ واتە: کە چونە حەڕەم و کافرەکان هاتن شەڕتان لەگەڵ بکەن، ئێوە دەستدرێژی مەکەن بەوەی بەوەی پێشدەستییان لێ بکەن و شەڕیان لەگەڵدا بکەن، بەڵام ئەگەر ئەوان پێشدەستییان کرد ئەوا ئێوەیش لێیان مەوەستن و شەڕیان لەگەڵ بکەن، خودا بنیادەمی دەستدرێژکەری خۆش ناوێت.

﴿وَمَا لَكُمۡ لَا تُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱلۡمُسۡتَضۡعَفِينَ مِنَ ٱلرِّجَالِ وَٱلنِّسَآءِ وَٱلۡوِلۡدَٰنِ ٱلَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَآ أَخۡرِجۡنَا مِنۡ هَٰذِهِ ٱلۡقَرۡيَةِ ٱلظَّالِمِ أَهۡلُهَا وَٱجۡعَل لَّنَا مِن لَّدُنكَ وَلِيّٗا وَٱجۡعَل لَّنَا مِن لَّدُنكَ نَصِيرًا ﴾ النساء: ٧٥ واتە: ئەوە چیتان لێقەوماوە؟ بۆ دانیشتون؟ بۆچی لەپێناو ڕەزامەندی خودا ناجەنگن؟ بۆچی بۆ ڕزگارکردنی ئەو ژن و پیاو و منداڵە مسوڵمانە بێ دەسەڵاتانە ناجەنگن کە لە مەککە ماونەتەوە و لەسەردەستی کافرەکاندا توشی ئازار و سزا دەبن و بەتەواوی گەیشتوتە گیانیان و لە خودای گەورە ئەپاڕێنەوە و ئەڵێن: خودایە ڕزگارمان بفەرمو لەم دێیە کە کۆمەڵێکی زاڵم و ستەمکار دەستیان بەسەردا گرتووە و سزامان ئەدەن، خودایا لای خۆتەوە یارمەتیمان بدە و لای خۆتەوە پشتیوانمان بۆ بڕەخسێنە.

هەروەها کاتێك گەڕایەوە مەککە-کە بە ستەم لێی وەدەرنرابو- دە هەزار هاوەڵی لەگەڵدابو و سەری داخستبو و ملکەچی خودای گەورەبو، هەروەها فەرمانی بە هاوەڵانی کرد، کە جەنگ لەگەڵ هیچ کەسێکدا نەکەن مەگەر ئەوان لەگەڵیاندا بجەنگن و لەهەموو ئەو کەسانەش خۆش بو، کە بەسەختترین شێوە ستەمیان لێکردبو وئازاریان دابو، هیچ کام لەوانیشی ناچارنەکرد ببنە مسوڵمان.

هەر کەسێ ڕاستگۆیانە و دادگەرانە لە کتێبەکاندا بگەڕێت، دەبینێت، کە مێژو هیچ ڕەحم و بەزەییەکی -لەبەرانبەر مرۆڤ و ئاژەڵ و ڕووەك- تۆمارنەکردووە و هیچ دادگەرییەکی باس نەکردووە تەنیا هی مسوڵمانە ڕزگارکەر و فاتحەکان نەبێت.

بەڵگەش بۆ ئەو قسەیە، قسەی ئەبوبەکری سدیق (خوا لێی ڕازی بێت) بەسە، کە بە لەشکری ئوسامەی کوڕی زەیدی فەرمو: (خیانەت مەکەن، فێڵ مەکەن، کوشت و بڕ مەکەن، کەس ئازار مەدەن، منداڵی بچوك و پیاوی بەساڵاچو و ئافرەتان مەکوژن، هیچ درەختێکی تەڕ و بەبەرهەم مەبڕن و مەسوتێنن.. تەنیا بۆ خواردن نەبێت هیچ مەڕ و مانگا و وشترێك سەرمەبڕن، بەلای گەلانێك دا تێدەپەڕن، کە لە کەنیشتە و پەرستگاکاندا خەریکی خوداپەرستین، وازیان لێبێنن و ئازاریان مەدەن) الطبري: ٢٢٦/٣.

هەروەها (پەیماننامەی عومەری)، کە ئەمە دەقەکەیەتی:

(بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان: ئەمە ئەو مافانەن، کە عەبدوڵڵای کوڕی عومەری پێشەوای باوەڕداران بە خەڵکی ئیلیا-قودس-ی داوە: پاراستنی گیان و ماڵیان، پاراستنی کڵێسا و خاچ و، مرۆڤی ساغ و نەخۆش و هەمو گەلەکەی، نابێ کڵێساکانیان بکرێنە جێگای نیشتەجێبون و ناشێ تێکبدرێن، تەنانەت نابێت ڕوبەری زەوییەکانیشیان بچوك بکرێنەوە، نابێ نزیکی خاچ و هیچ ماڵ و سامانێکیان بکەون و نابێ بەزۆرەملێ ئایینیان بێ پەیڕەو بکرێت و نابێ هیچ کەسێکیان ئازار بدرێت.. ئەوەی لەو دەقەدا هاتووە هەموی پەیمانی خودا و پێغەمبەرەکەی و خەلیفەکان و هەمو مسوڵمانانەو لە ئەستۆی هەمواندایە) الطبري: ٦٠٩/٣.

شەرعزانان مافی نامسوڵمانانیان لە وڵاتی ئیسلامیدا لەو پەیماننامە هەڵێناوە کە لە قورئان و فەرمودەدا هاتون، کە لێرەدا وەکو نمونە هەندێ لەو مافانە وەکو نمونە دەخەینەڕو:

١-پاراستنی گیان، خوێنی پەیمان بەستو وەكو خوێنی مسوڵمان وایە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: (من قتل قتيلا من أهل الذمة لم يجد ريح الجنة وإن ريحها ليوجد من مسيرة أربعين عاما)أخرجه أحمد: ٢/ ١٨٦، والنسائي: ٨/ ٢٥.

واتە: هەركەسێك پەیمان بەستویەك بكوژێت، ئەوا بۆنی بەهەشت ناكات، بۆنی بەهەشتیت چل ساڵ ڕۆیشتن دەڕوات.

هەروەها عەلی كوڕی ئەبو تالیب(خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێت: (من كان له ذمتنا فدمه كدمنا، و ديته كديتنا). مسند الشافعي:١/ ٣٤٤.واتە: هەركەسێك لە نێو پەیمانی ئێمەدابێت، ئەوا خوێنەكەی وەكو خوێنی ئێمەیەو خوێنباییەكەیشی وەكو خوێنبایی ئێمەیە.

٢- لە یاسای سزادانداا، مسوڵمان و پەیمانبەستو وەك یەكن.

٣-مسوڵمان و پەیمانبەستو لە یاسای شارستانیدا یەكسانن و ماڵ و سامانیان وەك ماڵ و سامانی ئێمەیە.

٤- ئازاردانی نا مسوڵمان بە دەست و بە زمان قەدەغەیەو پێویستە لە ئازاردان بپارێزرێن و تەنانەت غیبەت كردنیشیان حەرامە.

٥-پەیمان بەستن بۆ هەتایە دەكەوێتە ئەستۆی هەمو مسوڵمانان و، هیچ مسوڵمانێك بۆی نییە هەڵی بوەشێنێتەوە، بەڵام پەیمان بەستوان سەربەستن لەسەرئەوەی بەردەوام بن، یان هەركاتێ ویستیان هەڵی بووەشێننەوە.

٦- پەیمانبەستووان بە باری شارستانی خۆیان كاردەكەن.

*ئەو بەشەش بە قسەی (هێنری دی كاستری) كۆتایی پێدێنم، كە لە كتێبی(الاسلام: خواطر و سوانح)دا دەڵێت: (.. هیچ كەس بۆ چونەنێو بازنەیەوە-

واته نێو بازنەی ئیسلام–ناچارنەکراوە، بەڵکو دڵەکان بە تاسەو ئارەزووەوە چونەتە ناویەوە، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو بەهرە کاریگەر و ئاقڵ ڕفێنانەبو، کە لەنێو قورئانی پیرۆزدا هەن) ل ٣٩.

ئێستا، دوای ئەو شتانەی خرانەڕو، ئایا بۆمان نییە لەو کەسەی دەڵێت ئیسلام ئاینی توندوتیژی و شمشێرە.. لێی بپرسین: ئەقڵت لەکوێیە؟!..

* * *

ئافرەت لەدیدی ئیسلامدا

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت :

(استوصوا بالنساء خيراً) رواه البخاري

واته : لەگەڵ ئافرەتاندا چاکەکاربن.

* * *

ئـافرەت لەدیدی ئیسلامدا

ئەحمەد نەسیم سوسە، ئەندامی کۆمەڵی زانستی عیراقییە، بوەتە مسوڵمان، لەکتێبی (في طريقي إلى الإسلام)دا دەڵێت (پێویستە هەرگیز ئەوە لەیاد نەکەین، کە تا ئیسلام هات ئافرەت هیچ مافێکی نەبو، ئیسلام بۆ یەکەمین جار پایەی ئافرەتی بەرزکردەوەو، لەژیاندا وەکو پیاوان مافی پێدان) ١٨٧/١.

پاشان باس لە بارودۆخی ئافرەت بەر لە هاتنی ئیسلام دەکات و دەڵێت : (لە کۆندا ئافرەت لەلای عەرەب تەنیا کاڵایەك بو، تەنانەت ناوهێنانیشی سوکایەتی بو! بەڵێ، بارودۆخ بەم شێوەیە بو کاتێك (محمد) -صلی الله علیه وسلم- هات ئیتر پێگەی ئافرەتی لە ئاسیادا لە کاڵایەکی بێنرخ بۆ ئاستی کەسایەتییەکی ڕێزدار بەرزکردەوە، کە مافی ژیانێکی ڕێزداری هەیە، هەروەك چۆن مافی خاوەنداریەتی و میراتگرتنیشی هەیە) ٢/ ٤٢.

"مارسێل پۆزار، بیرمەندو یاساناسێکی فەرەنسییە، لە کتێبی(انسانية الإسلام)دا دەڵێت : (شاعیرە موسڵمانەکان لە ڕێی ئیسپانیاوە مەسیحییەکانی ئەوروپایان فێری ڕێزگرتن لە ئافرەت کرد) لا ١٠٨.

پاشان دەڵێت : ...قورئانی پیرۆز باسی ئەوەی نەکردووە، کەئافرەت وای لە پیاوکردووە تاوانە بنچینەییەکە -خواردنی بەری درەختەکە ئەنجام بدات- وەك ئەوەی لە سفری تەکوینی تەوڕاتدا باسکراوە، هەروەها بیروباوەڕی ئیسلامی هیچ دەستەواژەیەکی وای بەکارنەهێناوە، کە لە پلەوپایەی ئافرەت کەم بکاتەوە، وەك

چۆن پیاوانی کڵێسا ئافرەت بەسەربازو یاریدەدەری شەیتان دادەنێن، تەنانەت قورئانی پیرۆز سیفاتی رەوشت بەرزو تەواوێتی دەداتە پاڵ دو ئافرەت : هاوسەری فیرعەون (ئاسیە خاتون) ومەریەمی کچی عیمرانی دایکی عیسا مەسیح(علیه السلام)لا١١٣.

هەروەها پۆزار دەڵێت : (قورئانی پیرۆز و موحەممەد ئەوەیان سەلماندووە، کەپارێزەری مافی ئافرەتن ورێنادەن ماف خوراوبێت)لا١٤٠ .

ڕۆجێرگارودی، بیرمەندێکی فەڕەنسی ناسراوەو، یەکێکە لە گەورە بەرپرسانی پێشوی حیزبی شیوعی فەڕەنسی بوەتە موسڵمان و لەکتێبی(دعوة الإسلام)دادەڵێت : (قورئان ئافرەت بەبەرپرسی یەکەمی تاوان دانانێت)لا٨٧.

پاشان دەڵێت: (..ئەگەر بەراوردێکی یاساکانی قورئان بەیاساکانی کۆمەڵگاکانی پێشو بکەین ئەوا درك بە پێشکەوتنێکی بەرچاودەکەین، بەتایبەت لە ئەسینا و ڕۆمادا، کە ئافرەت تێیاندا ماف خوراوبو)لا٨٧.

هەروەهادەربارەی مافی ئافرەت لە ئیسلامدا دەڵێت : (لە ئیسلامدا ئافرەت مافی ئەوەی هەیە بەئارەزوی خۆی مامەڵە بەماڵ وسامانییەوە بکات، لە کاتێکدا ئەو مافە لە ڕێبازەکانی ڕۆژئاوادا-بەتایبەتی فەرەنسا، تا سەدەی نۆزدەو بیستەم-نەبو، هەرچی مافی میراتە، ڕاستە ئافرەت نیوەی پیاوی هەیە، بەڵام لە بەرانبەردا هەمو ئەرکێك (بەتایبەتی ئەرکی یارمەتیدانی ئەندامەکانی تری خێزان) لەئەستۆی پیاودایە بەڵام ئافرەت هیچ کام لەم جۆرە ئەرکانەی لەسەر نییە، لە هەمان کاتدا قورئان مافی داواکردنی تەڵاق دەداتە ئافرەت، لە کاتێکدا تا دوای(سێزدە سەدە)ئافرەت لە ڕۆژئاوادا ئەو مافەی پێنەدرا)لا٧٨-٧٩.

*هاملتۆن ئەلیکساندەر جەب، پێشەوای ڕۆژهەڵاتناسە ئینگلیزەکان، لە کتێبی(المحمدیة)دادەڵێت: (ئەوەی هەمو جیهان دانی پێدادەنێت ئەوەیە، کە ئەو محمد

(ﷺ) پلەوپایەو پێگەی شـەرعی و كۆمەڵایەتی بەرزكردۆتەوە)لا٣٣.

*گۆستاف لۆبۆن، پزیشك ومێژونوسی فەرەنسی، لە كتێبی (حضارة العرب)دا دەڵێت : (بنچینەكانی میرات، كە لەقورئاندا هاتون) زۆر دادگەرانەن، ئەمەش بە بەراوردكردنی بەیاساكانی فەرەنسی وئینگلیزی بەڕۆشنی دەردەكەوێت، ئەوەی كە شەریعەتی ئیسلامی مافی تەواوی داوەتە هاوسەرەكان-ئەوانەی، كەدەڵێن مسوڵمانان بەباشی مامەڵەیان لەگەڵداناكەن- بەڵام ئیسلام مافی تەواوی لە میراتدا داونەتێ، كە هاوشێوەی لە یـاسـاكانی ئێمەدا نییە)لا٣٨٩.

هەروەها دەربارەی بەرزی پلەوپایەی ئافرەت لەشەریعەتی ئیسلامدا دەڵێت : (...ئیسلام پلەوپایەی ئافرەتی بەرزكردەوە، بەپێچەوانەی ئەو قسە دوبارەو قەوانە كۆنانەی كوێرانە لێدەدرێنەوە ...باشترین ڕێگاش بۆ درك كردن بە كاریگەری ئیسلام لە سەر ماڵی ئافرەتانی ڕۆژهەڵات ئەوەیە سەرنجی بارودۆخی ئافرەتان بەر لە هاتنی قورئان و دوای قورئان بدەین)لا ٤٠١.

پاشان دەڵێت : (ئیسلام ئافرەتی زۆر بەرزكردۆتەوە و ئێمەش یەكەم كەس نین، كەبەرگری لەو ڕایە دەكەین، بەڵكو زۆر كەسانی دی بەر لە ئێمە ئەو كارەیان كردووە)لا٤٠٥.

*ئیفلین گۆبۆڵد، كچە خانەدانێكی ئینگلیزییە، موسڵمان بوە، لە كتێبی(البحث عن الله)دا دەڵێت: (ئافرەتانی مسوڵمان بەهیچ جۆرێك لە مەیدانی زانست و زانیاریدا لە پیاوان كەمترنەبوون، ئەوەتا زانای ئافرەتی مسوڵمان لەبواری فەلسەفە و مێژو و ئەدەب و شیعرو هەمو بوارەكانی ژیان هەڵكەوتوون)لا٥١.

پاشان دەڵێت : (كاتێك ئیسلام هات ئازادییەكانی بۆ ئافرەت گێڕایەوەو كردییە هاوشانی پیاو، بەوەی هەمان مافەكانی ئەوی هەیە و هەمان ئەركی ئەویشی لەسەرەو هیچ فەزڵ و گەورەییەكی بەسەردا نییە، تەنیا بەهێزی بازو و كاركردن وبیرتیژی

نەبێت، ئیتر بەمە مافی سەرپەرشتی کردنی هەیە و بەهێزی بازوی پارێزگاری لێدەکات و لەبەرهەمی دەستی خۆی پێدەبەخشێ..هەروەها خوای پەروەردگار لە کاروبارەکانی ژیاندا هەمان مافی داونەتێ لەتەوبەکردن وپاداشت و گەیشتن بەپلە بەرزەکانی دنیاو دوارۆژ..)لا٨١-٨٢.

پاشان دەڵێت: (ئەگەر پیاو بەرگەی قورسییەکانی ژیان و ماندوێتی کارکردن بگرێت و لاشەو لاری تێك بچێت لە پێناو ژیانی خۆی و هاوسەرەکەیدا ژیانی بەخت بکات، ئەوە تۆزقاڵێکیش لەوە کەمتر نییە، کە ئافرەت دڵسۆز بێت بۆ هاوسەرەکەی وکاروبارەکانی ماڵەوەبەباشی ڕاپەڕێنێت)لا٨١-٨٢.

پاشان گۆبۆڵد دەربارەی ئەو درۆ و دەلەسانەی هەندێ نوسەر دەربارەی ئافرەت لە ئایینی ئیسلامدا دەیخەنەڕو دەڵێت: (خاتو(ماری مۆنتکاد) هاوسەری باڵیۆزی بەریتانیا لەتورکیا لە پەیامێکدا بۆ خوشکەکەی نوسیبوی: (دەڵێن ئافرەتانی مسوڵمان دورەپەرێزو داخراون، بەڵام من دەمەوێ ئەمە بەدرۆ بخەمەوە، چونکە نوسەرانی ئەوروپا هەوڵ نادەن بە راستی بگەن و بەدوایداناگەڕێن ..من لەگەڵ ئافرەتانی مسوڵماندا ژیاوم و شتی وا بونی نییە، من گوێبیستی دەنگوباس و ڕوداوەکانیان و شێوازی ژیانیانم، ئەوەی بەچاوی خۆم دیومە قسەی هەمو نوسەرانی ئەوروپا بەدرۆدەخاتەوە)لا٨٥.

هەروەها دەربارەی هاندانی ئیسلام بۆ فێربونی ئافرەت و داواکردنی زانست دەڵێت : (نەزانی ئافرەتانی مسوڵمان لەگەڵ فەرمانەکانی پێغەمبەری ئیسلامدا دژیەکن، چونکە پێغەمبەری خوا فەرمانی داواکردنی زانستی بە ئافرەتانی کردووە و باوەڕبون بە نەزانی لەلای مسوڵمان بەکارێکی نەشیاو دادەنێت و بەتوندی ڕوبەڕوی ئەو جۆرە بیروباوەڕە بوەتەوە، بەمەش هیچ گومانێك ناهێڵێتەوە)لا٨٦.

*لۆڕافیشیا فاگلێری، کچە توێژەرێکی ئیتاڵییە، لە کتێبی (دفاع عن الإسلام)دا

دەڵێت : (بۆ پارێزگاری کردن و ڕێزگرتن لە دەستدرێژی کردنەسەری، لە سەر ئافرەتی موسڵمان پێویستکراوە حیجاب بکات و خۆی داپۆشێت، جگە لەو بەشانەی، کە لەبەر پێویستی ڕەها دەرخستنیان ڕەوایە، وەك چاوەکان و دەست و پێ ئەمەش بێڕێزی کردن، یاخود سنوردارکردن و کپ کردنەوەی ویستی ئافرەتان نییە، بەڵکو بۆ پاراستنیانە لە ستەم و چاوی تەماعکاری پیاوان) ل١٠٣.

*ویل دیورانت، فەیلەسوف و مێژونوس و نوسەرێکی ئەمریکییە، لە کتێبی (قصةالحضارة)دا، دەربارەی مافەکانی ئیسلام بۆ ئافرەت دەڵێت :

١– ئیسلام پێگەی ئافرەتی لە وڵاتە عەرەبییەکاندا بەرزکردوە.

٢– دیاردەی زیندەبەچاڵکردنی ئافرەتانی لە ناوبرد.

٣– لە مافە دادگاییەکان و ئازادی ڕەفتارکردن بەماڵ و سامان ئافرەت وپیاوی یەکسان کرد.

٤–مافی ئەوەی داوەتێ، کە لەهەربوارێکی ڕەوادا کاربکات وماڵ و سامانەکەشیی بۆ خۆی بێت.

٥– میرات دەگرێت ومافی مامەڵەکردنی تەواوی بە سامانەکەی هەیە.

٦– دیاردەی مانەوە و گواستنەوەی ئافرەتانی لە باوکانەوە بۆ منداڵەکان لەناوبرد.

٧– مافی ئەوەی دابینکرد، کە ئافرەت نیوەی ئەندازەی میراتی پیاو بگرێت.

٨– قەدەغەیکرد ئافرەت بە زۆرەملێ مارەبکرێت.١٣\٦٠.

پاشان دەڵێت : (پلەو پایەی ئافرەتی مسوڵمان بە شتێکی زۆرگرنگ لە پێگەی ئافرەتانی وڵاتانی ئەوروپا جیادەکرێتەوە، ئەویش ئەوەیە، کە ئافرەت ئازادی تەواوی هەیەلە مامەڵەکردن بەو ماڵ وسامانەی هەیەتی و نەهاوسەری نە هیچ کەسێك هیچ مافێکیان لەمافی ئەو دانییە).١٣\١٤٠.

حیکمەتی چەندژنیی

﴿ وَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تُقْسِطُوا۟ فِى ٱلْيَتَٰمَىٰ فَٱنكِحُوا۟ مَا طَابَ لَكُم مِّنَ ٱلنِّسَآءِ مَثْنَىٰ وَثُلَٰثَ وَرُبَٰعَ ۖ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا۟ فَوَٰحِدَةً أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُكُمْ ۚ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰٓ أَلَّا تَعُولُوا۟ ﴾ النساء: ٣ واتە: وە ئەگەر ترسان دادپەروەر نەبن، لە مارەیی ئەو ئافرەتە بێباوکانەدا مارەیان مەکەن ئەوە مارە بکەن لەو ئافرەتانەی حەلاڵن بۆتان دو دو یان سیان سیان یان چوار چوار، جا ئەگەر ترسان دادگەر نەبن، ئەوا یەك ئافرەت مارە بکەن، لە ئافرەتە ئازادەکان یان ئەو کەنیزەکانەی کە موڵکتانن و ئەوە نزیکترە کە ستەم نەکەن.

* * *

﴿ وَلَن تَسْتَطِيعُوٓا۟ أَن تَعْدِلُوا۟ بَيْنَ ٱلنِّسَآءِ وَلَوْ حَرَصْتُمْ ۖ فَلَا تَمِيلُوا۟ كُلَّ ٱلْمَيْلِ فَتَذَرُوهَا كَٱلْمُعَلَّقَةِ ۚ وَإِن تُصْلِحُوا۟ وَتَتَّقُوا۟ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴾ النساء: ١٢٩ واتە: ئێوە هەرگیز ناتوانن لە نێو ژنەکانتاندا دادپەروەر بن هەرچەندە سوربن و هەوڵبدەن جا کەواتە بە تەواوی خوار مەبنەوە لە هاوسەری یەکێکیان، بەو هۆیەوە وازبهێنن لەوەی تریان وەك هەڵواسراوی لێبێت، نە ئەوەی مێردی هەبێت نە بەرەڵا کرابێت، وە ئەگەر بسازێن و پارێزکار بن، ئەوا بەڕاستی خوا هەمیشە لێبوردە و میهرەبانە.

* ڕۆجێر گارودی، بیرمەندێکی ناسراوی فەڕەنسییە و یەکێکە لە گەورە

بەرپرسانی پێشوی حیزبی شیوعی فەرەنسی، مسوڵمان بوە، لەکتێبی(وعود الإسلام)دا دەڵێت : (قورئان چەندژنیی بڕیارداوە بەڵام ئەو دیاردەیە لەپێشتریشدا هەبووە، ئەوەی ئیسلام کردویەتی دانانی چەند بەندوبارێکە لەسەری، وەکو: دادگەری تەواو لە چاودێری کردن و پارەپێدان و خۆشەویستی و پێوەندی سێکسی، ئەو ڕێسایانەیش ئەگەر وەکو خۆیان جێبەجێ بکرێن-چەندژنیی دەکاتە کارێکی مەحاڵ!)لا ٨٠.

*هێنری دێ کاستری، ئەفسەرە بە پلەی (موقەددەم) لە لەشکری فەڕەنسیدا، لە کتێبی(الإسلام : خواطر و سوانح)دا دەڵێت : (خەڵك زۆرڕەوی دەکەن لە زیانەکانی چەندژنی لەلای مسوڵمانان، ئەگەر نەڵێین لەو قسانەیاندا ڕاست ناکەن، چونکە ئیسلام نەبو، کە لەڕۆژهەڵاتدا دیاردەی ئابڕوبەری داهێنان، بەڵکو کاری لەسەر چاککردن و جوانکردنیان کردووە)لا٥٦.

ویلیام مۆنتگۆمری وات، ڕۆژهەڵاتناسێکی هاوچەرخی بەریتانییە، ڕاگری بەشی توێژینەوەی زانستە عەرەبییەکانی زانکۆی (ئەدنبرا)یە، لەکتێبی (محمد فی المدینة)دا دەڵێت : (..چەندژنیی بوار بۆ زۆر ئافرەت دەڕەخسێنێ تا بە سەربەرزی هاوسەرگیری بکەن و سنورێکیش بۆ چەوساندنەوەی بێوەژنان دادەنێت..)لا٤٢٣.

لۆرا فیشیا فاگلێری، کچە توێژەرێکی ئیتاڵییە، لەکتێبی (دفاع عن الإسلام) دادەڵێت: (..تائێستایش هیچ بەڵگەیەك نییە لەسەرئەوەی، کەچەندژنیی لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە خراپە و بەربەستی بەردەم پێشکەوتنە..دەتوانین بڵێین و پێداگربین لەسەر ئەوەی، کە لەهەندێ بارودۆخدا دەبێتە پێویستییەکی کۆمەڵایەتی، یاخود لەکاتی دروستبونی بارودۆخێکی تایبەتیدا، وەك ئەوەی ژمارەیەکی زۆری پیاوان لەجەنگدا بکوژرێن)لا٩٧..

دواتردەڵێت : (..لەڕاستیدا شەریعەتی ئیسلامی-کە ئەمڕۆ وا دەرەکەوێت، کە

کارئاسانی زۆری لەو بابەتەدا کرووە چەندژنیی بەچەند بەندوبارێکی دیاریکراو سنوردار کردووە، لەکاتێکدا بەر لە هاتنی ئیسلام بە شێوەیەکی ڕەها بووە و داماڵراو بووە لە هەموبەندوبارێك، سەرەڕای ئەوەش ئیسلام چەندمافێکی وای داوەتە ئافرەت، کە بەهیچ جۆرێك پێشتر بونیان نەبو) لا٩٨.

* د.ئەحمەد نەسیم سوسە، ئەندامی کۆمەڵەی زانستی عێراقی، مسوڵمان بوە، لە کتێبی : (في طريقي إلى الإسلام)دا دەڵێت: (ئەوەی دەیسەلمێنێت، کە ئیسلام ئاینیی هەمیشەییەو بۆ هەموکات و شوێنێك هاتووە، ئەوەیەدەبینین چەندژنیی لەزۆر جێگای جیهانی ئیسلامیدا پەیڕەو ناکرێت، ئەمەش بەهۆی ئەو پێشکەوتنەی بەسەر زۆر لە کۆمەڵانی خەڵکدا هاتووە، چونکە بارودۆخی ئابوری و بارودۆخی ئێستای خەڵك، وایکردووە جێبەجێکردنی ئاستەم بێت.. ئەمەو ئەگەر لە ئێستادا ڕێژەی سەدی ئەو مسوڵمانانە وەربگرین، کەزیاتر لە ژنێکیان هەیە ئەوا دەبینین، کە ڕێژەیەکی یەکجار کەمە) ٢/١٤٥,١٤٤.

*لایتنەر، توێژەرێکی ئینگلیزییە، دکتۆرای لە شەریعەت وفەلسەفە و ئایناسی(لاهوت)هەیە، لە کتێبی (دين الإسلام)دا دەڵێت: (هەرچی بابەتی چەندژنییە.. بەچاوپۆشین لە سودە ڕاستەقینەکانی، لەهەمانکاتدا ژمارەی ئەو ئافرەتانە کەمدەکاتەوە، کە بێ هاوسەر دەمێننەوە، بەتایبەتی لەو شوێنانەدا، کە تێیاندا ژنان لە پیاوان زۆرترن، بەچاوپۆشین لەوەی، کە ڕێژەی ئافرەتانی سۆزانی کەم دەکاتەوەو ڕێ لە دروستبونی منداڵی زینا دەگرێت، ناتوانین نکۆڵی لەوە بکەین، کە زۆرینەی مسوڵمانان تەنیا یەك هاوسەریان هەیە و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پەیڕەوی فرمانەکانی ئیسلام)لا١١

هەر لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێت: (...محمد لە نێوگەلێکدا لە دایك بو، کە لەدایك بونی ئافرەت تێیدا کارەساتێکی گەورە بوو، لە بەر ئەوە زیندەبەچاڵیان

دەکرد، پیاوانیش سنورێکی دیاریکراویان نەبو لە هاوسەرگیریدا و، ئافرەتانیان وەکو کاڵایەك تەماشا دەکردو وەکو میرات دوای مردنی مێردەکەی بە میرات دەگیرا بەڵام ئیسلام سنورێکی بۆ ئەمە دانا، ئیتر پیاو ناتوانێت لە چوار ژن زیاتر بهێنێت، ئەوەش بەمەرجی ئەوەی لە هەمو شتێکدا یەکسانییان لە نێواندا بەرپا بکات، تەنانەت لە خۆشەویستیشدا، ئەگەر توانای جێبەجێکردنی ئەو مەرجانەشی نەبو، ئەوە نابێت لە یەك ژن زیاتری هەبێت ..)لا ١١.

هەروەها دەربارەی ئەوەی، کە بنچینە لە هاوسەرگیریدا یەك ژنە، دەڵێت : (..هەرکەسێك لێی وردبێتەوە —واتە لە ئیسلام – بۆی دەردەکەوێت، کە ئیسلام هانی مارەکردنی تەنها یەك ئافرەت دەدات و پێگەی ئافرەتی زۆر بەرز ڕاگرتووە، ئەو ئافرەتەی پێشتر خاوەنی هەبو ئێستا خاوەنی خۆیەتی، مافەکانی پارێزراون و هەمو شتێك لەبەرژەوەندی ئەو دایە)لا ١٢.

*ئیتین دینێت، ڕۆژهەڵاتناسێکی فەرەنسییە، لە کتێبی : (أشعة خاصة بنور الإسلام)دا دەڵێت : (ئایا ڕاستە، کە ئایینی مەسیحی بەبڕیارە زۆرەملێکەی بۆ یەك ژنی و پێداگیری لەسەر جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە توانیویەتی ڕێ لە چەندژنیی بگرێت؟! کەسێك هەیە بتوانێ ئەمە بڵێت و بەخۆی پێنەکەنێت و پێی پێنەکەنن؟!)لا ٣٢.

پاشان دەڵێت : (..چەندژنیی یاسایەکی سروشتییەو تاجیهان ماوە ئەو یاسایەش هەردەمێنێت، بۆیە ئەو مەبەستەی مەسیحییەکان هەوڵیان بۆ دەدا پێی نەگەیشتن، بەڵکو بەپێچەوانەوە، خراپ بەسەریاندا شکایەوە، ئیتر هەمو جۆرەکانی ئارەزوبازی هاتەکایەوە..تیۆری یەك ژنیی، کەمەسیحییەت داوای دەکات، زۆرشتی خراپی لێپەیدا دەبن، کە دەتوانین لە (سێ) ئاکامی مەترسیدار و کارەساتدا کورتیان بکەینەوە، ئەوانیش: داوێنپیسی و قەیرەیی و منداڵی ناشەرعین! ئەو پەتا کۆمەڵایەتییە

بەدرەوشتیانە، بەهیچ شێوەیەك لەوجێگایانەدابونیان نەبو، کەشەریعەتی ئیسلامییان بەتەواوی تێداجێبەجێ دەکرا، بەلاَم دوای تێکەڵ بونی کۆمەڵگا ئیسلامییەکان بەکۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان ئەو پەتا کوشندەیە بۆ ئەوانیش گوازرایەوە..)لا٣٣٦

*عەبدوڵلاَ کویلیم، بیرمەندێکی ئینگلیزە و مسوڵمان بوە لەکتێبی (العقیدةالإسلامیة)دا دەڵێت : (موسا چەندژنیی قەدەغە نەکردووە، داوودیش خۆی پەیڕەوی کردووە وبەرەوای داناوە و، لەئینجیلیشدا تائەو ماوانەی دوایی قەدەغەنەکرابو..بەلاَم محمد هات و زۆرەوی کردنی لەو بوارەدا سنوردارکرد و، بەهەرجۆرێك بێت چەندژنیی لە دەستوری ولاَتە ئیسلامییە پێشکەوتووەکان دا ڕێسایەکی ڕیزپەڕە..بەلاَم سەرەڕای ئەو قسە بێ بنەمایانەی دەربارەیەوە دەکرێن سودو کەڵکی خۆی هەیە و یارمەتیدەری ئافرەت بووە تا ژیانی پارێزراو بێت.. دەبێ ئەوەش بڵێین، کە چەندژنیی حەوجار سودمەندترو کەم زیانترە لەو خراپەکارییەی گەلانی مەسیحی لەژێر پەردەی شارستانیەت و پێشکەوتنخوازیدا ئەنجامی دەدەن..بالەپێشدا درەختی نێوچاوی خۆمان دەربێنین ئینجا باز بدەینە زلی ناو چاوی خەڵك) لا٢٢-٢٣)(ئیلەر لەوتارەکەیدا)..

*ئیمیل دێرمینگهەم : لە کتێبی(حیاة محمد)دا دەپرسێت: (کامیان باشترە : چەندژنیی شەرعی و ڕەوا، یان چەندژنیی نهێنی و ناڕەوا؟ بێگومان چەندژنیی دەتوانێت دیاردەی مەترسیداری قەیرەیی لە ڕەگوڕیشە هەڵکێشێت)لا٣٣١.

هەڵوەستەیەك لەسەر چەندژنیی

پێشەوا محمدی ئەبوزەهرە دەپرسێ : (یان چەندژنیی ڕەوا یان چەند دۆستی پەنهان!) پاشان دەڵێت : (..چەندژنیی ئیسلام لە بەرانبەر خیانەتی هاوسەری ئەورووپایە، بۆیە ئەگەر چەندژنیی قەدەغەبکەین دەبێت چاوەڕوانی زیادبونی خیانەتی هاوسەری بکەین..) گۆڤاری(العربی)ژمارە(٣٠) لا٨٦-٨٧.

*بەڕاستی جێگای سەرسوڕمانە، کە زۆر خەڵك دەبینی چەندژنیی ئیسلام، کە خودا بەڕەوای داناوە بەخراپ دەزانن، کەچی چەند دۆستی بەخراپ نابینن و زینا و داوێنپیسی بەئاشکرا و نهێنی بەڕەوا دەبینن و هیچ سنورێکی خودا ناپارێزن، هەروەها درك بە مەترسی بێ ناسنامەیی و ئەو نەخۆشیانەش ناکەن، کە بەهۆی ئەو پێوەندییە نا شەرعییانەوە پەیدادەبن...

*هەروەها ئەوەی زیاترجێگای سەرسوڕمانە ئەوەیە، کە چەندژنیی لە ئایین و ڕێساکانی خۆشیاندا هەیە، بەڵام پێی نازانن و کوێرانە ڕەتی دەکەنەوە. مامۆستا(محمد فوئاد هاشمی)، کە زانایەکی مەسیحییە و مسوڵمان بوە، دەڵێت : (چەندژنیی تا سەدەی نۆزدەهەم لەئایینی مەسیحیدا بونی هەبو)کتێبی : (الادیان فی کفة المیزان)لا١٠٥-١٠٦.

*لەهەمو ئەوانەش سەیرتر ئەوەیە، کە ئیسلام تاکە ئایینە ڕێژەی چەندژنیی دیاریکردووە و بەدادگەریی سنورداری کردووە، ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی، کە بنچینە لە ئیسلامدا(یەك ژن)ییە، سەرەڕای ئەوەش دوژمنانی ئیسلام خۆیان کوێردەکەن ودەیانەوێ بەزۆری بیسەلمێنن، کە بنچینە لە ئیسلامدا (چەند ژنی)ییە

وپێداگری لە سەر ئەوە دەکەن، کە هەردەبێت ددان بەوەدا بنێین، کە زیانی کۆمەڵایەتی زۆری هەن .. خوای پەروەردگار دەفەرموێت : ﴿ وَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تُقْسِطُوا۟ فِى ٱلْيَتَٰمَىٰ فَٱنكِحُوا۟ مَا طَابَ لَكُم مِّنَ ٱلنِّسَآءِ مَثْنَىٰ وَثُلَٰثَ وَرُبَٰعَ ۖ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا۟ فَوَٰحِدَةً أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُكُمْ ۚ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰٓ أَلَّا تَعُولُوا۟ ﴾ النساء: ٣ . واتە: وە ئەگەر ترسان دادپەروەر نەبن، لە مارەیی ئەو ئافرەتە بێباوکانەدا مارەیان مەکەن ئەوە مارە بکەن لەو ئافرەتانەی حەڵاڵن بۆتان دو دو یان سیان سیان یان چوار چوار، جا ئەگەر ترسان دادگەر نەبن، ئەوا یەك ئافرەت مارە بکەن، لە ئافرەتە ئازادەکان یان ئەو کەنیزەکانەی کە موڵکتانن و ئەوە نزیکترە کە ستەم نەکەن.

دادگەریش بەوەدەکرێت، کە هەمو هاوسەرەکان لەڕووی: پشك و ماف و خەرجی و پۆشاك و شوێنی نیشتەجێبون، یەکسان بن، پاشان خوای پەروەردگار لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت. : ﴿ وَلَن تَسْتَطِيعُوٓا۟ أَن تَعْدِلُوا۟ بَيْنَ ٱلنِّسَآءِ وَلَوْ حَرَصْتُمْ ۖ فَلَا تَمِيلُوا۟ كُلَّ ٱلْمَيْلِ فَتَذَرُوهَا كَٱلْمُعَلَّقَةِ ۚ وَإِن تُصْلِحُوا۟ وَتَتَّقُوا۟ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴾ النساء: ١٢٩. واتە: ئێوە هەرگیز ناتوانن لە نێو ژنەکانتاندا دادپەروەر بن هەرچەندە سوربن هەوڵبدەن جا کەواتە بە تەواوی خوار مەبنەوە لە هاوسەری یەکێکیان، بەو هۆیەوە وازبهێنن لەوەی تریان وەك هەڵواسراوی لێبێت، نە ئەوە مێردی هەبێت نە بەڕەڵا کرابێت، وە ئەگەر بسازێن و پارێزکار بن، ئەوا بەڕاستی خوا هەمیشە لێبوردە و میهرەبانە.

*ئەوان پێشتر لەئیسلامدا تەڵاقیشیان بەخراپ دەزانی و قەدەغەیانکردبو، بەڵام ئەوەتا ئەمڕۆ درکیان بە حیکمەتی تەڵاق کردووەو بە ناوێکی تر ڕەوایان کردووە و لە کتێبەکەیاندا هەر بە حەرامی ماوەتەوە!..لەوانەیە هێشتا درکیان بەوە نەکردبێت، کەچارەسەری هەموو کێشەکانیان لەڕێساکانی ئیسلامدایە و، ئەمڕۆ- سبەی

هەردەبێت بۆ چارەسەری کێشەکانیان لە نێو یاسا جوان و دادگەرەکانی ئیسلامدا بەدوای چارەسەردا بگەڕێن .

*پاشان، کارنەکردن بە یاسا خوداییەکان و دانانی ڕێسای زەمینی لە جێگایاندا، جگە لە ئەنجامی نەخوازراوو زیانبەخش و دارمانی ڕەوشت و بەها بەرزەکان هیچی تری لێ پەیدانابێت، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە ئەو کۆمەڵگایانەی یاساخوداییەکانیان بەڕێسا و زەمینییەکان گۆڕیوە پێشکەوتنی ماددیان بەخۆوە نەدیوە، لەڕوی پێشکەوتنی ماددییەوە سەرکەوتوبوون و ئەوروپاش باشترین بەڵگەیە و ئەو وێنەیەی بەرجەستەکردووە پێشکەوتنی ماددی و داتەپینی ڕەوشت و بەها بەرزکان، ئەگەربێین بە شێوەیەکی مەنتیقی سادەوساکار باسەکە بخەینەڕو و گفتوگۆی لەسەر بکەین، دەڵێین: وادابنێ خاوەن کتێبە ئاسمانییەکان-جولەکەو مەسیحیی-ددان بەوەدانانێن، کە ئایینەکەیان دەستکاری کراوە و گۆڕاوە، لە کاتێکدا لە ژێر سایەی ئەو گۆڕینە چەند حوکمێك داهێنراون، کە ئەوەی خودا حەلاڵی کردووە حەرامی دەکات و ئەوەیش، کە خودا حەرامی کردووە حەلاڵی دەکات، جا کاتێ دەتەوێ بەبەڵگەی عەقلی- بەبێ گەڕانەوە بۆ بەڵگەی شەرعی- بۆیان بسەلمێنی، کە ئەوان حەلاڵی خودایان حەرام کردووە و حەرامیشیان حەلاڵ کردووە، ئەوا مەنتیق پێمان دەڵێ با سەیری کۆمەڵگاکانیان بکەین، کە ئەو حوکمانەیان تێداپەیڕەو دەکرێت و ببینین چ شوێنەوارێکی لێپەیدادەبێت، لە دو ڕوی مەنتیقیدا ئەمە دەخەینەڕو :

یەکەم : ئایائەو یاسایانە سودی بۆیان هەیەیا زیان؟ :

بۆنمونە: زینا، کە لە شوێنی چەندژنیی دایە، مەی خواردنەوە، قەدەغەکردنی تۆڵەی دادگەرانە(القصاص)- قەدەغەکردنی تەلاق...تاد.

دووەمیان : ئایا دەتوانی بەکرداریش ئەوحوکمانە جێبەجێ بکەن؟ :

بۆنمونە : ئەگەر کەسێك زللەیەکی لە ڕومەتی چەپت دا ڕومەتی ڕاستیشی بۆڕابگری- یاخود ڕەهبانیەت (ژن نەهێنان و شونەکردن) و...تاد. ئەگەر ئەو یاسایانە سودیان بۆیان هەبێت و بتوانن جێبەجێیان بکەن، ئەوا دیارە هەر یاسا خوداییەکانن و بێگومان سودبەخشن، بەڵام ئەگەر وانەبێت، بێگومان دەستکاری کراون و گۆڕاون و لە یاسای خودایی بونەتە ڕێسای زەمینی.

"بامرۆڤی عاقڵ دەحوکمەکانی ئیسلام ڕامێنێت و کاریگەرییەکانی لە کۆمەڵگادا هەڵسەنگێنێت و لەگەڵ ڕێساکانی تردا بەراوردیان بکات ئاخۆ کامیان بۆ ئێمە شیاوتر و پڕسودتر و بەسۆزترن ؟ و کامیان لەگەڵ فیترەتی ئێمەی مرۆڤدا دەگونجێت؟!.. ئیسلام چەندین جار و لەهەمو بوارەکانی ژیاندا ئەوەی سەلماندووە، کە تاکە ئایینە حوکمی وای لەخۆگرتووە، کە لەگەڵ بەرژەوندییەکانی ئێمەی مرۆڤدا تێکناگیرێن و هیچ ڕێگایەکی تر جگەلە ئیسلام نییە بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی دامەزراو لەسەر بنچینەی دادگەری و زانست و بەزەیی —بەڵێ! هەر ئیسلام چارەسەربووەو هەرئەویشە کلیلی چارەسەری ئایندەی گیروگرفتەکان، هەتا ئەگەر نەیارانیش نەیانەوێ.

خوای پەروەدگار دەفەرموێت : ﴿ وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا طَٰٓئِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيۡهِ إِلَّآ أُمَمٌ أَمۡثَالُكُمۚ مَّا فَرَّطۡنَا فِي ٱلۡكِتَٰبِ مِن شَيۡءٍۚ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِمۡ يُحۡشَرُونَ ﴾ الأنعام: ٣٨

واتە : هیچ گەڕۆکێکی گیانلەبەر نییە لە زەویدا و هیچ باڵندەیەك نییە کە بە دو باڵ دەفڕێت، مەگەر وەك ئێوە ئوممەتانێکن، لەم کتێبەدا(لوح المحفوظ، یان قورئاندا)، هیچ شتێکمان فەراموش نەکردووە، پاشان ئەوانە لە ڕۆژی دواییدا لای پەروەردگاریان کۆدەکرێنەوە.

زانست لە دیدی ئیسلامدا

(خاچپەرستان دژایەتی شتێکیان کرد کە دەبو لە بەردەمیدا زەلیلانە کڕنوش بەرن، لە بەردەم شارستانییەتێك کە سەدەی نۆزدەمی ئێمە بەبەراورد لەگەڵیدا زۆر هەژار و دواکەوتووە)فریدریك نیچە لە کتێبی:عدوّ المسيح، لا٦٠.

* * *

(.. ئیسلام لەوەدا ترسی لەسەرنییە کە بیر ئازاددەکات، بەڵکو سەرەڕای ئەوە هەمو بیروهۆش داگیردەکات)عەبدولحەکیم بەحلاق(أبحث عن هوية).

* * *

*گۆستاڤ لوبۆن لە کتێبەکەی(حضارة العرب)دا دەڵێت: (ئیسلام لەهەمو ئایینەکانی تر زیاتر لەگەڵ دۆزینەوە زانستییەکاندا دەگونجێت و لەهەمو ئایینەکان زیاتر گرنگی بە پاکی دەرون و دادگەری و چاکەکاری و لێبوردەیی و... دەدات)لا١٢٦.

پاشان دەڵێت: (گەلێکی وەکو عەرەبە مسوڵمانەکان لەمێژودا بەدی ناکەی، چونکە هەمو ئەو گەلانەی پێوەندییان بە عەرەبە مسوڵمانەکانەوە هەبوبێت ئەگەر بۆماوەیەکی کەمیش بوبێت بڕێکیان لەو شارستانییەتە هەر وەرگرتووە)لا٥٨٥.

لەشوێنێکی دیکەشدا دەڵێت: (کاریگەری عەرەبە مسوڵمانەکان لە ڕۆژهەڵاتدا

بەتەنیا لە ئایین و زمان و هونەر خۆی نابینێتەوە، بەڵکو کاریگەری بەرچاویان لە ڕۆشنبیری و زانستیشدا هەبو)لا٥٩١.

لە (لیبری)ییەوە هاتووە، کە گوتویەتی: (ئەگەر عەرەبە مسوڵمانەکان لەسەر شانۆی مێژو دەرنەکەوتبان، ئەوا بوژانەوەی ئەورووپا بۆ چەند سەدەیەك دوادەکەوت)لا٥٩١.

*ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی(د.ماکس مایرۆهۆف)دەڵێت: (..زانستە ئیسلامییەکان کە لە لوتکەدابون دەدرەوشانەوە وەك چۆن مانگ دەدرەوشێتەوە و توانی ئەو تاریکییەی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئەورووپای داگیرکردبو بڕەوێنێتەوە)تراث الاسلام، توماس ارنولد، لا٥٠٦.

*(د.مۆریس بۆکای) لە کتێبی(القران الکریم والتوراة و الانجیل والعلم)دا دەڵێت: (سەرەتا هەستام بە دیراسەکردنی قورئانی پیرۆز، بەبێ هیچ ڕایەکی پێشنە و بە شێوازێکی بابەتییانە، ئامانجیشم زانینی ئاستی گونجانی دەقەکانی قورئان بو لەگەڵ زانستی هاوچەرخدا.. دوای لێکۆڵینەوەیەکی هۆشیارانەی دەقی عەرەبی، توانیم لیستێکم دەستبکەوێت، کە بەهۆیەوە گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە لە ڕوی زانستی هاوچەرخەوە قورئان هیچ زانیارییەکی تێدا نییە جێگای ڕەخنەگرتن بێت)لا١٥٠.

هەروەها دەڵێت: (لەسەرەتادا لایەنە زانستییەکانی قورئان منیان توشی سەرسوڕمان کرد، چونکە هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبوم، کە دەکرێ ئەو ئەندازە زۆر و جۆراوجۆرانەی بابەتی زانستیم دەستکەوێت و هەموشیان لەگەڵ زانستی هاوچەرخدا بگونجێن، ئەمەش لە کتێبێکدا کە بەر لە زیاتر لە سێزدە سەدە نوسراوە!.. لەسەرەتادا هیچ باوەڕێکم بە ئایینی ئیسلام نەبو و بەوپەڕی ئازادی و بابەتییانەو بەبێ هیچ حوکمێکی پێشین دەستم بە لێکدانەوەی دەقەکان کرد)لا١٤٥.

پاشان دەڵێت: (کاتێ لە قورئانم کۆڵییەوە بەتەواوی درکم بەو وەسفە

تێروتەسەلەی قورئان دەکرد کە بۆ زۆر دیاردەی سروشتی دەیکرد، بەڕاستی وردی هەندێك لەو وەسفانە منیان توشی سەرسوڕمان کرد، ئەو جۆرە شتە وردە تایبەتانەش تەنها لە دەقی ئەسڵی قورئاندا درکیان پێدەکرێت، ئەوە منی توشی سەرسامی کرد کە لەگەڵ هەمان ئەو دیدو بۆچونە دێتەوە کە ئەمڕۆ ئێمە بەرانبەر دیاردەیەك هەمانەو قورئانیش بەهەمان شێوە باسی کردووە، هەروەها هەرگیز لە توانای هیچ مرۆڤێکی سەردەمی محمد دا نەبووە کە بیرۆکەیەکی سەرەتاییشی دەربارەی ئەو دیاردانە هەبێت)لا ١٤٥.

هەروەها لە کتێبی(دراسة الكتب المقدسة في ضوء المعارف الحديثة)دا دەڵێت:

(هەمو کاتێك ئیسلام ئایین و زانستی وەکو دو جمك داناون، لە سەرەتادا ئەو گرنگییەی بە زانست دەدرا کەمتر نەبو لەو گرنگییەی بەو ئەرکانە دەدرا کە ئیسلام فەرمانی پێکردبون، جێبەجێکردنی ئەو بنچینەیەش بو بووەهۆی ئەو بوژانەوە گەورەیەی زانستەکانی سەردەمی شارستانییەتی ئیسلامی، کە دواتر لە سەردەمی بوژانەوەی ئەوروپادا ڕۆژئاوا سودی لێوەرگرت..)لا ١٤.

پاشان (بۆکای)دەڵێت: (پێویستە ئەوەمان لەیادبێت کە لەسەردەمی گەورەیی ئیسلام–واتە لە نێوان سەدەکانی هەشت تا دوازدەی سەردەمی مەسیحیدا، کە چەندین کۆت و بەند خرابونە سەر پێشکەوتنی زانستی لە وڵاتە مەسیحییەکانماندا–ئا لەوکاتەدا چەندین توێژینەوەو دۆزینەوەی گەورەو گرنگ لە زانکۆ ئیسلامییەکاندا ئەنجام دەدران.. ئەوسا توێژەر ئامرازی ڕۆشنبیری زۆر چاکی لەبەردەستدابون..ئەوەتا لە قورتبە کتێبخانەی خەلیفە بەتەنیا چوارسەد هەزار کتێبی تێدابو..)لا ١٤٠.

هەروەها دەربارەی گەورەیی زانایانی مسوڵمان دەڵێت: (..دەستنوسی زۆرمان لەڕێی ئەدیبە عەرەبەکانەوە بۆ بەجێماون، کە کلتور و ئاستی ڕۆشنبیری وڵاتە ڕزگارکراوەکانمان بۆ دەردەخەن، بەڕاستی ئێمە قەرزاری ڕۆشنبیری و کلتوری

عەرەبین لە بواری بیرکاری و گەردونناسی و فیزیا و جیۆلۆجیا و زانستی ڕووەکی و پزیشکی و...تاد، بۆ یەکەمین جار زانست لە زانکۆ ئیسلامییەکاندا خاسیەتی جیهانی بونی بەخۆیەوەبینی، لەو سەردەمەدا خەڵک زیاتر لەو سەردەمەی ئێستامان بە ئایین کاریگەربون، بەڵام ئەوە ڕێگر نییە لەبەردەم ئەوەی کە لەیەک کاتدا باوەڕدار و زانا بن، زانست برای جمکی ئایین بو و پێویستە زانستیش هەردەم ئەو خاسیەتەی پێوە دیاربێت)لا ١٤٠-١٤١.

*لویس سیدیۆ، لە کتێبی (تأريخ العرب)دا دەڵێت: (لە سەدەکانی ناوەڕاستدا مسوڵمانان تاک بون لە: زانست و فەلسەفە و هونەردا و گەیشتبنە هەرکوێیەک ئەو زانستانەیان بڵاوکردونەتەوە و دواتر دزەیان کردە ئەوروپا، بۆیە ئەوان هۆکاری گەشەسەندن و بوژانەوەی ئەوروپا بون).

*هەروەها (مارتن پلێنسەر)، کە لە پەیمانگای زانستە ڕۆژهەڵاتییەکانی زانکۆی فرانکفۆرت وانەبێژە، دەڵێت: (..ئەستەمە هەوڵێک یان بەرهەمێکی مسوڵمانان بدۆزیتەوە کە ڕۆژئاوا بەجۆرێک لە جۆرەکان پێی کاریگەر نەبوبێت)تراث الاسلام، دانراوی شاخت و بۆزۆس:٧٩/٣.

*ئەحمەد نەسیم سوسە، لە کتێبی(في طريقي الى الاسلام) باس لە ڕێبازی زانستی تاقیکاری لەلای مسوڵمانان دەکات و دەڵێت: (ئاشکرایە، کە ژیاری ئیسلامی دوربینی و بێداربونەوەی داهێناوە لاساییکردنەوەی وەلانا و دورکەوتەوە لە گومان، بەڵگە و تاقیکاری ئامرازی کارکردنی بون، بەمەش مسوڵمانان بنچینەی نەگۆڕیان بۆ زانستە دروست و پڕ سودەکان دانا و تاقیکردنەوە و تێبینی کردنیان کردنە بنچینەی توێژینەوە زانستییەکان و کوڵەگەی لێکوڵینەوە، بەجۆرێک کە یۆنانییەکان بە سەرقاڵبونیان بە فەلسەفە و توێژینەوە پێی نەگەیشتن، بەمەش مسوڵمانان کلتور و ڕۆشنبیرییەکی تایبەت بەخۆیان دروستکرد و فەلسەفەیەکی ئیسلامی سەربەخۆیان

بۆخۆیان بنیاتنا.. هەروەك چۆن بنچینەیان بۆ زانستە سروشتییەکان و بیرکارییەکان بە جۆرە جیاوازەکانییەوە دانا، بەمەش لەڕێگەی ئەوانەوە ئەو زانستانە گەیشتنە ئەوڕوپا)لا ١٠٢.

*لە وتەیەکی هاوشێوەدا(هێربێرت جۆرج وێلز) لە کتێبەکەی(موجز تأريخ العالم)دا دەڵێت: (..زانا عەرەبە کیمیاگەرەکان توانیان ڕێبازی زانستی تاقیکاری دابنێن کە لەوانەیە دەسەڵاتێکی وا بە مرۆڤ ببەخشێت کە لە جیهاندا وێنەی نەبێت و نەك هەر بەسەر جیهاندا بەڵکو لەوانەیە دەسەڵاتی بەسەر سەرەنجامی خۆشیدا هەبێت)لا ٢٠٦.

هەروەها دەربارەی پلەوپایەی زانکۆ ئیسلامییەکان دەڵێت: (جیهانی ئیسلامی بە سەدەیەك یان زیاتر پێش ڕۆژئاوا کەوتبو، کۆمەڵێك زانکۆی گەورەیان دامەزراندبون، کە ڕوناکی ئەو زانکۆیانە دەرەوەی جیهانی ئیسلامیشی تا مەودایەکی دور ڕوناك دەکردەوە و فێرخوازان لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و لەهەمو لایەکەوە بۆ خوێندن لەو زانکۆیانە دەهاتن)٣/٦٦٤.

*هەروەها جاك ریزلەر، کە توێژەرێکی هاوچەرخی فەرەنسییە دەڵێت: (کاتێك ژیاری پڕ شکۆمەندی ئیسلامی سەرنجی هەندێ لە پیاوانی ئایین و عەلمانی ئەوروپای مەسیحی ڕاکێشا و خەریك بون لە خۆشەویستی بۆ ئەو ئازادییەی ئەو زانکۆیانە هەیان بون بەرەو قورتبە و توڵەیتڵە و ئیشبیلیە دەچون تا لە وانەی ئەو زانکۆ ئیسلامیانە ئامادەبن)الحضارة العربية، لا ١٥٤.

*هەروەها جۆن براند ترێند، کە یەکێکە لە پێشەوایانی مێژوی ئیسپانیا، دەڵێت: (قوتابخانەکانی توڵەیتڵە لەهەمو لایەکی ئەوروپا فێرخوازی بۆ دەهاتن، ئەو فێرخوازانەش بەهۆی فێربونی زمانی عەرەبی..توانیان کتێب لە عەرەبییەوە وەربگێڕنە سەر زمانی لاتینی، بەوەش بەشداربون لە پێشکەوتنی زانستی لە جیهاندا.. بەڵێ جیهان

لە قوتابخانەکانی سالرنۆ و بەغدا و دیمەشق و قورتبە و غەرناتەو مەلەگەدا ڕۆشنبیری و زانستی لە مسوڵمانان وەرگرت..) تأريخ العالم، سێر جۆن بلاوی کردوتەوە. هامرتن: ٧٥٩/٥.

*خانمە توێژەری ئیتالی (لۆرا فیشیا فاگلێری) لە کتێبەکەیدا (دفاع عن الإسلام) دا پرسیارێك دەکات، دەڵێت: (چۆن دەتوانین بڵێین: ئیسلام گەشەسەندنی ڕۆشنبیری سەدەکانی ڕابردوی وەستاندووە، لەکاتێکدا دەزانین کە حوجرە و قوتابخانەکانی ئیسلام ئەوسا چرای ڕوناکی بەخشی ڕۆشنبیری بون بۆ ئەورووپا کە لەسەدەکانی ناوەڕاستدا لە تاریکیدا نقوم بوبون، هەروەها هزر و دیدی فەیلەسوفە عەرەبەکان گەیشتە پێگەیەکی وا بەرز وای لە زانایانی ڕۆژئاوا کرد کە شوێنپێی ئەوان بکەون!) ل ١٣٠.

جارێکی تر پرسیار دەکات: (ئایا عەرەبەکان نەبون کە بۆ یەکەمین جار ڕێگای تاقیکارییان داهێنا، بە ماوەیەکی زۆر بەرلەوەی (بیکۆن) باس لە پێویستی بکات؟!

پێشکەوتنی کیمیا و زانستی گەردونناسی و بلاوکردنەوەی زانستی ئیغریقی و بەهێزکردنی زانستی پزیشکی و دۆزینەوەی یاسا جۆراوجۆرەکانی فیزیایی.. ئایا هەمو ئەوانە لە گەورەیی و شوێنەوارەکانی عەرەب نین؟!) ل ١٣١.

*هەروەها (ئیڤلین گۆبۆڵد) لە کتێبەکەیدا (البحث عن الله) دا دەڵێت: (ئیسلام وەکو چرایەك بو بۆ زانست و زانیاری.. (کوڵۆمبۆس) لە زانکۆ ئیسلامیەکانی ئیسپانیا زانی کە زەوی بازنەییە.. ئەو زانکۆیانە پێشوازییان لە هەمو فێرخوازان دەکرد، تەنانەت جولەکەو مەسیحییەکانیش، کە تێیاندا زانست و زانیاریان وەرگرت و بڕوانامەیان بەدەستهێنا) ل ٩٢.

*هەروەها دکتۆر (ستانلی لین. بوڵ) کە زانایەکی شوێنەوارناسی میسرییە، دەڵێت: (.. هەمو ئەو زانستانەی ئەورووپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بەدەستیان هێنا، لە

فەلسەفەی ئیغریقی و زانستی بیرکاری و کیمیا و گەردونناسی و پزیشکی، هەمویان لە سەرچاوە عەرەبییەکان وەرگیرابون کە وەرگێڕرابونە سەر زمانی لاتینی)تاریخ العالم، سێر جۆن بلاّوی کردوّتەوە.هامرتن: ٤/٦٠٨.

*بارۆن کارا دی ڤۆ، ڕۆژهەلاّتناسێکی فەرەنسی ناسراوە لە پەیمانگای کاسۆلیکی پاریس وانەدەڵێتەوە، دەڵێت: (بەڕاستی عەرەبەکان گەورەترین دۆزینەوەی زانستییان ئەنجامدان، ئەوان فێریان کردین (سفر) بەکاربێنین و (جەبر)یان کردە زانستێکی تەواو و پێشیان خست و بنچینەکانی زانستی ئەندازیاری شیکارییان دامەزراند و ئەوان زانستەکانی سێگۆشەی کراوەو وەستاو و..یان دۆزینەوە)تراث الإسلام، سێر تۆماس ئارنولد، لا٥٦٣.

پاشان دەڵێت: (عەرەبەکان ژیانی عەقڵی و توێژینەوەی زانستییان بەرەو پێگەیەکی بەرز برد، لەوکاتەی جیهانی مەسیحی لە هەوڵدابو بۆ دەربازبون لە کۆت و بەندەکانی دواکەوتویی)لا٥٦٣.

*خانمە توێژەری ئەڵمانی(زیگرید هۆنکە) لە کتێبەکەیدا(شمس العرب تسطع على الغرب)دەڵێت: (ئەو هەنگاوە خێرا و سەرسوڕهێنەرەی نەوەکانی بیابان بەسەر پەیژەکانی ژیار و شارستانییەتدا ئەنجامیان دا، کە لە هیچەوە دەستیان پێکرد، بەڕاستی جێگای بەهەند وەرگرتن و پەند وەرگرتنە لە مێژوی هزری مرۆڤایەتیدا..سەرکەوتنە زانستییە یەك بەدوای یەکەکانیان، کە کردنیە گەورەو سەرداری گەلە شارستانییەکان، بەڕاستی جێگای پێداهەڵدانە، تا ئاستێك کە زۆر گەورەترە لەوەی بە شارستانییەتەکانی تر بەراورد بکرێت..)لا١٤٨.

هەروەها دەڵێت: (لەڕاستیدا (ڕۆجەر بیکۆن) و (گالیلۆ) و (داڤینشی) نەبون کە توێژینەوەی زانستییان داهێنا، بەڵکو ئەوانەی دەستپێشخەربون عەرەبە-مسوڵمانەکان-بون، کە-بەپێچەوانەی برا مەسیحییەکانیان- لە توێژینەوەکانیان

پەنایان بردە بەر عەقڵ و تێبینی کردن و لێکوڵینەوە و گەڕانی ڕاستەقینە.. مسوڵمانان گرانبەهاترین دیاریان پێشکەشکرد، ئەویش: (توێژینەوەی زانستی دروست)، کە ڕێگای لە بەردەم ڕۆژئاوادا والآکرد تا پەی بە نهێنیەکان ببات و ئەمڕۆش دەستی بەسەردا بگرێت..)لا٢٦٩.

پاشان دەربارەی پلەوپایەی زانایانی مسوڵمان دەڵێت: (.. هەر نەخۆشخانەیەك، هەر ناوەندێکی زانستی ئەو ڕۆژگارەمان، لەڕاستیدا پەیکەر و شاکارێکی هزری ڕون و زیرەکی عەرەبی–ئیسلامییە–..)لا٣١٥.

لەجێگایەکی تریشدا دەڵێت: (پزیشکیی ڕۆژئاوا بۆ ماوەی چەند سەدەیەك کۆپی پزیشکیی عەرەبی بو، سەرەڕای سوتاندنی کتێبەکانی(ئیبن سینا) لە شاری (بازل) لە کردارێکی دوژمنکاری مەسیحیدا، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ڕەفەکانی کتێبخانەکان هەرگیز خاڵی نەبوون لە کتێبەکانی عەرەبەکان و هەردەم لە گیرفانەکانی زانایان و پزیشکاندا بونیان هەبووە، بەڵکو هەر پارێزراو بوون و هەندێ جاریش تالآن کراون)لا٣٤٥.

*ئەو بەشەش بە وتەی (نەسری سەهەب) کۆتایی پێدێنین کە لە کتێبی(في خطا محمد)دا دەڵێت: (عەقڵی ئیسلامی و عەرەبی لە سەردەمێکی مێژودا گەیشتە چ پلەیەکی بەرز، یاخود لە هەمو سەردەمەکانی مێژودا؟.. هەمو ئەوانەش ئەنجامێکی سروشتی ئامۆژگارییەکانی قورئان و محمدی پێغەمبەری خوا بون)لا٤٦٩.

*هەرکەسێك لە ئایینەکانی تری کوڵیبێتەوە ئەوا لەو لایەنەوە باوەڕی بە ئیسلام زیاد دەبێت، چونکە ئەگەر سەرنجی (العهد القديم) یان (العهد الجديد) بدەی ئەوا ئەستەمە چاوت بکەوێتە سەر ئەو وشانە:

زانست– عەقڵ– بەڵگە– دانایی– بیر– ڕوانین، یاخود هەر وشەیەکی وەرگیراو یان نزیك لەو وشانە.

بەڵام کاتێك قورئانی پیرۆز دەخوێنیتەوە، دەبینیت:

–وشەی زانست(العلم) ٨٠ جار بە ناسراو و نەناسراو هاتووە.

هەرچی وشە داتاشراوەکانە لە وشەی زانست(العلم) وەکو (یعلم– یعلمون– علیم– علام..تاد، سەدان جار هاتوون.

– وشەی بیر(العقل): ئەوا وشەی (الألباب) لە جێگایدا بەکارهاتووە و ١٦ جار هاتووە.

– وشەی عەقڵەکان(النهی): ٢ جار هاتووە.

– وشەی بەڵگە(البرهان): ٧ جار هاتووە.

– وشەی دانایی(الحکمە): ٢٠ جار هاتووە.

– داتاشراوەکانی وشەی شارەزایی(فقە): ٢١ جار هاتووە.

– داتاشراوەکانی وشەی بیر(فکر): ١٨ جار هاتووە.

ئەوە سەرەڕای ئەو وشانەی پێوەندیان بە زانست و هزرەوە هەیە، وەکو : انظروا– ینظروا[1]..

*ئا ئەمەیە ئەو ئیسلامەی گەورە زانا و پزیشك و فەیلەسوفەکان لەو قوتابخانەیەدا دەرچوون و پێگەیشتون، لەوانە:

ئیبن نەفیس، ئیبن سینا، شەریف ئیدریسی، ئیبن ڕوشد، ڕازی، ئیبن زەهر، جابری کوڕی حەییان، موسای کوڕی شاکر، عەبدولڕەحمان خازن، ئیبن خەلدون کە شوێنپەنجەی لە فەلسەفە و کۆمەڵایەتی و فەلسەفەی مێژودا دیارە، خوارزمی کە خاوەنی لۆگاریتمە، ئیبن هەیسەم کە پێشەوای زانستی ڕۆشنگەری و باوکی ڕێبازی زانستییە، هەزارانی تریش لەوانەی ڕۆڵیان هەبووە لە گۆڕینی ڕوی جیهان بۆ باشترین،

---

(١) سەرچاوە: المعجم المفهرس لألفاظ القرآن الکریم.

له‌ هه‌مو ڕووێکی زانستی و کۆمه‌ڵایه‌تی و سیاسی.

*گومان له‌و ڕاستییه‌دا نییه‌ که‌ ئیسلام به‌ته‌نیا –له‌ ماوه‌یه‌کی کورتدا– توانی ژیار و شارستانییه‌تێك بنیات بنێت که‌ له‌ گه‌وره‌ترین و ته‌مه‌ن درێژترین شارستانییه‌ته‌کانی مێژو بو، ئه‌و گومانه‌یش که‌ ده‌ڵێت: (ئیسلام هۆکاری دواکه‌وتویی مسوڵمانانه‌) به‌ڕاستی زۆر له‌وه‌ که‌متره‌ که‌ شایه‌نی له‌سه‌ر وه‌ستان یان وه‌ڵامدانه‌وه‌بێت، چۆن ئیسلام–که‌ دژی هه‌مو جۆره‌ دواکه‌وتوییه‌که‌–هۆکاری دواکه‌وتنی مسوڵمانان ده‌بێت؟!

*ئه‌وروپا له‌ سه‌ده‌کانی دوازده‌ و سێزده‌دا هه‌ستا به‌ هه‌ڵمه‌تێکی گه‌وره‌ی وه‌رگێڕان، که‌ بووه‌ بناغه‌یه‌کی به‌هێز بۆ ئه‌وه‌ی شارستانییه‌ته‌ هاوچه‌رخه‌که‌ی له‌سه‌ر بنیات بنێت، ئه‌وه‌ له‌ کاتێکدا که‌ مسوڵمانان دڵسۆزانه‌ بۆ خوا به‌دوای ئه‌و زانستانه‌وه‌بون و ئه‌ویش یاساکانی بۆ ده‌رخستن و نهێنیه‌کانی نیشاندان، هه‌تا ئه‌و کاته‌ش که‌ ئیسلامیان له‌ کاروباره‌کانیان وه‌ده‌رنا و دوای ئاره‌زووه‌کانیان که‌وتن توشی که‌وتن و دواکه‌وتویی نه‌بون..

(مالیکی کوڕی نه‌بی)، که‌ بیرمه‌ندێکی جه‌زائیرییه‌ ده‌ڵێت: (ئه‌و دواکه‌وتوییه‌ی ئێستا مسوڵمانان به‌ ده‌ستییه‌وه‌ ده‌ناڵێنن هۆکاره‌که‌ی ئیسلام نییه‌، به‌ڵکو ئه‌وه‌ سزایه‌کی شیاوی ئیسلامه‌ بۆ مسوڵمانان، به‌هۆی وازهێنانیان لێی نه‌ك شوێنکه‌وتنی).

بانگەوازی قورئانی پیرۆز بۆزانست وزانیاری

﴿إِنَّ فِي خَلۡقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَٱخۡتِلَٰفِ ٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِ وَٱلۡفُلۡكِ ٱلَّتِي تَجۡرِي فِي ٱلۡبَحۡرِ بِمَا يَنفَعُ ٱلنَّاسَ وَمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مِن مَّآءٖ فَأَحۡيَا بِهِ ٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ مَوۡتِهَا وَبَثَّ فِيهَا مِن كُلِّ دَآبَّةٖ وَتَصۡرِيفِ ٱلرِّيَٰحِ وَٱلسَّحَابِ ٱلۡمُسَخَّرِ بَيۡنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَعۡقِلُونَ﴾ البقرة: ١٦٤

واتە(١): بێگومان لە دروست کردنی ئەرزو ئاسمان ودوابەدوای یەکداهاتنی شەوو ڕۆژو جیاوازییان لە کورتی و درێژی و قازانج ومەبەستدا و، لە دانی بیرو هۆشدا بە بنیادەم بۆ دروست کردنی کەشتیی هەمەجۆرە، کە لە دەریادا هاتوچۆ ئەکەن و قازانج بە خەڵك ئەگەیێنن بە بازرگانی وشتی تر، هەروەها لەو ئاوو بارانەدا کە خودا لە ئاسمانەوە ئەیبارێنێ و زەوی پێ زیندوو ئەکاتەوە پاش مردنی و سەوزی ئەکا پاش وشك بوونی و، ئەو هەموو گیان لە بەرانەی تێیدا بڵاوی کردوونەتەوە، هەروەها لە ڕامکردن و وەرچەرخاندنی هەور و با لەنێوان ئاسمان و ئەرزدا، لە هەمو ئەمانەدا نیشانەو دەلیلی گەورەیی ودەستەڵاتداری و تاقانەیی خودا هەیە بۆ ئەوانەی خاوەن عەقڵن و بیرئەکەنەوە.

ئیسلام گرنگییەکی زۆری بەزانست و زانیاری داوە وپلەی بەرز ڕاگرتووە و هانی داواکردنی داوە و فێربون وفێرکردنی بە کارێکی مەزن زانیوەو لەبەرانبەر

---

(١) بۆ واتاکردنی ئایەتەکان تەفسیری(نامی) دانراوی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕریس(ڕەحمەتی خوای لێبێت) بەکارهاتووە.

کەمتەرخەمی لەداواکردنیدا هۆشیاری داوەو، ئادابەکانی داواکردن و بەخشین و شوێنەوارەکانی خستونەتەڕو و بانگەوازی بۆ کردووە، ئەم بانگەوازەش لەزۆر ئایاتی قورئانیدا ڕەنگی داوەتەوە و خراوەتەڕو، لەوانە:

یەکەم: بانگەواز بۆ زانستە سروشتی و گەردونییەکان:

﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَخْرَجْنَا بِهِۦ ثَمَرَٰتٍ مُّخْتَلِفًا أَلْوَٰنُهَا ۚ وَمِنَ ٱلْجِبَالِ جُدَدٌۢ بِيضٌ وَحُمْرٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَٰنُهَا وَغَرَابِيبُ سُودٌ ۞ وَمِنَ ٱلنَّاسِ وَٱلدَّوَآبِّ وَٱلْأَنْعَٰمِ مُخْتَلِفٌ أَلْوَٰنُهُۥ كَذَٰلِكَ ۗ إِنَّمَا يَخْشَى ٱللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ ٱلْعُلَمَٰٓؤُا۟ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ غَفُورٌ﴾ فاطر: ٢٧ - ٢٨

واتە: ئایە تۆ نەتدیوە خوا ئاوی لەئاسمانەوە ناردوەتە خوارەوەو بەو ئاوە چەندین بەرو بەرهەمی ڕەنگ وجۆر جیاجیامان پێگەیاندوە؟ لەکێوەکانیش چەندین ڕێگاو هێڵی سپی وسوری ڕەنگ جیاواز و ڕەشی فرە ڕەش، واتە ئەمانیشمان دروست کردووە؟ لەجۆری ئادەمیزادو کرم و مار و مێروو و چوارپێ و ئاژەڵیش هەروەها ڕەنگ وجۆری جیاجیامان دروست کردووە. لە ناو بەندەکانی خوادا هەرزانایان لە خوا ئەترسن چونکە ئەوان باش شارەزای کارو کردەوەی خوان و پەی بە گەورەیی خوا ئەبەن. بێ گومان خوا بەسەر خواستی خۆیدا زاڵەو لە بەندەکانی خۆی خۆش ئەبێ.

﴿وَأَرْسَلْنَا ٱلرِّيَٰحَ لَوَٰقِحَ فَأَنزَلْنَا مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَسْقَيْنَٰكُمُوهُ وَمَآ أَنتُمْ لَهُۥ بِخَٰزِنِينَ﴾ الحجر: ٢٢

واتە: باکانمان بە سکپڕی، یا بۆ پێوەندو تەلقیحکردنی دارو درەخت ناردو، لەئاسمانەوە ئاومان بۆ ناردن و دامانە دەرخواردتان، یا کردمانن بە ئاودێری

داروودرخت و، كشتوكاڵتان به‌و ئاوه ئاودا كه ئێوه خۆتان ئه‌و ئاوه‌تان هه‌ڵنه‌گرتووه‌و نه‌تانكردووه‌ته چاڵاوه‌وه.

دووه‌م : بانگه‌واز بۆ زانستی زینده‌زانی(بایۆلۆژیا)

﴿ فَلْيَنظُرِ ٱلْإِنسَٰنُ مِمَّ خُلِقَ * خُلِقَ مِن مَّآءٍ دَافِقٍ * يَخْرُجُ مِنۢ بَيْنِ ٱلصُّلْبِ وَٱلتَّرَآئِبِ ﴾ الطارق: ٥ – ٧ ـ واته: ده‌سا با ئاده‌میزاد وردبێته‌وه له چی دروست كراوه؟ له‌ئاوێكی هه‌ڵقوڵاو دروست كراوه. له‌نێوان پشتی پیاوو ئێسكی سنگی ئافره‌ته‌وه ده‌رئه‌چێ.

﴿ أَلَمْ يَكُ نُطْفَةً مِّن مَّنِيٍّ يُمْنَىٰ * ثُمَّ كَانَ عَلَقَةً فَخَلَقَ فَسَوَّىٰ * فَجَعَلَ مِنْهُ ٱلزَّوْجَيْنِ ٱلذَّكَرَ وَٱلْأُنثَىٰٓ ﴾ القيامة: ٣٧ – ٣٩

واته: ئایه ئه‌و تۆوێ نه‌بوه له‌ئاوی پیاو ئه‌هێنرێته‌وه‌و ئه‌كرێته منداڵدانی ئافره‌ته‌وه؟ پاشانیش بوه به‌پارچه خوێنێك و ئه‌وجا به‌پارچه گۆشتێك و جاخوا كردویه به‌ئاده‌می و رێكی خستوه‌و سه‌رو سیمای داوه‌تێ؟جا خوا هه‌ردوو جۆره‌كه‌ی لێدروست كردووه كه نێر و مێ یا ژن و مێردن؟

سێیه‌م : بانگه‌واز بۆ زانستی مێژو و بابه‌ته كۆمه‌لایه‌تییه‌كان:

﴿ أَوَلَمْ يَسِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ فَيَنظُرُوا۟ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۚ كَانُوٓا۟ أَشَدَّ مِنْهُمْ قُوَّةً وَأَثَارُوا۟ ٱلْأَرْضَ وَعَمَرُوهَآ أَكْثَرَ مِمَّا عَمَرُوهَا وَجَآءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ ۖ فَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيَظْلِمَهُمْ وَلَٰكِن كَانُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ ﴾ الروم: ٩

واته: ئایه ئه‌وان به‌زه‌ویدا نه‌گه‌ڕاون تاسه‌یر بكه‌ن سه‌ره‌نجامی ئه‌وانه چۆن بوه كه‌پێش ئه‌مان بوون ؟ ئه‌وان له‌مان به‌هێزتربوون و زه‌ویان هه‌ڵگێڕایه‌وه بۆ تۆو تێداكردن و دارو دره‌خت تێدا ناشتن و ئاوه‌دانیان كرده‌وه‌و شارو لادێیان تێدا دروست كرد زیاتر له‌وه‌ی ئه‌مانه‌ی ئێستا كردوویانه و پێغه‌مبه‌رانی ئێمه به‌موعجیزه‌ی ئاشكراو

دیارەوە هاتنەوە سەریان، كەچی ئەوان ئینكاریان كردن و باوەڕیان پێ نەكردن و خوایش لە سزای ئەوەدا غەزەبی لێ گرتن. خوا لەوانە نەبوو ستەمیان لێ بكا كە وای لێ كردن، ئەوان خۆیان ستەمیان لە خۆیان ئەكردو بە كردەوەی خراپیان خۆیان بەودەردە برد.

﴿وَكَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُم مِّن قَرْنٍ هُمْ أَشَدُّ مِنْهُم بَطْشًا فَنَقَّبُوا۟ فِى ٱلْبِلَٰدِ هَلْ مِن مَّحِيصٍ﴾ ق: ٣٦ واتە: خەڵكی چەندین سەدەمان بەر لەم كافرانی مەككەیە بەرباد كردو فەوتاند كە ئەوان لەمان زۆر بەهێزترو بە هەڵمەتتر بوون و بەوڵاتاندا گەڕابوون بۆ ئەوەی خۆیان بپارێزن لەمەرگ، بەڵام هیچ دەرفەتێكیان دەستگیر بوو؟

چوارەم: بانگەواز بۆ زانستی گەردوونناسی:

﴿تَبَارَكَ ٱلَّذِى جَعَلَ فِى ٱلسَّمَآءِ بُرُوجًا وَجَعَلَ فِيهَا سِرَٰجًا وَقَمَرًا مُّنِيرًا﴾ الفرقان: ٦١

واتە: گەورەیی بۆ خوایەكە چەند بورجی لەئاسماندا درووست كردووە كە مەنزڵی ئەستێرە گەڕۆكەكانن و چرای ڕۆژ و مانگی ڕوناك كەرەوەی تێدا داناوە.

﴿أَلَمْ تَرَوْا۟ كَيْفَ خَلَقَ ٱللَّهُ سَبْعَ سَمَٰوَٰتٍ طِبَاقًا ۞ وَجَعَلَ ٱلْقَمَرَ فِيهِنَّ نُورًا وَجَعَلَ ٱلشَّمْسَ سِرَاجًا﴾ نوح: ١٥ - ١٦

واتە: نابینن چۆن خوا حەوت ئاسمانی چین لەسەر چین دروست كردووە و، مانگیشی لەئاسمانەكاندا كردووە بە مایەی روناكی و خۆری كردووە بە چرای جیهان ئارا؟

* دوو بانگەوازی تری گرنگیش ماون:

١ـ بانگەوازی باوەڕهێنان بەیەك خودا، ئەو خودایەی هیچ دژو هاوشان و هاوبەشی نین...

﴿قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ تَعَالَوْا۟ إِلَىٰ كَلِمَةٍ سَوَآءٍۭ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلَّا نَعْبُدَ إِلَّا ٱللَّهَ وَلَا
نُشْرِكَ بِهِۦ شَيْـًٔا وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِّن دُونِ ٱللَّهِ ۚ فَإِن تَوَلَّوْا۟ فَقُولُوا۟ ٱشْهَدُوا۟
بِأَنَّا مُسْلِمُونَ﴾ آل عمران: ٦٤

واتە: بڵێ: ئەی کیتابییەکان وەرن بۆ وەرگرتنی وتەیەك کە هەموو پێغەمەران و هەموو کتێبە خودایەکان یەك قسەن تێیداو هیچ جیاوازییەکیان نییە، ئەویش ئەوەیە کە عیبادەت بۆ کەس نەکەین بۆ (الله) نەبێ و هاورێی بۆ دانەنێین لە پەرستنداو بەتەنها ئەو بپەرستین و، هەندێکمان هەندێکی ترمان نەکەینە خوداو نەیانپەرستین و، جائەگەر رویان وەرچەرخاندو بەگوێیان نەکردی ئەوا پێیان بڵێن، دەی ئێوە شاهید بن کە ئێمە ئیمانمان بەم ڕاستییانە هەیەو ئێوە ئیمانتان پێیان نییە.

- خودایەکی بێ وەچەو منداڵ ...

﴿وَقَالُوا۟ ٱتَّخَذَ ٱلرَّحْمَٰنُ وَلَدًا * لَّقَدْ جِئْتُمْ شَيْـًٔا إِدًّا * تَكَادُ ٱلسَّمَٰوَٰتُ
يَتَفَطَّرْنَ مِنْهُ وَتَنشَقُّ ٱلْأَرْضُ وَتَخِرُّ ٱلْجِبَالُ هَدًّا * أَن دَعَوْا۟ لِلرَّحْمَٰنِ وَلَدًا * وَمَا يَنۢبَغِى
لِلرَّحْمَٰنِ أَن يَتَّخِذَ وَلَدًا * إِن كُلُّ مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ إِلَّآ ءَاتِى ٱلرَّحْمَٰنِ عَبْدًا﴾
مريم: ٨٨ - ٩٣

واتە : کافرەکان وتیان : خودای میهرەبان ئەولادی بۆخۆی ڕاگرتووە.ئەی کافرینە! بەڕاستی، ئێوە بەم قسەیەتان کارێکی ناڕەواتان کردووە.لەوانەیە ئاسمانەکان لەوقسە ناشیرینە لەت لەت بن و زەوی شەق بێ و کێوەکان بکەون و بڕوخێن.لەبەر ئەوە کە نیسبەتی ئەولادیان داوەتە پاڵ خوا. بۆ خودای میهرەبان ناشێ ئەولادی بێ.کەس لەئاسمان وئەردزا نیە بەبەندەیی نەیەتە بەردەستی خودای میهرەبان.

- خودایەکی بێ هاوشێوەو هاوشان ..

﴿فَاطِرُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ جَعَلَ لَكُم مِّنۡ أَنفُسِكُمۡ أَزۡوَٰجٗا وَمِنَ ٱلۡأَنۡعَٰمِ أَزۡوَٰجٗا يَذۡرَؤُكُمۡ فِيهِۚ لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ﴾ الشورى: ١١

واتە: ئەو خودایەیە کە ئاسمانەکان و زەوی دروست کردوە. هاوجوتی نێرو مێی لەخۆتان بۆ دروست کردون و، لەئاژەڵ و ڕەشەوڵاخ بەرزو هەمو چوار پێیەکیش هاو جوتی نێرو مێی بۆ دروست کردوون. لەم هاوجوت و نێر و مێی دروست کردوە لەخۆتان، زۆرتان ئەکات وبڵاوتان ئەکاتەوە بەسەر زەویدا. هیچ شتێ وێنەی خوا نیەو خوا خوایەکی شنەواو بینایە گوێی لەهەر چییەکە بوترێ و چاوی لە هەر شتێکە بکرێ.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ ءَامِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَٱلۡكِتَٰبِ ٱلَّذِي نَزَّلَ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ وَٱلۡكِتَٰبِ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ مِن قَبۡلُۚ وَمَن يَكۡفُرۡ بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ فَقَدۡ ضَلَّ ضَلَٰلَۢا بَعِيدًا﴾ النساء:٣٦

واتە: ئەی مسوڵمانەکان، یا ئەی منافقەکان، یا ئەی ئیماندارە کیتابییەکان ئیمان بێنن بە دڵ و بەزمان و بەڕاستی بەخودا و بە پێغەمبەری خودا و بەو قورئانەی بۆی ناردووە و بەو کتێبەی کە خودا پێش محمد ناردویەتی و، لەسەر ئەو ئیمانە بەردەوام بن، بێگومان هەرکەس ئیمانی بە خودا نەبێ یا ئیمانی بە مەلایکەی خودا نەبێ، بە پێغەمبەرانی خودا یا بەڕۆژی قیامەت نەبێ، ئیتر ئیمانی بەهەموو ئەمانە نەبێ یا خۆ بەیەکێکیان، ئەوە ئەو کەسە زۆر زۆر گومڕا بووەو زۆر لەحەق دورکەوتوەتەوە.

- ئەو پێغەمبەرەی خەڵکی لەتاریکییەوە بەرەو ڕوناکی ڕێنمونی کرد..

﴿هُوَ ٱلَّذِي يُنَزِّلُ عَلَىٰ عَبۡدِهِۦٓ ءَايَٰتِۭ بَيِّنَٰتٖ لِّيُخۡرِجَكُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ بِكُمۡ لَرَءُوفٞ رَّحِيمٞ﴾ الحديد: ٩

واتە: خودا ئەو خوایەیە کەئایەتی ڕۆشن و ئاشکرا نازڵ ئەکا بۆسەر بەندەی خۆی بۆئەوەی لەتاریکی نەزانی و خوا نەناسیەوە دەرتان کاو بتانخاتە ڕوناکیی باوەڕو خواناسین و، خوابەڕاستی میهرەبان و بەڕەحمە لەگەڵتان.

- ئەو پێغەمبەرەی ڕەحمەت ومیهرەبانییە بۆ جیهانییان...

﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ ﴾ الأنبياء: ١٠٧

واتە: ئەی محمد! تۆشمان بەهیچ حاڵێ نەناردووە بەرەحمەت وخێر وبەرەکەت نەبێ بۆهەمو ئەهلی جیهان بۆ فێرکردنی خواپەرستی و خوا بەیەکزانین و فێری زانست و ڕەوشتی چاك بوون.

چەند ڕاستییەکی زانستی لە ئایەتەکانی قورئان دا..

﴿ سَنُرِيهِمْ ءَايَٰتِنَا فِى ٱلْءَافَاقِ وَفِىٓ أَنفُسِهِمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ ۗ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ ﴾ فصلت: ٥٣

واتە: ئێمە لەمەوپاش بەڵگە و نیشانەکانی خۆمانیان لەجیهان و لە نەفسی خۆیان پیشان ئەدەین تا بۆیان دەرکەوێ قورئان ڕاستەو کەلامی خوایە و لەخواوە هاتووەتە خوار بۆ سەر پێغەمبەر. ئاخۆ بەس نییە ئادەمزاد بۆ گێڕانەوەی لەگوناە و لەبێفەرمانی خوا ئەمە کەخوای تۆ ئاگای لەهەموو شتێ هەیە؟

* * *

ڕاستی دۆزینەوە زانستییەکان لەگەڵ قورئانی پیرۆزدا هاوتەریبن، لەهەمان کاتدا لەگەڵ کتێبە ئاسمانییە کانی تردا تێك دەگیرێن، ئەمە ئەگەر ئەو کتێبانە ــ کە دەستکاری کراون ــ شتی وایان تێدابێت!

ئەوەی ئێستا دەیخەینەڕو و هەندێ ڕاستی و دۆزینەوەی زانستی سەلمێنراوی هاوچەرخن، لەگەڵ خستنەڕوی ئەو ئایەتانە ئاماژەیان بۆ ئەو ڕاستییە زانستییانە کردوە، لەوانە :

١ ـ جیابونەوەی ئاسمان لەزەمین (تەقینەوە گەورەکە):

﴿ أَوَلَمْ يَرَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ أَنَّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ كَانَتَا رَتْقًا فَفَتَقْنَٰهُمَا ۖ وَجَعَلْنَا مِنَ ٱلْمَآءِ كُلَّ شَىْءٍ حَىٍّ ۖ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ ﴾ الأنبیاء: ٣٠ واتە: ئایا کافرەکان نازانن کەوا ئاسمانەکان و زەوی پارچەیەکی پێکەوە لکاو بون ولێکمان کردنەوە و هەمو شتێکی

زیندومان له‌ئاو دروست کردووه ده‌ی ئایا هێشتا هەر ئیمان ناهێنن ؟

٢ـ کشانی گه‌ردون و فراوان بونی:

﴿ وَٱلسَّمَآءَ بَنَيۡنَٰهَا بِأَيۡيْدٍ وَإِنَّا لَمُوسِعُونَ ﴾ الذاريات: ٤٧

واته: ئاسمانیشمان به‌هێز دروست کردو ئێمه ئه‌توانین گه‌وره‌تریشی بکه‌ین.

٣ـ باران بارینی هه‌میشه‌یی و دوباره له‌ئاسمانه‌وه:

﴿ وَٱلسَّمَآءِ ذَاتِ ٱلرَّجۡعِ ﴾ الطارق: ١١

واته: سوێند به‌و هه‌وایه‌ی ئاو هه‌ڵده‌گرێ و ده‌یداته‌وه.

٤ـ ئاسمان سه‌رچاوه‌ی ئاسنه {نه‌یزه‌که‌کان}:

﴿ لَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا رُسُلَنَا بِٱلۡبَيِّنَٰتِ وَأَنزَلۡنَا مَعَهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡمِيزَانَ لِيَقُومَ ٱلنَّاسُ بِٱلۡقِسۡطِۖ وَأَنزَلۡنَا ٱلۡحَدِيدَ فِيهِ بَأۡسٞ شَدِيدٞ وَمَنَٰفِعُ لِلنَّاسِ وَلِيَعۡلَمَ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥ وَرُسُلَهُۥ بِٱلۡغَيۡبِۚ إِنَّ ٱللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٞ ﴾ الحديد: ٢٥

واته: به‌ڕاستی ئێمه پێغه‌مبه‌ره‌کانی خۆمانمان به موعجیزه‌ی ئاشکرا و دیاره‌وه ناردووه‌و هه‌ریه‌که کیتابی خۆیمان له‌گه‌ڵ ناردووه‌و سه‌نگ و ترازووی مامه‌ڵه‌مان له‌گه‌ڵ ناردووه تا خه‌ڵك داد به‌رپا بکه‌ن و، ئاسنیشمان ناردووه‌ته خواره‌وه هێزێکی زۆر توندو چه‌ند جۆره سودو قازانجی بۆ خه‌ڵك تێدایه ئه‌ده‌واتی جه‌نگ و کشتوکاڵ و پیشه‌سازی و شتی تری لێ دروست ئه‌که‌ن و، ئه‌و کاته خوایش بزانێ کێ له په‌نامه‌کی و نادیاره‌وه یارمه‌تی ئه‌وو پێغه‌مبه‌رانی ئه‌دا، به‌ڕاستی خوا به‌هێزو خاوه‌ن عیزه‌ته.

- چینه‌کانی به‌رگه‌هه‌وا :

﴿ هُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ لَكُم مَّا فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا ثُمَّ ٱسْتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ فَسَوَّىٰهُنَّ سَبْعَ سَمَٰوَٰتٍ ۚ وَهُوَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴾ البقرة: ٢٩.

واته: خودا ئه‌و خودایه‌یه پاش ئه‌وه‌ی ئێوه‌ی له‌نه‌بونه‌وه دروست کرد زه‌ویشی دروست کرد بۆ هه‌موتان، بۆژیان ومانه‌وه‌تان و بۆ ئه‌وه‌ی له‌پێناوی قازانجی ئه‌مڕۆو سبه‌ینێتان و، دنیاو قیامه‌تتاندا به‌کاری بێنن و سوودی لێوه‌ر بگرن، دوای ڕووی خواستی کرده دروست کردنی ئاسمان و شته شوێن به‌رزه‌کان و حه‌وت ئاسمانی دروست کرد، ئه‌و خودایه هه‌مو شت ئه‌زانێ وله‌هه‌موی ئاگاداره.

٦- جوله‌ی خۆر :

﴿ وَٱلشَّمْسُ تَجْرِى لِمُسْتَقَرٍّ لَّهَا ۚ ذَٰلِكَ تَقْدِيرُ ٱلْعَزِيزِ ٱلْعَلِيمِ ﴾ يس: ٣٨

واته: هه‌روه‌ها ڕۆژیش نیشانه‌ی گه‌وره‌یی خوایه که له مه‌داری خۆیا دێ و ئه‌چێ ئه‌مه‌یش به‌قه‌دیر و ڕێك خستنی خوایه که‌ده‌سته‌ڵاتی به‌سه‌ر هه‌موو شتێکدا ئه‌شکێ وبه‌هه‌موو شتێ ئه‌زانێ.

٧- خڕێتی زه‌وی :

﴿ وَٱلْأَرْضَ بَعْدَ ذَٰلِكَ دَحَىٰهَآ ﴾ النازعات: ٣٠واته: پاش ئه‌وه‌ی زه‌وییشی پان وبه‌ربلاو و(خڕ) کردووه.

٨- سوڕانه‌وه‌ی زه‌مین :

﴿ وَتَرَى ٱلْجِبَالَ تَحْسَبُهَا جَامِدَةً وَهِىَ تَمُرُّ مَرَّ ٱلسَّحَابِ ۚ صُنْعَ ٱللَّهِ ٱلَّذِىٓ أَتْقَنَ كُلَّ شَىْءٍ ۚ إِنَّهُۥ خَبِيرٌۢ بِمَا تَفْعَلُونَ ﴾ النمل: ٨٨

واته: کێوه‌کانی سه‌ر زه‌وی ئه‌بینی وا گومان ئه‌به‌ی که وه‌ستاو و ئارامن و له‌ڕاستیدا وه‌ك په‌ڵه هه‌ور ئه‌بزوون چونکه شتی گه‌وره که به‌جارێ بجووڵێ ئاده‌میزاد هه‌ست به‌جوڵه‌ی ناکا. ئه‌میش کاری ئه‌و خوایه‌یه که‌هه‌موو شتێکی دروست کردووه، بێگومان خوا ئاگاداره له‌هه‌ر کارێ که‌ئێوه ئه‌یکه‌ن .

٩- بچوك بونه‌وه‌ی زه‌وی :

﴿أَفَلَا يَرَوْنَ أَنَّا نَأْتِي ٱلْأَرْضَ نَنقُصُهَا مِنْ أَطْرَافِهَآ﴾ الأنبياء: ٤ - ٤٤

واته: ئه‌دی ئه‌وه‌نده نازانن که ئێمه له هه‌مولا له‌و زه‌وییه که‌م ده‌که‌ینه‌وه؟

﴿وَٱلْأَرْضِ ذَاتِ ٱلصَّدْعِ﴾ الطارق: ١٢ واته: سوێند به‌و زه‌مینه‌ش که درز و که‌لێنی زۆری هه‌ن.

١١- له‌رزینی زه‌مین به‌هۆی بارانه‌وه :

﴿وَتَرَى ٱلْأَرْضَ هَامِدَةً فَإِذَآ أَنزَلْنَا عَلَيْهَا ٱلْمَآءَ ٱهْتَزَّتْ وَرَبَتْ وَأَنۢبَتَتْ مِن كُلِّ زَوْجٍۭ بَهِيجٍ﴾ الحج: ٥

واته: زه‌وی ده‌بینی له زستاندا خامۆشه وشك و بێگیانه، جا کاتێ بارانمان به‌سه‌ردا باراند زه‌وی ڕووه‌کی لێده‌ڕوێ، زه‌وی ده‌جوڵێ و هه‌ڵده‌دات و به‌رز ده‌بێت و له هه‌مو گیاو گوڵێکی جوانی تێدا ده‌ڕوێ.

١٣- به‌ربه‌ستی نێوان ده‌ریا و زه‌ریاکان:

﴿مَرَجَ ٱلْبَحْرَيْنِ يَلْتَقِيَانِ (١٩) بَيْنَهُمَا بَرْزَخٌ لَّا يَبْغِيَانِ (٢٠) فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ (٢١)﴾ الرحمن: ١٩ – ٢١ واته: دوو ده‌ریای سوێرو شیرینی ناردووه تا سنوورێ که‌تیایدا

ئەگەنە یەك. لەنێوان ئەو دوو دەریایەیە دا پەردەیەکی قودرەتی هەیە بەهۆی ئەو پەردەوە هیچ کام لەدوو دەریای سور وشیرینە کە دەست درێژی ناکا بەسەر ئەوەیاندا دەی کەواتە ئێوە ئەی بەرەی ئادەمیزاد و پەرییان، بەکام نیعمەت لەنیعمەتەکانی خوای خوتان بێباوەڕن و ئینکاری ئەکەن ؟

١٤ـ تاریکییەکانی دەریا وزەریاکان و شەپۆلە ناوەکییەکانیان:

﴿أَوۡ كَظُلُمَٰتٖ فِي بَحۡرٖ لُّجِّيّٖ يَغۡشَىٰهُ مَوۡجٞ مِّن فَوۡقِهِۦ مَوۡجٞ مِّن فَوۡقِهِۦ سَحَابٞۚ ظُلُمَٰتُۢ بَعۡضُهَا فَوۡقَ بَعۡضٍ إِذَآ أَخۡرَجَ يَدَهُۥ لَمۡ يَكَدۡ يَرَىٰهَاۗ وَمَن لَّمۡ يَجۡعَلِ ٱللَّهُ لَهُۥ نُورٗا فَمَا لَهُۥ مِن نُّورٍ﴾ النور: ٤٠

واتە: یاخود کردەوەکانیان وەك چەند پەردەی یەك لەسەر یەکی تاریکی وایە لەدەریایەکی قوڵی بێ بنە، ئەو دەریایە شەپۆلی بەسەردا بێت وبەسەر شەپۆلە کەشیا شەپۆلی تربێت و بەسەر هەموو شەپۆلەکانیشەوە هەورێکی ڕەش بێ تاریکستانێك بێ هەندی بەسەر هەندێکی تریەوە. تەنانەت کە کابرا دەستی دەرکا لەوانەبێ لەبەر تاریکی نەیبینێ. ڕاستەکەیشی ئەوەیە کەسێ خوا ڕوناکی پێنەبەخشێ هیچ ڕوناکیەکی نابێ.

15ـ ڕێژەیی کات:

﴿وَيَسۡتَعۡجِلُونَكَ بِٱلۡعَذَابِ وَلَن يُخۡلِفَ ٱللَّهُ وَعۡدَهُۥۚ وَإِنَّ يَوۡمًا عِندَ رَبِّكَ كَأَلۡفِ سَنَةٖ مِّمَّا تَعُدُّونَ﴾ الحج: ٤٧

واتە: ئەو کافرانە پەلەپەلت لێ ئەکەن بۆ ئەوەی عەزابی خوایان بەسەردا بێ و، خوایش هەرگیز پێچەوانەی وەعدەی خۆی ناجولێتەوەو عەزابیان هەر ئەداو شتەکە پەلەپەلی ناوێ و، یەك ڕۆژی خوای وەکو هەزار ساڵ وایە لەو ساڵانەی کە ئێوە ئەیان ژمێرن.

16ـ ڕێژه‌ی (نه‌گۆڕی) باران:

﴿وَٱلَّذِی نَزَّلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءَۢ بِقَدَرٍ فَأَنشَرۡنَا بِهِۦ بَلۡدَةً مَّیۡتًاۚ كَذَٰلِكَ تُخۡرَجُونَ (١١)﴾ الزخرف: ١١. واته: ئه‌و خوایه‌ش كه له ئاسمانه‌وه به ئه‌ندازه‌ی پێویست ئاوی داباراندووه بۆ سه‌ر زه‌وی و به‌و ئاوه شارێكی بێ به‌روبوممان زیندوكردوته‌وه و له ڕۆژی قیامه‌تیشدا به‌و جۆره ئێوه زیندو ده‌كرێنه‌وه و له گۆڕ ده‌رئه‌هێنرێن.

17ـ دروستبونی باران:

﴿أَلَمۡ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ یُزۡجِی سَحَابًا ثُمَّ یُؤَلِّفُ بَیۡنَهُۥ ثُمَّ یَجۡعَلُهُۥ رُكَامًا فَتَرَى ٱلۡوَدۡقَ یَخۡرُجُ مِنۡ خِلَٰلِهِۦ وَیُنَزِّلُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مِن جِبَالٍ فِیهَا مِنۢ بَرَدٍ فَیُصِیبُ بِهِۦ مَن یَشَآءُ وَیَصۡرِفُهُۥ عَن مَّن یَشَآءُۖ یَكَادُ سَنَا بَرۡقِهِۦ یَذۡهَبُ بِٱلۡأَبۡصَٰرِ (٤٣)﴾ النور: ٤٣

واته: ئایه تۆ نابینی خوا په‌ڵه هه‌ور پاڵ پێوه ئه‌نێ وئه‌یان خاته گه‌ڕو پاشان ئه‌یانداته ده‌م یه‌ك ورێكیان ئه‌خاو پاشان ئه‌یانیشێنێته سه‌ریه‌ك و كه‌ڵه‌كه‌یان پێ ئه‌كا؟جا ئه‌بینی بارانی لێوه دائه‌بارێ و، له‌ئاسمانه‌وه له‌كێوانی ته‌رزه‌وه كه‌له‌هه‌وادان ته‌رزه دائه‌وه‌رێنی و باخ و باخات و ده‌غڵودان و ئاوه‌دانی هه‌ركه‌سێ ئاره‌زووی لێ بێ له‌و ته‌رزانه ئه‌گرێته‌وه‌و هه‌ركه‌سیشی ئاره‌زوو لێ بێ لێی لائه‌داو بروسكه‌یش له‌و هه‌وره ده‌رئه‌چێ كه‌له‌وانه‌یه تیشكه‌كه چاوی ئاده‌میزاد كوێر بكاو ڕووناكییه‌كه‌ی به‌رێ.

18ـ دیاریكردنی جۆری كۆرپه‌له‌و دروست بونی له‌دلۆپه ئاوێك:

﴿أَیَحۡسَبُ ٱلۡإِنسَٰنُ أَن یُتۡرَكَ سُدًى (٣٦) أَلَمۡ یَكُ نُطۡفَةً مِّن مَّنِیٍّ یُمۡنَىٰ (٣٧) ثُمَّ كَانَ عَلَقَةً فَخَلَقَ فَسَوَّىٰ (٣٨) فَجَعَلَ مِنۡهُ ٱلزَّوۡجَیۡنِ ٱلذَّكَرَ وَٱلۡأُنثَىٰٓ (٣٩) أَلَیۡسَ ذَٰلِكَ بِقَٰدِرٍ عَلَىٰٓ أَن یُحۡـِۧیَ ٱلۡمَوۡتَىٰ (٤٠)﴾ القیامة: ٣٦ -٤٠

واتە: ئادەمیزاد گومانی وایە هەروا بێ لێ پرسینەوە لێی ئەگەڕێن؟. ئایە ئەو تۆوێ نەبووە لە ئاوی پیاو ئەهێنرێتەوەو ئەکرێتە منداڵدانی ئافرەتەوە؟ . پاشانیش بووە بە پارچە خوێنێك و ئەوجا بەپارچە گۆشتێك و، جاخوا کردوویە بە ئادەمی و ڕێکیخستووەو سەرو سیمای داوەتێ؟. جاخوا هەردوو جۆرەکەی لێ دروست کردووە کەنێرو مێ یا ژن و مێردن؟. ئایا ئەو خوایەی ئەمەی کردووە ناتوانێ مردوویش زیندوو بکاتەوە؟.

19ـ قۆناغەکانی دروستبونی کۆرپەلە:

﴿ ثُمَّ خَلَقْنَا ٱلنُّطْفَةَ عَلَقَةً فَخَلَقْنَا ٱلْعَلَقَةَ مُضْغَةً فَخَلَقْنَا ٱلْمُضْغَةَ عِظَٰمًا فَكَسَوْنَا ٱلْعِظَٰمَ لَحْمًا ثُمَّ أَنشَأْنَٰهُ خَلْقًا ءَاخَرَ ۚ فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ أَحْسَنُ ٱلْخَٰلِقِينَ ﴿١٤﴾ ﴾

المؤمنون: ١٤

واتە: پاش ئەوە ئەو تۆوەمان کرد بە پارچەیێ خوێن، پاشان ئەو پارچە خوێنەمان کرد بەپارچە گۆشتێ، پاش ئەوە ئەو پارچە گۆشتەمان کرد بە ئێسقان، ئەوجا گۆشتمان کردە بەری پارچە ئێسقانەکە، ئەوجا کردمان بە دروستکراوێکی تر کە ئەو منداڵەیە لەمنداڵدانی دایکی دێتە دەرەوەو لەدایك ئەبێ، ماشەڵڵا چەندگەورەو پیرۆزە خوا کە جوانترین دروستکەرێکە بەخەیاڵی ئادەمیزادا بێت.

پسپۆڕانی بواری ئیعجازی زانستی لە قورئاندا چەندان کتێبی باش و سەرسوڕهێنەریان لەو بوارەدا نوسیوە، بۆبەرچاوڕونی ئەو کەسەی دەیەوێ لەو بوارەدا زیاتر بزانێ.

ئەوەی لێرەدا گرنگەو پێویستە ئاماژەی پێبدەین، ئەوەیە، کە ئەو ڕاستییە زانستیانەی پێغەمبەرمان محمد (صلی الله علیه وسلم)لەپەروەردگارییەوە پێی

ڕاگەیەنراون و ئەویش ڕایگەیاندون، لەوسەردەمەدا زانراو نەبوون، ئەوەش هەمو گومانەکان پوچەڵ دەکاتەوەو دەیسەلمێنی، کە لەلای خوداوە هاتووەو فەرمودەی خوای هەمو پێغەمبەران و پەروەردگاری جیهانییانە، خوای پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿ وَهَٰذَا كِتَٰبٌ أَنزَلْنَٰهُ مُبَارَكٌ فَٱتَّبِعُوهُ وَٱتَّقُوا۟ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴿١٥٥﴾ ﴾ الأنعام: ١٥٥

واتە :ئەم قورئانەیش کتێبێکی بەقازانجە ناردوومانە بوّتان پەیڕەوی بکەن و بەگوێرەی ئامۆژگارییەکانی بجولّێنەوەو، خۆتان لەگوناه بپارێزن بەلّکو خودای گەورە ڕەحمتان پیّ بکات.

* * *

هەندێ ڕوێ ئیعجازێ قورئانی

لێرەدا پێویستە هۆشیاری دەربارەی شتێك بدەین کە: ئیعجازی قورئانی بە تەنیا ئیعجازی زانستی نییەو زۆر ڕوی ئیعجازی تریشی هەن، لەوانە:

١-کورتبڕیی:

کە بریتییە لە دەربڕینی مانایەکی زۆر بە کەمترین وشە، خوای پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿ وَقِيلَ يَٰٓأَرۡضُ ٱبۡلَعِي مَآءَكِ وَيَٰسَمَآءُ أَقۡلِعِي وَغِيضَ ٱلۡمَآءُ وَقُضِيَ ٱلۡأَمۡرُ وَٱسۡتَوَتۡ عَلَى ٱلۡجُودِيِّۖ وَقِيلَ بُعۡدٗا لِّلۡقَوۡمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾ هود: ٤٤. واتە: جا پاش خنکانی کافرەکان و تەواوبونی قەزای خوا لەلایەن خواوە بە زەوی وترا: ئەی زەوی! ئاوی خوێت قوت بدەرەوە. بە ئاسمانیش وترا: ئەی ئاسمان چی دی مەبارێنە. هەروەها کەشتییەکە لەسەر چیای(جودی) گیرسایەوەو ئینجا جاڕدرا کە دوری لە ڕەحمەتی خودا بۆ قەومی ستەمکارانە.

٢-ئیعجاز لە داڕشتن دا:

دەقی قورئانی لە دەقی شیعری و پەخشان دەردەچێت، نە شیعرە نە هۆنراوەی ڕەجەزە نە کێش و سەرواداره نە وتارە، لە هەمو جۆرەکانی قسە جیاوازە ئەگەرچی لە هەمان پیتەکانیشە.

لە سیرەی ئیبن هیشامدا هاتووە: (هەندێ لە قورەیشییەکان چونەلای وەلیدی

كوڕی موغەیرە، دەربارەی باس و خواسی محمد گفتوگۆیان لەگەڵدا كرد..

پێیان گوت: شتێكمان پێبڵێ دەربارەی ئەو-محمد- بیڵێین.

گوتی: نا ئێوە قسە بكەن من گوێدەگرم.

گوتیان: دەڵێین: كاهینە.

گوتی: نا، سوێند بەخوا ئەو كاهین نییە، خۆ ئێمە كاهینان دەناسین، ئەو قورئانە سەروا و ورتەورتی كاهینان نییە.

گوتیان: دەڵێین: شێتە؟

گوتی: نەخێر، ئەو شێت نییە، خۆ ئێمە دەزانین شێتی چییە، ئەوە لالاچون و وەسوەسەی شێتان نییە.

گوتیان: دەڵێین: شاعیرە؟

گوتی: نەخێر، ئەو شاعیر نییە، خۆ ئێمە هەمو جۆرێكی شیعر و نهێنییەكانی دەزانین، ڕەجەز و هەزەج و قەریزە و مەقبوزە و مەبسوتە..نەخێر ئەوە شیعر نییە.

گوتیان: دەڵێین: جادوگەرە؟

گوتی: نەخێر ئەو جادوگەر نییە، خۆ ئێمە جادوگەر و جادووەكەیان چاك دەناسین، نەخێر ئەوە فاڵ و جادوی جادوگەران نییە.

گوتیان: ئەدی چی بڵێین ئەی(أبا عبد شمس)؟

گوتی: سوێند بەخوا گوفتارەكەی شیرینە! ڕەگی لە زەویدا و قەدی لە ئاسماندایە! ئێوە هەر شتێك لەو شتانەی پێشو بڵێن هەمو كەس دەزانن كە باتڵە و نادروستە.

٣-ئیعجاز لە زۆری واتا:

ئەو واتایانەی كە بە قسەی مرۆڤەكان دەرنابڕێت و واتای زۆر بە وشەی كەم

دەردەبڕێت، پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ وَأَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰٓ أُمِّ مُوسَىٰٓ أَنۡ أَرۡضِعِيهِۖ فَإِذَا خِفۡتِ عَلَيۡهِ فَأَلۡقِيهِ فِي ٱلۡيَمِّ وَلَا تَخَافِي وَلَا تَحۡزَنِيٓۖ إِنَّا رَآدُّوهُ إِلَيۡكِ وَجَاعِلُوهُ مِنَ ٱلۡمُرۡسَلِينَ ﴾ القصص: ٧. واتە: خستمانە دڵی دایکی موسا کە بەخێوی بکەو شیری بدەرێ، هەرکاتێك ترست پەیدابو کە بێن بیبەن فڕێی دەرە ناو دەریاوە و مەترسە کە هیچی بەسەربێ و خەفەتی بۆ مەخۆ کەوا لێت دورئەکەوێتەوە، ئێمە سەرەنجام ئەیهێنینەوە بۆلای خۆت و ئەیکەین بە یەکێ لە پێغەمبەران.

لە تاکە ئایەتێکدا دو ئەمر و دو نەهی و، دو هەواڵ و دو مژدەی تێداهەن.

٤-ئیعجاز لە بەڵگەهێنانەوەدا:

بەڵگە لەسەر یەکتاپەرستی: ﴿ مَا ٱتَّخَذَ ٱللَّهُ مِن وَلَدٖ وَمَا كَانَ مَعَهُۥ مِنۡ إِلَٰهٍۚ إِذٗا لَّذَهَبَ كُلُّ إِلَٰهِۢ بِمَا خَلَقَ وَلَعَلَا بَعۡضُهُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٖۚ سُبۡحَٰنَ ٱللَّهِ عَمَّا يَصِفُونَ ﴾ المؤمنون: ٩١. واتە: خوا منداڵی بۆخۆی بڕیارنەداوە، چونکە هاوشێوەی نییەو هیچ خوایەکی لەخۆیشی بەولاوە لەگەڵ نەبووەو نییە. ئەگەر خوایەکی دیکەی لەگەڵدابوایەو هاوبەشی هەبوایە، هەرخوایەك لە خوایەکان بەشە دروستکراوی خۆی ئەبرد و ئەبو بە شەڕیان و ئەچون بەگژی یەکدا و هەندێکیان زاڵ ئەبون بەسەر هەندێکیاندا. خودا پاك و دورە لەو قسە پڕوپوچانەی ئەو هاوبەش بۆ خوا بڕیاردەرانە ئەیانڵێن و دێن بە دەمیاندا.

بەڵگە لەسەر زیندوبونەوەی دوای مردن: ﴿وَٱللَّهُ أَنۢبَتَكُم مِّنَ ٱلۡأَرۡضِ نَبَاتٗا ١٧ ثُمَّ يُعِيدُكُمۡ فِيهَا وَيُخۡرِجُكُمۡ إِخۡرَاجٗا ١٨﴾ نوح: ١٧ – ١٨. واتە: خوا ئێوەی سەوزکردووە لە زەویدا بە سەوزبون. پاشان ئەتانخاتەوە زەوی و دوبارە لەوێ دەرتان ئەکاتەوە بە دەرکردن.

بەڵگە لەسەر بنەڕەتی مرۆڤ: ﴿أَيَحْسَبُ ٱلْإِنسَٰنُ أَن يُتْرَكَ سُدًى (٣٦) أَلَمْ يَكُ نُطْفَةً مِّن مَّنِيٍّ يُمْنَىٰ (٣٧) ثُمَّ كَانَ عَلَقَةً فَخَلَقَ فَسَوَّىٰ (٣٨) فَجَعَلَ مِنْهُ ٱلزَّوْجَيْنِ ٱلذَّكَرَ وَٱلْأُنثَىٰٓ (٣٩) أَلَيْسَ ذَٰلِكَ بِقَٰدِرٍ عَلَىٰٓ أَن يُحْـِۧىَ ٱلْمَوْتَىٰ (٤٠)﴾ القيامة: ٣٦ – ٤٠.واتە: ئایا ئادەمیزاد گومانی وایە هەروا بێ لێپرسینەوە لێی ئەگەڕێن؟ ئایا ئەو تۆوێ نەبووە لە ئاوی پیاو ئەهێنرێتەوە و ئەکرێتە منداڵدانی ئافرەتەوە؟پاشانیش بووە بە پارچە خوێنێك و ئەوجا بە پارچە گۆشتێك و جا خوا کردویەتی بە ئادەمی و ڕێکیخستووە و سەروسیمای داوەتێ؟ جا خوا هەردو جۆرەکەی لێ دروستکردووە کە نێر و مێ یان ژن و مێردن؟ ئایا ئەو خوایەی ئەمەی کردووە ناتوانێ مردویش زیندو بکاتەوە؟

بەڵگە لەسەر ئەوکەسانەی بانگەشەی خوایەتییان کردووە: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِى حَآجَّ إِبْرَٰهِـۧمَ فِى رَبِّهِۦٓ أَنْ ءَاتَىٰهُ ٱللَّهُ ٱلْمُلْكَ إِذْ قَالَ إِبْرَٰهِـۧمُ رَبِّىَ ٱلَّذِى يُحْىِۦ وَيُمِيتُ قَالَ أَنَا۠ أُحْىِۦ وَأُمِيتُ ۖ قَالَ إِبْرَٰهِـۧمُ فَإِنَّ ٱللَّهَ يَأْتِى بِٱلشَّمْسِ مِنَ ٱلْمَشْرِقِ فَأْتِ بِهَا مِنَ ٱلْمَغْرِبِ فَبُهِتَ ٱلَّذِى كَفَرَ ۗ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ (٢٥٨)﴾ البقرة: ٢٥٨.واتە: سەیری ئەو کەسە ناکەن کە لەگەڵ ئیبراهیم کەوتە موجادەلەو غەوغا دەربارەی خوا" چونکە خودا دەسەلاتی پێدابو لەخۆی گۆڕابو.ئیبراهیم پێی گوت: خودای من ئەو زاتە بێ وێنەیەیە کە لە ڕۆژی قیامەتدا مردو زیندو دەکاتەوە و لە دنیادا ئەیمرێنێ.ئەویش گوتی: منیش مردو زیندو ئەکەمەوەو زیندوش ئەمرێنم" واتە: مەحکوم بە ئیعدام عەفو ئەکەم و لە مردن ڕزگاری ئەبێ و زیندوش ئەکوژم! ئینجا ئیبراهیم گوتی: خودای من خۆر لە ڕۆژهەلاتەوە ئەهێنێ، تۆ ئەگەر ئازای لە خۆرئاواوە بیهێنە. کابرای کافری چەنەباز مات بو و دەمی بو بە تەڵەی تەقیو و هیچی پێنەکرا. خودای بەخشندە کۆمەڵی ستەمکار هیدایەت نادات.

لەگەڵ چەندین بەڵگەی دی لەسەر بابەتە جۆراوجۆرەکان.

٥-ئیعجاز لە خستنەڕوی مێژوی گەلانی پێشو:

قورئانی پیرۆز هەواڵی سەردەمانی کۆن و چیرۆکی گەلانی پێشوی تێدایە، کە پێغەمبەرمان(ﷺ) هیچ زانیارییەکی دەربارە نەبووە، ئەمەش بەڵگەیەکی ڕونە لەسەر ئەوەی کە ئەو قورئانە کە چەندین شتی غەیبی تێدا هاتووە عەقڵ قەبوڵی ناکات کە لەلایەن کەسێکی نەخوێندەوار یاخود هەرکەسێکی دیکەوەبێت.

قورئانی پیرۆز پڕە لەو باس و خواسانەو لەشێوەی چیرۆکدا بەرجەستەی کردون، لەوانە:

چیرۆکی موسا-علیه السلام- خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ وَإِذْ وَٰعَدْنَا مُوسَىٰٓ أَرْبَعِينَ لَيْلَةً ثُمَّ ٱتَّخَذْتُمُ ٱلْعِجْلَ مِنۢ بَعْدِهِۦ وَأَنتُمْ ظَٰلِمُونَ ﴿٥١﴾ ثُمَّ عَفَوْنَا عَنكُم مِّنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿٥٢﴾ وَإِذْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْفُرْقَانَ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ ﴿٥٣﴾ وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِۦ يَٰقَوْمِ إِنَّكُمْ ظَلَمْتُمْ أَنفُسَكُم بِٱتِّخَاذِكُمُ ٱلْعِجْلَ فَتُوبُوٓا۟ إِلَىٰ بَارِئِكُمْ فَٱقْتُلُوٓا۟ أَنفُسَكُمْ ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ عِندَ بَارِئِكُمْ فَتَابَ عَلَيْكُمْ ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٥٤﴾ وَإِذْ قُلْتُمْ يَٰمُوسَىٰ لَن نُّؤْمِنَ لَكَ حَتَّىٰ نَرَى ٱللَّهَ جَهْرَةً فَأَخَذَتْكُمُ ٱلصَّٰعِقَةُ وَأَنتُمْ تَنظُرُونَ ﴿٥٥﴾ ثُمَّ بَعَثْنَٰكُم مِّنۢ بَعْدِ مَوْتِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿٥٦﴾ وَظَلَّلْنَا عَلَيْكُمُ ٱلْغَمَامَ وَأَنزَلْنَا عَلَيْكُمُ ٱلْمَنَّ وَٱلسَّلْوَىٰ ۖ كُلُوا۟ مِن طَيِّبَٰتِ مَا رَزَقْنَٰكُمْ ۖ وَمَا ظَلَمُونَا وَلَٰكِن كَانُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ ﴿٥٧﴾ ﴾ البقرة: ٥١ – ٥٧. واتە: یادی ئەوە بکەنەوە کە چۆن وەعدی چل شەومان دا بە مووسا خۆی تەرخان بکات بۆ ئەوەی تەورات وەربگرێ، بەڵام کە ئەو هات بۆ (میقات) و ماوەیەك بەجێی هێشتن ئێوە گوێرەکەتان کرد بە خودای خۆتان. ئێوە بەم کارە ناڕەوایە ستەمتان لە خۆتان کردو زیانتان لە خۆتاندا . پاش ئەو کردەوە نالەبارە عەفومان کردن بەهیوای ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ڕاستەڕێ و سوپاسی خودا بکەن . هەروەها یادی ئەوە بکەنەوە کە پاش ئەو کارەساتانە تەوراتمان دا بە مووساو لەو تەوراتەدا شتی حەق و ڕاستمان لە شتی نارەواو ناڕاست جیاکردەوە چ لەبیروباوەڕو چ

له كردەوەو گوفتارو شتی تر، تا ئێوە ئاگایی پەیدا بكەن و بكەونە سەر ڕێی ڕاست و چاكە بكەن و لە خراپە دوور بكەونەوە. باسی ئەوە بكە كە مووسا وتی بە ئوممەتەكەی: ئەی پەیڕەوانی من بێ گومان ئێوە بەهۆی پەرستنی گوێرەكەكەوە ستەمتان لە خۆتان كردو تاوانباربوون: دە لە گوناهەكەتان پەشیمان بنەوەو بگەڕێنەوە بۆ لای خودای خۆتان. نەفسی خۆتان بكوژن بە مەنع كردنی لە ئارەزووی بەدو كرداری نارەوا، یا هەر بەڕاستی یەكتری بكوژن چونكە ڕیوایەت كراوە خودای گەورە لە كەففارەتی ئەو تاوانەدا ئەمری پێ كردوون یەكتر بكوژن، یا ئەوانە بكوژن كە گوێرەكەیان پەرستووە. ئەمە بۆ ئێوە باشترە لای خودا. خودا تەوبەی لێ قبووڵ كردن. خودا زۆر تەوبە وەرگرەو زۆر میهرەبان و دەهەنەیە. یادی ئەوە بكەنەوە كە وتتان بە مووسا: ئیمان ناهێنین بەوەی كە خودا قسەت لەگەڵ دەكات تا خودا بەرەوڕوو نەبینین. ئینجا لەتۆڵەی ئەم داوا نارەوایەدا تریشقەمان لێ دان و خۆتان چاوتان لە یەكتربوو كە دەمردن. لە پاشاندا بە نزاو پاڕانەوەی مووسا پاش مردنتان زیندووم كردنەوە بەشكم باوەڕتان بەهێز بێ و سوپاس و ستایشی خودای خۆتان بەجێبهێنن. یادی ئەوە بكەنەوە كە چۆن لە تەیهدا هەورمان كردە سێبەر بە ڕاسەری باوباپیرانتانەوە بۆ دەفعی گەرما لێیان و لە ئاسمانەوە گەزۆمان بۆ باراندن كە وەك هەنگوین شیرین بوو. هەروەها پەلەوەری شەلاقەیشمان باراند بەسەرتاناو پێمان وتن: دەی بخۆن لەو ڕۆزییە پاكە كە بۆمان ئاسان كردوون. كەچی سوپاسی خودایان نەكردو شوكرانە بژێر نەبوون. ئەو سپڵەیی و سوپاس ناگوزارییەیان زیانی لە ئێمە نەدا بەڵكو بۆ خۆیان خراپ بوو زیانیان لە خۆیان دا.

هەروەها چیرۆكی مەریەمی كچی عیمران، دەفەرمویت: ﴿ ذَٰلِكَ مِنۡ أَنۢبَآءِ ٱلۡغَيۡبِ نُوحِيهِ إِلَيۡكَۚ وَمَا كُنتَ لَدَيۡهِمۡ إِذۡ يُلۡقُونَ أَقۡلَٰمَهُمۡ أَيُّهُمۡ يَكۡفُلُ مَرۡيَمَ وَمَا كُنتَ

لَدَيۡهِمۡ إِذۡ يَخۡتَصِمُونَ (٤٤) إِذۡ قَالَتِ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ يَٰمَرۡيَمُ إِنَّ ٱللَّهَ يُبَشِّرُكِ بِكَلِمَةٖ مِّنۡهُ ٱسۡمُهُ ٱلۡمَسِيحُ عِيسَى ٱبۡنُ مَرۡيَمَ وَجِيهٗا فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِ وَمِنَ ٱلۡمُقَرَّبِينَ (٤٥) ﴾ آل عمران: ٤٤ ـ ٤٥. واتە: ئەوانەی پێم گەیاندی ئەی پێغەمبەر! دەنگوباسی عالەمی غەیبن و بە وەحی بۆمان ناردوی. ئەگەر ئاگادارمان نەکردیتایە نەتدەزانین. تۆ لای ئەوان نەبوی کە زەکەریاو زانایانی(بیت المقدس) قورعەیان ئەکرد تا بزانن سەرپەرشتی مەریەم بەر کامیان ئەکەوێت؟ تۆ لەلایان نەبوی کە لەسەر ئەو مەسەلەیە لەناو خۆیاندا بو بە دەمەقاڵێیان و لەسەر بەخێوکردنی مونافەسەی یەکتریان ئەکرد. یادی ئەوە بکەنەوە کە فریشتە بە مەریەمی وت: ئەی مریەم خودا مژدەت پێدەدا کە کوڕێکت ئەبێ بە کەلیمەی خودا و بە ئەمری(کن فیکون) بێ باوك.ناوی نازناوی مەسیحە و ناوی ئەسڵی عیسای کوڕی مەریەمە. لای خودا خاوەن پایەیە و لە دنیاو قیامەتدا یەکێکە لەوانەی لە خوداوە نزیکن و پایەی تایبەتییان هەیە.

چەندین چیرۆکی تری وەکو یارانی ئەشکەوت و ذي القرنين و...تاد.

ئەو هەواڵانە هی پێغەمبەرانی گەلانی ترە و لە کتێبەکانیاندا هاتون بەڵام دەستکاری کراون و گۆڕاون و قورئان بۆی ڕاستکردونەتەوە.

٦-ئیعجازی هەواڵدان بەوەی کە لە ئاییندەدا ڕودەدات:

بریتییە لەو هەواڵانەی غەیبین و هاتونەتەدی، خوای پەروەردگار فەرمویەتی: ﴿غُلِبَتِ ٱلرُّومُ (٢) فِيٓ أَدۡنَى ٱلۡأَرۡضِ وَهُم مِّنۢ بَعۡدِ غَلَبِهِمۡ سَيَغۡلِبُونَ (٣) فِي بِضۡعِ سِنِينَۗ لِلَّهِ ٱلۡأَمۡرُ مِن قَبۡلُ وَمِنۢ بَعۡدُۚ وَيَوۡمَئِذٖ يَفۡرَحُ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ (٤) ﴾ الروم: ٢ ـ ٤. واتە: ڕۆمییەکان شکان. لەوڵاتی نزیك لە وڵاتی عەرەبەکانداو ئەم ڕۆمیانە، پاش ئەم شکانەیان، زاڵ ئەبنەوە بەسەر ئەوانەدا کە شکاندبونیان کە فارسەکانن. لە ماوەی چەند ساڵێکدا. سەرەنجامی کاری لەمەوپێشیش بۆ خوا بووەو لەمەو پاشیش

هه‌ربۆئه‌وه. سه‌ره‌نجامی كار هه‌ر بۆ خوا خۆیه‌تی. جا ئه‌و ڕۆژه كه ڕۆمییه‌كان زاڵ ئه‌بن به‌سه‌ر فارسه‌كاندا. مسوڵمانان شاد ئه‌بن.

ڕاستی ئه‌و ڕوداوه ئه‌وه‌یه، كه ولاَتی ڕۆم-ی مه‌سیحی- له‌ به‌رانبه‌ر ولاَتی فارس-ی بت په‌رست-دا له‌ جه‌نگێكدا كه‌ له‌ ساڵی ٦١٤ز له‌نێوانیاندا ڕویدا، له‌و جه‌نگه‌دا ڕۆمه‌كان شكستیان خوارد، به‌مه‌ش مسوڵمانان خه‌مباربون و بێباوه‌ڕه‌كانیش خۆشحاڵ بون و به‌ مسوڵمانانیان ده‌گوت:

(ڕۆمه‌كان خاوه‌ن كتێبن و ئاگرپه‌رستان(مه‌جوسه‌كان) به‌سه‌ریاندا سه‌ركه‌وتن، ئێوه‌ش ده‌ڵێن كه‌ به‌ كتێبه‌كه‌تان به‌سه‌رماندا سه‌رده‌كه‌ون، وه‌ك چۆن فارسه‌كان شكستیان به‌ ڕۆمه‌كان خوارد ئێمه‌ش ئاوا به‌سه‌رتاندا سه‌رده‌كه‌وین)تفسیر ابن جریر الطبري ٢١/ ١٦-١٧.

خوای په‌روه‌ردگار ئه‌و چه‌ند ئایه‌ته‌ پیرۆزه‌ی نارده‌ خواره‌وه، كه‌ تێیاندا مژده‌ ده‌داته‌ مسوڵمانان كه‌ ئه‌و شكسته‌ی ڕۆمه‌كان سه‌ركه‌وتنێكی به‌دوادادێت له‌ ماوه‌ی چه‌ند ساڵێكدا، كه‌ به‌ سێ تا نۆ ساڵ مه‌زه‌نده‌ ده‌كرا.

ئه‌مه‌ له‌كاتێكدابو، كه‌ هه‌مو هۆكاره‌كان بێهێزی و دوری ئه‌م سه‌ركه‌وتنه‌ی ڕۆمه‌كانیان به‌دور ده‌زانی به‌هۆی بێهێزی ڕۆمه‌كان و به‌هێزی فارسه‌كان، به‌ڵام خودای په‌روه‌ردگار به‌ڵێنه‌كه‌ی به‌جێهێنا و.له‌ساڵی ٦٢٢ز سه‌ركه‌وتنه‌كه‌ هاته‌دی.

هه‌روه‌ها خودای په‌روه‌ردگار فه‌رمویه‌تی: ﴿ أَمْ يَقُولُونَ نَحْنُ جَمِيعٌ مُّنتَصِرٌ ﴿٤٤﴾ سَيُهْزَمُ الْجَمْعُ وَيُوَلُّونَ الدُّبُرَ ﴿٤٥﴾ ﴾ القمر: ٤٤ – ٤٥.واته: یاخود ئه‌ڵێن: ئێمه‌ كۆمه‌ڵێكین زاڵین و كه‌س ناتوانێ بمانبه‌زێنێ. ئه‌م كۆمه‌ڵه‌ كافره‌ له‌مه‌ولا له‌ جه‌نگدا ئه‌به‌زن و پشتی پێهه‌ڵئه‌كه‌ن.

ئه‌وه‌ش له‌ جه‌نگی به‌در بو.

هەروەها دەربارەی کۆچی پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە مەککەوە بۆ مەدینە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِى فَرَضَ عَلَيْكَ ٱلْقُرْءَانَ لَرَآدُّكَ إِلَىٰ مَعَادٍۚ قُل رَّبِّىٓ أَعْلَمُ مَن جَآءَ بِٱلْهُدَىٰ وَمَنْ هُوَ فِى ضَلَـٰلٍ مُّبِينٍ﴾ القصص: ٨٥. واتە: بێگومان ئەو خوایەی قورئانی لەسەر تۆ فەرز کردووەو بۆی ناردوی و پێویستی کردووە لەسەرت کە ڕەفتاری پێبکەیت و بیگەیێنی بە خەڵك و تێبکۆشی بۆ بڵاوکردنەوەی، ئەتگێڕێتەوە بۆ ئەو شوێنەی کە لێی هاتوی کە شاری مەککەیە. تۆش بە خەڵکی دەوروپشتت بڵێ خوای من لە هەرکەسی تر چاکتر ئەزانێ کێ ڕێنمایی بۆ خەڵك هێناوەو کێ لە گومڕایی ئاشکرادایە.

خوای پەروەردگاریش لە ساڵی فەتح گێڕایەوە بۆ مەککە: ﴿لَّقَدْ صَدَقَ ٱللَّهُ رَسُولَهُ ٱلرُّءْيَا بِٱلْحَقِّۖ لَتَدْخُلُنَّ ٱلْمَسْجِدَ ٱلْحَرَامَ إِن شَآءَ ٱللَّهُ ءَامِنِينَ مُحَلِّقِينَ رُءُوسَكُمْ وَمُقَصِّرِينَ لَا تَخَافُونَۖ فَعَلِمَ مَا لَمْ تَعْلَمُوا۟ فَجَعَلَ مِن دُونِ ذَٰلِكَ فَتْحًا قَرِيبًا﴾ الفتح: ٢٧. واتە: بێگومان خوا ڕاستی کرد لەگەڵ پێغەمبەری خۆی لەو خەوە ڕاستەدا کە دیبوی و بە گوێرەی ئەو خەوە ئێوە بە ئیزنی خوا ئەمین و بێ ترس ئەڕۆنە ناو مەسجیدولحەرام و هەندێکتان سەرتان ئەتاشن و هەندێکیشتان موی سەرتان کورت ئەکەنەوەو لە کەس ناترسن، خوا شتێکی ئەزانی کە ئێوە نەتانئەزانی، بۆیە چونە مەککەو هاتنەدی خەوەکەی دواخست بۆ ساڵێکی تر و بێجگە لەوەش فەتحێکی نزیکی شاری مەککەی بڕیاردا.

چەندین ئایەتی تری لەو جۆرەش هەن.

٧-ئیعجازی باسکردن و دەرخستنی ئەوەی لەناو دڵاندایە:

باسکردنی ئەو شتە نهێنی و پەنهانانەی بەسەردڵی مرۆڤەکاندادێت و جگە لە پەروەردگاری زانا بە دڵەکان، هیچ کەس پێیان نازانێت، دەفەرموێت: ﴿إِذْ هَمَّت

طَّآئِفَتَانِ مِنكُمۡ أَن تَفۡشَلَا وَٱللَّهُ وَلِيُّهُمَاۗ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلۡيَتَوَكَّلِ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ﴾ آل عمران: ١٢٢. واته: ئا لەو کاتەدا کە دو تاقم لە ئێوە، بەنوسەلمەی خەزرەج و بەنو حاریسەی ئەوس خەتەرەی ئەوە هات بە دڵیاندا کە بێهێزی پیشاندەن و بترسن و ئەوەندەی نەمابو دوای جەماعەتی ئیبنو ئوبەی بکەون و هەڵێن، بەڵام خودا لەو خەتەرەیە پاراستنی و لە جەنگدا بەردەوام بون. ئەبێ مسوڵمانان هەر پشت بە خودا ببەستن و داوای یارمەتی و سەرکەوتن تەنها لەو بکەن.

بەبێئەوەی هیچ گوفتار و کردارێك ئەنجام بدەن..هەروەها فەرمویەتی: ﴿ وَإِذۡ يَعِدُكُمُ ٱللَّهُ إِحۡدَى ٱلطَّآئِفَتَيۡنِ أَنَّهَا لَكُمۡ وَتَوَدُّونَ أَنَّ غَيۡرَ ذَاتِ ٱلشَّوۡكَةِ تَكُونُ لَكُمۡ وَيُرِيدُ ٱللَّهُ أَن يُحِقَّ ٱلۡحَقَّ بِكَلِمَٰتِهِۦ وَيَقۡطَعَ دَابِرَ ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴾ الأنفال: ٧. واته: باسی منەت و نیعمەتی خودا بکەن بەسەرتان کە چۆن بەڵێنی پێدان یەکێ لەو دو کۆمەڵەتان بکاتە نسیب، ئێوە حەزتان ئەکرد ئاسانەکەتان ببوایە بە نسیب. خوداش ئەیویست ئایینی خۆی بەرزبکاتەوەو قسەی جێگیر بکات بە وەحی و بە یارمەتیدانی مەلائیکەو، کافرە بەدنیازەکان بنبڕ بکات و هێز و توانایان نەهێڵێت.

هەر بەوجۆرەیش بو، کە پەروەردگار باسی کردبو، چەندین ئایەتی تری لەم شێوەیەش هەن.

٨-ئیعجازی پارێزرانی و دەستکاری نەکردنی:

قورئانی پیرۆز بە وشەو دەق و واتا بۆمان گوازراوەتەوە، پێغەمبەری خوا(ﷺ) وەك خۆی بە پێشەواکانی گەیاندووە و، نە وشەیەکی فەوتاوە و نە واتایەکی گۆڕاوە و نە ڕیزبەندییەکەی شێواوە، پارێزراوە لە هەڵە و گۆڕان و، گۆڕانی کات و دوری شوێن کاری تێناکات، لەکاتێکدا کتێبەکانی تر تەنیا هەوڵی پارێزرانی واتایان دراوە ئەگەر وشەکانیشیان گۆڕابێت.

٩-ئیعجازی واتای جۆراوجۆر و گۆڕاو و بونی واتای هاوشێوه له سوره‌ته‌كانی تردا:

له سوره‌تێكدا له مژده‌و به‌ڵێن ده‌چێته سه‌ر ئاگادار كردنه‌وه و تۆقاندن، له ئاره‌زوكردن به‌ره‌و ترساندن، له ڕابوردو به‌ره‌و ئاینده، له چیرۆك بۆ په‌ند، له حوكم و بڕیار بۆ گفتوگۆ و ده‌مه‌ته‌قێ، نه له واتا لاده‌دات نه لێی دورده‌كه‌وێته‌وه.

١٠-ئیعجاز له شێوازی ڕه‌وانبێژییه‌كه‌یدا:

كورت و درێژی ئایه‌ته‌كانی له شێوازه‌كه‌ی دوری ناخاته‌وه، هه‌روه‌ك چۆن ڕێك و پێكییه‌كه‌یشی لانادات، له‌كاتێكدا ده‌قه‌كانی تری شیعر و په‌خشان ئه‌گه‌ر به‌شه‌كانیان كورت و درێژی تێكه‌وت كێش و سه‌روایان تێكده‌چێت و ده‌شێوێت.

١١-ئیعجاز له ئاسانی له‌به‌ركردنی:

قورئانی پیرۆز له‌سه‌ر هه‌مو زمانێك ئاسان و ڕه‌وانه، ته‌نانه‌ت كه‌سی غه‌یره عه‌ره‌بیش ده‌توانێت له‌به‌ری بكات و كتێبه‌كانی تر وه‌ك قورئان له‌به‌ركردنیان ئاسان نییه.

١٢-ئیعجازی قورئان له به‌رزبون و سه‌ركه‌وتنی به‌سه‌ر هه‌مو جۆره ده‌قه ڕه‌وانه‌كانی شیعر و په‌خشان:

به‌وه‌ی كه هیچ زیادكردن و كه‌م كردنێك قه‌بوڵ ناكات، له سه‌رده‌مانێكدا كه قسه‌ی ڕه‌وانی ڕه‌وانبێژان و زمانزانانی تێدا به‌ربڵاوبو، ده‌بینی هه‌مو ئه‌وانه له ڕوبه‌ڕوبونه‌وه‌ی قورئان و هێنانی هاوشێوه‌ی قورئان شكستیان خوارد، هه‌روه‌كو خوای په‌روه‌ردگار ته‌حه‌ددای كردون، ده‌فه‌رموێت: ﴿أَمۡ يَقُولُونَ تَقَوَّلَهُۥۚ بَل لَّا يُؤۡمِنُونَ ٣٣ فَلۡيَأۡتُواْ بِحَدِيثٖ مِّثۡلِهِۦٓ إِن كَانُواْ صَٰدِقِينَ ٣٤﴾ الطور: ٣٣ - ٣٤. واته: یان ئه‌ڵێن: ئه‌م

قورئانه‌ی بۆخۆی هه‌ڵبه‌ستووه. نه‌خێر ئه‌مانه تاقمێكن ئیمانیان نییه ده‌ی با قسه‌یه‌كی وا بهێنن ئه‌گه‌ر ڕاست ئه‌كه‌ن.

جا كاتێ نه‌یانتوانی، په‌ته‌كه‌ی بۆ درێژكردن و داوای لێكردن ته‌نیا ده سوره‌تی هاوشێوه‌ی قورئان بێنن: ﴿أَمۡ يَقُولُونَ ٱفۡتَرَىٰهُۖ قُلۡ فَأۡتُواْ بِعَشۡرِ سُوَرٖ مِّثۡلِهِۦ مُفۡتَرَيَٰتٖ وَٱدۡعُواْ مَنِ ٱسۡتَطَعۡتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ١٣ فَإِلَّمۡ يَسۡتَجِيبُواْ لَكُمۡ فَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّمَآ أُنزِلَ بِعِلۡمِ ٱللَّهِ وَأَن لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ فَهَلۡ أَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٤﴾ هود: ١٣ – ١٤. واته: یاخود ئه‌ڵێن ئه‌م قورئانه‌ی به‌ده‌م خواوه هه‌ڵبه‌ستووه‌و هی خودا نییه! بڵێ ده ئه‌گه‌ر ئازان و ئه‌توانن ١٠ سوره‌تی هه‌ڵبه‌ستراوی وه‌ك سوره‌ته‌كانی ئه‌و بێنن و بۆ ئه‌م مه‌به‌سته‌ش بێجگه له خودا كێتان ئه‌وێ بانگی بكه‌ن و داوای یارمه‌تی لێبكه‌ن. جا ئه‌گه‌ر پێیان نه‌كرا ئه‌وا زۆر چاك بزانن ئه‌و قورئانه پیرۆزه به جۆرێ نازل كراوه هه‌ر خودا خۆی ئه‌زانێ و زۆر چاك بزانن هیچ په‌رستراوێكی ڕاسته‌قینه نییه خودای تاك و ته‌نیا نه‌بێ. ئایا ئێوه كه بۆتان ده‌ركه‌ت قورئان موعجیزه‌یه، له‌سه‌ر ئایینی ئیسلام به‌رده‌وام ئه‌بن؟

كاتێ ئه‌وجاره‌ش شكستیان خوارد داوای لێكردن كه ته‌نیا سوره‌تێكی هاوشێوه‌ی قورئان بێنن: ﴿وَإِن كُنتُمۡ فِي رَيۡبٖ مِّمَّا نَزَّلۡنَا عَلَىٰ عَبۡدِنَا فَأۡتُواْ بِسُورَةٖ مِّن مِّثۡلِهِۦ وَٱدۡعُواْ شُهَدَآءَكُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ٢٣ فَإِن لَّمۡ تَفۡعَلُواْ وَلَن تَفۡعَلُواْ فَٱتَّقُواْ ٱلنَّارَ ٱلَّتِي وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلۡحِجَارَةُۖ أُعِدَّتۡ لِلۡكَٰفِرِينَ ٢٤﴾ البقرة: ٢٣ – ٢٤. واته: ئه‌گه‌ر دودڵن له ڕاستی ئه‌و قورئانه‌ی ناردومانه‌ته‌خوار بۆسه‌ر به‌نده‌ی خۆمان، به وتاری ئاده‌میزادی ئه‌زانن، ده‌ی ئه‌گه‌ر وایه‌و ئازان تاقه سوره‌تێك له وێنه‌ی ئه‌و قورئانه بێنن و بێجگه له خودا هه‌موو ئه‌وانه‌ش بانگ بكه‌ن كه به یاریده‌ده‌ری خۆتانیان ئه‌زانن تا یارمه‌تیتان بده‌ن. بێگومان به‌هه‌موتانه‌وه ناتوانن وێنه‌ی بێنن. ئه‌گه‌ر ئه‌وه‌تان پێنه‌كرا

که بێگومان پێشتان ناکرێت، ده خوتان لەو ئاگره بپارێزن. که سوتەمەنییەکەی ئادەمیزاده و ئەو بته بەردانەیه که لـه دنیادا ئەیانپەرستن و به تەمای قازانجیانن. ئەو ئاگره بۆ کافران ئامادەکراوە.

ئەوەتا لـەکاتی هاتنەخوارەوەی قورئان تا ئێستا زمانی عەرەبی به چەندین رۆڵ و گۆڕانکاریدا تێپەڕیوه، لـه بەرزبونەوه و نزم بونەوەو فراوان بون و تەنگ بونەوه و چالاك بون و خاوبونەوەو شارستانییەتی و دەشتەکییەتی، بەڵام سەرەڕای ئەوەش قورئانی پیرۆز هەر به بەرزی ماوەتەوەو، نور و هیدایەت پەخش دەکات و ڕەوانی و گەورەیی دەبەخشێ و ناسکی و جوانی لـێدەچۆڕێ و تائێستایش قورئانی پیرۆز ئاڵای ئیعجازی شەکاوەیەو تەحەددای هەمو جیهانیان دەکات که هاوشێوەی بێنن[1]، دەفەرموێت: ﴿ قُل لَّئِنِ ٱجۡتَمَعَتِ ٱلۡإِنسُ وَٱلۡجِنُّ عَلَىٰٓ أَن يَأۡتُواْ بِمِثۡلِ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانِ لَا يَأۡتُونَ بِمِثۡلِهِۦ وَلَوۡ كَانَ بَعۡضُهُمۡ لِبَعۡضٖ ظَهِيرٗا ﴾ الإسراء: ٨٨. واته: تۆ بڵێ: ئەگەر هەمو ئینسان و جین کۆ ببنەوه بۆ ئەوەی وێنەی ئەم قورئانه بێنن ناتوانن وێنەی بێنن، هەرچەند لـەناو خۆشیاندا پشتی یەکتر بگرن.

---

(١) سەرچاوه: أعلام النبوة، للإمام أبي الحسن علي بن محمد الماوردي.

ئەوانە..خودا هەڵیبژاردون

﴿ ٱلَّذِينَ يَتَّبِعُونَ ٱلرَّسُولَ ٱلنَّبِيَّ ٱلْأُمِّيَّ ٱلَّذِى يَجِدُونَهُۥ مَكْتُوبًا عِندَهُمْ فِى ٱلتَّوْرَىٰةِ وَٱلْإِنجِيلِ يَأْمُرُهُم بِٱلْمَعْرُوفِ وَيَنْهَىٰهُمْ عَنِ ٱلْمُنكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ ٱلْخَبَٰٓئِثَ وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ وَٱلْأَغْلَٰلَ ٱلَّتِى كَانَتْ عَلَيْهِمْ ۚ فَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ بِهِۦ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ وَٱتَّبَعُوا۟ ٱلنُّورَ ٱلَّذِىٓ أُنزِلَ مَعَهُۥٓ ۙ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴾

الأعراف: ١٥٧

پیاوانی ئایین

*ئیبراهیم ئەحمەد فیلۆپس: قەشەیەكی مژدەدەربو، لەساڵی ١٩١٩ز لە ئەسكەندەرییە لەدایك بووە، ماستەری لە ئایینناسی (لاهوت)دا لە زانكۆی (برنستۆن)ی ئەمریكی وەرگرتووە، هەروەها چەند بڕوانامەیەكی بەرزیشی لە كۆلێژی لاهوتی میسری بە دەستهێناوە، ئەركی فەرمی بە مەسیحی كردن و كاركردن لە دژی ئیسلام بو ، بەڵام قوڵبونەوەی لە ئیسلام بەرەو ئیسلام ڕێنمونی كرد، بەمەش لەساڵی ١٩٥٩ز بەفەرمی موسوڵمانێتی خۆی ڕاگەیاند و ژمارەیەكی زۆر خەڵك لەسەردەستی موسوڵمان بوون و خوای پەروەردگاریش حەجی ماڵی پیرۆزی خۆی بە قسمەت كردووە.

ئیبراهیم دەربارەی گەشتەكەی بەرەو ئیسلام دەڵێت: (لە كۆنگرەیەكی مژدەدەری مەسیحیدا بانگهێشت كرام تا قسەبكەم، لەو كۆنگرەیەدا زۆر قسەم كرد و هەرچی قسەی خراپ و تانەوتەشەر بو لە دژی ئیسلام گوتم، دوای ئەوەی قسەكانم تەواوبون، لەخۆمم پرسی: لەبەرچی من ئەو قسانە دەكەم لەكاتێكدا دەزانم درۆ دەكەم؟! بۆیە بەر لە كۆتایی هاتنی كۆنگرەكە موڵەتم وەرگرت و گەڕامەوە ماڵەوە، هەمو گیانم دەلەرزی، زۆر پەشۆكابوم، ئەو شەوە تا بەیانی لە كتێبخانەكەمدا خەریكی خوێندنەوەی قورئان بوم، زۆر لەسەر ئەو ئایەتە ڕاوەستام و زۆر كاریگەری لەسەر دانام، ئەو ئایەتەی كە دەفەرموێت: ﴿ لَوْ أَنزَلْنَا هَٰذَا ٱلْقُرْءَانَ عَلَىٰ جَبَلٍ لَّرَأَيْتَهُۥ خَٰشِعًا مُّتَصَدِّعًا مِّنْ خَشْيَةِ ٱللَّهِ ۚ وَتِلْكَ ٱلْأَمْثَٰلُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ ﴾ الحشر:

٢١.واتە: ئەگەر ئێمە ئەم قورئانەمان بناردایەتە خوارەوە بۆ سەر کێوێ لە جیاتیی ئەوەی کە بۆ سەر ئادەمیزادمان ناردووەتە خوارەوە، ئەو کێوەت ئەدی لە ترسی خوا سامی لێ نیشتووەو پارچە پارچە بووە، ئێمە ئەم جۆرە نمونانە ئەهێنینەوە بۆ خەڵك بەهیوای ئەوەی بیربکەنەوە لە خواو لە توانایی خواو لە دوارۆژو پاداشت و سزای ئەو دنیا.

هەر لەو شەوەدا بڕیاری خۆمم داو مسوڵمان بوم، پاشان هەمو منداڵەکانیشم لەگەڵمدا مسوڵمان بون).

لە بەرهەمەکانی: (محمد في التوراة والإنجيل والقرآن، المسيح إنسان لا إله، الإسلام في الكتب السماوية، اعرف عدوّك إسرائيل، المبشرون و المستشرقون في العالم العربي الإسلامي).

*ماری واتسۆن، خانمە مامۆستایەکی لاهوتی ئەمریکییە، زۆربەی تەمەنی لە کاری مژدەدەری لەنێوان لۆس ئانجلۆس و فلیپین بەسەربردووە.

ڕۆژێکیان هاوڕێیەکی دوازدە نامیلکەی لەسەر ئیسلام پێداو ئەویش بۆ ماوەی هەفتەیەك خەریکی خوێندنەوەیان بو، لەکۆتاییشدا بۆی دەرکەوت کە ئیسلام ئایینی ڕاستەو خودا یەکەو هاوبەشی نییە و هەر ئەوە لە گوناه و تاوانەکان دەبورێت.

لە تەمەنی چل ساڵیدا مسوڵمان بو و بووە هۆکاری مسوڵمان بونی کوڕەکەیشی کریستۆڤەر.

کاتێك دەربارەی هۆکاری مسوڵمان بونی پرسیاری لێکرا، گوتی: ئیسلام باشترین و تەواوترین ڕێبازی ژیانە.. ئەو ئەو پێوەرەیە کە هەمو بوارەکانی ژیانی ئابوری و کۆمەلایەتی و..تاد پێدەپێورێن.

هەروەها گوتویەتی: (من بۆماوەی هەشت ساڵ ئایینی مەسیحیم خوێند و بە

هەفتەیەك مسوڵمان بوم).

وتەیەکی جوانی هەیە دەڵێت: (ڕۆژی مسوڵمان بونم، ڕۆژی لەدایك بونمە) رجال و نساء أسلموا، لا١٣٢.

*کینیث جینکینز(عەبدوڵڵا فاروق) قەشەیەکی ئەمریکی بو، یەکێك بو لە لایەنگرە دەمارگیرەکانی ئایینەکەی، زۆر پرسیار هەبون کە نەیتوانی لە ئایینەکەیدا وەڵامەکەیانی دەستبکەوێت، زانیارییەکانی لەسەر ئیسلام لەوە تێپەڕی نەدەکرد کە لای وابو کۆمەڵێك ڕەشپێست ئاینێکی تایبەتییان بۆخۆیان دروستکردووە و ئایینێکە جگە لە خۆیان کەسی دی قەبوڵ ناکات، بەڵام کاتێك گەشتی کرد بەرەو سعودیە بۆی دەرکەوت کە ئیسلام ئایینێکە هەمو چین و توێژێك لەخۆدەگرێت، ئەوەش ئارەزوی ناسینی ئەو ئایینەی لەلا دروستکرد و لەڕێگەی قورئانی پیرۆز و ئەو کتێبانەی لە یەکێك لە مسوڵمانانی ئەوێی وەرگرتبو وەڵامی هەمو ئەو پرسیارانەی دەستکەوت کە بەدرێژایی ژیانی بەدوایاندا دەگەڕا، تا لەکۆتاییدا مسوڵمان بو و ئێستایش کاری بۆ دەکات، دەڵێت:

(وەڵامی کێشەکانی مەسیحییەکانت لەلای مەسیحییەکان خۆیان دەستناکەوێت" چونکە زۆربەی کات ئەوان خۆیان هۆکاری کێشەکانیانن.. بەڵام لە ئیسلامدا چارەسەری هەمو کێشەکانی مەسیحییەکان و مەسیحییەت و هەمو ئایینەکانی تری جیهانت دەستدەکەوێت). رجال ونساء أسلموا، لا٤٥.

*ئیسحاق هیلال مەسیحە، قەشەیەکی میسری بو، لە ساڵی ١٩٥٣ز لەدایك بووە، بانگخوازی کڵێسا و سەرۆکی فەخری کۆمەڵەی ڕزگارکردنی خەڵکی میسر بو لە ئەفریقیا و ڕۆژئاوای ئاسیا، دەڵێت: (ڕۆژێکیان چاوم کەوتەسەر سورەتی(الإخلاص): ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ﴾ بێداربومەوە و گیانمی لەرزاند، هەر ئەو

سورەتەم دوبارە دەکردەوە تا لەبەرم کرد، کاتێك دەمخوێندەوە هەستم بە ئاسودەیی دەرون و ئارامی دڵ و دڵخۆشی گیانم دەکرد).

ڕۆژێکیان کە لەبەردەم کورسی دانپێدانان دانیشتبو تا دانپێدانانی ئەو کەسانەی گوێ لێبێت کە باوەڕیان بەوە هەیە کە لێخۆشبون لە تاوانەکان بە دەستی قەشەکانە" لەو کاتەدا ئافرەتێك هاتە لای و داوای لێخۆشبونی دەکرد، بەرلەوەی یەك وشە بڵێت ئایەتی ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ﴾ی دەکەوێتە دڵەوە، دەڵێت: (زمانم لاڵ بو، زۆر بەکوڵ گریام، دەمگوت: ئەوە هاتووە تا داوای لێخۆشبون لەمن بکات، ئەدی کێ لە ڕۆژی قیامەتدا لە تاوانەکانی من خۆشدەبێت؟!) تا لە دواییدا مسوڵمان بو. رجال ونساء أسلموا، لا٧.

*ناجیمۆ رامۆنی، لە غانا لە دایك و باوکێکی مەسیحی لەدایك بووە، کە هەردوکیان ئەندامی کڵێسای(البعثة المعمدانية) لە قوتابخانە مژدەدەرییەکاندا خوێندویەتی، کاتێ تەمەنی گەیشتە بیست ساڵ وەکو مژدەدەرێك دەستی بەکارکرد، ڕۆژێکیان کتێبێکی لەسەر ئیسلام خوێندەوە کە یەکێك لە هاوڕێکانی پێی دابو، هەر لە گەڕان بەدوای ڕاستیدا بەردەوام بو تا لە پایزی ١٩٦٣ز مسوڵمان بونی خۆی ڕاگەیاند. رجال ونساء أسلموا، لا ٥٤.

*بەشیر ئەحمەد شاد، لە ساڵی ١٩٢٨ز لە خێزانێکی مەسیحی هیندی لەدایك بووە، باوکی(ماتیاس) مژدەدەرێکی مەسیحی بو" لەبەرئەوە هەوڵی دەدا کوڕەکەیشی هەمان ڕێچکە بگرێت و، لە ساڵی ١٩٤٧ز خوێندنەکەی تەواوکرد و دەستی کرد بە کاری مژدەدەری لە (لاهور)، بەڵام-وەك زۆرکەسی تر- باوەڕی بە ئایینەکەی لەدەستدا و دوای بیست ساڵ لە گەڕان و ئێش و ئازار لە حوزەیرانی ١٩٦٨ز مسوڵمان بو. رجال ونساء أسلموا، لا ١٩.

*عیززەت ئیسحاق موعەوویز(محمد ئەحمەد ریفاعی)، قەشەیەکی میسری بو، یەکێك بو لە بانگخوازانی مەسیحی، لە کلێسادا پلەی گەورەو جیاجیای وەرگرتووە تا گەیشتوتە پلەی (قوممۆص)، دوای قوڵبونەوەی لە لێکوڵینەوە لە بیروباوەڕەکەی هەستی گومانی لە هزردا پەیدابو بەرانبەر ئەو بیروباوەڕەی بانگەوازی بۆ دەکرد، لەبەرانبەردا بە گوێگرتن لە قورئان هەستی بە دڵخۆشییەکی زۆر دەکرد..لەو بارەیەوە دەڵێت:

(لەکاتێکدا کە لەبەرانبەر ئایینی مەسیحیدا گومانم لەلا دروست بوبو، شکڵ و شێوازی مسوڵمانان لەکاتی نوێژ و ئەو کەشە ئایینی و ڕۆحییەی ئەو شوێنەی داگیرکردبو..ئەو دیمەنە زۆر سەرنجمی ڕادەکێشا، سەرەڕای ئەوەی نەشمدەزانی چی دەڵێن.. کاتێك قورئان دەخوێنرا زۆر بەوردی سەرنجم دەدا و گوێم لێدەگرت و لە دەرونمدا هەستم بە شتێکی سەیر دەکرد..هەروەها بە ڕۆژوگرتنی مانگی ڕەمەزان سەرسام بوم و هەستم دەکرد لە ڕۆژوی(الزیت)ی مەسیحییەکان زۆر باشتربو کە لەکتێبی پیرۆزدا نەهاتووە، با ددان بەوەدا بنێم کە بەر لە مسوڵمان بونم چەند ڕۆژوویکی مانگی ڕەمەزانم گرتووە)لە ساڵی ١٩٨٨ز مسوڵمان بونی خۆی ڕاگەیاند

. رجال ونساء أسلموا، لا ١٢٢.

*یوسف ئێدوارد ئیستس، لەساڵی ١٩٤٤ز لە خێزانێکی پڕۆتستانتی مەسیحی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەدایك بووە، بوەتە قەشە، لەساڵی ١٩٧٤ز ماستەری لە(هونەر) بەدەستهێناوەو دکتۆراشی لە ئاییںناسی(لاهوت)دا وەرگرتووە، دوای ئەوەی لەگەڵ بازرگانێکی مسوڵماندا کار و گوزەران دەکات، لەساڵی ١٩٩١ز مسوڵمان دەبێت و کوڕەکەی و هاوسەرەکەی و دایکیشی لەگەڵدا مسوڵمان دەبن، پاشان لەنێوان ساڵانی ١٩٩١ز تا ١٩٩٨ز لە میسر و مەغریب و تورکیا توانی فێری زمانی عەرەبی و زانستە ئیسلامییەکان ببێت..لە ئەمریکادا کاری

بانگخوازی کردووەو–ئێستایش بەردەوامە–زۆر کاسێت و وتاری ئینگلیزیی هەن. رجال ونساء أسلموا، لا ٢٧.

*بێنیامین کلدانی(عبدالاحد داود)، مامۆستای ئاییناسی(لاهوت) بو و قەشەی هۆزی کلدانی کاسۆلیکی بو، چەند زمانێکی زانیوەو بۆماوەیەکی زۆر لە جیهانی دەرەوە دورکەوتوتەوەو لە ماڵەکەیدا گۆشەگیربووە بۆئەوەی کتێبی پیرۆز بە زمانە کۆنەکانی بخوێنێتەوە و بەراوردی نێوان دەقەکان بکات، هەندێك لەو هەوڵانەی لە کتێبی(محمد فی الکتاب المقدس)دا باس کردون، لە کۆتاییدا لەشاری ئیستەنبوڵ مسوڵمان بو..لەو کتێبەدا دەڵێت:

(لا إله إلا الله محمد رسول الله، ئەو بیروباوەڕە هەمیشە بیروباوەڕی هەمو باوەڕدارێکی ڕاستەقینە دەبێت.. من بەتەواوی دڵنیام کە تاکە ڕێگا بۆ تێگەیشتن لە کتێبی پیرۆز توێژینەوەیەتی لەدیدێکی ئیسلامییانەوە) لا ١٦٢.

بەرهەمێکی تریشی هەیە بەناوونیشانی(الإنجیل والصلیب).

*ئارسەر میلاسنتۆس، پرۆفیسۆرێکی بەریتانییە، دکتۆرای لە ئاییناسیدا هەیەو سێیەم کەسایەتی کۆمەڵی کلێساکانی ئاسیابو..لەمیانەی کارکردنیدا بۆبلاوکردنەوەی مەسیحییەت لەساڵی ١٩٨٣ز دا بڕیاریدا بۆ بەرەنگاربونەوەی مسوڵمانان قورئان بخوێنێتەوە، لەو بارەیەوە دەڵێت: (لەسەرەتادا هەستم بە ململانێیەکی دەرونی توند دەکرد، دەنگێك بانگی دەکردم و هانی دەدام کە بێمە سەر ئەو ئایینە کە تێیدا بەندە پێوەندیەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ پەروەردگاریدا هەیە و پێویستی بەقەشە نییە بێتە نێوانەوەو بلیتی لێخۆشبونیش نابەخشرێتەوە–وەك لە ئایینی مەسیحیدا هەیە–ڕۆژێکیان دەستنوێژم شوشت و دەستمدایە قورئان، ئەو ئایەتەم خوێندەوە کە دەفەرموێت: ﴿ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلْقُرْءَانَ أَمْ عَلَىٰ قُلُوبٍ أَقْفَالُهَآ ﴾ محمد:

٢٤واته: ئه‌مانه بۆ بیر له قورئان ناکه‌نه‌وه‌و لێی ورد نابنه‌وه تا لێی حاڵی بن، یان دڵیان قوفڵی لێ دراوه‌و کلیل و کلۆم کراوه‌و هیچی تێ ناچێ؟

دوای خوێندنه‌وه‌ی ئه‌و ئایه‌ته موچڕکم به‌له‌شدا هاتن، پاشان ئه‌و ئایه‌ته‌م خوێنده‌وه که ده‌فه‌رموێت: ﴿ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلْإِسْلَٰمَ دِينًاۚ﴾ المائدة: ٣.واته: ئه‌مرۆ ئایینم بۆ ته‌واو کردن و ئایه‌ته‌کانم هه‌موو بۆ ناردن و، ڕێو شوێنی ئایینی ئیسلامتان بۆ ڕوون بوویه‌وه‌و نیعمه‌تی خۆمم ڕژاند به‌سه‌رتاندا و له‌ناو هه‌موو ئاینه‌کاندا ئایینی ئیسلامم بۆتان هه‌ڵبژارد.

ئیتر ئه‌و گیانه سه‌رگه‌ردانه‌م ئاسوده‌بو و وام هه‌ست ده‌کرد وه‌ك بڵێی تازه له‌دایك بومه‌ته‌وه).

له وته‌یه‌کی جوان و ناوازه‌یدا ده‌ڵێت: (پێش ئیسلام به‌نده‌ی خوّم بوم، به‌ڵام دوای ئیسلام به‌نده‌ی خودام)، به‌م شێوه‌یه ئارسه‌ر میلاسنتۆس مسوڵمان بو و ناوی خۆی گۆڕی بۆ خالید میلاسنتۆس. رجال ونساء أسلموا، لا ١٥٢.

*فریدریك دۆلامارك، گه‌وره‌ی ئه‌سقفه‌کانی جۆهانسبێرگ بو، به حه‌ق بێژی و دادگه‌ری به‌ناوبانگ بو، مسوڵمان بو، مسوڵمان بونی شاری جنێفی سویسری توشی سه‌رسوڕمان کرد، دوای مسوڵمان بونی ده‌ستیکرد به بڵاوکردنه‌وه‌ی ئایینی ئیسلام له کیشوه‌ری ئه‌فریقادا، ئه‌و به‌پێویستی ده‌زانی که ڕێگاکانی بانگه‌واز نوێ بکرێنه‌وه‌و پێشبخرێن، چونکه ئه‌و وایده‌بینی که که‌موکوڕی زۆر له‌ولایه‌نه‌دا هه‌یه.

*جان ماری دۆشمان(عبدالمجید جان ماری دۆشمان) قه‌شه‌یه‌کی فه‌ره‌نسی بو، زۆر به‌وردی له‌و ئایه‌تانه‌دا ڕاماوه که ئاراسته‌ی خاوه‌ن کتێبه‌کان کراون، له‌وانه: ﴿يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ لَا تَغْلُوا۟ فِى دِينِكُمْ وَلَا تَقُولُوا۟ عَلَى ٱللَّهِ إِلَّا ٱلْحَقَّۚ﴾ النساء: ١٧١.واته: ئه‌ی ئه‌هلی کیتاب! زیاده‌ڕه‌وی مه‌که‌ن له دینی خۆتاندا. خودای ته‌نها به

خودا بزانن و پێغەمبەرەکان بە بەندەی خودا بزانن.

لەڕێی ڕەوەندی ئیسلامی لە فەرەنسا زیاتر بە ئیسلام ئاشنابو، تاوای لێهات بووە بەراوردکاری نێوان ئایینی مەسیحی و ئیسلام، لە مانگی ڕەمەزاندا بەڕۆژوبو لە کاتێکدا هێشتا قەشەیەکی مەسیحی بو و لە دەوروبەری لۆمانس خەریکی نوێژخوێندن و ئامۆژگاری و بانگخوازی بو، لەساڵی ١٩٨٣ز چووە مزگەوتی پاریس تا بەفەرمی مسوڵمان بونی خۆی ڕابگەیەنێت، دواتر فەرەنسای بەجێهێشت و بەرەو شاری(دارالبیضاء)ی مەغریبی عەرەبی کەوتەڕێ، چونکە زۆر ئارەزوی ئەوەی دەکرد کە ئەگەر مرد لە زەوییەکی ئیسلامیدا بنێژرێت، لەوێدا توشی سەرسوڕمان بو، کاتێك ئەو جیاوازییەی بینی کە لەنێوان دیدی خۆی بەرانبەر ئیسلام و حاڵی مسوڵماناندا بەدیکرد، لەساڵی ١٩٨٨ز لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا لە مەغریب کۆچی دوایی کرد. رجال ونساء أسلموا، لا ١٢٨.

*ئیدریس تۆفیق:

(لەسەر ڕێگای ڤاتیکان بۆ میسر)، ئەمە ئەو ناوونیشانەیە کە چیرۆکی مسوڵمان بونی کورتدەکاتەوە، ئەو بۆماوەی پازدەساڵ لە کۆمەڵی برایانی(دیَ لا سالی) ئەندام بو، پاشان لە ڕۆما ئایینناسی خوێند، بەڵام لە بەرانبەر ئایینەکەیدا گومانی لەلا دروست بو و وەکو گەشتیارێك بەرەو قاهیرە بەڕێکەوت، بەمەبەستی گۆڕینی جێگای ژیان و گوزەرانی، ئا لەوێدا بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا لەگەڵ مسوڵماناندا تێکەڵ بو و لەگەڵیاندا کەوتە گفتوگۆ و لە نزیکەوە ئاگاداری دروشمە ئایینییەکانیان بو، دەیدی کە بانگ دەدات چۆن مسوڵمانان هەمو چالاکییەکانیان ڕادەگرت و بەرەو مزگەوت دەچون تا بە خشوعەوە نوێژ بکەن، بەمەش کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر دەرونی ئەودا بەجێهێشت. ئیدریس تۆفیق دەربارەی ئەو قۆناغەی ژیانی دەڵێت: (ئەو هەفتەیە لە هەمو تەمەنم لەسەر ژیانم کاریگەری زیاتر بو و خەریك بو تۆوی ئیسلامی لە

دەرونی مندا دەچاند، جاری یەکەمم بو لەگەڵ مسوڵماناندا ڕوبەڕوبم و ڕوبەڕو قسەیان لەگەڵدا بکەم، بەهیچ جۆرێك مسوڵمانان توندڕەو و شەڕاوی نەبون، بەڵکو مرۆڤی سادەو ئاسایی بون، لەوەش زیاتر زۆر نەرمونیان بون و دەرونیان پڕبو لە باوەڕێکی وا کە لە ژیانمدا هاوشێوەیم نەدیبو).

کاتێ گەڕایەوە بەریتانیا، دەستیکرد بە لێکۆڵینەوە لە ئایینی مەسیحی، بەڵام ڕوداوی ١١ی سێپتەمبەر بووە پاڵنەرێك بۆئەوەی زیاتر لە ئیسلام بکۆڵێتەوە، هەروەها لەو قۆناغەی ژیانیدا یوسف ئیسلام(کات ستیڤنس)ی لە مزگەوتی گەورەی لەندەن دیت، لێی پرسی: (دەبێ مرۆڤ چ بکات ئەگەر بیەوێت ببێتە مسوڵمان؟).

یوسفیش وەڵامی دایەوە: (پێویستە مسوڵمان باوەڕی بە خودایەکی تاك و تەنیا هەبێت و لەڕۆژێکدا پێنج نوێژ بکات و لە مانگی ڕەمەزانیشدا بەڕۆژوبێت).

(ئیدریس)قسەی پێبڕی و گوتی: (من باوەڕم بە هەمو ئەوانە هەیەو لەگەڵ قوتابییە مسوڵمانەکانمدا لە ڕەمەزاندا بەڕۆژوبوم).

یوسفیش پێی گوت: (ئەدی چاوەڕێی چی؟ لەو کاتەشدا بانگ درا(قامەت کرا) و هەمویان ڕیزبون بۆ نوێژ، ئیدریسیش لەدواوە دانیشتبو زۆر بەکوڵ دەگریا، لەخۆی دەپرسی: (دەتەوێ فێڵ لە کێ بکەی؟) .

ماوەیەك بەر لە ئێستا بە دیداری گەیشتم و دەربارەی چیرۆکی مسوڵمان بونی پرسیارم لێکرد، بۆماوەیەکی دورودرێژ قسەمان کرد، دواتر دەربارەی هۆکاری سەرەکی مسوڵمان بونی پرسیارم لێکرد، وەڵامی دامەوە: تەنیا کاری خودا بو و هیچی تر).

ئیدریس لە قاهیرە بە فەرمی مسوڵمان بونی خۆی ڕاگەیاند.

دەربارەی ئیسلام گوتویەتی: (ئیسلام ئایینێکە کە دروشمەکانی تەنیا ڕۆیشتن نییە لە یەکشەمماندا بۆ کلێسا و هەمو بەیانیان بۆ(القداس).. ئیسلام فێرت دەکات چۆن

سلاّو لـه خەلّك بكەی، چوّن خواردن بخوّی، چوّن دەچیتە ژورەكەت–ماڵەكەت– ..هەمو شتێكی ژیانت فێردەكات..ئیسلام مسولّمانان هان دەدات كە هەمو ساتێك بەخوداوە پەیوەست بن و بیر لـە زاتی ئەو بكەنەوە، هەروەها دەڵێت: (من باوەڕم وایە ئەو كەسانەی بونەتە مسولّمان هێمنی و ئاسایش و ژیانی سادەییان دوّزیوەتەوە كە لەدەستیان دابو).

زوّر كەسی دیش هەن كە خودا منەتی ئیسلامی بەسەردا ڕشتون و بوّ نوری خوّی ڕێنمونی كردون، لـەوانە:

–قەشە ئەنتوّنیوّ مەقار، خاوەنی كتێبی(لماذا أسلمت؟).

–قەشە (كەنەدی توّماس ئەرفەنج).

–دكتوّری میسری وەدیع ئەحمەد شەمماس.

–سەروّكی ئەسقوفەكانی لوّسری تەنزانی، ئەبوبەكر موابیوّ.

–ڕاهیبی فلیپینی ماركوّ كوّریس.

–قەشەی میسری فەوزی سوبحی سەمعان.

–قەشەی ئەندوّنیسی ڕەحمە بوّرنوّموّ.

–شەمماسی میسری، سەیفولئیسلام تەهامی.

–مژدەدەری ئەڵمانی جیّ میشێل.

–قەشە محمد فوئاد هاشمی.

–زوّری دیش هەن لـە پیاوانی ئایین، لـەوانەی مسولّمان بوون، لـەوانەی دەیانناسین و ئەوانەیش كە نایانناسین..بەلاّم خودا دەیانناسێت.

* * *

زانایان و پزیشکان

﴿ يَهْدِي بِهِ ٱللَّهُ مَنِ ٱتَّبَعَ رِضْوَٰنَهُۥ سُبُلَ ٱلسَّلَٰمِ وَيُخْرِجُهُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ بِإِذْنِهِۦ وَيَهْدِيهِمْ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴾ المائدة: ١٦ واتە: ئەو کەسانەی دوای ڕەزامەندی خودا بکەون و مەبەستیان بێ لێی ڕازی بێ، خودا بەئیزنی خۆی بەهۆی ئەو قورئانەوە لەتاریکی کوفر دەریان ئەهێنێ و ئەیانخاتە ڕووناکی ئیسلام و، شارەزای ڕێگای ڕاستیان ئەکات و بەرەو بەختیاری دنیاو قیامەتیان ئەبات.

*جیفری لانگ، پرۆفیسۆری بیرکارییە، بەرەگەز ئەمریکییە، مسوڵمان بووە و کتێبی (الصراع من اجل الایمان)ی داناوە، کەتیایدا باسی چیرۆکی مسوڵمان بونی خۆی کردوە، لەکتێبی (حتی الملائکة تسأل)دا دەلێت :(پێش مسوڵمان بونم خۆشەویستی لای من مانەیەکی نەبو، بەڵام کاتێ قورئانی پیرۆزم خوێندەوە هەستم کرد سۆزو خۆشەویستییەکی فراوان لەخۆیم دەگرێت، ئیتر لەدڵمدا هەستم بەگوڕو تینی خۆشەویستی دەکرد، ئەوەی منی بەرەو ئیسلام ڕێنمونی کرد خۆشەویستی بێ ئەندازەی خودای پەروەردگار بو) لا ٢١١.

پاشان داوا لەخودا دەکات و دەڵێت:(پەروەردگارا ئەگەر ڕۆژێ لەرۆژان خەریك بو دووبارە بەرەو بێ باوەڕی دەڕۆیشتم، خودایە بەر لەوە ژیانم کۆتایی پێبێنەو، لەو ژیانە ڕزگارم کە، خودایە من ناتوانم تەنانەت ڕۆژێکیش بەبێ باوەڕی تۆ بژیم) لا ٢٣٤.

*عه‌بدولکه‌ریم جرمانۆس: (خۆزگه‌م ده‌خواست سه‌د ساڵ بژیم تاهه‌موو ئاواته‌کانم له‌خزمه‌تی زمانی قورئاندا وه‌دی بێنم).

ئه‌مه قسه‌ی زانای مه‌جه‌ری(عه‌بدولکه‌ریم جرمانۆس)ه، ئه‌وه‌ی(عه‌ققاد) به‌(ده زانا له‌یه‌ك زانادا) وه‌سفی ده‌كات.. جگه له‌زمانی خۆی حه‌وت زمانی زانیوه، ئه‌وانیش: عربی_فارسی_ تورکی_ ئوردی _ ئه‌ڵمانی_ ئیتاڵی و ئینگلیزی و، زیاتر له‌سه‌دو په‌نجا کتێبی به‌زمانه جۆراو جۆره‌کان نوسیوه..

دکتۆر (عه‌بدولکه‌ریم جرمانۆس)ده‌ڵێت: (به‌هۆی پاکی و بێگه‌ردی ئایینی ئیسلامم له‌لا خۆشه‌ویست بو: پاکو بێگه‌ردی جه‌سته‌و ڕه‌فتاری کۆمه‌ڵایه‌تی و هه‌ستی مرۆڤایه‌تی...)النفخة السلامية في سير أعلامها المعاصرين، د.محمد رجب البيومي.٢٠/ ٤٢١

هه‌روه‌ها ده‌ڵێت:(له‌دڵی مسوڵمانان‌دا چه‌ندان گه‌نجینه‌م دۆزییه‌وه، که زۆر له‌زێڕ به به‌هاتر بون، ئه‌وان هه‌ستی خۆشه‌ویستی و برایه‌تییان پێبه‌خشیم، فێری کاری چاکه‌یان کردم، فێری فه‌رمان به‌چاکه‌و ڕێگری له‌خه‌راپه‌یان کردم، پێویسته مسوڵمانان ده‌ست به‌و به‌ها ڕه‌وشتیانه بگرن، که‌پێی ناسراون و به‌دوای باق و بریقی ڕۆژئاوانه‌که‌ون، چونکه له‌باق و بریقێکی درۆیینه‌و ساخته هیچی تر نییه)هؤلاء المثقفون اختاروا السلام، محمد عثمان، لا٣٥.

هه‌روه‌ها ده‌ڵێت:(له‌دروشمه‌کانی ئیسلامدا وشه‌یه‌ك نادۆزیته‌وه ڕێگر بێت له‌به‌رده‌م پێشکه‌وتنی مسوڵمان دا، یاخود ببێته هۆی زیاد بونی پشکی له‌سامان و هێز و زانیاری دا.. هیچ دروشمێکیش له‌ئیسلامدا نییه، که نه‌توانرێ جێ به‌جێ بکرێ، ئه‌مه‌ش موعجیزه‌یه‌که، که‌به‌هۆیه‌وه له‌ڕێچکه‌و ڕێبازه‌کانی تر جیا ده‌کرێته‌وه، چونکه ئیسلام ئاینی دید و هزری ڕوناکه و له‌ئاینده‌شدا بیروباوه‌ڕی مرۆڤه جیاوازه‌کانی

جیهانە) هەمان سەرچاوە.لا٣٦٧.

لەبەرهەمەکانی(معانی القرآن)، (الله اکبر)، (شوامخ الأدب العربي)، (الحركات الحديثة في الاسلام).

*(تاگاتات تاگسن)سەرۆکی بەشی شیکاری زانکۆی (شیانك می)یە لەتایلاند، ئەو ڕاستییە زانستییانەی لە قورئانی پیرۆزو فەرمودەی پێغەمبەردا هەن لەگەڵ دواین توێژینەوە زانستییەکاندا یەکدەگرنەوە ئەویان توشی سەرسوڕمان کرد، بۆ کۆنگرەی هەشتەمی پزیشکی لەسعودیە بانگهێشت کرا، کەتیایدا زانایانی مسوڵمان و نامسوڵمان بەشداربوون، لەکۆتایی کۆنگرەکەدا، پرۆفیسۆر تاگسۆن هەستایەوەو مسوڵمان بونی خۆی ڕاگەیاندا، ئەمەش دەقی وتەکانیەتی:(من باوەڕی تەواوم هەیە کەهەموو ئەو شتانەی لەقورئانی پیرۆزدا باسکراون دەکرێ بەزانستییانە بسەلمێنرێن، لەبەر ئەوەی (محمد)ی پێغەمبەری ئیسلام نەخوێندەوار بووە، کەواتە هەموو زانیارییەکانی لەڕێی وەحییەوە لەوەدیهێنەرێکی زانا بەهەموو شتێك وەرگرتووە: من باوەڕم وایە، کەکاتی ئەوە هاتوە، شایەتی بدەم و بڵێم: (أشهد أن لا إله إلا الله وأشهد أن محمدا رسول الله..)(رجال ونساء أسلموا، لا١٨٥.)

*مۆریس بۆکای، پزیشکێکی فەرەنسییە، لەبنەماڵەیەکی کاسۆلیکی لەدایك بووە، ئەکادیمیای فەرەنسا لەساڵی ١٩٨٨ز دا خەڵاتێکی لە مێژو پێبەخشی، سەرۆکی نۆژدارانی فەرەنسا و بەرپرسی یەکەمی توێژینەوەی جەستەی مۆمیا کراوی فیرعەون بوو، کەلەکۆتاییەکانی هەشتاکان لەفەرەنسا توێژینەوەی لەسەر کرا، دوای پشکنینی جەستە مۆمیاکراوەکە(بۆکای) توشی شۆك بوو، کاتێك یەکێك لەهاوڕێکانی پێی ڕاگەیاند، کە مسوڵمانان دەڵێن، کەلە قورئانەکەیاندا باسی فیرعەون هاتووە، کە چۆن دوای ئەوەی فیرعەون خنکاوە خودا جەستەکەی ڕزگار کردوەو پاراستویەتی،

(بۆکای) پرسی؟ چۆن ئەوە دەچێتە ئەقڵەوە، لەکاتێکدا تا ساڵی ١٨٩٨ز دا ئەمە ئاشکرا نەبووە لەکاتێکدا بەر لە ١٤٠٠ساڵ لە قورئاندا باس کراوە؟..

چۆن! لەکاتێکدا کە عەرەبەکان تاماوەیەك بەر لەئێستا هیچیان دەربارەی میسرییە کۆنەکان نەدەزانی کە جەستەی فیرعەونەکانیان مۆمیا دەکرد؟.. ئەو پرسیارانە وایان لە بۆکای کرد، کەکتێبە پیرۆزەکانی هیندییەکان و مسوڵمانەکان دیراسە بکات لەگەڵ ئەو دەرەنجامانەدا بەراوردیان بکات، کەپێیان گەیشتووە، تائەو ڕۆژە هات، کە بۆکای گەیشتە ئەو ئایەتەی خودای پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿ فَٱلۡيَوۡمَ نُنَجِّيكَ بِبَدَنِكَ لِتَكُونَ لِمَنۡ خَلۡفَكَ ءَايَةٗۚ وَإِنَّ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلنَّاسِ عَنۡ ءَايَٰتِنَا لَغَٰفِلُونَ ﴿٩٢﴾ ﴾ یونس: ٩٢واتە: ئەمڕۆ لاشەکەت بەبێ گیان لەنوقوم بوون ڕزگار ئەکەین و ئەیخەینە سەر ئاو تا خەڵك بەخنکاوی بتبینن و، ببێتە پەندو عیبرەت بۆ ئەوانەی لە پاش تۆ دێن و، بزانن ئەنجامی ستەمکار نەمان و لەناو چونە. بێگومان زۆر کەس لە ئایەتەکانی ئێمە بێ ئاگان و تێیان نافکرن.

ئەو ئایەتە زۆر گاریگەری لەسەر ئەقڵی بۆکای دروستکرد، دەرونی هەژاند، تاوای لێکرد لەبەردەم ئامادەبوان دا هەستێتەوەو بەهەموو هێزی هاوار بکات: (من مسوڵمان بوم و باوەڕم بەم قورئانە هێنا)..

ئا بەم شێوەیە(مۆریس بۆکای) مسوڵمان بوو، کتێبی(تەورات و ئینجیل و قورئان و زانست)ی نوسی، کە بەگرینگترین کتێب لەبواری لێکۆڵینەوە لە کتێبە پیرۆزەکان لەژێر ڕۆشنایی زانستی هاوچەرخدا دادەنرێ ، کەبۆ نزیکەی حەڤدە زمان وەرگێڕدراوە..(بۆکای) بۆماوەی(دە) ساڵ تەنیاو تەنیاخەریکی بەراوردکردنی دۆزینەوە زانستییەکان بو لەگەڵ قورئان و، بەدوای تەنیا یەك تاکە ڕاستی زانستی دا دەگەڕا، کەلەگەڵ قورئاندا تێك بگیرێت، تا دوا جار گەیشتە دەرەنجامی فەرمودەی پەروەردگار:

﴿ لَا يَأْتِيهِ ٱلْبَٰطِلُ مِنۢ بَيْنِ يَدَيْهِ وَلَا مِنْ خَلْفِهِۦ ۖ تَنزِيلٌ مِّنْ حَكِيمٍ حَمِيدٍ ﴿٤٢﴾ ﴾ فصلت:

٤٢واتە:. کتێبێکە شتی هیچ وپوچی نەلە پێشیەوەو نەلە دوایەوە تێدا نییە، واتە نە لەباسی ڕابوردووی و نەلەباسی ئایندەدا شتی ناڕاست و نادروست نییەو، لەلایەن خوایەکەوە هاتوەتە خوارەوە، کە خاوەن حیکمەتە و ستایش کراوە .

(بۆکای) لە کتێبی(تەورات و ئینجیل و قورئان و زانست)دا دەڵێت: (قورئانی پیرۆزم بەجەخت کردنە سەر ئەو دیاردە سروشتییە زۆرو زەوەندانەی باسی دەکات توێژیوەتەوە، باسی وردی هەندێ لەو دیاردانە سەرسامیان کردم، ئەو شتانەش تەنیا لە دەقی ئەسڵی قورئاندا هەستیان پێ دەکرێت، ئەوە سەرسامی کردم، کەبەتەواوی لەگەڵ ئەو چەمك وزانیارییانە یەکدەگرێتەوە، کەئێمە لەم ڕۆژگارەدا هەمانە و، بەهیچ جۆرێ لەتوانای هیچ مرۆڤێکی سەردەمی(محمد) نەبوە، کەهیچ زانیارییەکیان لەسەر ئەو دیاردانە هەبێت)لا١٤٥.

*کیث مور، یەکێکە لەگەورەترین زانایانی شیکاری و کۆرپەلەناسی لەجیهان دا، خەلاتی(گرانت)ی لەکۆمەڵەی کەنەدی بۆ پسپۆرانی شیکاری لەساڵی١٩٨٤ز وەرگرتوە و سەرۆکی ئەو بەشەیە لە زانکۆی (تۆرینتۆ) لەکەنەدا.

لە کۆنگرەی یەکەمی ئیعجازی زانستی لەقورئانی پیرۆزو لەفەرمودەی بەپێزدا، کەلەساڵی١٩٨٤ز لەقاهیرە بەسترا، لەوتارەکەیدا گوتی:(.. وا نازانم، کە(محمد) یان هەرکەسێکی دی بتوانێت قۆناغەکانی کۆرپەلەو ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر کۆرپەلەدا دێت باس بکات، چونکە ئەو پێشکەوتنە تا کۆتایی سەدەی بیستەم ئاشکرا نەبوو، بۆیە دەمەوێ جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە، کەهەموو ئەو شتانەی لەقورئانی پیرۆزدا لەسەر گەشەکردنی کۆرپەلە لەناو ڕەحمدا خوێندومەتەوە کت و مت وەك ئەو زانستەیە، کەمن دەربارەی کۆرپەلە ناسی هەمە).رجال ونساء أسلموا، لا١٨٢.

* د. گاری میلەر(عەبدولئەحەد عومەر)، زانایەکی بواری بیرکاری کەنەدییە،

قەشە بوو بانگەوازی بۆ مەسیحیەت دەکردو، یەکێك بوو لە گەورەترین بانگەوازخوازان، بەمەبەستی گەڕان لەچەند هەڵەیەك لە قورئانی پیرۆزدا بۆئەوەی بۆ بانگەوازەکەی یارمەتی بدات خەریکی دیراسەکردنی قورئان بو، بەڵام لەکۆتایی دا بۆی دەرکەوت کتێبەکە شتی وای تێدا هەیە، کەلە هیچ کتێبێکی تری جیهان دا نییە، ئایەتێکی پیرۆز زۆر سەرنجی ڕاکێشا، ئەو ئایەتەی دەفەرموێت:

﴿ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلْقُرْءَانَۚ وَلَوْ كَانَ مِنْ عِندِ غَيْرِ ٱللَّهِ لَوَجَدُواْ فِيهِ ٱخْتِلَٰفًا كَثِيرًا ﴾

النساء: ٨٢ واتە: بۆ لەم قورئانە ورد نابنەوە؟بۆ باش بیری لێناکەنەوە تابۆتان دەرکەوێ کەلامی خودایەو لە غەیبەوە هاتوە؟ ئەگەر قسەی خودا نەبوایەو هی یەکێکی تر بوایە جیاوازی و ناکۆکییەکی زۆریان تێدا ئەبینیەو، هەندێکی پاراو و هەندێکی ناپاراو و، هەندێکی ڕەوان و هەندێکی نا ڕەوان و، هەندێکی لەگەڵ عەقڵ گونجاو و هەندێکی نەگونجاو دەبوو.

ئەو بڕوای وابو، کەیەکێك لە بنچینە سەردەمییەکان بریتییە لە دۆزینەوەی هەڵەو ڕاستکردنەوەیان لە تیۆرو توێژینەوەکاندا، بۆ ئەوەی ڕاست بکرێنەوە، لە کاتێکدا قورئانی پیرۆز مسوڵمان و نامسوڵمانان بانگ دەکات بۆ ئەوەی تاکە هەڵەیەکی تێدا بدۆزنەوە..

دوای ئەوەی مسوڵمان بو، بەخەڵکی دەگوت:(ئەی مسوڵمانان، ئەگەر درك بەگەورەیی ئەو خەڵاتە دەکەن، کەهەتانە، ئەوا سوپاسگوزاری خودا بکەن، کە لە دایك و باوکێکی مسوڵمان لەدایك بوون، و لەنێو گرۆی مسوڵماناندا پەروەردە بوون و لەسەر ئەو ئایینە گەورەیەدا گەورەبوون..)

هەروەها دەڵێت:(ئەوەی منی بۆ ئەو ئایینە ڕاکێشا، ڕونی بیروباوەڕەکەی بو، ئەو ڕونییەی لەهیچ بیروباوەڕێکی تردا نایبینم) رجال ونساء أسلموا. لا٦٣.

*د.ئەحمەد نەسیم سوسە، توێژەرو ئەندازیارەو ئەندامی کۆمەڵەی زانستی

عێراقییە، و یەکێکە لەدیارترین پسپۆرانی مێژو لە عێراق دا، پێشتر جولەکە بو، بەڵام بەهۆی سەرسام بوونی بەقورئانی پیرۆز مسوڵمان بوو، پاشان لە توێژینەوەیەکدا زۆر قسەی لەسەر زایۆنیزمی جیهانی (الصهيونية العالمية) کردووەو لە ڕوی مێژوییەوە ڕەتی دەکاتەوە .

لەبەرهەمەکانی:(مفصل العرب واليهود في التأريخ)، (في طريقي الى الاسلام) و چەند بەرهەمێکی تر. (رجال ونساء أسلموا، لا٣٠٢).

بیرمەندان

﴿فَٱنقَلَبُواْ بِنِعۡمَةٖ مِّنَ ٱللَّهِ وَفَضۡلٖ لَّمۡ يَمۡسَسۡهُمۡ سُوٓءٞ وَٱتَّبَعُواْ رِضۡوَٰنَ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ ذُو فَضۡلٍ عَظِيمٍ ١٧٤﴾ آل عمران: ١٧٤. واتە: جا کە شەڕ تازە نەبوویەوەو کافرەکان بەرەو مەککە گەڕانەوە، ئەو موسوڵمانانە شوێنەکەیان بەجێ هێشت و، بە کۆڵێ نیعمەت و کەرەمی خوداوە گەڕانەوەو، باوەڕیان بە خوداو یارمەتیدانی بەهێزتر بوو. هەروەها لەو شوێنەدا هەندێ مامەڵەیان بۆ ڕێککەوت کە قازانجی باشیان تیا دەستکەوت. بێجگە لە مانەش هیچ جۆرە زیانێکیان تووش نەبوو، هەوڵیاندا بۆ ڕەزامەندیی خودا کە سەرچاوەی هەموو بەختیارییەکە. بێگومان خودا خاوەنی بەخششێکی گەورەیە.

*عەبدوڵلاّ کویلیم، بیرمەندێکی ئینگلیزییە لە ساڵی ١٨٠٦ز لە دایك بووە، لە ساڵی ١٨٨٧ز بوەتە مسوڵمان، نازناوی (شێخ عەبدوڵلاّ کویلیم)ەو یەکەمین مسوڵمانی ئینگلیزە کە بانگەوازی بۆ ئیسلام کردووە، لۆرد (ستانلی ئوڵدرلی) و لۆرد(هیدلی) لەسەر دەستی ئەو مسوڵمان بوون.. دوای مسوڵمان بونی ئازار و ئەشکەنجەی زۆری دیوە.. بەم شێوەیە بۆمان باس دەکات: (لە وێنەکانی ئازاردانمان لەلایەن ئەو بێبەزەییانەوە ئەوەبو کە لەکاتی نوێژکردندا پیسییان بەسەر نوێژکەراندا دەکرد و وردە شوشەیان دەخستە سەر بەڕماڵ تا نێوچاوانمان برینداربێت).

(کۆیلیم)چیرۆکێکمان بۆ دەگێڕێتەوە کە بەسەری هاتووە، دەڵێت: (جارێکیان من و برایانم چوینە مزگەوت تا وتارێکیان بۆ بدەم، کاتێك چوینە ناو مزگەوت چەند کەسێکی نامۆمان لە مزگەوت دیت، من گوێم بەوە نەدا و دەستم کرد بە خوێندنەوەی ئایەتەکانی قورئان و لێکدانەوەیان، کاتێك لە وتارەکەم بومەوە، یەکێك لە کەسە نامۆکان هەستایەوە بەردێکی لە گیرفانی دەرهێناو فڕێی دایە سەر زەوی،

پاشان به هاورێکانی گوت: (هەرکەسێك لە ئێوە دەیەوێت بەرد دە مسوڵمانان بگرێت با منیش بەرد باران بکات، چونکە من مسوڵمان بوم) پاشان ئەوانیش بەردەکانیان فڕێداو هەمویان مسوڵمان بون.. ئەو پیاوەی سەرکردەیان بو دواتر بووە دەستەڕاستی من و ناوی خۆی گۆڕی بۆ (جمال الدین).

لە بەرهەمەکانی: (العقیدة الاسلامیة)، (أحسن الأجوبة)رجال ونساء أسلموا، لا٣٠٤.

*لیۆپۆڵد ڤایس، بیرمەند و ڕۆژنامەنوسێکی نەمساوییە، لە دایك و باوکێکی جولەکە لەدایك بووە، مسوڵمان بوە و ناوی خۆی گۆڕی بۆ (محمد ئەسەد)، بە یارمەتی (ویلیەم بەکتۆل)-کە ئەویش مسوڵمان بو- توانیان گۆڤاری (الثقافة الإسلامیة) لە حەیدەرئاباد لە ساڵی ١٩٢٧ز دابمەزرێنن، لەو گۆڤارەدا چەند توێژینەوەیەکی بەهێزیان لەسەر ڕاستکردنەوەی ڕۆژهەڵاتناسان لە بەرانبەر ئیسلام بڵاوکردنەوەو، سەحیحی بوخاری وەرگێڕاو لێکدانەوەی بۆکرد.

لە پێشەکی کتێبی(الإسلام علی مفترق الطرق) دا دەڵێت: (ئیسلام وەکو ڕوناکی هاتە نێو دڵی تاریکمەوە، تا بۆ هەتاهەتایە تێیدا بمێنێتەوە..ئەوەی منی بەرەو ئیسلام ڕاکێشا ئەو بینا گەورە تەواو و تۆکمەیەیە، کە ناتوانرێ وەسف بکرێت..تا ئێستایش و سەرەڕای هەمو ئەو کۆسپ و تەگەرانەی بەهۆی دواکەوتویی مسوڵمانان هاتونەتەپێش، هێشتا ئیسلام گەورەترین هێزی بوژێنەرەوەی هیممەتەکانە..).

لە بەرهەمەکانی: (أصول الفقه الإسلامي)، (منهاج الإسلام في الحکم)، (الإسلام علی مفترق الطرق)رجال ونساء أسلموا، لا ٢٣٣.

*ڕۆجێ گارودی، بیرمەندێکی بەناوبانگی فەرەنسییەو یەکێکە لە گەورەترین پێشڕەوانی پێشوی حیزبی شیوعی فەرەنسی، بیرمەندێتی ئەو بە گشتگیری و وردی و

ئارەزوی گەڕان بەدوای حەقدا ناسراوە جا بەهەر نرخێك بێت، لەسەرەتای چلەکاندا هەلی ئەوەی بۆڕەخسا کە لەگەڵ هزری ئیسلامی و ژیانی ئیسلامیدا تێکەڵ ببێت، ئەو تێکەڵییەش بە تێپەڕبونی کات پەرەی سەند و بووە هۆی لەق کردنی بیروباوەڕە ماددییەکانی و هێواش هێواش گۆڕینیان بۆ باوەڕ، کە لە دواییشدا بووە هۆی جیابونەوەی لە حیزبی شیوعی فەرەنسی، هەروەك چۆن لە دواییدا-لە کۆتایی حەفتاکان-بەرەو ئیسلام ڕێنمونی کرد، ئەوکاتە ناوی خۆی گۆڕی بۆ(رجاء گارودی).

ئەو پیاوە ژیانێکی پڕ بەرەکەتی هەبووەو زۆر بەرهەمی هەن، کە دیارترینیان(وعود الإسلام)ە، سەرەڕای چەندین وتار کە لە وڵاتە جیاجیاکاندا پێشکەشی کردون.

لە بەرهەمەکانی: (الإسلام دين المستقبل، ما يعد به الإسلام، الأساطير المؤسسة لدولة إسرائيل).

*مارتن لینگز، ئەدیب و فەیلەسوفێکی ئینگلیزییە، لە ساڵی ١٩٠٩ز لە دایك و باوکێکی پرۆتستانتی لەدایك بووە و بە هەمو توانا هەوڵیانداوە لەسەر پەیڕەوی مەسیحییەت پەروەردەی بکەن، کاتێ تەمەنی گەیشتە ٢٠ ساڵ و دیدی فراوان بو و هزری بەتەواوی پێگەیشت، بڕیاریدا واز لە ئایینەکەی بێنێت، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە باوەڕی بەوە نەبو کە مەسیحییەت ئایینی ڕاستی بێت، پاشان بڕوانامەی لیسانسی ئەدەبیاتی لە زمانی ئینگلیزی بەدەستهێنا، دواتر گەڕایەوە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر ئایینەکان، تا لەکۆتاییدا ئیسلامی هاتەڕێ و وای بینی کە ئایین و ڕێبازێکە لەگەڵ ئەقڵ و لۆژیکدا یەکدەگرێتەوەو ئاداب و ئاکارەکانی لەگەڵ دەروندا دەگونجێن، ئا لەو کاتەدا لەناو ئەو ئایینەدا خۆی دۆزییەوە، کە لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا دەگونجێت.

مارتن لینگز دەڵێت: (لە ئیسلامدا خودی خۆمم دۆزییەوە کە بەدرێژایی ژیانم ونم کردبو، ئەوکات بۆ یەکەم جار هەستم کرد کە مرۆڤم، ئیسلام ئایینێکە مرۆڤ دەگێڕێتەوە بۆ سروشتی خۆی، بەجۆرێك کە لەگەڵ فیترەتدا بگونجێت و ویستی خودا وابو کە من مسوڵمان بم، کاتێ خوداش شتێکی ویست هیچ کەس ناتوانێ ڕێی پێبگرێت، بەرلە هەموشتێك ئەوە هۆکاری مسوڵمان بونم بو).

هەروەها دەڵێت: (ئیسلام ئایینێکە لەگەڵ عەقڵ و سروشتی مرۆڤدا دەگونجێت و ویژدان دەهەژێنێت)رجال و نساء أسلموا، لا٥٢.

*فنسان مۆنتای(المنصور بالله الشافعي)، توێژەر و گەڕیدەیەکی فەڕەنسییە، پسپۆڕە لە لێکۆڵینەوە لە کێشەکانی ئیسلام و ڕۆژئاواو ساڵانێکی زۆری لە ڕۆژئاوادا بەسەربردووە، تا لە کۆتاییدا لەساڵی ١٩٧٧ز دا مسوڵمان بو.

زۆر کتێبی نوسیون، کە لە (٣٠) دانە تێپەڕیان کردووە..دەربارەی هۆکاری مسوڵمان بونی دەڵێت: (کاتێ بۆ یەکەمین جار قورئانم خوێندەوە و سەرنجی تێڕوانینی قورئانم دا بۆ حەزرەتی(مەسیح) و دواتر زانیم کە ئەویش مرۆڤێکە و وەحی بۆهاتووەو لێبوردەیی ئیسلامم لە بەرانبەر ئایینەکانی تر بۆ دەرکەوت، مسوڵمان بونی خۆمم ڕاگەیاند، لە سایەیدا هەستم بە ئارامی کرد، چونکە ئیسلام جیاوازی لە نێوان ڕۆح و جەستەدا ناکات..).

پاشان دەڵێت: (هیچ ئایینێك نییە وەکو ئیسلام هانی ڕەوشتی بەرز و ڕێزی مرۆڤایەتی بدات.. ئیسلامم هەڵبژارد چونکە ئایینی سروشتە..من ئیسلامم وەك ئەو ئایینە هەڵبژارد کە بەوەوە بەڕوی پەروەردگارم شادبم).

لە ڕستەیەکدا کە ئاستی بیرڕونی ئەو دەردەخات، دەڵێت: (وێنەی هزرێکی عەرەبی کە دورە لە کاریگەری قورئان وەك کەسێکە کە خوێنیان لەلاشە بەتاڵ کردبێت).

لە بەرهەمەکانی: (الإرهاب الصهيوني، مفاتيح الفكر العربي، الملف السري وإسرائيل).

*مارك هانسن(هەمزە یوسف هانسن)، لە ساڵی ١٩٦٠ لە واشنتۆن لەخێزانێکی ئارسدۆکسی لەدایك بووە، لەگەڵ چەند مسوڵمانێکی ئەمریکی ڕەش پێست یەکتر دەبینن و کاریگەری لەسەر دادەنێن، بۆیە بڕیاریدا بەدوای ئیسلامدا بگەڕێت، بۆیە لەساڵی ١٩٧٧ز لە (سانتاباربرا)لە کالیفۆرنیا مسوڵمان بونی خۆی ڕاگەیاند، بەیەکێك لە بەناوبانگترین توێژەر و بانگخوازانی ئیسلامی لە ئەمریکا و ڕۆژئاوا دادەنرێت، چالاکی زۆر بەرچاوی هەن و جەماوەرێکی زۆری لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هەیە، بەهۆی ئەوەی ئەو ئیسلام بە ڕۆژئاواوە دەبەستێتەوە)رجال ونساء أسلموا، لا ٣٠٦.

*تیمۆسی وینتەر(عبدالحكيم موراد)، لە ساڵی ١٩٦٠ز لەدایك بووە، بڕوانامەی ماستەری لە زمانی عەرەبی لە زانکۆی (کامبریدج)دا لەساڵی ١٩٨٣ز وەرگرتووە، لە هەمان زانکۆدا دەستی کرد بە وانەگوتنەوە، مسوڵمان بو، پاشان بەرەو(ئەزهەری پیرۆز)لە میسر کەوتەڕێ و تاساڵی ١٩٨٩ز لە بابەتە ئیسلامییەکاندا کاری کردووە، پاشان لە زانکۆی ئۆکسفۆرد دکتۆرای وەرگرتووە و، دواتر بووە توێژەری بابەتە ئیسلامییەکان و زۆر کتێب و دانراوی هەن، هەروەها پۆستی جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی هاوڕێیانی بۆسنەو هێرسکی بەریتانی وەرگرتووە.

*ڕێنێ جینۆ(عبدالواحد يحيى)، زانا و فەیلەسوفی فەرەنسی، بەشێوەیەکی گشتی لە ئایینەکانی کۆڵیوەتەوە، پاشان مسوڵمان بوە، مسوڵمان بونی هەرایەکی زۆری لە ئەمریکا و ئەوروپا نایەوەو بووەهۆی مسوڵمان بونی زۆرکەس، زۆر دانراوی هەن و بۆسەر چەند زمانێکی زیندو وەریگێڕاون، بەهۆی بەهێزی هزر و کاریگەرییان کڵێسا

خوێندنەوەی کتێبەکانی حەرام کرد، بەڵام سەرەڕای ئەوەش کتێبەکانی بۆ زۆر شوێنی جیهاندا بڵاوبونەتەوە..

(ڕینێ)دەڵێت: (ویستم دەست بە دەقێکەوە بگرم، کە بەهیچ جۆرێك باتڵ و ناڕاستی تێکەڵ نەبوبێت، دوای توێژینەوەیەکی دورودرێژ و قوڵ جگە لە قورئان هیچی وام دەستنەکەوت)الإسلام في قفص الإتهام، د.شوقي أبو خليل، لا١٦٧.

هەروەها دەڵێت: (ئەوروپا لە ڕێگای خودا دورکەوتوتەوە، بەمەش لە بەدڕەوشتی و بێباوەڕیدا نقوم بووە، ئەگەر زانایانی مسوڵمان نەبان، ئەوا ڕۆژئاواییەکان هەر لە تاریکیدا دەمانەوە).

لە بەرهەمەکانی: (أزمة العالم الحديث، الشرق والغرب، الثقافة الإسلامية و أثرها في الغرب).

*ڕۆجێ دۆبا سکوێر، بیرمەند و ڕۆژنامەنوسێکی فەرەنسییە، لە ژینگەیەکی مەسیحی پرۆتستانتی پێگەیشتووە، سەرەڕای ئەوەی کاریگەری فەلسەفەی هاوچەرخی لەسەر بووە، بەتایبەتی فەلسەفەی بونگەرایی، بۆیە بڕوای وابو کە ئایینەکان بیروباوەڕی ئەفسانەیین، لەکاتی کارکردنیدا لەبواری ڕۆژنامەگەریدا بەرەو سوید گەشتی کرد، بینی سەرەڕای پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی مرۆڤەکان زۆر بێزارن، بەڵام کاتێ بەرەو وڵاتە ئیسلامییەکان و ڕۆژهەڵاتییەکان گەشتی کرد پێچەوانەی ئەوەی بینی، مسوڵمانانی بینی-سەرەڕای هەژارییان-زۆر دڵخۆش بون و بینی کە ژیانیان مانای خۆی هەیە، ئەمە وایکرد بەڕاستی بەدوای واتای ژیاندا بگەڕێت و لەڕێی ئەو دو نمونەیەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی مسوڵمان بێت و لەڕێی بڵاوکردنەوەی چەند وتارێك لە ڕۆژنامەی(جازێت دێ لۆزان)، کە ڕۆژنامەیەکی نا ئیسلامییە مسوڵمان بونی خۆی ڕاگەیاند.

ڕۆجێر لە کتێبەکەیدا(إظهار الإسلام)دا دەڵێت: (شایەتمانی (لا إله إلاّ الله)لەسەرت پێویست دەکات، کە بە تەواوی تەسلیمی ویستی خودا بی، پاشان هەنگاوی دووەم دێت، کە (محمد رسول الله)یە، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت، کە بۆ بەدیهێنانی تەسلیم بونی تەواو، هیچ ئامڕاز و شێواز و ڕێگایەك لە شوێنکەوتنی پێغەمبەرەکەی چاکترنییە)، ل٥٦.

پاشان دەڵێت: (..ئیسلام یارمەتی مرۆڤ دەدات بەبێ ئەوەی خۆی لەدەست بدات ژیانی بگوزەرێنێت، بەوپێیەی دڵنیایی دەرون و پێوەندیە مرۆڤایەتییەکان لەگەڵ بەدیهێنانی ئامانجی هەرەگەورە کە خودا لەپێناویدا وەدیهێناوین، کۆماندەکاتەوە)ل٥٦.

لە بەرهەمەکانی: (تحدّي العصر، إظهار الإسلام).

* * *

سیاسەتمەداران

﴿ ثُمَّ تَوَلَّيۡتُم مِّنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَۖ فَلَوۡلَا فَضۡلُ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ وَرَحۡمَتُهُۥ لَكُنتُم مِّنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ﴿٦٤﴾ ﴾ البقرة: ٦٤ واتە: جائەگەر زیادە میهرەبانیی خودا نەبوایە لەگەڵتان ئەکەوتنە زیانەوە، خودا بەمیهرەبانیی خۆی لیّ گەڕا تاتۆبەتان کردو عەفوی کردن.

*ماڵکۆڵم ئێکس، پێشەوای ڕەگەزپەرستە یاخیبوەکان بو بۆ دژایەتی کردنی سپی پێستان، بەڵام دوای مسوڵمان بونی وازی لەم شتەهێنا.

بەمەبەستی حەج کردن گەشت دەکات و، برایەتی مسوڵمانان لەخۆی دەگرێت، نامەیەك بۆشوینکەوتوانی دەنێرێت، تیێدا دەنوسێت: (تائێستا ڕێزو خانەدانی ڕاستەقینەم نەدیبو، وەك لێرەدا لەنێوئەوخەڵکەدا دەیبینم کە هەریەکەی لەڕەنگ و ڕەگەزو نەتەوەیەکە، لەم خاکەپیرۆزەدا، خاکی ئیبراهیم و محمد.)

گۆڤاری(الفیصل)ژمارە . ٢٧.

هەروەها دەڵێت: (ئەمەریکا پێویستی بەتێگەیشتن لەئیسلام هەیە، چونکە تاکە ڕێبازو ئایینە، کەبتوانێت کێشەی ڕەگەزپەرستی لەکۆمەڵگاکەیدا بسڕێتەوە. من لەگەڵ سپی پێستە مسوڵمانە ئەمریکییەکاندا گفتوگۆم کردوەو، خواردنم لەگەڵدا خواردون، ئایینی ئیسلام بەتەواوی بیری ڕەگەز پەرستی لەمێشکدا سڕیونەتەوە.) هەمان سەرچاوە.

بەکورتی وەسفی کۆمەڵگای ئیسلامی دەکات و دەڵێت: (لەکۆمەڵگای ئیسلامیدا هیچ مرۆڤێك هەست بەجیاوازی ناکات، لەئیسلامدا نەهەستی خۆبەگەورە

زانین هەیە، نەهەست کردن بەکەموکوڕی)موسوعة(مقدمات العلوم والمناهج)، أنور الجندی:٨/ ١٤٠

(د.موراد ویلفرید هۆفمان)، دکتۆرای لەیاسا هەیەو، دیبلۆماسێکی ئەڵمانییە، لەساڵی ١٩٣١، لەدایك بووە، زۆر کتێبی هەن کە لەچوارچێوەی شارستانیەتی رۆژئاوادا باسی لەئایندەی ئیسلام کردوە، لە خێزانێکی کاسۆلیکی دا لەدایك بوە، لەساڵی ١٩٨٠بۆتە مسوڵمان، لەبواری بەرگری ئەتۆمی وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیادا کاری کردوە، مسوڵمانبوونی مشتومڕێکی زۆری دروست کرد، بەهۆی ئەو پێگە بەرزەی لەحکومەتی ئەڵمانیادا هەیبوو، هەروەها بەڕێوەبەری بەشی زانیاری ناتۆ بو لە(برۆکسل)، لەساڵی١٩٨٣ز تا ١٩٨٧، پاشان بوە بەباڵیۆزی ئەڵمانیا لە(مەغریب) لەساڵانی ١٩٩٠تا١٩٩٤.

* * *

(هۆفمان)دەڵێت، بابەتە دژیەکەکان لەبیروباوەڕی مەسیحیدا لەگرنگترین هۆکارەکانی مسوڵمان بونم بو.

لەبەرهەمەکانی :(الإسلام كبديل)، (الإسلام فی الألفية الثالثة)، (يوميات مسلم ألماني). (رجال ونساء أسلموا) لا٣٩٣.

*کیپ ئیلیسۆن، پارێزەرێکی ئەمریکییە، لەساڵی ١٩٦٣ی ز. لەدایك بوە، لەتەمەنی ١٩ساڵیدا مسوڵمان بووە، یەکەمین جێگری دیموکراتی مسوڵمانە لەکۆنگرێسی ئەمریکا لەویلایەتی (مینیسۆتا)، لەهەڵبژاردنی نۆڤێمبەری٢٠٠٦ز دا بووە ئەندام، لەکاتی سوێندخواردندا توشی کێشەیەکی گەورە بووەوە، چونکە دەبو دەست لەسەر(ئینجیل) دابنێت، ئینجا سوێند بخوات، بەڵام ئەو دەستی لەسەر قورئان دانا، ئینجا سوێندی خوارد، یەکەم جاربو لەپارتی دیموکراتیدا، کەسێکی مسوڵمان بۆ

کۆنگرێس کاندید بکرێت بە ئاسانی توانی ئەندامێتی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکی و ویلایەتی (مینیسوتا) بەدەست بێنێت.

کۆفهی لال جابا (خالید لەتیف جابا)، پیاوێکی سیاسەتمەدارو نوسەرو ڕۆژنامەنوسە، لە شاری (لاهور) لەخێزانێکی دەوڵەمەندو زانست دۆستی هیندۆسی لەدایك بوە، لەنێو هیندۆسەکاندا، دوای ئەوەی مسوڵمانبونی خۆی ڕاگەیاند، بڕیاری دا لەشاری (مۆمبی) دا ژیان بەسەر ببات. لەبەرهەمەکانی: (الأصوات العامرة)، (رسول الصحراء). "رجال ونساء أسلموا"، لا٩٥.

*د.ڕۆبێرت گرین (فاروق عەبدوالحەق)، دکتۆرای لەیاسای نێودەوڵەتی و بەراوردکاریدا هەیە، و سەرۆکی کۆمەڵەی هارڤاردە بۆ یاسای نێودەوڵەتی و، ڕاوێژکاری سەرۆکی کاروباری دەرەوەی ئەمریکی(نیکسۆن)ە و، بەڕێوەبەری پێشوی ئاسایشی نەتەوەیی بولەکۆشکی سپی و، دامەزرێنەری کۆمەڵەی پارێزەرە مسوڵمانە ئەمریکییەکانە، لەساڵی ١٩٨٠ز مسوڵمان بوە .

دەڵێت :(ئەگەر خەڵك ڕۆژنامەکانی ئەمریکا بخوێنەوە، ئەوا ترسیان لەهەمبەر ئیسلام لەلا دروست دەبێت). أمریکا و الاسلام تعایش أم تصادم؟ د.عبدالقادر طاش، لا٦٦.

* * *

وەرزشوانان

﴿ ذَٰلِكَ فَضۡلُ ٱللَّهِ يُؤۡتِيهِ مَن يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ ذُو ٱلۡفَضۡلِ ٱلۡعَظِيمِ ﴾ الجمعة: ٤

واتە: ئەمیش فەزڵی خوایەبەهەرکەسێکی ئەدا کەمەیلی لیّ بیّ و، خوا خاوەنی فەزڵی گەورەو مەزنە.

* * *

*کاسیۆس مارسیلۆس کلای (محمد عەلی کلای)، یاریزانێکی مشتەکۆڵە(ملاكمة)ی ئەمریکییە، لە(١٧)ی ژانیوەری ١٩٤٢ز لەخێزانێکی ئەمریکیدا لەشاری (لۆلیڤیل) لە ویلایەتی (کەنتاکی) لەدایکبووە، لەماوەی بیست ساڵدا، کەلەنێویاریگاکانی مشتەکۆڵەدا بەسەری برد(سیّ)جار بووە پاڵەوانی جیهانی کێشی قورس، لەساڵی ١٩٩٩ز(محمد عەلی کلای)بە(وەرزشوانی سەدە) هەڵبژێردرا، کاتیّ لەساڵی ١٩٦٥ز. بووە مسوڵمان هەمو جیهانی سەرسام کرد.

*فێردیناند لویس ئارکەندۆر(کریم عبدالجبار)، لە١٦ی ئیپریڵی ساڵی ١٩٤٧ز. لەشاری نیویۆرك لەدایك بووە، یاریزانێکی بەناوبانگی تۆپی باسکەبوو بەیەکێك لەبەناوبانگترین پاڵەوانانی ئەو یاریە دادەنرێت بەدرێژایی مێژو.. کاتیّ لەزانکۆ دەیخوێند لەخولی زانکۆکان لەساڵانی ١٩٦٧و١٩٦٩ز دا بەباشترین یاریزان هەڵبژێردرا، پاشان چووە تیپی (لۆس ئەنجلۆس لیکەرز)و باشترین ئەنجامی لەگەڵدا تۆمارکرد، توانی لەگەڵ تیپەکەیدا پێنج جار نازناوی(ئێن بی ئەی) بەدەست بێنێت، لەساڵی ١٩٨٩ لەتەمەنی ٤٢ساڵی وازی لەیاری کردن هێناوە، لەسەر دەستی یەکیّ

لەبانگخوازە ئیسلامیەکان لەواشتنۆن مسولْمانبووەو، هەر ئەو ناوی (کریم عبدالجبار)ی بۆ هەڵبژارد، دەستی کرد بە هەوڵدان بۆ فێربونی زمانی عەرەبی و چەند وڵاتێکی عەرەبی وەکو لیبیاو سعودیە گەڕاوە بۆ ئەوەی زمانی عەرەبی بەباشی فێربێت و ئیسلام لەشوێنی خۆیدا ببینێت.

*فریدریك کانۆتی، لەساڵی ۱۹۷۷ز لە فەرەنسا لەدایك بووە، یاریزانێکی تۆپی پێی مالی بەڕەگەز فەڕەنسییە، لەتەمەنی ۲۰ساڵیدا مسوڵمان بوە، یەکێك لەکارە خێرخوازییەکانی کردنەوەی گوندێکی منداڵان بو لەساڵی ۲۰۰٦دا لە مالی.

*فڕانك ڕیبێری، لەساڵی ۱۹۸۳ز لەفەڕەنسا لەدایك بووە، یاریزانی هەڵبژاردەی تۆپی پێی وڵاتەکەیەتی، کاتێ بوو بەمسوڵمان سەرنجی ڕاگەیاندنی بۆخۆی ڕاکێشا.. ڕیبێری دەڵێت:(ژیانێکی زۆر قورس و ناخۆشم هەبوو، بڕیارمدا بەدوای ئارامیدا بگەڕێم، لەکۆتاییدا ئیسلامم دۆزییەوە).

هەروەها دەڵێت:(ئیسلام سەرچاوەی هێزی منە، لەناوەو دەرەوەی یاریگادا).

*ئیریك ئەبیداڵ یاریزانێکی فەڕەنسییە مسوڵمان بوە و لەگەڵ کچێکی جەزائیریدا هاوسەرگیری کردووە، لەلێدوانێکدا بۆ رۆژنامەی (ستاد الدوحە)ی وەرزشیدا لەژمارەی دەرچوی (۲۰۰۷/۸/۳۰ز)دا، دەڵێت:(بەهیچ شێوەیەك مسوڵمان بونم مەرجێك نەبو لەمەرجەکانی هاوسەرگیرییەکەم لەگەڵ ئافرەتێکی مسوڵماندا، بەڵکو ئەوە چیرۆکێکی کۆنی سەردەمی لاویمە، من هەمو کات ئارەزوم ئەوە بو مسوڵمان ببم، لەکۆتاییشدا بەئەنجامم گەیاند).

*برۆنۆ میتسۆ(کەریم میتسۆ)، بەڕەگەز فەڕەنسییە، ڕاهێنەری تۆپی پێیە، شوێن پەنجەی بەسەر ئەو تیپانەوە دیارە، کەڕاهێنەریان بووە، مسوڵمان بونیشی دەگەڕێتەوە بۆ بڕیارێکی تایبەتی خۆی، مرۆڤیش سەربەستە لەوەی چی پێی باشە ئەوە هەڵبژێرێ، هەروەك چۆن ڕاهێنەرێکی تری فەڕنسی بەناوی (فیلیپ ترۆسیێ)، کە دواتر ناوەکەی

گۆڕی بۆ(**عومەر ترۆسیی**)هەمان ڕای هەبووە، کەدوای ئەوەی مسوڵمان بوو هاوسەرەکەشی(**دۆمینیك**) لەگەڵیدا مسوڵمان بوو).

*فیلیب ترۆسیی(**عومەر ترۆسیی**)، ڕاهێنەرێکی فەڕەنسییە، لەگەڵ هاوسەرەکەی (**دۆمینیك**)دا لەبەهاری ٢٠٠٦ز مسوڵمان بوون و دو ناوی نوێیان بۆخۆیان هەڵبژارد، (**عومەر**) و (**ئەمینە**).

*نیکۆلاس ئەنێلکا (**بیلال ئەنێلکا**)، لە١٤ی مارسی ١٩٧٩ز دا لە(**ڤێرسای**)لەدایك بووە، یاریزانێکی تۆپی پێی فەڕەنسییە..لەتەمەنی(١٦)ساڵیدا مسوڵمان بووە، دەڵێت:(پێش حەوت ساڵ لەڕێگەی هاوڕێیەکی تونسیم مسوڵمان بوم، کەناوی (**ئیسماعیل**) بوو پێکەوە لەپاریس سان جێرمان یاریمان دەکرد، هەمیشە دەربارەی ئاینی ئیسلام و بنچینەو دروشمەکانی گفتوگۆی لەگەڵ دەکردم، سوپاسگوزاری خودام، کەئێستا تاکێکم لەکۆمەڵەی مسوڵمانان).

هەروەها دەڵێت:(نازناوی بیلالم هەڵبژارد، چونکە یەکەمین شت لە ئیسلامدا کەسەرنجی منی بەرەو لای خۆی ڕاکێشا (**بانگ**)بو).

* * *

هەندێ کەسایەتی دی..

﴿ يَخۡتَصُّ بِرَحۡمَتِهِۦ مَن يَشَآءُۗ وَٱللَّهُ ذُو ٱلۡفَضۡلِ ٱلۡعَظِيمِ ٧٤ ﴾ آل عمران: ٧٤.

واتە: خودا مەیلی لە بەرزکردنەوەی هەر کەس بێ بەتایبەتی لەناو خەڵکدا هەڵیئەبژێرێ و ڕووی میهرەبانی و ڕەحمەتی خۆیی تێ ئەکات، خودا خاوەنی بەخشش و بەهرەی گەورەیە و، هەر ئەو ئەتوانێ بەڕاستی چاکە لەگەڵ خەڵك بکات.

* * *

لۆرد هێدلی، یەکێکە لە دەوڵەمەندترین و خانەدانترین کەسی بەریتانیا، لە زانکۆی کامبریدج بەشی ئەندازیاری خوێندووە، مسوڵمان بوە و گۆڤاری The Islamic Renewی دەرکرد و مسوڵمان بونی دەنگۆی زۆری بەدوای خۆیداهێنا.

هێدلی دەربارەی کاتی مسوڵمان بونی دەڵێت: (گومان لەوەدا نییە، کە خۆشترین ڕۆژەکانی ژیانم ئەو کاتە بو کە لەبەردەم خەڵکدا ڕامگەیاند کە من بومەتە مسوڵمان و ئاینی ئیسلام پەیڕەو دەکەم) آفات جديدة للدعوة الاسلامية، أنور الجندي، لا١٣٩.

هەروەها دەڵێت: (ئەگەر بە مەسیحی لەدایك بووم، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە بە درێژایی ژیانم بە مەسیحی بمێنمەوە، من نەمدەزانی چۆن باوەڕ بەو بنچینەیە بکەم کە

ده‌ڵێت ئه‌گه‌ر جه‌سته‌ی مه‌سیح نه‌خوێت و خوێنی نه‌خوێه‌وه ئه‌وا له سزای دۆزه‌خی هه‌میشه‌یی ڕزگارت نابێت! من ئێستا له نێو ئیسلامدا زۆر زیاتر له جاران خۆم له مه‌سیحییه‌تی ڕاست به نزیکتر ده‌زانم، هه‌رکه‌سێکیش دژایه‌تی مه‌سیحییه‌تی ڕاست بکات ئه‌وا جێگای ئومێد نییه)مسوعة النهضة الاسلامية، دکتور محمد رجب البيومي، ١/ ١٢٠.

*ئیتین دینێت، یه‌کێکه له گه‌وره هونه‌رمه‌ند و وێنه‌کێشه به‌ناوبانگه‌کانی جیهان، کاره‌کانی له فه‌رهه‌نگی(لاروْس) توْمارکراون، نیوه‌ی هه‌موساڵێکی له جه‌زائیر ده‌برده‌سه‌ر، له‌ساڵی ١٩٢٧ز مسوڵمان بوه و ناوی خوّی گوّڕی بوّ(ناسرِه‌ددین) و له ساڵی ١٩٢٨ز حه‌جی ماڵی خوای کرد.

له کتێبه‌که‌ی که به‌ناوی(محمد رسول الله)یه ده‌ڵێت: (ئیسلام هه‌ر له ساتی یه‌که‌می ده‌رکه‌وتنیدا ئه‌وه‌ی سه‌لماند که ئایینێکی گونجاوه بوّ هه‌مو کات و شوێنێك، چونکه ئایینی سروشت و فیتره‌تی مروّڤه، سروشتی مروّڤه‌کانیش جیاوازیان نییه، بوّیه بوّ هه‌مو ئاستێکی شارستانییه‌ت شیاوه)لا٣٤٥.

به‌رهه‌مه‌کانی: (أشعة خاصة بنور الإسلام، الشرق كما يراه الغرب، الحج الى بيت الله الحرام).

* ئیڤلین گوّبوڵد، خانمێکی خانه‌دانی ئینگلیزه، مسوڵمان بوه‌و سه‌ردانی حیجازی کردووه و حه‌جی ماڵی خواشی کردووه، ده‌رباره‌ی ئه‌و گه‌شته‌ی که له‌ساڵی ١٩٣٤ز ئه‌نجامیدا یاده‌وه‌رییه‌کانی به‌ناوی (الحج الى مكة) نوسیوه‌و به‌ناوی (البحث عن الله)وه‌رگێڕراوه‌ته سه‌ر زمانی عه‌ره‌بی.

گوّبوڵد له کتێبی (محاسن الإسلام)دا ده‌ڵێت: (مسوڵمانان دوباره ده‌گه‌ڕێنه‌وه لوتکه، له ڕێگه‌ی سه‌رچاوه پاك و بێگه‌رده‌که‌یانه‌وه: قورئان).

له بەرهەمەکانی: (تقدم الاسلام السریع).

*ماریا ئالاسترا، لە ساڵی ١٩٤٩ز لە ئەندەلوس لەدایك بووە، ڕێپێدراوە لە بواری فەلسەفەو دەروونناسی لە زانکۆی مەدرید، ساڵی ١٩٧٨ز مسوڵمان بوە ، بەڕێوەبەری ناوەندی(التوثیق والنشر) بو لە ئەنجومەنی ئیسلامیدا، ساڵی ١٩٩٨ز لە غەرناتە لەسەر دەستی تاوانبارێکی ئیسپانی شەهید کرا، دوای ئەوەی وتارێکی بڵاوکردەوە بەناوی(ئافرەتێکی مسوڵمان لە گوندێکی جیهانیدا)...لەو وتارەیدا دەڵێت:

(من باوەڕم بە خوای تاقانە هەیە، باوەڕیشم بەوە هەیە کە **محمد** پێغەمبەری خوایە و باوەڕیشم بەڕێبازەکەی هەیە کە ڕێبازی ئاشتی و چاکەخوازییە.. لە ئیسلامدا مرۆڤ بەپاك و بێگەردی و بەئازادی و بەبێ تاوان لەدایك دەبێت، تا خۆی پێگەو پلەوپایەی خۆی لەجیهاندا دەستنیشان بکات)وەرگێڕدراوی صلاح یحیاوی، گۆڤاری(الفیصل)ژمارە١٢٩١.

*جەمیلە قەرار، لەساڵی ١٩٤٩ز لە نەمسا لە دایك و باوکێکی بێباوەڕ لەدایك بووە، سەرەتا ویستی ببێتە مەسیحی بەڵام قەناعەتی بە مەسیحییەت نەهات، دواتر بەرەو ئیسلام هات و دوای ئەوەی دەربارەی ئەو ئایینە زۆری بیست و زۆری خوێندەوە لە تەمەنی بیست ساڵیدا مسوڵمان بوە.

*فاتیمە سی لامیر، ئافرەتێکی ئەڵمانییە، قەناعەتی بە مەسیحییەت نەهات، بۆیە لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٥١ز لەڕێی نامەو پۆستەوە پێوەندی بە هەندێ مسوڵمانەوە کرد، ئەوانیش بنچینەکانی ئیسلامیان بۆ ڕونکردەوەو ئەویش باوەڕی لەلا دروست بو و مسوڵمان بو.

*مۆنیکا تزڤسکن(فاتیمە تزڤسکن)، لە ساڵی ١٩٤٣ز لە چیکوسلوڤاکیا لەدایك بووە، پسپۆڕی وێنەی ئەندازەیی بو، زۆری دەربارەی ئیسلام خوێندەوە و پێوەندی بە

هەندێ مسوڵمانی ئەڵمانیاوەکرد، تا ئەوکاتەی باوەڕی تەواوی لەلا دروست بو و لەساڵی ۱۹٦۳ز مسوڵمان بونی خوّی ڕاگەیاند.

*بریشا بەنکمەرت(عوسمان عەبدوڵلاّ) یەکێکە لە پسپۆڕانی پەروەردەو فێرکردن لە تایلاند، لە خێزانێکی بوزی لە دایك بووە کە تاکەکانی ئەو خێزانە بەتەواوی پەیوەست بون بە ئاموّژگاری و فەلسەفەی(بوزا) بەڵاّم ئەو باوەڕی بەوە نەبو، دوای تەواوکردنی خوێندنەکەی دەستی کرد بە گەڕان بەدوای ئاینێك کە شایەنی ئەوەبێت بێتە ئایینی مروّڤایەتی و پەیڕەوی ژیان، جاکاتێك ئەوەی لە ئیسلامدا بەدیکرد مسوڵمان بو و لە سەرەتای ساڵی ۱۹۷۱ز مسوڵمان بونی خوّی ڕاگەیاند.

*کات ستیڤنس، گوّرانیبێژێکی بەریتانی بە ڕەچەڵەك نەمساوییە، لە کوّتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکان زیاتر لە ملیوّنێك کاسێت لە بەرهەمەکانی فروّشرا، دوای ئەوەی بە قورئانی پیروّز ئاشنابو لەساڵی ۱۹۷٦ز مسوڵمان بو، ئێستا زوّربەی کاتەکانی لە مزگەوتدا بەسەردەبات و ڕوّڵێکی کارا و گرنگ لەگەڵ ڕەوەندی ئیسلامی لە لەندەندا دەگێڕێت.

(ستیڤنس) دەڵێت: (کاتێك لە قوتابخانەبوم درکم بەوەدەکرد کە جیاوازییەکی زوّر هەیە لەنێوان وانەی ئایین و وانەکانی تری وەکو بیرکاریدا، لە وانەی ئاییندا وا فێرکراین، کە ۳=۱[1] بەڵاّم ئەوە لە وانەی بیرکاریدا ڕاست نییە، بەڵاّم لە کوّتاییدا لە ئیسلامدا ئەوەم دوّزییەوە کە ۱=۱)لم أسلم هؤلاء الأجانب، محمد عثمان۱/ ۱۹.

*دیبوّرا پوّتەر، ئافرەتێکی ڕوّژنامەنوسە لە ساڵی ۱۹٥٤ز لە شاری(تراڤیرز) لە ویلایەتی مشیگانی ئەمریکا لەدایك بووە، لە ساڵی ۱۹۸۰ز دوای هاوسەرگیری لەگەڵ یەکێك لە بانگخوازە ئیسلامییەکاندا کە لە ئەمریکا کاری بانگخوازی دەکرد

---

(۱) مەبەست لە ۳=۱ بیروباوەڕی مەسیحییەکانە، کە باوەڕیان بە سێ خوایی هەیە.(وەرگێڕ)

مسوڵمان بوە، دوای ئەوەی باوەڕێکی تەواوی لەلا دروست بو کە هیچ ئایینێك نییە وەکو ئیسلام بەتەنگ داخوازییەکانی مرۆڤەوە بێت، جا نێربێت یان مێ.

*کریستیان بێل(عیسی أبو الهدی)، دەرهێنەرێکی سینەمایی بەرەچەڵەك فەرەنسییە، لە بواری دەرهێنان و بەرهەمهێنانی سینەماییدا کاری کردووە، زیاتر لە حەفتا فیلمی سینەمایی هەیە، لەوانە دو فیلمی بۆ(ئەنتۆنی کرێن) دەرهێناون.

بێل کەسێکی دەوڵەمەند بو، لە لۆس ئانجلۆس و نیویۆرك و پاریسدا بە خۆشگوزەرانی دەژیا، بەڵام سەرەڕای ئەوەش مسوڵمان بوە و وەك خۆی دەڵێت هەرگیز ئاسودەیی جەستەیی و ڕۆحی نەدۆزییەوە تا ئەوکاتەی مسوڵمان بو.

لە دیمەشق لە کۆڕێکدا کە لەژێر ناوونیشانی(ئاشنابونی ژیار و پەیامەکان) ڕێکخرابو بە دیداری شادبوم، پیاوێکی زۆر خۆبەکەمزان بو، بە ئاسانی هەست بە نوری ئیسلام دەکەی کە لە ڕویدا دەدرەوشێتەوە، دواتر دەربارەی مسوڵمان بونی قسەمان کرد و داوام لێکرد کە ڕێگا بدات لە کتێبەکەمدا لەو بەشەدا ئاماژە بە چیرۆکەکەی بکەم.

*کۆلین کیس، خانمێکی ئەمریکییە لە خێزانێکی کاسۆلیکیدا گەورەبووە، ماستەری لە بواری(فێربونی زمانی دووەم) دا هەیە لە زانکۆی(فێرفیێڵد) و ماستەری لە توێژینەوە ئیسلامییەکاندا هەیە، پسپۆڕە لە توێژینەوەی ئیسلامی و مەسیحی، لە ساڵی ۲۰۰۱ەوە تا ئێستایش ڕاگری کۆلێژی (تەنکسیس)ە بۆ کاروباری ئەکادیمی، بەهۆی دو قوتابی سوری کە زمانی ئینگلیزییان لەلا دەخوێند مسوڵمان بو، کاتێك پێناسەیەکی سادەی ئیسلامیان بۆکرد و نوسخەیەکی قورئانی پیرۆزیان بەدیاری پێدا.

لە(پاشکۆی کلتوری) باڵیۆزخانەی ئەمریکی لە دیمەشق ئامادەی کۆڕێکی بوم، تێیدا باسی لە هەڵوێستی هەندێ لە نەیارانی حیجاب و تێڕوانینی دوژمنانی بۆ خۆی و بیروباوەڕەکەی دەکرد، بەڵام ئەو-سەرەڕای ئەوەش-ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە

له‌سه‌ر ڕونکردنه‌وه‌و خسته‌ڕوی وێنه‌ی ئیسلام و ڕه‌واندنه‌وه‌ی هه‌رچی درۆ و ده‌له‌سه و توند و تیژییه که ده‌درێنه‌پاڵ ئیسلام.

*جۆن ئاورد(محمد ئیسلام) چالاکوانێکی نایاسایی بو له حیزبی گه‌لی به‌ریتانی، له‌ساڵی ١٩٩٢ز نوسخه‌یه‌کی قورئانی پیرۆزی کڕی تا چه‌ند هه‌ڵه‌یه‌کی ده‌ستبکه‌وێت و مسوڵمانانی پێبتاسێنێت..جۆن ده‌ڵێت: (وامزانی قورئانی پیرۆزیش وه‌ك هه‌مو کتێبه‌کانی دی به‌ده‌ستی مرۆڤ نوسراوه و هه‌رده‌بێ هه‌ڵه‌و دژیه‌ك و شتی پێچه‌وانه‌ی تێدابێت).

به‌ڵام پارێزگاری خوای په‌روه‌ردگار بۆ قورئانی پیرۆز و ئه‌و ئیعجازه‌ی تێیدایه بووه هۆی ئه‌وه‌ی باوه‌ڕی ته‌واوی له‌لا دروست ببێت که قورئانی پیرۆز فه‌رموده‌ی خوایه‌و به‌هیچ جۆرێك شتی نادروستی تێنه‌که‌وتووه، ئه‌مه‌ش بووه هۆی ئه‌وه‌ی له مانگی تشرینی دووه‌می ساڵی ١٩٩٦ز ببێته مسوڵمان، ده‌ڵێت: (له کۆتاییدا بۆم ده‌رکه‌وت و دڵنیابوم له‌وه‌ی که من ده‌مه‌وێ مسوڵمان ببم جا کاتێ ئه‌و بڕیاره‌مدا و یه‌کلابومه‌وه بۆم ده‌رکه‌وت که ئیتر هه‌مو شتێکم بۆ ڕون بووه‌ته‌وه‌و له باشترین بارودۆخدام).

*یوسف خه‌تتاب(یوسف کۆهین)، ئه‌ندامی بزوتنه‌وه‌ی (شاس)ی به‌ریتانی بو، له‌ساڵی ١٩٩٨ز خۆی و خانه‌واده‌که‌ی هاتنه قودس و له‌وێ چونه که‌مپی غادیر له کۆمه‌ڵگه‌ی (گۆش قه‌تیف) نیشته‌جێبون، دوای ماوه‌یه‌ك ده‌ستی کرد به نامه‌ناردن له‌ڕێی ئینته‌رنێته‌وه له‌گه‌ڵ پیاوانی ئایینی مسوڵمان و ده‌ستیکرد به خوێندنی قورئانی پیرۆز به زمانی ئینگلیزی، پاشان کۆهین بڕیاریدا هه‌مو سنوره‌کان ببه‌زێنێت و خۆی و هاوسه‌ره‌که‌ی و منداڵه‌کانی مسوڵمان بونی خۆیان ڕاگه‌یاند، ئێستا منداڵه‌کانی له قوتابخانه‌ی ئیسلامی ده‌خوێنن و عه‌ره‌بییه‌کی زۆرباش قسه ده‌که‌ن، پاشان کۆهین ناوی خۆی گۆڕی بۆ(یوسف خه‌تتاب)و له گه‌ڕه‌کی جه‌به‌ل تورِ له قودسی ڕۆژهه‌ڵاتدا

نیشته‌جێ بو و ده‌ستی کرد به کارکردن له کۆمه‌ڵه‌یه‌کی خێرخوازی ئیسلامیدا، سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ی سه‌رانی ئیسرائیل دوای مسوڵمان بونی پاڵه‌په‌ستۆیه‌کی زۆریان خسته‌سه‌ر) رجال ونساء أسلموا، لا٣٧٣.

*خۆسێ خاڤیێر گیگۆ(ئه‌بوبه‌کر گیگۆ)، له شاری (سه‌ره‌قه‌سته)ی ئیسپانی له‌ساڵی ١٩٥٥ز له‌دایك بووه، دوای گه‌شتێکی دورودرێژی سه‌خت به‌ره‌و ئیسلام هیدایه‌ت دراو، له‌ساڵی ١٩٩٥ز خۆی و هاوسه‌ره پۆلۆنییه‌که‌ی(بیبیانا رۆشکۆ) و منداڵه‌کانی مسوڵمان بون و پاشان چونه ئه‌سته‌نبوڵ و له‌وێ نیشته‌جێبون، له‌وێ گۆڤارێکی هزری ئیسلامی ئیسپانی تایبه‌ت به ڕه‌خنه‌گرتن له مێژو به‌ناوی (سکانداتی)ده‌رکرد، سه‌ره‌ڕای چه‌ندین کاری تری له بواری ئه‌ده‌ب و فه‌لسه‌فه‌و ئیسلامدا، له ساڵی ٢٠٠٠ز هاته دیمه‌شق و له‌وێ درێژه‌ی به کاره‌کانی دا و له‌وکاته‌وه له‌وێ نیشته‌جێیه‌و به‌ڕێوه‌به‌ری به‌شی زمانی ئیسپانییه له کۆمه‌ڵگه‌ی فه‌تحی ئیسلامی و ڕاوێژکاری ڕۆشنبیرییه له په‌یمانگای (سربانتس)، به‌ر له ماوه‌یه‌ك له‌گه‌ڵی ئاشنابوم و داوام لێکرد که چیرۆکی مسوڵمان بونی خۆیم بۆ باس بکات، ئه‌ویش ڕێنمونی کردم که بگه‌ڕێمه‌وه بۆ کتێبی(رحلة الى نور المعرفة)، که تێیدا باسی مسوڵمان بونی خۆی و چه‌ندین که‌سی تری کردووه، ئه‌وانه‌ی به‌ره‌و نوری ئیسلام هیدایه‌ت دراون.

*جۆناسان بێرت(یه‌حیا بێرت): کوڕی (جۆن بێرت)ی به‌ڕێوه‌به‌ری ڕادیۆی به‌ریتانیایه، مێژوی نوێ و زانستی سیاسی له زانکۆی(مانچسته‌ر)ی به‌ریتانیا خوێندووه، پاشان وزۆر به قوڵی ئیسلامی دیراسه کردووه، دوای بیرکردنه‌وه و لێکۆڵینه‌وه‌یه‌کی ورد و دورودرێژ مسوڵمان بونی خۆی ڕاگه‌یاند، دوای مسوڵمان بونیشی ناوی (یه‌حیا)ی بۆخۆی هه‌ڵبژارد.. جۆناسان ده‌ڵێت:

(ئیسلام فه‌رمانمان پێده‌کات که به دانایی و ئامۆژگاری بۆ ڕێبازی خودا بانگه‌واز

بکەین و بە چاکە گفتوگۆ بکەین).

بەو پێیەش یەحیا ماندونەناسانە گفتوگۆ لەگەڵ خەڵکدا دەکات و دانایانە بەرەو ڕێبازی خوا بانگەوازیان دەکات)رجال ونساء أسلموا، لا٣٥٧.

*ئیلینا شرۆمۆڤا، خانمێکی ڕوسییە لە ژینگەیەکی مەسیحیدا گەورەبووە، بەڵام ئەو بیروباوەڕەی قەبوڵ نەبو، کە دەڵێت: خودا کوڕێکی هەیە. بۆیە سەرگەردان مابو نەیدەزانی چۆن جێگرەوەیەك بۆ ئایینی مەسیحی پێشوی بدۆزێتەو، لەبەرئەوە بەدوای زانیاری دەربارەی ژیانی دوای مردندا دەگەڕا، پاشان بەدوای خودادا، تا لەکۆتاییدا لەگەڵ (لۆرا)دا کە خانمێکی ئیتاڵی بو و مسوڵمان بوبو ئاشنابو و، پۆشتەیی و قسە ڕێکوپێکەکانی لۆرا وردەوردە لە دڵی ئیلینادا جێگای خۆیان کردەوەو، تا لە مانگی کانونی یەکەمی ساڵ ٢٠٠٥ز مسوڵمان بونی خۆی ڕاگەیاند.

ئیلینا دەڵێت: (زۆر دڵخۆش بوم کە هاوڕێ مسوڵمانەکانم زانیان کە کەوتومەتە داوی خۆشەویستییەوە ..خۆشەویستی خوا و ئیسلام) .

*ئیبراهیم کارلسۆن: وێنەگرێکی ڕوسی بێباوەڕبو، دوای چەند گفتوگۆیەك لەسەر بونی خوا لەگەڵ ئافرەتێکی ئەمریکی مسوڵمان کە ناوی(شەهیدە)بو مسوڵمان بو، بەڵام پاڵنەری سەرەکی لەپشت مسوڵمان بونی چیرۆکێك بو کە لە ئینتەرنێتدا خوێندبویەوە بەناوی(دوای دوازدە کاتژمێر) کە (کاترین پۆڵۆك)ی خانمی مسوڵمان بوی کەنەدی نوسیبوی.

*ماریا جۆ، خانمێکی پرتوگالی کاسۆلیکی بو، دڵسۆزی ئایینەکەی بو، بەڵام ئەو بیروباوەڕەی کە دەڵێت خودا کوڕەکەی خۆی لەپێناو تاوانەکانی مرۆڤەکان کردوتە قوربانی و مەسیح کوڕی خوایەو لەهەمان کاتدا خواشە، ئەم پایەیەی بیروباوەڕ وای لێکرد کە گومان لە بیروباوەڕەکەی بکات.

ماریا دەڵێت: (چومە لای قەشەیەك، دەربارەی گومانەکانم پرسیارم لێکرد، من

دڵنیابوم که وه‌ڵامه‌که‌ی ده‌زانێت، به‌ڵام سه‌رسام بوم، کاتێك پێی گوتم: ئه‌مانه له نهێنیه‌کانی کاسوڵیکین.. هه‌روه‌ها پێی گوتم که ده‌بێ پاره بده‌م له‌به‌رانبه‌ر لێخۆشبون له گومانه‌کانم).

هه‌مو ئه‌مانه وایان لێکرد که ئیسلام هه‌ڵبژێرێت، که تیایدا یه‌کتاپه‌رستی و دڵسۆزی ته‌واوی بۆ خوا تێدا بینیه‌وه.

ماریا ده‌ڵێت: (لای من ئیسلام وه‌ك وێنه‌یه‌کی ئه‌ندازه‌یی(هندسی)وایه پڕه له ڕه‌نگ و هه‌ر به‌شێکی به‌شێکی تری ته‌واوده‌کات.

*مارما دوك باکتال: محمد باکتال، به‌ریتانییه، مسوڵمان بوه و به‌یارمه‌تی محمد غه‌مراوی واتاکانی قورئانی پیرۆزی کردوته ئینگلیزی، ئه‌و وه‌رگێڕانه‌ش له باشترین وه‌رگێڕانه‌کانه‌و یه‌که‌مین وه‌رگێڕانه که که‌سێکی مسوڵمانی ئینگلیز بیکات.

(باکتال) ده‌ڵێت: (مسوڵمانان ده‌توانن ژیار و شارستانییه‌ته‌که‌یان وه‌ك سه‌رده‌مانی پێشو به خێرایی بلاوبکه‌نه‌وه، به‌ڵام به‌مه‌رجێك ئه‌گه‌ر بگه‌ڕێنه‌وه سه‌ر هه‌مان ڕه‌وشت و ئاکاری پێشویان، چونکه ئه‌و جیهانه شێواوه ناتوانێت له به‌رانبه‌ر ڕه‌وشتی مسوڵماناندا خوی بگرێت).

له به‌رهه‌مه‌کانی: (الثقافة الإسلامية).

*مۆری که‌یل(عبدالصمد کیل)، که‌سێکی که‌نه‌دییه، چه‌ند بڕوانامه‌یه‌کی له بواری توێژینه‌وه‌کانی ئیسلامی و ئیسپانیدا هه‌یه، زمانه‌کانی عه‌ره‌بی و ئینگلیزی و فه‌ره‌نسی ده‌زانێت، له وته‌یه‌کی گرنگدا ده‌ڵێت: (ئیسلام هاوسه‌نگی له ژیاندا پێبه‌خشیم، ئه‌و که‌سه‌ی ئیسلام به‌ده‌ستبێنێت هیچی نه‌دۆڕاندووه، به‌ڵام ئه‌وکه‌سه‌ی ئیسلامی نه‌بێت چی به‌ده‌ستهێناوه؟! له ئیسلامدا ئه‌وه‌م دۆزییه‌وه که له‌گه‌ڵ ئه‌قڵدا ده‌گونجێت و ئه‌وه‌ش فێربوم که مرۆڤ چی به ئه‌قڵی ئیمانی و ئیمانی ئه‌قڵی ده‌به‌خشێت)عظماء و مفکرون یعتنقون الاسلام، محمد طهاشي، لا ٢٣٥.

※واسیف راعی، توێژەرێکی ئوردنییە دوای ململانێیەکی دەرونی سەختی چەند ساڵەیی مسوڵمان بو.. واسیف دەڵێت: بۆماوەی نزیکەی بیست ساڵ من بە مەسیحی دادەنرام.. کاتێ ڕاستی هەڵوێستی خۆمم لەو ژیانەدا بۆ دەرکەوت و ڕێگاکەمم دۆزییەوە.. مسوڵمان بوم.. هەستم بە ئاسودەییەکی بێئەندازە کرد.. بەجۆرێك هەستم بە ئارامی دەرونم کرد کە ناتوانم وەسفی بکەم.. گەیشتمە ڕاستی.. گەیشتمە لوتکەی ئەو ئامانجەی داوام دەکرد.. وەك بڵێی هەر لە سەرەتای گەشتەکەمەوە ئیسلام ئامانجم بوبێت.. ئەوکات دەرکم بەو سەرگەردانییە کرد کە پێشتر تێیدا ژیابوم.. ئەوکات زانیم کە هەمو ژیانم لە خەوێکی قوڵ و تاریکییەکی ئەنگوستەچاودا بەڕێکردووە.. بەڵام بەیانی گزنگیدا.. لەخەوی بێئاگایی بێداربومەوە.. هەستم کرد کە هەمو شتێك لە دەرونمدا خەریکە دەگۆڕێت و ڕون دەبێتەوە.. ئەستەمە کەسێك هەست بەو خۆشییە بکات کە ئەو ئەزمونەی نەدیبێت..)

هەروەها دەڵێت: ئەگەر بڵێم: بەڕاستی من لە تاریکییەکی ئەنگوستەچاودابوم، کاتێ لەناکاو بەرچاوم ڕون بووەوەو.. هەمو شتێکی دەوروبەری خۆمم بە ڕاستی بینی.. ئەوکات گوتم من لە خەون و خەیاڵدا ژیاوم و ئێستا بێداربومەتەوە.. لەوانەیە بەتەواوی مافی باسکردنی ئەو هەڵوێستەم نەدابێت.. بەڵام دەتوانم بڵێم ئەوکات هەستم بە مرۆڤێتی خۆم کرد و.. خۆمم دۆزییەوە).

هەروەها دەڵێت: (ئەو ترس و گومانانەی لە بیروهۆشمدا دەخولانەوە هەموی ڕەوینەوە.. توانا و ئازایەتییەکی تەواوم لەلا دروست بو بۆ ئەوەی ڕوبەڕوی هەمو ئەو ئەگەرانە ببمەوە، دڵنیابوم ئەو کارەی کردومە کارە ڕاست و دروستەکەیەو.. ئەو کارەیە کە وەدیهێنەری گەردونی گەورە لە منی دەوێت، ئیتر چ هێزێك هەیە من بترسێنێت؟!).

لە بەرهەمەکانی: (کنت نصرانیاً).

*(قرّة العین)، خانمێکی مەسیحییەو لە خێزانێکی مەسیحی دینداردا ژیاوە، لە زانکۆی (پەنسلڤانیا) خوێندویەتی، مسوڵمان بوە، ئارەزوێکی زۆری بۆ خوێندنەوەو گەڕان هەیە، بە تایبەتی لە ئایینەکاندا و توانی لە ئیسلامدا هەمو وەڵامەکانی دەستبکەوێت.

*میخائیل هێمز، ئینگلیزە، چەند خاڵێکی سەرنجڕاکێش ئەویان بەرەو ئیسلام هێنا، دوای گەڕان و توێژینەوەیەکی دورودرێژ لە دوای ئایینێك، کە هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتبێت و لەگەڵ عەقڵ و مەنتیقدا تێکنەگیرێت.

*ماری ئۆلیڤەر: خانمێکی مەسیحی بو، باوەڕەکەی نەیتوانی قەناعەتی تەواوی پێبێنێت، بۆیە دەستیکرد بە لێکۆڵینەوە لە ئایینی بوزی و هیندۆسی، بەڵام کاتێك ئەوەی بەدوایدا دەگەڕا دەستی نەکەوت گەشتەکەی بە ئیسلام کۆتایی هات، چونکە باوەڕی وایە، کە ئیسلام تاکە ئایینە کە وەڵامی هەمو داواکارییەکانی مرۆڤ دەداتەوە.

*تۆماس محمد کلایتۆن، ئەمریکییەکی مەسیحی بو، ئایینەکەی قەناعەتی تەواوی ئەوی بەدەستنەهێنا بۆیە وازی لێهێنا، وارێکدەکەوێت کە ڕۆژێکیان وەرگێڕدراوێکی واتاکانی قورئانی پیرۆزی دەکەوێتە دەست، ئەوەش ڕێگای حەقیقەتی بۆ والا کرد و دەستیکرد بە لێکۆڵینەوە لە کتێب و دانراوە ئیسلامییەکان و پێوەندیکردن بە کۆمەڵێك بانگخواز، تا لە کۆتاییدا هەمو ئەو هۆکارانە بەرەو ئیسلامیان برد و لە ساڵی ١٩٤٧ز مسوڵمان بو.

*عائیشە بریگێت هۆنی، لە خێزانێکی مەسیحی ئینگلیزیدا گەورەبووەو ئارەزوی لە فەلسەفە بووەو لەو بوارەدا کاری کردووە، بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندنەکەی گەشتی کرد بۆ کەنەدا، لەوێ لە زانکۆدا هەلی ئەوەی بۆ ڕەخسا کە بە ئیسلام ئاشنابێت و مسوڵمان ببێت.. عائیشە دەڵێت: (هەرچەند هەوڵ بدەم ناتوانم وەسفی ئەو کاریگەرییە بکەم کە قورئانی پیرۆز لەسەر دڵی منی دانا، هەر سورەتی سێیەمینم

له قورئانی پیرۆزدا ته‌واوکرد و یه‌کسه‌ر کڕنوشم بۆ وه‌دیهێنه‌ری ئه‌و گه‌ردونه برد، ئه‌وه یه‌که‌مین نوێژی من بو له‌ناو ئیسلامدا). رجال ونساء أسلموا، لا١٩٧.

زۆر که‌سی تر ماون له‌وانه‌ی به‌ره‌و نوری ئیسلام هیدایه‌ت دراون، له‌وانه:

– هونه‌رمه‌ند: جێرمن جاكسۆن.

– شاعیر: (ئیلیاس ته‌عمه(أبو الفضل الولید)).

– ده‌رهێنه‌ری سینه‌مایی ئه‌مریكی: دكس ئینگرام.

– خانمه پیشکه‌شکاری ئه‌ڵمانی: كریستیانی باكر.

– هه‌ردو لاوی فه‌ره‌نسی: عه‌بدولڕه‌حمان و كاترین تۆرێز، نه‌وه‌كانی دامه‌زرێنه‌ری پارتی شیوعی فه‌ره‌نسی(مۆریس تۆرێز).

– بانگخواز: ئه‌حمه‌د فۆن دنڤه‌ر، خاوه‌نی كتێبی: (الإسلام و عیسی) و (یوم مع الرسول).

– مۆسیقاری فه‌ره‌نسی: جۆلیان نارس.

– بیرمه‌ندی سویسری: تیتۆس بڕۆكهاردت، خاوه‌نی كتێبی (الفنّ في الإسلام).

– خانمه پڕۆفیسۆری سویدی: ئان سۆڤی ڕۆلۆ، سه‌رۆكی به‌شی ئایینه‌كانی زانكۆی (مالمۆ).

– خانمه پڕۆفیسۆری ڕوسی: ڤالێریا بوروخوڤا، مامۆستای فه‌لسه‌فه و زمانه‌كان له زانكۆی (مۆسكۆ).

– پڕۆفیسۆری یابانی: مورته‌زا كوراساوا.

جگه له‌مانه‌ش زۆر که‌سی تر هه‌ن كه ئێمه نایانناسین.. به‌ڵام خوا ده‌یانناسێت. به‌ڕاستی ئه‌وانه.. محمد(ﷺ)یان به‌ده‌ستهێنا و.. مه‌سیحیشیان له‌ده‌ست نه‌دا.

ئەوانە حەقیان ناسی و بە فەزڵی خوا لـە تاریکییەوە بەرەو ڕوناکی چون..

ئەوانە ڕاستگۆ بون و شوێنی ڕەزامەندی خودا کەوتن..

ئەوانە خودا لـەنێو بەندەکانیدا هەڵی بژاردون.

* * *

وها إنا وإن كنا غفلنا   فإنا بعد صحوتنا نقول
هو الإسلام دين الله يبقى   ويحمل صرحه جيل فجيل
وإنا في العقيدة قد غرسنا   كما غرست بطيبتنا النخيل
مع الهادي و صحبته هوانا   وشرح الحب أمر يستحيل

بەسەریانا بەسەر باقی سەحابەو ئال و یارانا
ببارێنێ خودا هەر ئان و وەقت و ساعە(رضوانە)
ببارێ، یاڕەبی هەر لەحزە سەد لەك بارشی رەحمەت
لەسەر ئەو، هەم لەسەر ئەو جەمعی ئال و سەحب و یارانە(١)

تەواوبو..

لەسەرەتا و کۆتاییدا سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگار و درود و سەلامیش بڕژێ بەسەر (محمد)ی پێغەمبەرمان و هاوەڵ و یارە دڵسۆز و پاك و ماندونەناسەکانی..

---

(١) دیوانی مەحوی، قەسیدەی بەحری نور ل٤٨٣-٥٠١.

سەرچاوەکان

القرآن الكريم

١. صحيح البخاري.

٢. صحيح مسلم.

٣. مسند أحمد.

٤. سنن الترمذي.

٥. سنن أبي داود.

٦. سنن ابن ماجه.

٧. العهد القديم والعهد الجديد.

٨. الأبطال وعبادة الأبطال. توماس كارلايل.

٩. الإسلام. هنري ماسيه.

١٠. الإسلام: خواطر وسوانح. هنري دي كاستري.

١١. الإسلام الصادق، الإسلام بعد مئه عام. جورج برنارد شو.

١٢. الإسلام في قفص الاتهام. د. شوقي أبو خليل.

١٣. الإسلام والعرب. روم لاندو.

١٤. الإسلام منهج الحياة. فيليب حتّى.

١٥. أشعة خاصة بنور الإسلام. إيتين دينيه.

١٦. إنسانية الإسلام. مارسيل بوازار.

١٧. البحث عن اللهّ. إفلين كوبولد.

١٨. تاريخ العرب العام. لويس سديو.

١٩. تاريخ العرب والشعوب الإسلامية. كلود كاهن.

٢٠. تبدد اوهام قسيس. فرانز غريس.

٢١. الثقافة الغربية في رعاية الشرق الأوسط. جورج سارتون.

٢٢. جوته والعالم العربي. كاتارينا مومزن.

٢٣. حتى الملائكة تسأل. جيفري لانغ.

٢٤. الحضارة الإسلامية في القرن الرابع الهجري. آدم متس.

٢٥. حاضر العالم الإسلامي. لوثروب ستودارد.

٢٦. حاضرة العرب. غوستاف لوبون.

٢٧. حقائق الإسلام في مواجهة شبهات المشككين. أ. د. محمود حمدى زقزوق

٢٨. حياة محمد. إميل درمنغم.

٢٩. حوار الحضارات، وعودة الإسلام. روجيه غارودي.

٣٠. دراسة الكتب المقدسة على ضوء المعارف الحديثة، القرآن والتوراة والإنجيل والعلم، القرآن الكريم والعلم المعاصر. موريس بوكاي.

٣١. الدعوة الى الإسلام. توماس آرنولد.

٣٢. دفاع عن الإسلام. لورافيشيا فاغليري.

٣٣. ربحت محمداً ولم أخسر المسيح. د. عبد المعطي دالاتي.

٣٤. رجال ونساء أسلموا. د. عرفات كامل العشّي.

٣٥. رحلة دينية في الشرق. الراهب ميشو.

٣٦. سر إسلام الأمريكيات. كارول أنوي.

٣٧. السفر إلى الشرق. لامارتين.

٣٨. شمس الإسلام تشرق من جديد. محمد عثمان.

٣٩. شمس العرب تسطع على الغرب. زيغريد هونكه.

٤٠. العالم الإسلامي وقضاياه التاريخية. بيانكا سكارسيا.

٤١. عدو المسيح. فريدريك نيتشه.

٤٢. العقيدة الإسلامية. عبدالله كويليم.

٤٣. العقيدة والشريعة في الإسلام. جولد تسيهر.

٤٤. علم التاريخ عند المسلمين. فرانز روز نثال.

٤٥. فلسفة الفكر الإسلامي. هنري. سيرويا.

٤٦. في خطا محمد، لقاء المسيحية والإسلام. نصري سلهب.

٤٧. في طريقي الى الإسلام. أحمد نسيم سوسه.

٤٨. قصة الحضارة. ويل ديورانت.

٤٩. المئة الأوائل. د. مايكل هارت.

٥٠. المسألة الشرقية. إي. دريو.

٥١. معالم تاريخ الإنسانية، موجز تاريخ العالم. هربرت جورج ويلز.

٥٢. المعجزات القرآنية. هارون يحيى.

٥٣. محمد في التوراة. إبراهيم خليل أحمد.

٥٤. محمد في حياتيه الخاصه، محمد الرسالة والرسول. نظمي لوقا.

٥٥. محمد في مكة، تأثير الإسلام على أوروبة في العصور الوسطى. ويليام مونتجومري وات.

٥٦. المحمدية. هاملتون السكاندر روسكين جب.

٥٧. مقالة في الإسلام. جورج سيل.

٥٨. مقدمة ابن خلدون. ولي الدين عبد الرحمن ابن خلدون.

٥٩. موسوعة الفقه الكويتية.

* * *

ناوەرۆك

پێشەکی ٥

پاشان: ٥

ئەم کتێبە دەربارەی ئەم بابەتانەی خوارەوە دەدوێ: ٦

محمد(ﷺ) لە دیدی بیانیەکاندا ١٣

محمد(ﷺ) لە دیدی بیانیەکاندا ١٣

گومان لەوەدا نییە، کە ئەو پێغەمبەری خوایە! ٢٩

چەند ژنیی پێغەمبەر (ﷺ) ٤٠

هەندێ دەق، کە چەند ژنی پێغەمبەرانی ئەهلی کیتاب دەردەخەن. ٤٤

پێویستە ئاگاداری شتێکی تریش بین، ئەویش: ٤٧

بەڵێ ... ئەو بەو شێوەیە بو ٤٨

(چۆن دەتوانم خۆشم نەوێت؟) ٥٤

گومانی ئەوەی کتێبە ئاسمانییەکانی پێشو مژدەی هاتنی ئەویان(ث) نەداوە ٦٠

گومان: ٦٠

١-مژدەی یەکەم کە لە **(السفر التپنیه)** دا هاتووە: ٦٠

٢-مژدەی دووەم: ئەویش لە **(سفر التپنیه)**دایە: ٦٢

دووەم: مژدە لە ئینجیلدا: ٦٥

گومانی ئەوەی، کە پێغەمبەر (ﷺ) بە زمانی عەرەبی قسەی کردووە، ئەدی چۆن پەیامەکەی جیهانییە؟! ٧٠

. گومان: ٧٠

❖ وەڵامدانەوەی گومانەکە: ٧٠

گومانی هاوسەرگیری کردنی (ﷺ) لە گەڵ هاوسەری کوڕی بەکوڕکراوی زەیدی کوڕی حاریپە (خوا لێی ڕازی بێت) ٧٢

گومان: ٧٢

وەڵامدانەوەی گومانەکە: ٧٢

ڕونکردنەوە: ٧٤

گومانی جەنگانی (ﷺ) لە مانگە حەڕامەکاندا ٧٧

گومان: ٧٧

وەڵامدانەوەی گومانەکە: ٧٧

گومانی حەرامکردنی ئەوەی خوا حەڵاڵی کردووە...................... ٨٠

گومان: ٨٠

وەڵامدانەوەی گومانەکە: ٨٠

گومانی ئەوەی، کە پێغەمبەر(ﷺ) گوناهبارە، ٨٢

هەروەك لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە. ٨٢

گومان: ٨٢

وەڵامدانەوەی گومانەکە: ٨٢

گومانی ئەوەی شەیتان قسەی خزاندۆتە نێو سروش(الوحی)ەوە.. .... ٨٨

گومان: ٨٨

وەڵامدانەوەی گومانەکە: ٨٨

-هەرچی بەڵگەی قورئانییە، لەچەند ڕویەکەوەیە، لەوانە: ٨٩

-هەرچی ڕێگای ئەقلییە، لەچەند ڕوێکەوەیە: ٩١

ئیسلام لە دیدی ئەواندا.. .... ٩٤

ئایا ئیسلام بە زەبری شمشێر بڵاوبوەتەوە؟ ١١٠

ئیسلام بە بەزەیی و.. دادگەری و.. زانست و.. ئاشتی بڵاوبوەتەوە...................... ١٢٤

یەکەم: ئەو وڵاتە مسوڵمانانەی فەتحی ئیسلامییان نەچۆتەناو: ١٢٥

دووه‌م: ئه‌و وڵاتانه‌ی فه‌تحی ئیسلامییان که‌یشتوتێ: ١٢٧

ئایین و ڕێبازه‌كانی دی به‌وشێوه‌یه بلأوبونه‌ته‌وه ١٣٠

هه‌ڵوسته‌یه‌ك له‌سه‌ر سه‌رانه (الجزیه) ١٣٤

یه‌كه‌م: پێناسه‌ی سه‌رانه: ١٣٥

دووه‌م: ئه‌ندازه‌ی سه‌رانه: ١٣٥

تۆ.. ئه‌قڵت له‌كوێیه‌؟! ١٣٨

ئـافره‌ت له‌دیدی ئیسلامدا ١٤٥

حیكمه‌تی چه‌ندژنیی ١٥٠

هه‌ڵوسـتـه‌یه‌ك له‌سه‌ر چه‌ندژنیی ١٥٥

یه‌كه‌م : ئایائه‌و یاسایانه سودی بۆیان هه‌یه‌یا زیان؟ : ١٥٧

زانست له دیدی ئیسلامدا ١٥٩

بانگه‌وازی قورئانی پیرۆز بۆزانست وزانیاری ١٦٩

یه‌كه‌م: بانگه‌واز بۆ زانسته سروشتی و كه‌ردونییه‌كان: ١٧٠

دووه‌م : بانگه‌واز بۆ زانستی زینده‌زانی (بایۆلۆژیا) ١٧١

سێیه‌م : بانگه‌واز بۆ زانستی مێژو و بابه‌ته كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كان: ١٧١

چوارم: بانگه‌واز بۆ زانستی كه‌ردونناسی: ١٧٢

❖ دوو بانگه‌وازی تری گرنگیش ماون: ١٧٢

چه‌ند ڕاستییه‌كی زانستی له ئایه‌ته‌كانی قورئان دا.. .... ١٧٦

١. جیابونه‌وه‌ی ئاسمان له‌زه‌مین (ته‌قینه‌وه گه‌وره‌كه): ١٧٦

٢ـ كشانی كه‌ردون و فراوان بونی: ١٧٧

٣. باران بارینی هه‌میشه‌یی و دوباره له‌ئاسمانه‌وه: ١٧٧

٤. ئاسمان سه‌رچاوه‌ی ئاسنه {نه‌یزه‌كه‌كان} : ١٧٧

٥. چینه‌كانی به‌رگه‌هه‌وا : ١٧٨

٦. جوڵه‌ی خۆر : ١٧٨

٧. خرێتی زه‌وی : ١٧٨

٨ سوڕانەوەی زەمین : ....
١٧٨..............................
٩.بچوك بونەوەی زەوی : ....
١٧٩..............................
١١. لەرزینی زەمین بەهۆی بارانەوە : ....
١٧٩..............................
١٣.بەربەستی نێوان دەریا و زەریاکان: ....
١٧٩..............................
١٤.تاریکییەکانی دەریا وزەریاکان و شەپۆلە ناوەکییەکانیان: ....
١٨٠ ....
15.ڕێژەیی کات: ....
١٨٠ ....
16.ڕێژەی (نەگۆڕی) باران: ....
١٨١..............................
17.دروستبونی باران: ....
١٨١..............................
18.دیاریکردنی جۆری کۆرپەلەو دروست بونی لەدڵۆپە ئاوێک: ....
١٨١..............................
19.قۆناغەکانی دروستبونی کۆرپەلە: ....
١٨٢..............................

هەندێ ڕوی ئیعجازی قورئانی ١٨٤

١٨٤..............................
١-کورتبڕیی: ....
١٨٤..............................
٢-ئیعجاز لە داڕشتن دا: ....
١٨٥..............................
٣-ئیعجاز لە زۆری واتا: ....
١٨٦..............................
٤-ئیعجاز لە بەڵگەهێنانەوەدا: ....
١٨٨..............................
٥-ئیعجاز لە خستنەڕوی مێژوی گەلانی پێشو: ....
١٩٠..............................
٦-ئیعجازی هەواڵدان بەوەی کە لە ئاییندەدا ....
١٩٢..............................
٧-ئیعجازی باسکردن و دەرخستنی ئەوەی لەناو دڵاندایە: ....
١٩٣..............................
٨-ئیعجازی پارێزرانی و دەستکاری نەکردنی: ....
١٩٤..............................
٩-ئیعجازی واتای جۆراوجۆر و گۆڕاو و بونی واتای هاوشێوە لە سورەتەکانی تردا: ....
١٩٤..............................
١٠-ئیعجاز لە شێوازی ڕەوانبێژییەکەیدا: ....
١٩٤..............................
١١-ئیعجاز لە ئاسانی لەبەرکردنی: ....
١٢-ئیعجازی قورئان لە بەرزبون و سەرکەوتنی بەسەر هەمو جۆرە دەقە ڕەوانەکانی شیعر و پەخشان:
١٩٤..............................
....
١٩٧..............................
ئەوانە..خودا هەڵیبژاردون ....
١٩٨..............................
پیاوانی ئایین ....
٢٠٥..............................
❖ئیدریس تۆفیق: ....

زانایان و پزیشكان..۲۰۸
بیرمه‌ندان ۲۱۵
سیاسه‌تمه‌داران..۲۲۲
وەرزشوانان..۲۲۵
هه‌ندێ كه‌سایه‌تی دی..۲۲۸
ته‌واوبو..۲٤۱
سه‌رچاوه‌كان ۲٤۲
ناوەڕۆك ۲٤٦

ئەم کتێبە:

یەکەم: خستنەڕوی چەند شایەتییەك لەسەر کەسایەتی پێغەمبەر.

دووەم: خستنەڕوی چەند شایەتییەك لەسەر وەلانانی ئەو گومانەی کە گوایە پێغەمبەر قسەی بەدەم خواوە هەڵبەستبێت و بانگەشەی پێغەمبەرایەتی کردبێت.

سێیەم: خستنەڕوی چەند شایەتییەك، کە تۆمەتی چەند ژنی-بە ئارەزوی- پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) دەرەوێننەوە.

چوارەم: خستنەڕوی چەند فەرمودەیەکی پیرۆز کە وەسفی پێغەمبەری خوایان تێدا هاتووە

پێنجەم: وەڵامدانەوەی هەندێ لەو گومانانەی دەربارەی پێغەمبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) وروژێنراون.

شەشەم: خستنەڕوی چەند شایەتییەك لەسەر ئیسلام، کە باسی ئەو شتانە دەکەن کە لە ئیسلامدا هەن و لەگەڵ سروشتی ئێمەی مرۆڤدا دێنەوە.

حەوتەم: خستنەڕوی چەند شایەتییەك کە گومانی(بڵاوبونەوەی ئیسلام بە زەبری شمشێر) دەرەوێنێتەوە.

هەشتەم: هەڵوەستەیەك دەکەین لەسەر سەرانە(الجزية)

نۆیەم: خستنەڕوی چەند شایەتییەك، کە پێگەی ئافرەت لە ئازادی و یەکسانی و مافی خاوەنداریێتی و..تاد لە ئیسلامدا نیشاندەدات.

دەیەم: خستنەڕوی چەند شایەتییەك، کە پێگەی زانست لە ئیسلامدا دەردەخات.

ROJ
6 000

التفسير
نوسینگەی تەفسیر
بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن
هەولێر - شەقامی دادگا - ژێر تونێلی شیرین پالاس
Mob:+964 750 818 08 66
www.tafseer-pub.com
tafseeroffice@yahoo.com